# زەردەشت و مێژووەکەی

نووسینی:

عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

ئادیلاید، ئوستەرالیا، ٢٠١٧

فهرست مطالب

**پێشەکی........................................................ 1**

**سترابۆن لەوکتێبەدا)........................................ 7**

**کێشەی ئاریا و ڕەگەزی ئاریایی........................... 9**

**ئاڤێستا و بەسەرهاتەکەی.............................. 13**

**ئەفسانەکانی ئاڤێستا و پەیوەندییان بە کوردستانەوە.................................................. 16**

**زەردەشت کێیە؟............................................. 46**

*یەکەم. ناوونیشان .......................................................... 46*

*دووهەم - کێشە لەسەر زێدی زەردەشت...................................... 49*

سێهەم کاتی زەردەشت...................................................... 53

١- مێژووی کلاسیک:...................................................... 75

"٣- مێژووی ناکلاسیک و ناداب پارێزانە: ................................. 84

"تێبینییەکانی مێژوویی: ..................................................84
لێکدانەوەکانی ئەستێرەناسی: ............................................85
**چوارەم .........................................................86**
**کێشە لەسەربناغەی نەتەوایەتیوزمانی و ناوەکان: ..86**
**پێنجەم.........................................................125**
**شوێنی ڕووداوەکانی چیرۆکەکانی ئاوێستا:......125**
**شەشەم ....................................................128**
**هەڵسەنگاندنی ناوی سەرزەمینەکانی نێو ئاوێستا لەگەڵ کوردستان: .........................................128**
**بخش دوم. ...................................................135**
**زنجیرە پادشایایی پێشدادی..........................153**
١- کەیومەرس (gaya maratan) .................................153
**٢- هۆشەنگ(هەئۆشینگهە – پەرەزاتە) ................154**
**٣- تەهمووورس (تەخمە ئەورووپە) ................155**
**٤- جەمشید (ییمە خەشەئێتە )........................155**
**زە□حاکی تازی(عەرەب) (ئاژیدەهاک ) ...........158**
**٥- فەرەیدوون (ترائتئون) ...............................164**
**٧- نەوزەر (نەئوتەرە).....................................168**
**٨- زاب یا زوو (ئووزەوە) ..................................169**
**٩- گەرشاسپ یا (کێرێساسپە).......................170**
**زنجیرەی (کەیانییان) ......................................171**

**١- كەیقوباد (كەوی كەواتە ) .......................... 171**

**٢- كەیكاووس (كەوی ئووسەن) ...................... 173**

**٣- سیاووش (كەوی سیاوەرشەن) ................. 176**

**٤- كەیخەسرەو(كەوی هەئوسرەوە) ................ 179**

**٥- لوهراسب (ئەئوورڤەت ئەسپە ) ................. 180**

**٦- گەشتاسب (كەڤی ڤیشتاسپە) ................. 182**

**ئیسفەندیار (سپێنتۆداتە) ............................... 184**

**٧و٨- هومای چێهرزاد و داراپ ......................... 185**

**پاڵەوانەكانی چیرۆكی و كۆنی ئاڤێستا ............ 188**

گەرشاسب یا كێرێساسپ ................................................. 188

نریمان (نئیرێمەنوو) ....................................................... 188

سام ......................................................................... 188

زاڵ .......................................................................... 189

ڕۆستەم (ڕئووتەستەخمە) ................................................ 189

كاوە و منداڵانی .......................................................... 189

**سەرچاوەكان: ................................................ 190**

# پێشەکی

مێژووی کۆنی کورد وێدەچێ تێکدراوترین و ئاڵۆزترین مێژووی گەلانی جیهان بێ. ناوچەی کوردستان ئەگەر نەڵێم کۆنترین – چونکە هێشتا پشکنینی شیاوی خۆی بۆ نەکراوە – لانیکەم یەکێکە لە کۆنترین شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش. شوێنی ژیانی کوردان کەوتۆتە ناوچەیەکی گرنگی ستراتیژیکی، وڵاتێکی تژی لە هەموو جۆرە سامانی بەنرخی ژێرزەوی و بەتایبەتیش نەفت، ئاوی زۆر و خاکێکی بەپیت و دەوڵەمەند بۆ کشتوکاڵ و سروشتی لەبار و گونجاو بۆ ئاژەڵداری و زۆر دەوڵەمەند لە سامانی ژێرزەویدا. بەداخەوە لەجیاتی ئەوەی ئەو هەموو پیت و سەرەتییانە ببنە هۆی ئاسوودەیی و ژیانی خۆش، بۆی بوونەتە مایەی دەردیسەر و ژێرچەپۆکی. لەگەڵ ئەوەشدا چونکە کورد دەوڵەتی خۆی نەبووە، تەنانەت مێژووە دەوڵەمەندەکەشی بەناوی گەلانی دیکە تەواو بووە، زمانی هیند و ئورووپایی لەوێڕا بڵاوبۆتەوە (بڕواننە: [http://science.sciencemag.org/content/337/6097/957](http://science.sciencemag.org/content/337/6097/957))، لێکۆڵەرەوان‌دەڵێن ، کۆنترین دینی ناوچە (میترائیزم) لەئاناتوولی را بڵاوبۆتەوە، عەرەب‌وتورک بوون بەخاوەنی، کۆنترین‌ئاسەواری‌کشتوکاڵ لەوێ دۆزراوەتەوە، فارس بوون بەخاوەنی، کۆنترین شارەکان لەوێ دۆزراونەوە، تورک و فارس و عەرەب‌بوون بەخاوەنی، کۆنترین ئاسەواری نووسین لەوێڕا بڵاو بۆتەوە عەرەب و فارس خۆیان کردۆتەخاوەنی، کۆنترین دەوڵەتی پێشکەوتووی ناوچەکە لەوێ سەری هەڵداوە، داگیرکەرانی بوون بەخاوەنی، کۆنترین ئیمپراتوورییەتی ئەو شوێنەی ئەوڕۆ ناوی درۆیینی ئێرانی بۆ دانراوە، لەوێ سەری هەڵداوە، فارس بوون بە خاوەنی، کۆنترین دینی یەکخوا پەرستی لەوێڕا بڵاو بۆتەوە، فارس و ئەفغانی و تاجیک لێیان دزیوە و بوون بە خاوەنی. لەهەمووشی دڵتەزێنتر ئەوەیە کە کورد نەک‌هەرحەولی چڕوپڕوشیاوی‌بۆ ڕاستکردنەوەی ئەوهەموو تێکدانەی مێژووەکەی‌نەداوەووەدوای‌مێژووی دزراوی‌خۆی‌نەکەوتووە، بەڵکوزۆرجاران لە تێکدانیداپێشبڕکەی‌لەداگیرکەرانیش‌داوەتەوە. ئەگەریش‌کەسانی‌دڵسۆزبەرپرسیارانە بەهەڵوێستیان گرتبێ و ویستبیان شتێک لەسەرمێژووەکەمان‌بنووسن، ئەوە چونکە بۆخۆیان بەهۆی کەمبوونی لێکۆڵینەوە لەئاسەواری ناوکوردستان‌ونەبوونی دامو دەزگایەکی دڵسۆز و شیاو بۆکۆکردنەوەی‌بەڵگەنامەوکەرستەی‌پێویست و نەبوونی پشتیوانیی ماڵی و گوێنەدانی داگیرکەران بەو ئاسەوارە لەترسی ئاشکرابوونی ڕاستییەکان، نەیانتوانیەوە کاری ڕاستەوخۆی لەسەربکەن‌وهەرئەوانەیان دووپات کردۆتەوە کە کەسانێکی وا کوتوویانە کە یا ڕاستەوخۆدژی‌کوردبوونە، - فارس، عەرەب، تورک - یا گرنگیدانیان بەلایەنی کوردی بۆبەسوودنەبووە، ئەوەندەی لە داگیرکەرانی کوردستانیان وەدەست کەوتووە - وەک ڕۆژئاواییەکان - یا باری سیاسی و ئایینی خستوونییە بەرەی دژکاران - وەک مەسیحی و جوولەکە-. ئەوە بۆتەهۆی ئەوەی‌کەهەرچەندبەناوپەلەقاژەیەکمان‌کردووە، بەڵام‌زۆرترلەڕاستییەکان دوورکەوتووینەوە. یەکێک لەو بوارە پڕتەومژانەی مێژوومان، کە پترلەهەموو بوارەکانی‌دیکە شێوێندراو و ئاڵۆزیندراوە، مێژووی زەردەشتە. بابەتی زەردەشت نەک هەر بۆ ئەوەی دینێکی کوردی‌بووە، بەڵکوو لەبەر زۆربابەتی پەیوەندیداری

مێژوویش کە بەهۆی ئەوەوە - بەکەلکوەرگرتن لەبەلاڕێدابرانی مێژووی زەردەشت - شێوێندراون، دەبێ ڕوونی کەینەوە زەردەشت کێیە و لەکوێ وەدیار کەوتووە. باریشێوێندراوی شوێن و مێژووی لەدایکبوون و بانگەشەی پێغەمبەرایەتییەکەی و تەنانەت چیرۆکەکانی ناو ئاڤێستا، کە بەئاشکرا بۆ شکاندن و حاشالێکردن و سووک کردنی مێژوو و کەسایەتیی نەتەوەیی کورد، بوونەتە ئامرازێک بەدەستی نەیارانی. ئەوبەلاڕێدابردنانە وایانکردووە تەنانەت ئەوڕۆ ژمارەیەک لەڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە داوەرییەکانیاندا بەئاراستەی هەڵەدا بڕۆن. جنیو بەکاوە دەدەن کە بۆخۆی نەبۆتەشاو فەرەیدوونی فارسی! کردۆتێ، ئاوا بە قسەی وان کاوە یەکەم جاشی کورد بووە. ئیختۆویگۆی کورد دەکەنە ئازدەهاک و زەححاکی خوێنمژ، چونکە کوورۆشی چەخماخەی خەیانەت گۆیا کەیخەسرەوی ئاڤێستایە. یا کاوە بکەنە هارپاکەی خەیانەتکار، چونکە بۆلابردنی ئیختۆویگۆ (ئیشتۆویگۆ)ی کورد یاریدەی فارسانی داوە. پێش ئەوەی بچمە نێوناوەرۆکیباسەکەم. دەبێ چەند ڕوون کردنەوەیەک بدەم، بۆئەوەی هێندێکلە وشەودەستەواژەکان لە لایەنی تێڕوانینی منەوە بەڕاستی و ڕوونی بکەونە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز..

١- مێژوونووسانی کۆنونویی فارس و نافارس لەهەمووشوێنێک لەناوی ساختە کراوو بەلاڕێدابراوی ئێران بەجێگای وڵاتی ماد(کوردستان) و لەجیاتی نەتەوەی نیشتەجێ لەوشوێنە ناویپارس یا ئێرانییان هێناوە. وەک دەزانین، پارس گەلێکی بچووکی کۆچەربوون کە خۆیان لە ناوچەیەکی بچووکدا گرتۆتەوە کە ئەوڕۆ پارێزگای فارسی ئێرانە. نەخشەی سترابون شوێنی ئەو گەلە لەتەنیشت ئاریانا نیشان دەدا کە بڕێکیشی لە مادی خواروو ڕەگەڵ خستووە (بۆ نەخشەکە بڕوانە بەشی ئەفسانەکانی ئاڤێستا و پەیوەندییان بە کوردستانەوە).

٢- دینی ئێرانی کە لەڕوانگەکانی نووسەران و توێژەرانی باسکراو لە بابەتی زەردەشتداهاتووە دەستەواژەیەکی ساختەیە ئوڕووپا و بەتایبەتی ئالمان بەمەبەستی سیاسی کردوویاتەباو و ئێرانی سازکراوی دەستی ڕەزاشاش قۆستوویەتەوە و کوڕەکەشی بۆ ساختەکردنیزیاترپارەیەکی زۆری بۆ داناوە، دەناڕاستەکەی (دینی زاگرۆسی)یە...

٣- لە ڕەوتی سڕینەوەی مادەکان لەدەستەڵات، پاش داگیرکرانی وڵات لەلایەن کوورۆشەوە، تا سەردەمی داریووش، وڵاتەکە هەر بەناوی ماد بوو، پاش کوورۆش بوو بە وڵاتی ماد و پارس و پاشان ناوی مادیشی لەسەر هەڵگیرا و بوو پە پارس. ئەوگۆڕانکارییە و بوونی دووناو لە ئیمپەراتۆریی ماد بەناوی (پارسووئا) - کە بەشێک بوو لە ١٢ناوچەی وڵاتی سەرەکیی ماد - و پارسەو - وڵاتی پارسەکان کە یۆنانی بەpersis نووسیویانە - زۆر کەسی تووشی هەڵەکرد و وای لێکردن زۆر مێژوونووس ماد و پارس بەیەکەوە دانێن و تەنانەت پێکەوە بیانکەن بە پارس. ئەوە تێکدانی مێژووی کوردی زۆر هاسانتر کردەوە. بۆ وێنە هێرۆدۆت باسی ڕاهێنانیلاوانیپارسدەکا لە خوارەوەی گۆلی ورمێ کە ناوچەی پارسووئایەوئێستاشی لەگەڵدابێ فارسی لێنین و لەوێڕا تا ئیسفەهانی دەگرتەوە.

دەتوانن لە نەخشەی ماددا کە لە کتێبی (ڕوونکردنەوەو لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەسەر کوردوکوردستان) ئەو بەشە بە سنوورەکانیەوە بە ڕوونی بدۆزنەوە.

٤- ئاهوورا مەزدا لە دوو وشەی ئاهوورا وەک ناو + مەزدا وەک پەسن هاتووە و هەمووی بە خوای گەورە مانا کراوەتەوە. لەبەر ئەوەی کە لە گاتاکاندا مەزدا بەتەنیاش هاتووە هێندێکنووسەر ئاهوورایانبە خوایەکو مەزدایان بەخوایەکی دیکە داناوە و بەوەش زەردەشتیان بە دووخواپەرست ناوبردووە، لە یەزشەکاندا زەردەشت جارێک هاواری بۆ (ئەهوورا مەزاد ← خوای مەزن) جارێکیش بۆ (مەزدا ← مەزن: پەسنەکەی خوا) بردووە کە ناتوانێ نیشانەی دووخواپەرستی بێ. لەئیسلامدا هەزارویەک نێو بۆ خوا هەیە جا ئەگەر لەدووعاکردندا بگوترێ: یائەڵڵا، یاڕەحمان، یاڕەحیم، یاقاسم یاجەببار، کوائەوە واتای دوو یا چەند خوایی دەگەێێنێ؟ یا مێری بۆیس ئەهوورامەزدا بە سەروەری زانا وەردەگێڕێتیەوە کە هەڵەیە و هیچ فری بە واتا ڕاستەکەیەوە نییە. لێرەشدا ئاشنانەبوون یا سەرنج نەدانی توێژەرانی ئوڕووپایی بە زمانی کوردی بۆ لێکدانەوەی (گاتاکان) ــ کە فارس کردوویانەتە (گاهان) چونکە واتا ڕاستەکەی لەزمانی وانیشدا نییە ــ کێشەی سازکردووە.

٥- لە لێکدانەوەی گاتای پەیوەندیدار بە هووم، وەک دوایە دەیبینن، زۆرێک لە شیکارانی ئەوڕۆ یەزشەکەی لەگاتەکان و حەوت هاتەکاندا وا لێکدەدەنەوەکە زەردەشت بەهێما دانی بە یەزشی هوومدا هێناوە. هەرکەسەو بۆخۆی لەو گۆڕەپانەشدا لەبەر ئاگادارنەبوون لەناوەرۆکی ڕاستەقینەی ئووڵ و مێژوویەکەی و ئەوتێکدانەی لەکاتی هەخامەنشییانەوە تاهاتنیئیسلامهەردەستەڵاتدارە بەیاریدەی هێندێک موغ تێیدا پێکی هێناون، وای کردووە کە لێکۆڵەرێکی ئوڕووپایی بڵێ: زەردەشت پێش دیاریدانی هووم کارێکی بێجگە لە ماڵینی ئاورگە نەبووە و پاش دژایەتی کردنی یەزشی هووم، بایداوەتەوە، بەڵام نەک بەشێوەیسەرکەر بەڵکوو سووکتر. ئەو شێوە نرخاندنە نادروستە و گەسک دانی شوێنێک بەواتای کاری هەمیشەیی نییەولەوانەیە کارێکبێ بۆڕێز لێنان لەئاورگە، نەک کاری هەمیشەیی و بۆتەروانگەیعیساییەکی دەمارگرژە بۆحاشاکردنلەپێغەمبەربوونی زەردەشت.

٦- لەهێندێک شوێنناچاربوومە لەکاتیگێڕانەوەیڕوانگەیەک لە سەرچاوەیەک ڕا، لەنێو کەوانەدا ڕوونکردنەوەیەکی سووک بنووسم، ئەو ڕوونکردنەوانەم بەناوی کاوە دیارکردوون.

٧- لەودواییانەدا کە ئوولی زەردەشت خەریکە لەپارچەیەکی کوردستاندا دەبوو ژێتەوە، کۆماری ئیسلامی چەند بەناو دوکتور و مامۆستای زانکۆیەکی کوردیان، هێناوەتە کایەوە و حەولی زۆر دەدەن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە دینی زەردەشت دینێکی فارسی و ئێرانی بووە و میترائیزم ئوولی سەرەکیی ماد بووە و مادەکان زەردەشتی نەبوون و... تەنانەت حەولیان داوە مانای میترائیزم لە ڕۆژ پەرستی

ڕا بگۆڕن بۆ ئەستێرە پەرستی و زۆرڕاستیی مێژوویی پێچەوانەکەنەوە. بەداخەوە ژمارەیەک کوردیش بەبێ ئاگاداربوون لە ڕاستییەکان چەپڵەیان بۆ لێدەدەن.

٨- سەرەنجام مێژووی زەردەشت لەدووڕوانگەوە خراوەتە بەرباسو لێکۆڵینەوە:

یەکەم: ڕوانگەی داب پارێزانە (سوننەتی): ئەوانە زەردەشتەکەنە ئی سەردەمی هەخامەنشی و تەنانەت هێندێکیان بەهۆی وێکچوونی ناوی گەشتاسبی باوکی داریووشی یەکەمی هەخامەنشی و گەشتاسب (ویشتاسب)ی دالدەدەری زەردەشت سوورن لەسەر ئەوەی کە هەردووکی ئەوانە یەکنو زەردەشتیش هەر لەسەرەتای زنجیرەپاشایانی هەخامەنشیدا ژیاوە. ئەو ڕوانگەیە لە کتێبی بوندیهشەن (کتێبێکی نادینییە لە ئاخر ئۆخری سەردەمی ساسانیدا نووسراوە) و ئەرداویرافنامەدا (کە دوو تا سێ سەدە دوای ساسانییان) نووسراوە و گێڕانەوەکانی زانایانی زەردەشتی لەسەردەمی ساسانییان وەرگیراوە کە ئەوانیش لە بابلییانیان بیستووە. ئەومێژووە تێکدراو و هەڵەی سەردەمیساسانییان پاشان کەوتۆتە نێوکتێبی چەندنووسەرێکی ئێرانی وەک مەسعوودی و بیرونی و لایەنگرانی ئورووپایی ئەو شێواندنەش کە بە(متأخرین)ناویان براوەو زۆرینەشیان یا جوو یا ئالمانی بوونەو مێژوونووسانی کووروش پەرستی ئێرانیو دەرباریپەهلەوی بەمەبەستێک قۆستوویانەتەوە کە لە بابەتی زەردەشتدا باسی دەکەم و لێرەدا ئەو ڕوانگە و سەرچاوە لێڵانە – کە هەمووشی هەر دووپاتکردنەوەی تێکدانەکانی سەردەمی ساسانین – بەوە ڕەد دەکەمەوە کە:

* هەخامەنشییان تا دوای داریووشی یەکەم زەردەشتی نەبوون تا باوکی داریووش پشتیوانی زەردەشت بووبێ. یەکێکیش لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی خەیانەتی هارپاکەو ژمارەیەک سامانداری ماد و شاچکۆلەکان - هەرکامەیان خۆیان بە خوای خەڵکەکانیان دانابوو - وەک دیاکۆنۆفیش باسی دەکا، پێکهاتنی ئیختوویگۆ بوو لەگەڵ موغەکان لە دژی ئەو مشەخۆر و خوێنمژانە، نەک ئەو ئەفسانە و درۆ سەریرو سەمەرەی هێرۆدۆت لەمەر لەدایکبوونی کووروش و کورژانی کوڕی هارپاکە سازیکردووە. دیاکۆنۆفیش ئەو هۆکارە ناسەلمێنێ. بڕواننە باسی ئیختوویگۆ لە کتێبی لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوە یەکی مێژوویی لەسەر کوردو کوردستان. لەسەر ئەو ئەفسانەی هێرۆدۆتیش، مێژوونووسان زۆر پێ دادەگرن، بەڵام لەکەم کەسم بیستووە کە باسی ئەوەش بکەن کەهێرۆدۆت باسی سێ چیرۆکی دیکەشی کردوون بەڵام کەس نایان زانێ! و یا باسی ئەوە ناکەن کە کتێزیاسی مێژوونووسی یۆنانی کە پزیشکی ئەردەشیری دووهەم بووە، دەڵێ کووروش کوڕی جەردەیەک بووە نەک نەوەی شای ماد یا پارسو خزمەتکارێک بووە و وردەوردە پێگەیشتووەوبەیاریدەی سەردارانیخاینیماد دەوڵەتەکەی ڕووخاندووە. ئەگەر ئەوەی کتێزیاس بە ڕاست دانێین، کووروشیش وەک ڕەزاشا لە خزمەتکای و سەربازی ڕا پێگەیوە و بووە بە شا.

* لەبەردەنووسەکانیهەخامەنشیدا باسی بوونیزەردەشت لەوسەردەمەدا نەکراوە، لەکاتێکدا کەئەوبابەتەئەوەندەگرنگبووە کە تەنانەت لەسەدەکانی دوای ئیسلامیش ئەو گرنگییەی هەرپارێزراوە و زۆر لێکۆڵەری ئوروپایی و ئێرانی و هیندی و ئەفغانیو...ی بەخۆیەوە خەریک کردووە. بۆوێنە کوورۆش لە بەردەنووسەکەیدا یەزەشی بۆخواو بوتەکانیبابلی کردووە بەڵام ناوێکی لە ئاهوورامەزدا نەهێناوە، مایەی سەرسوورمانە کە لەهێندێک شوێن ئەوبێدەنگییەی هەخامەنشییان بەسیاسی لەقەڵەم دەدرێو ئەوەتەنیوەتەوە نێونووسەرانی کوردیش! بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگە و بیانوویەکی جێ بڕوای بۆ هەبێ.

* بابڵێین بێدەنگییەکەی هەخامەنشییان هۆکارێکی شیاوی پەسندی هەبێ، خۆ ئەو مێژوونووسە یۆنانییانەی هاوسەردەمیهەخامەنشییانبوون، هیچسوودێکیان لەوەدا نەبووە بوونی زەردەشتبەرنەوە٦٠٠٠ساڵوبگرە زیاتریشپێشمەسیح، ئەوجار ئەدی چۆنە ئەوانە بە زەردەشتیان زانیوە، هەخامەنشییەکان پێیان نەزانیوە؟

*زۆر بەڵـگەی مێژوویـی کە تائێسـتا کەوتـوونە دەسـت، دەیسـەلمێنن کە ئـوولـی زەردەشتی لانی کەم لە سەردەمی مادەکاندا باوبووە، ناوی ئاڤێستایی پادشاکان، بوونی هێمای فرەوەهر لەسەر گۆڕی پادشای ماد لە قسقەپانی لای سلێمانی، بوونی هێندێک ناوی ئاڤێستایی لەبەردەنووسەکانی ئاشووریدا. بوونی سپیتامەی موغ لە سەردەمی ئیختوویگۆی دوایین پادشای ماد و... بەشێکن لەوانە.

* ئاشـکرایە پەیدابوونیزەردەشـت کە ئەوهەمـوو خەڵـکەی وەدووی کەوتبـوون ئەوەنـدە ڕووداوێکـی کەمو بـێبـایەخ نەبـوو کە باسـی نەکەن. ئایـا جێگـای سەرسوورمان نییە کە شایانی هەخامەنشی هێندە ناوی ئەهورا مەزدا بێنن بەڵام باسی پێغەمبەرەکەی نەکەن؟ کەوابوو زەردەشت زۆر پێش وان لەدایک بووەو نـاش گـونجێ مەبەسـتی لە باسـی شـایەکانی نێـو ئاوێسـتا پـێش وادە شـایانی هەخامەنشـی بـێ، کە زۆر دوای زەردەشـت لەدایـک بـوون. لە ئاوێسـتادا نـاوی پێتەختـی هەخامەنشیەکانو زۆرشاری بەنێوبـانگی سـەردەمەکەیانیش نەهاتووە تـا هێنـدێک لەبەسـەرهاتی زەردەشـتو پێغەمبەرایەتـیو شـوێنی لەدایکبـوونی ڕوون کاتەوە. شارەکانی سـەردەمی هەخامەنشییان لەسـەر نەخشـەی دنیای کۆن دیارن، بەڵام ئـی ئاوێسـتا بەتەواوی ڕوون نـینو بـوونەتە مـایەی زۆر پرسـیار، ئەگەر زەردەشــت ئــی ســەردەمی کــوورۆش بــا (بەو حیســابە کە زۆر حەولــدراوە کەیخەسـرەو بـکەنە کـوورۆش و هەخامەنشـی بـکەنە کەیـانی) دەبـوو نـاوی شـوێنەکانیش وەک ناوەکـانی سـەردەمی بنەمـاڵەی وی ڕوونو ناسراو و لەسـەر نەخشـەی دنیـا دیاربـان. دیـاکۆنۆف لە لاپەڕەی ١٧٧ی مێـژووی مـاددا دەڵـێ: لەوانەیە (دێ – قەڵا)، شـوێنی دانیشـتنی ئەو وردە فەرمانڕەوایـانە بـووبێ کـە لەسەرچاوە ئاشوورییەکان دا باسیان کراوە و ئاوێستاش پێی کوتوون (ساستەر Sastar)، بەڵام لە سـەرچاوەکانی پارسـیی کۆنـدا نـاوی ئەو فەرمانڕەوایـانە نەهاتووە. ئەوەش نیشـان دەدا کـە پارسەکان زۆر دوای (ساستەرەکان) واتە پـاش سەردەمی ئاوێستاو زەردەشت هاتوونەتە سەر کار.

فارسەکان هەمیشە تێکۆشاون مێژووی مادو هەموو باسەکانی پەیوەدیدار بەکورد بشێوێنن، ئەوە ئەرکێکی شۆڤێنیستی بووە کە لە دامەزرانەوەی وڵاتی نوێی پارس (Persia) کە دوایە ڕەزاشا بۆ شێواندنی مێژوو ناوی لێنا (ئێران)، لەسەرشانی مێژوونووسانی دەمارگرژ قورسایی‌کردووە. تیگلات پۆلیسێری یەکەم لە ١١٠٠ی(پ.ز) باسی هەمەدانی کردووە کە پێتەختی مادەکان بووەو بە"ئەمەدانە" ناوی هێناوە. لە ئاوێستادا ناوێک لەوەش نییە. لە زامباد یەشت بابەتی ٩ سەرەتا سڵاو ناردراوە بۆ "هئوسرەوە" - کەیخەسرەو - پاشان زرێواری هئۆسرەو — وان - لە بڕگەی ٢٢ی (بوندەهێش) بابەتی ٨ دا هاتووە "زرێواری هئۆسرە و لە پەنجا فەرسەنگیی گۆلی چیچێست هەڵکەوتووە. کەیخەسرەو لەکەناری ئەو زرێوارە سەت ئەسپ، هەزار گاو و دە هەزار مەڕی بۆ (ناهید)ی فریشتەی ئاو کردۆتەە قوربانی و نیازی لێ خواستووە. وێدەچێ کە ناوەندی هئوسرەوەی زەردەشت لە نیزیکەکانی گۆلی ورمێو وان بێ و پەیوەندییەکی بە کوورۆشی هەخامەنشییەوە نییە." لە کتێبی "ادبیات مزدیسنا یشتها"دا نووسراوە "لەسەر دەمی نووسرانی ئاوێستا هێشتا دانیشتوانی (ئێران) بە (ئاریا) ناو نەدەبران پووڵ و سکە باو نەبووە، سەودا بە شت دەکرا، دەورەی زەرد (برنج) بووە، خەبەرێک لە ئاسن نەبووە". تەنیا ئەگەر ناوی تەهموورس کە لە ئاوێستادا بە زینەوەنت واتا "چەکدار" بخەینە بەرچاو، و کوردەکان کە بە ئاسن دەڵێن "ئاسن، ئەسین، هەسین" ئەگەر لەگەڵ ئەزین هەڵی سەنگێنین دەکرێ بڵێین یا ئاسنیان ناسیوە، یا بە کانزایەکی دیکەی خۆڕاگری لەشێوەی ئاسنیان کوتووە ئەزین. ئەوەی جێی خۆی بێ لێکۆڵینەوەو وردبوونەوەی لەسەر بکرێ ئەوەیە باسێکی لە دەوڵەتەکانی ئاسوور، کلدە، سوومێر، خالدی، نایری، سووباریو... نەکردووە تەنیا کەیوومەرسی بە "گئوومەرت" ناو بردووەو لە کتێبی خۆیدا ناوی گئووتم، گئووتمە و گووشی هێناوە. کەدەکرێ بەگووتی و کووسییان بزانین. هەمووی ئەو نیشانانە بەڵگەی ئەوەن کە زەردەشت نەک هەر ئی سەردەمی کوورۆش نەبووە، بەڵکو زۆر پێش دەستەڵاتی ئاشوورییانیش بووە و بەو پێیە شەش هەزارساڵ پێش زایین بۆ سەردەمی زەردەشت لە هەموو ئەو ڕوانگانە لەڕاستی نیزیکترە کە بۆ گرێدانی گەشتاسپ لە کوورۆش ویستوویانە بیخەنە چاخی هەخامەنشییەکان. زەردەشت هەروەها ناوێکی لە یاران و هاوسەفەران و بنەماڵەی خۆی" مێدیوو مانگهە سپتیم"ی دێنێ کە پاشان مێدیوومانگهە بووە بە مێدیووماە. لە سەردەمی ساسانییان بە وشەی مادیان دەکوت ماە. لەڕاستیدا مانگهە بەواتای "ماە" بووە کە کوردەکان ئەوڕۆش پێی‌دەڵێن مانگ. لە ئاوێستادا ئاماژە بەشارێک بەناوی "بووری" کراوەکە بە"بابـ□"ی دەزانن. بەپێی ئەو ناوانە پادشایانی باسکراو لە ئاوێستادا زۆر پێش مادەکان بوونەو گۆڕەپانی تێکۆشانیشیان لە باکووری ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ، شوێنی لێ پەیدابوونی زەردەشت بووە. لە ئاوێستادا دێو، لەناوبەری دینی یێک خواپەرستی بە (مێرشئەئۆن Mercheon) ناو براوە کوردەکان سەرۆکی ئوولیی ئاسوورییان بە "مەرشەمۆن" ناو دەبەن کە دەبێ هەر ئەو مێرشەئۆنە بێ. دەبێ بگوترێ ئاسوورییەکان کە لە سنوورەکانی هۆزی زەردەشت بوونە ڕاگەیاندنەکانی ئوولیی

ئەو پێغەمبەرەیان نەسەلماندووە و گەورەترین سەرۆکی ئوولیی ئەوان مێرشەیۆن بووە پاشان ئەو نازناوە بۆتە گشتی.

هێندێکان بانگەشەی ئەوە دەکەن زەردەشت خەڵکی ڕۆژهەڵات بووە، کەچی "یەسنا" ٤٦ بابەتی یێک و دوو دەڵێ: "بۆ کام خاک هەڵێم، بۆکوێ پەنابەرم، پێشەوایان و نەجیبان خۆم لێ دەکێشنەوە و لە جووتیارانیش ڕازی نیم و نە لە فەرمانڕەوایانی شار کە لایەنگری درۆن. چۆن دەتوانم ڕازیت کەم ئەی مەزدا من دەزانم کە بۆچی هیچ کارێکم بۆ ناچێتە پێش چونکە گەلە و مێگەلم کەمن و کرێکارم زۆر نین"

زەردەشت بەهۆی نەچووونە پێشی ڕاسپاردەکەی لە نیشتمانی خۆیدا و ڕەنگە لەبەر ڕاونرانی لەلایەن دوژمنانییەوە لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی بەهۆیەک لە ئاوەدانی لایداوەو بەکوێرەڕێدا خۆی گەیاندۆتە گەشتاسپ. (ادبیات مزدیسنا یشتها) دەڵێ ئەو ناوە لە خودی گاتەکاندا (ویشتاسپ)ە.

*زۆر بەڵگەی مێژوویی کە تائێستا کەوتوونە دەست، دەیسەلمێنن کە ئوولی زەردەشتی لانی کەم لە سەردەمی مادەکاندا باوبووە، ناوی ئاڤێستایی پادشاکان، بوونی هێمای فرەوەهر لەسەر گۆڕی پادشای ماد لە قسقەپانی لای سلێمانی، بوونی هێندێک ناوی ئاڤێستایی لە بەردەنووسەکانی ئاشووریدا. بوونی سپیتامەی موغ لە سەردەمی ئیختوویگۆی دوایین پادشای ماد و... بەشێکن لەوانە.

دوو: ڕوانگەی کلاسیک: ئەو ڕوانگەیە بوونی زەردەشت دەگێڕنەوە بۆپێش‌هەزارەی‌یەکەم‌تاپێش هەزارەی شەشەمی پێش مەسیح. هێندێک لەو زانایانە ئی سەردەمی پێش ئیسلامن، لە سەرەتاکانی پادشایەتیی هەخامەنشی‌ڕاتاکۆتایی پادشایەتیی ساسانی‌و ژمارەیەکی زۆریشیان ئی دوای ئیسلامن. من لەو بابەتەدا ڕوانگەی ١٧ لێکۆڵەری مێژوویی لەڕۆژئاوایی‌وڕۆژهەڵاتییم هێناوەتەوە کەتەنانەت هێندێکیان ئەومێژووە دەبەنەوە زیاترلە٧٠٠٠ساڵ پێش مەسیحیش وەهەرکامەشیان بەبێ دووپاتکردنەوەی وتەی ئەوانی دی، ڕوانگەی خۆیان شی کردۆتەوە.
بێجگە لەوانەی لەسەرەوەباسکران، ڕوانگەی داب‌پارێزان‌و درۆنامەکانی ساسانی‌وئەشکانی‌و هەخامەنشی، ئاراستەوشوێنی‌ڕووداوەکانی‌ئەفسانەگەلی ئاڤێستان، کە هەموویان لە باکووری وڵاتی ماد ڕوویان داوە و تەنانەت کەمتر گەیشتوونەسنووری‌ئاریاناش(بڕوانە نەخشەی سترابۆن‌لەوکتێبەدا).

عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

٢٠١٦/٨/٣٠

# کێشەی ئاریا و ڕەگەزی ئاریایی

پێش ئەوەی بچمە سەر باسی سەرەکیم لەسەر زرەردەشت، بەپێویستی دەزانم ساختەکارییەکانی پادشایانی پەهلەوی بە یاریدەی ژمارەیەک نووسەری ئوڕووپایی و بەتایبەتیش ئالمانی، لە سازکردنی ڕەگەزێک بەناوی ئاریا ڕوون کەمەوە. ئەو بڕیارەم لەوەیڕا دێت کە ئەو ساختەکارییەیان بەستۆتەوە بە وشەی (ئەئیریانم وەئێجە)ی ئاڤێستا.

ئاریا بە واتای نەجیب و شەریف، لە وشەی (ئەئیران وێجە)یئاوێستا، واتە(سەر زەمینی نەجیبان)سازکراوە. کەچاولەمێژووەکۆنەکانی ناوچەدەکەی، چیرۆکەکانی ئاوێستا زۆر تێکەڵاوی مێژووی گەلانی ڕۆژهەڵات - لە هیندەوە تا کوردستان - کراون. زۆربەی گەلانی ئەو ناوچەیە بەهەر شێوەیەک تێکۆشاون ئاوێستا و زەردەشت بکەنە ئی خۆیان و ئەو تێکۆشانە لە سەردەمی پارتەکانەوە دەستی پێکردووە و بە شانامەی فیردەوسی گەیشتۆتە لووتکەی خۆی. ئەو ڕەوتە بەتایبەتی لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠ زیاتر پەرەی ئەستاندووە. ئەو تێکدانە بۆ مەبەستی شانازی داتاشینێکی درۆیین و هاندانی ڕەگەزی و ڕەگەزپەرستانە لەلایەن کەسان و دەستەی جۆراوجۆر و بەمەبەستی جیاواز جێبەجێ کراوە. هەخامنشییان دوای داریووش هەوڵیاندا ئاوێستا بە شێوەیەک لە بەرژەوەندیی خۆیاندا ساغ کەنەوە، ئەوان کە هەر وەک لە تۆمارەکەی کورۆش دەردەکەوێ پێشتر لەسەر دینی زەردەشت نەبوون و هەر خواکانی بابلیان دەپەرست. ئەگەر چاو بەو تۆمارەدا بخشێنن، لەیەک جێگاشدا باسی زەردەشت و ئاهوورامەزدای تێدانییە، کەچی هەر بە مەردووک هەڵادەڵێ و سەرکەوتنەکەی خۆی لەوڕا دەزانێ. زۆران ئەو هەڵوێستەی کووروش بەوە پاساو دەدەنەوە کە ڕێزی بۆ ئوولی ژێردەستانی داناوە. بەڵام، ئەگەر ئەوەش ڕاست بێ، زۆر ناسروشتی و دوورەباوەڕە کەسێکی ئاوا بەدەستەڵات، بیروباوەڕی خۆشی نەخاتە ناو ئەو بەناو ڕێزلێنان و ئازادیی بیروباوەڕە. پادشایانی هەخامەنشی پاشان کە کاریگەریی موغەکانیان لەسەر زۆربەی خەڵکی ماددا دیت و ئەو کارتێکردنەش بە چەند سەرهەڵدانێکی موغەکان و پەیڕەوی لێکردنیان لەلایەن خەڵکی پلەخوارووی کۆمەڵگا و لەرزاندنی پایەکانی تەختی پادشایەتیی ئەوان لەسەردەمی داریوشدا زۆر بەپتەوی دەرکەوت. پاش ئەو ڕووداوانە گرنگیی زیاتر بەموغ و ئاینەکەیان درا و حەو□ درا ئاوێستا ساغ کەنەوە و بینووسنەوە. بێگومان ئەوەش لە وەرگێڕان و بەلادا بردنی بە سوودی پارسەدەستەڵاتدارەکان بەدوور نەبوو. هەر وەک لە بەشی مادەکاندا لە کتێبی "لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی لەسەر کورد و کوردستان"دا باسم کردووە، بێگومان هەخامەنشییان دوای بەدەستەوە گرتنی دەستەڵات، ئەوەندەی بۆیان گونجاوە، ئاسەواری مادیان سڕییەوە (هەروەک ئێستاش داگیرکەرانی کوردستان، لەترسی دەرکەوتنی ڕاستییەکان، یا کنە و لێکۆڵینەوەیان لە شوێنەوارە مێژوویییەکانی کوردستان نەکردووە و یا ئەگەر بەهەڵکەوت شتێکیشیان دۆزیبێتەوە، ونیان کردووە). بەهاتنی ئەسکەندەر، وەک دەڵێن، ئەو کتێبە سازکراوە و هەمووکتێبەکانی

هەخامەنشـی سـووتێنران و ئاوێسـتا هەر لەسـەر زاری موغەکـان و پەیڕەوانـی مـایەوە. لەسـەردەمی پارتەکـان دیسـان دەسـت کـرایەوە بە سـاغکردنەوەی و بە فەرمانی بەلاشی ئەشکانی بەشەکانی ئاڤێستا کۆ کرانەوە. ئەردەشیری بابەکان، نەفەری ڕاسـپارد تـا ڕێکیـان بخـاتەوە و شـاپووری یەکەمـی کوڕیشـی کـاری سـازکردنەوەی ئاڤێسـتای بەشـێوەی کـۆنی تەواو کـرد. وەندیـداد کە بەشـێکە لە ئاوێستا لەسەردەمی ئەشکانی و ویسبرد لەسەردەمیدا ساسانی دانراوە. ئاوا زۆر ئاساییە ئەگەر ئەو کارانە هیچیان وەکیەک نەچن. هێندێک بۆ ئەوەی بیسەلمێنن ئاوێستا ئـی شەشسـەدەکانی پێش زایین و تەنـانەت ئـی زۆر دواتـریش بـووە، ئەو سـازکراوانە دەکەنە پاسـاو. دەزانـین ئینجیـ□ بە دەیـان جـار دەسـتی تێـدراوە و هەرجـارەی بەشـێوەیەک و بەڕوانـگەیەکەوە گۆڕانکـاریی تێداکراوە، ئایا دەکرێ دوایین ئینجی□ بە ئـی خـودی عیسا دانێین؟ لەخشتەی کتێبـی دیاکۆنۆف لە شـەش نموونەکەیـدا، زمـانی مـاد تەنیـا لە یەک نمـوونەی دەنگیـدا جیـاوازییەکی کەمـی دەگەڵ ئاڤێسـتادا هەیە، بەڵام دەگەڵ ئـی پارسـی هەر هیچیـان وێکنـاچێ و لەگەڵ زمانەکانی دیکەش جیاوازییەکە گەلەک زیاترە، کەچی سـەرەڕای ئەوەی (وەک لە خشتەی وشەکانی ئاڤێستا و ماد لە بەشی زمان لەو کتێبەدا دەیبینن)، وێکچوون و هاوبەشـی لەنێوان وشـەکانی ئاڤێسـتا و مـاد لەهەمـوو زمانەکـانی هینـدوئوروپایی زۆرتـر و ڕوونتـرە و زۆر لە وشـەکان لە زمـانی کـوردیی ئێسـتادا هەر وەکخـۆی ماونەتەوە، کەچی لەزمانەکانی دیکەدا بوونیـان نییە. بەڵام هێنـدێکان هەر ئەوەنـدە جیاوازییەیخشتەیدەنگەکان - بۆی بڕوانەخشتەی دەنگناسیی دیاکۆنۆف لەبەشـی ئەفسـانەکانی ئاڤێستا و پەیوەنـدییان بەکوردسـتانەوە - دەکەنە بیـانوو بـۆئەوەی بڵێن ئاوێستا بە زمانی مادی نییە. بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو بۆچوونە هەڵەیە دەبێ ئەو ڕاستییە وەبەرچـاو بگرین کە هەروەکـدەزانین هەمووماد بەیەکـزاراوە قسـەیان نەکـردووە وهەرکـام لەوانەی بەبـاپیرانی کـورد دەژمێـردرێن زاراوەی تـایبەتی و ناوچەیی خۆیان هەبووە. لەکوردستانی ئەوڕۆشدا زازاییەک و سۆرانییەک هەر لێکـتێناگەنکەچیهەردووکیانکوردن. تەنـانەتلەباریڕێزمانیشـەوەجیاوازیگەلێک لەنێوانزاراوەکانداهەیە، بۆنموونەکوردانی دەوریورمێ بۆنێرومێ کردە(فع□)ی جیاوازیان هەیە، کەچی لە سۆرانیدا شتی وانییە. کەوابوو ناسروشتی نییە ئەگەر ئاوێستا لەگەڵزمانیمادی جیاوازیگەلێکیشیهەبێ. بەتایبەتیشکەئاینی زەردەشتی بە زۆر دەڵێ□ کە لەدواییدا لەبەشی زەردەشتدا باسی دەکەم چەند هەزار ساڵێک لە ئیمپەراتوورییەتی مادەکان کۆنترەوسروشتییەلەماوەیەکی ئاوادرێژدا گۆڕانکاریی تێدا پێکهاتبێ.

ئاریـایی واتـایەکی ئـایینییە نەک ڕەگەزی و بەوکەسـانە کوتراوە کە لەسـەر ئوولی مەزداپەرستی بـوون. ئەگەر مادەکـان لە کتێبـیە مێـژووییە کۆنەکانـدا بە ئاریـایی ناوبراون هەر لەسەر ئەو بنەمایەبووە. زەردەشتییەکان خۆیان بە (بەهدینان) واتە دینباشان ناوبردووەوئەوە لەنـاوی نـاوچەی بادینـانی کوردستانیشدا ڕەنگـیداوەتەوە و هەرمـاوە. نـاوی ئاریانـای جوغرافیـایەکەی سـترابۆنیش هەر ئـی سـەردەمی پارتەکـان یـا کەمێـک پێشـتر بـووە نەک ئـی ئاوێسـتا. ئەو واتـایە پاشـان لەلایەن ئوڕووپاییەکـان و بەتـایبەتی ئالمانییەکـانەوە بـڕەوی پێـدرا، بـۆ ئەوەی هەسـت و

سۆزی هاوڕەگەزی لەنێوان خۆیان و بەشێکی زۆری دانیشتووانی ڕۆژهەڵات - لە هیندەوە بگرە تا ئێران - بۆلای خۆیان ڕاکێشن و ڕەزاشا و موحەممەدڕەزای کوڕیشی ئەو هەلەیان قۆستەوە و بۆ حاشاکردن لە فرەگەلی بوونی وڵاتی پارس (پێرسیا Persia) و کردنی بەوناوە سازکراوەی ئێستای(ئێران)، تا بیسەلمێنن هەموو ئەوانەی لەژێر چەکمەیاندا دەناڵن و تەنانەت بەشێکیش لە دانیشتووانی دراوسێی وڵاتەکەیان تەنیا یەک نەتەوەن و تەنانەت دەستەواژەی (هاونیشتمانییانی ئەودیوی سنوور)یشیان بۆ داهێنان. ئاوا زمانی فارسییان کردە زمانی ئێرانی و زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیان کردە زاراوە یا بن زاراوەیەک لەو زمانە (ئێرانییە) خەیاڵییە.

بەپێی ڕوانگەی دیاکۆنۆف، لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەرە ئورووپاییەکانی مێژووی ماد (سەدەکانی ١٩و٢٠) تاکلایەنە و لەسەر بنەمای کارتێکردنی ئاریاکان لەمێژووی ئەو وڵاتە دەدوان. ئەوان لەژێر کارتێکردنی ئەو ڕوانگەیەدا بوون کە خەڵکانی ڕۆژهەڵات - بێجگە لە چەند هەڵبژاردەیەک - شیاوی گەشەکردنی سەربەخۆی مێژوویی نین. ئەوان لەسەر ئەوە دەڕۆیشتن کە گۆیا ئەو هیندو ئورووپاییانەی لە لکی هیندوئێرانی (ئاریایی) پێکهاتبوون، دەورێکی زۆر گەورەیان گێڕاوە و دانیشتووانی مادی خوارووش کە لەپێشتردا بوبوون بەهیندو ئورووپایی بەشی خۆیان لە فەرهەنگی وڵاتدا دانا (دیاکۆنۆف، تاریخ ماد، ٧٢و٧٣).

لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونە، ئورووپایی هێشتاش هەر بەچاوی سووک چاو لە گەلانی ڕۆژهەڵات دەکەن و پێیانوایە هەر ئەوانن کە دەتوانن پێشکەوتن وەدی بێنن و خەڵکی ئەوناوچانە بۆخۆیان دواکەوتوون و (بەپێی ڕوانگەی ئیستیعمار-ئاوەدانکردنەوە)، ئەوە ئەوانن کە بە داگیرکارییەکانیان گەشە بەناوچەکە دەدەن و دەرفەت و هەلی پێشکەوتن بەخەڵکەکە دەبەخشن. ئەو چەمکەیان بۆداگیرکردن و تاڵانی ئەو وڵاتانە کردە بیانوو و ئێستاش کە سەردەمی داگیرکردنی ڕاستەوخۆ نەماوە، بەشێوەی (ئیستیعماری نوێ) سامان و توانای ئەو وڵاتانە بەتاڵان دەبەن. ئەوان کە خۆیان بەنەتەوەی باڵادەست و پێشکەوتوو دەزانن و بەچاوی سووک دەڕواننەئەوانەی لەخۆیان نین، دەبێ هاوڕەگەزێک لە خەڵکی نیشتەجێی ناوچەکە سازکەن تا هەست و سۆزیان بۆلای خۆیان ڕاکێشن و بەبیانووی یاریدە دانی ئەو (هاوڕەگەزەیان) بڕیاردەری سەرەکیبن لەچارەنووسیناوچەکە، ئەوهاوڕەگەزەش بێگومان (ڕەگەزی ئاریایی)یە کە بە کەلکوەرگرتن لە هەستوسۆزی مێژوویی و گەورەکردنەوەی زیادە لەئەندازەی خولڤاندوویانە. بزانن پراشکی مێژوونووس لەسەر ئەو بابەتە چ دەڵێ: "هەرکە ... ئاریاکان لە سەرزەمینی ماد جێگیر بوون، دانیشتووانی کۆنی ناوچەیان هەسداوە و ڕێبەرایەتیی سیاسی کەوتە دەستی پتەوو گەنجی ئاریایی..."

ئەو ڕوانگەی ئورووپاییەکان لەلایەن پان ئێرانیستەکانیشەوە بەپەلە قۆسترایەوە و هەمووناسامی و ناتورکەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان پێ کردە ئێرانی و زمانەکەشیان کردنە زاراوەیەکی ئێرانی. بەڵام ئێستا بە وەدەستهاتنی بەڵگەنامە

نووسراوەکانی‌مێژوویی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پوچی و بێ‌ناوەرۆکیی ئەو ڕوانگەیە و پێچەوانەبوونی بەتەواوی دەرکەوتووە. ئێستا بەپێی بەڵگەنامەی ئارکیۆلۆژی، دەرکەوتووەکە زمانی هیندوئوروپایی لە کوردستانەوە سەرچاوەی وەرگرتووە و لەوێرا لەگەڵ کشتوکاڵدا تەنیوەتەوە ئوروپا و ناوچەکانی دی. مادیش زۆر پێش هاتنی کۆچەرانی وەک فارس و پارت، لەناوچەکەبوون و بەدیهێنەری پێشکەوتن و گەشەکردنی بوون.

بەرواننە:
(http://science.sciencemag.org/content/337/6097/957)

چاوێک لە نەخشەی ژمارە ١و٢، وەک دەبینن لە نەخشەی سترابۆندا هیچ جێگایەک بەناوی توووران نییە، لەنەخشەکەی ئینساکلۆپیدیای ئیرانیکادا لە مۆکریان، توورانێکی ساختەشیان زیاد کردووە. ئەوە ئیدی بەئاشکرا ساختەکارییە و دەمارگرژانی مێشک ئاخندراو بە پیلانەکانی پەهلەوی ناتوانن دەست هەڵگرن‌و ڕاستییەکانی‌مێژوویی وەک‌خۆیان‌بسەلمێنن. نموونەی‌ئەودەمارگرژییە لە وتووێژەکەی ئومێدی عەتایی فەرد لەسەر زەردەشتیشدا، دا بەجوانی دەتوانن ببینن.

هێرۆدۆت لە دووشوێن لەنێو لەشکری خەشایارشادا ناوی ئاری دێنێ(مێژووی هێرۆدۆت/وەرگێر لەیۆنانییەوە: عەلیفەتحی،٩٠٧و٩٠٨ دەڵێ:

"میدیاکان، ئەوانیش خاوەن هەمان چەشنە چەک و جلوبەرگ بوون، هەڵبەت بەشێوەی میدیایی نەک پارسی. ... لەسەردەمی کۆندا ئەوانە بە ئاری ناسرابوونە، بەڵام کاتێک خاتوو میدیای کولخیدی لە ئاتێنەوە هاتە لای ئارییەکان، ناوی خۆیان گۆڕی."

لەلاپەڕە ٩٠٩ش دەڵێ:

"ئارییەکان خاوەنی کەوانی چەشنی میدیاکان بوون، بەڵام باقی چەکەکانیان شێوەی سیلاحی باکترییەکانی دەدا."

لێرەدا وەک دەبینن سەرلێشێواوییەک یا بەهەڵە بۆچوونێک لەسەر ناوی ئاریا بۆ هێرۆدۆت هاتۆتەپێش. لە دەستەواژەی یەکەمدا دەڵێ خەڵک بە مادەکانیان کوتووە ئاری، بەڵام پاشان مادەکان خۆیان بەماد ناوبردووە. بەڵام بەپێی دەستەواژەی دوایی (٩٠٩) بەو شێوەی باسی ئاریانەکان دەکا: "تەنیا کەوانیان وەک ئی مادەکان بووە، دەنا شتەکانی دیکەیان وە ئی باکتریاییەکان چووە." ئەوە وا دەنوێنێ کە ماد و ئاریانەکان جیاوازیی زۆریان هەبووە و ئەگەر سەرنج بدەینە نەخشەی سترابۆن، ئاریانا سەرزەمینێکە لە خوارەوەی ماد و لە دراوسێیەتیی ماد و پارس و کرمانیا و هیند و باکتریا. بەو پێیە نە پارسەکان و نە مادەکان ئاریایی

نەبوون و ئەوە بناخەی بیری سازکراوی ڕەگەزی ئاریا بەتەواوی هەڵدەتەکێنێ. ئەوە یەکەم هەڵەی هێرۆدۆت نییە. ئەوهەڵانەشی دەکرێ لەوەی ڕا سەرچاوەی وەرگرتبێ کە هوورییەکان لە هێندێک بەڵگەی مێژووییدا بە مادیش ناو براون، پیتی (هـ)ی سەرەتای وشەی هووری بە (ئـ و خـ)ش خوێندراوەتەوە، واتە (ئووری/خووری یا خۆری). بەوەدا وێدەچێ هێرۆدۆت (هووری)ی لێ دەگەڵ (ئاری) تێکچووبێ، دەنا وەک دەبینین ئاریانەکانی هێرۆدۆت لە زۆر شتدا زیاتر وە باکتریاییەکان چوون تا مادەکان. سەرنج بدەنە نەخشەکانی سترابوون، ئەو ئاریانانەی هێرۆدۆت باسیان دەکا، خەڵکی تەنیا سەرزەمینێک بوونە بەوناوە و شوێنێک بووە لەنێوان پارس لەڕۆژئاواو بەشێکی زۆر بچووکی سنووری سەرزەمینەکانی ماد و کاسییەکان لەباکوور لە لای کێوی ئەلبەرز و لەڕۆژهەڵاتیش وڵاتی هیندستان. ئەوشوێنە بەشێکە لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانی ئێستا و پاکستان و ساسانییەکانیش بە ئێران ناویان بردووە و لە خوارەوەی پارێزگاکانی ئیسفەهان و لوڕستان و خوراسان ڕا بۆخوارەوە تا دەریای عوممان و لە ڕۆژ ئاواڕا تا سنووری پارێزگای پارس و خووزستان و لە ڕۆژهەڵاتیش ڕا پاکستانی ئەوڕۆ دەگرێتەوە. بڕواننە نەخشەکانی سترابۆن لە بەشی" ئەفسانەکانی ئاڤێستاو پەیوەندییان بەکوردستانەوە"

## ئاڤێستا و بەسەرهاتەکەی

ئاڤێستا کتێبی ئوولیی زەردەشتییان، بەدرێژاییمێژوو تووشیگێرەوکێشە و دەست تێوەردان و سووتاندن و بەلاڕێدا بردن و لێ قرتان و پێوەزیادبوونی زۆربۆتەوە. دەوری ئەوکتێبە لەڕوونکردنەوەی کاتومێژوویدیاریدانیزەردەشت دا سەرەکی و گرنگە.

ئاوێستا بە وتەی (پوولین) مێژوونووسی ڕۆمیی سەدەی یەکەمی زایینی دوو میلیۆن شێعری تێدابووە وبە پێی سەرچاوەکانی پەهلەوی و عەرەبی دوازدە هەزار جڵد بووە.

جەلیل دووستخواە (پێشوتار: ئەوێستا، نامەی مینەوی زەردەشت، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، وەرگێڕ بۆکوردی عومەرفارووقی، ١٧) دەڵێ: "ئەوەی ئەمڕۆ لەبەردەستی ئێمەدا و ناومان ناوە(ئەوێستا)، هەمووئەوکتێبەمەزنە نییە کە لە ڕۆژگارانی هەرە کۆنی ڕابردوودا کەلکی لێوەرگیراوە. لەڕاستیدا بەشێکی فرەوان لەو کتێبەمەزنە لەکاتی هێرشی دوژمنان و گێرەوکێشەی جۆربەجۆری ڕابردوودانتێداچووەوبووەتە قوربانی نەزانیودڕندەخوویی ئەهریمەنسروشتان."

"لەڕەوایەت و نووسراوەکانی زەردەشتی دەبێژن ئەوێستایان کە بەدێری زێڕین نووسیبوو و لە دژی نپشت، واتە دەبیرخانەی پادشاهیدا دەیانپاراست."

"ئەوێستای ڕۆژگاری ساسانییان ٣٤٥٧٠٠وشەوزەند(شێوەی پاڵەوی) ٢٠٩٤٢٠٠ وشەبوو، کەچی ئەمڕۆکە لەمەتنی ئەوێستا٨٣٠٠٠ واژەمان بۆ بەجێماوە."

ئەسڵی ئەوێستا ٢١ نەسک واتە کتێب بووە بەرانبەر ٢١ واژە نیایشی..یە تا ئاهوئیریوو.... کە لە دوعا و نزا گرنگەکانی ئایینی مەزداپەرستی بووەو..."

"ئەوزمانەی کە ئەوێستای پێ نووسراوە، یەکێک لە زمانە قەدیمەکانی بەشی ڕۆژ هەڵاتی ئێرانە، کە زمانی ڕەواج و برەوی ئەومان بۆ دەرنەکەوتوەهەرچەند قسەی زۆری لێ کراوە... لەهەرحاڵا زمانی ئەوێستایی یەکێ لەزمانە مەزنەکانی ئێرانی قەدیم بوو و لەگەڵ زمانەکۆنەکانی سنسکریت و پارسی کۆن قەومایەتی نزدیکی هەیە و زۆربەی واژەکانی ئەوێستا بەکەمێ ئاڵوگۆڕ، لەزمانی فارسی ئەوڕۆدا هەن."

"شێوەی نووسین و خەتی ئەوێستایی یەکێ لەشێوازەگرنگەکانی نووسین لەدنیادایە کە دین دەبیرەی ناو بووە و... "

وەک دەبینین ئەوتوێژەرەش سەرەڕای زۆرحەولیداوە ڕاستییەکان ڕوونکاتەوە، بەڵام لەژێر کارتێکردنی دەمارگرژیی ئێرانیگەری زمانی ئاڤێستای بەلای ڕۆژ هەڵاتی ئێراندا بردووە، ئەویش ئێرانێک کە پەیدابوونی ناوەکەی لەسەر نەخشەی جیهان ناگاتە سەت ساڵ و باسی خزمایەتیی لەگەڵ پارسی کۆن و سانسکریت کردووە، بەڵام هەر بەلای مادیشدا نەچووە، کە زمانی ڕاستەقینەی ئاڤێشتایە. بڕواننە فەرهەنگۆکی ئاڤێستا و هەروەها خشتەی دەنگناسیی دیاکۆنۆف و ڕوون کردنەوەکانی دیکەی من لەبەشی: کێشە لەسەر بناغەی نەتەوایەتی و زمانی و ناوەکان لەو کتێبەدا.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم کورتەیەک لە بەسەرهاتی ئاڤێستاتان، لە کتێبی (اوستا، کهنترین گنجینەی مکتوب ایران باستان، ترجمە و پژوهش هاشم رضی، چاپ ششم، ٢٨و٢٩بۆڕاگوێزم: ئەو ئاماژە بەوە دەکا کە لە ساڵی ١٧٠٠بۆ یەکەم جار لە ئەوڕووپا، ڕۆژهەڵات ناسی بەناوبانگی ئینگلیسی (تۆماس هاید Tomas Hyde) کتێبێکی لەسەرزەردەشت بڵاوکردەوە و پاشانیش پاچڤەیئاڤێستا بەزمانی فەرانسە لەلایەن(ئەنکتیل دوپێرۆن Anquetil Duperron) لە ژێر سەردێری زەندی ئاڤێستا، بڵاوبۆوە. ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ پەرەسەندنی وەها لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان، کە لە سەرەتای نیوەیدووهەمی سەدەینۆزدەهەم ڕا(گێلدنێر Geldner)گەورەترین دەقی هەڵەگیریکراوی ئاڤێستای لەسێبەرگی گەورەدا بڵاوکردەوە. بەدوای ئەوەدا وەرگێراوگەلێ ڕەخنەگرانەی دروست و باشیش بڵاوبوونەوە.

جەلیلی دووستخواە لەلاپەڕە ١٨ی کتێبەکەیدا لەسەری دەڕواودەڵێ ئاڤێستا لەیەک سەردەموبەدەستی تەنیاکەسێک نەنووسراوەتەوە، گاساکان کۆنترینبەشی ئاڤێستان

و بەبێگومان لە هەڵبەستەکانی زەردەشتن و تەمەنیان دەگەڕێتەوە بۆ دەسەدە بەر لەزایینی مەسیح، بەڵام بەشەکانی تری پاش زەردەشت و بەدەستی کەسانی دیکە نووسراون.

# ئەفسانەکانی ئاڤێستا و پەیوەندییان بە کوردستانەوە

بێگومان ئەفسانەو چیرۆکی دێرین دەتوانن نوێنەری هێندێک ڕووداوی ڕاستەقینە بن کە لەکۆنەوە کەوتوونە سەرزاروزمانان، یا باشتر بڵێین لەبەر کەمبوونی باری خوێندەواریو بەسێنەیی نەگونجانی نووسین، ڕووداوە گرنگەکانی پەیوەندیدار بە گەلان بەشێوەی چیرۆکو ئەفسانە دەرهاتوون و سینگ بە سینگ گوتراونەوە و ئاوا بۆ زانینی داهاتووان ڕاگیراون. ئەوچیرۆکانە، نەوەبەنەوە و زاربەزار شتیان پێوە زیاد کراوە. لەو بوارەدا خەڵک حەزو ئاواتەکانی خۆشیان تێکەڵاوکردوونو قارەمانانی چیرۆکەکانیان بەپێیئەوحەزوئاواتانەدارشتوونەوەوسیمایخۆشەویستی و ناخۆشەویستیی خۆیانیان - بەپێیدەوریچاک یا خراپی پاڵەوان لەداستانەکەدا - پێبەخشیون، بەڵام جەوهەروچوارچێوەی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان نەسڕاونەوە. کوردستان ڕابردوویەکی زۆرکۆنی شارستانییەت و نیشتەجێیی هەیە. پێشینەی زیاتر لە ١٢٠٠٠سال کشتوکاڵ، شاری کۆنتر لە ١٠٠٠٠ ساڵەی دۆزراوە لە ژێرزەوی، وەک کانگا بوونی بۆ بڵاوبوونەوەی زمانی هیندوئوڕوپاییو کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و...، ئەوانەهەمووی سەرچاوەیبەهێز دەوڵەمەندبوونە بۆسازبوونی ئەوچەشنە ئەفسانانە. کوردەکان هەر لەکۆنەوە مێژووی خۆیان زاربەزار بەبەیت و لەچوارچێوەی شێعری کورت و هاسان بۆ لەیاددا مانەوەدا گێڕاونەتەوە و بۆ داهاتووانیانپاراستوونە. ئەفسانەیگیلگامێش، تۆفانینووح، نەمروودوئەفسانەکانی ئاڤێستا و .... لەکوردستان هاتوونە دنیا و بوونەتە بەیت و بەسەرهات بۆ نەوەی ئەوڕۆمان. گەلان هەموو شانازی بەوچەشنە کەلەپوورانەیانەوە دەکەن و تەنانەت بۆ خوڵقاندنی شانازیی زیاتری مێژوویی بۆخۆیان و ڕاکێشانی هەست و سۆزی زیاتری ڕۆڵەکانیان بەرەوئەڤینی نیشتمانو سەربەخۆییخوازیوپاراستنیناسنامەی نەتەوەیی خۆ، لەدزینی کەلەپووری گەلانی دیکەش سڵیان نەکردووە، بەڵام ئێمەی کورد بەهۆی بندەستەیی و نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆمان، نەپەرژاوینە سەر ئەو بابەتە و تەنانەت ئەگەر بزاوێکیشمان لەو بوارەدا هەبووبێ، زۆرتر لاسا کردنەوەی داگیرکەران و کوتنەوەی بابەتە بەلاڕێدا براو و تێکدراوەکانی خۆمان بووە بەدەستی ئەوانو بۆ گەیشتن بەڕاستییەکان، بەوردی نەچووینە بنج و بناوانی بابەتەکان.

سروودەکانی زەردەشت، بەشێکن لەو بەیتانە کە زۆر شتمان لەسەر ڕابردووی گەلەکەمان بەهەموو بارەکانیدا بۆ بەیان دەکەن. ئەو سروودانە هەر لەکۆنەوە دەستی دزانی مێژوویان وێڕا گەیشتووە و بۆخۆمانیش خۆ خاوەنی هیچی خۆمان نەبووین تا بیان پارێزین. دەڵێن ئەسکەندەری مەقدوونی ئاوێستایسووتاند، بەڵام خۆدەبوو لانیکەم زانایانیئایینی زاربەزاریشبێ بەیتەکانییان بۆئێمە هێشتبێتەوە. ئەدیچۆنە بەسەرهاتەکانی بەبەیتیش بۆ ئێستا نەماونەوەو لەبیربراونەوە؟ بێگومان بەشێک لەوبەیتانە تا زەمانی ئەشکانیو ساسانییانمابوونەوە، چونکە ئەوان لەو

بەیتانەڕا یەشتەکانیان زیندووکردوونەوە. هەرچەند بەداخەوە بەئارەزووی خۆیان دەستیانتێوەرداونو تەنانەت زۆر لە ناوو شوێنەکانیشیان گۆڕیون، بەڵام ئاوا بە دەست تێوەردراوی‌و نیوەچڵیش ماکی شتەکان هەر مابوونەوەو دەکرا هێندێکی هەر بەئێمە بگات.

بەهاتنی دینی‌ئیسلام، ئەوەندە دەستکاری کراوش نەمانو لەبیر برانەوە، چونکە لەشکری ئیسلام پاشداگیرکردنی پێتەختی‌ساسانییان هەموو کتێبەکانی سووتاندن. ئاوا ئەوەندەی ساسانیو ئەشکانییانیش بەنووسراوە - هەرچەندە بە نیوەچڵی و شێوێندراویش - ساغیان کردبۆوە، لەناو چوون. دوای پەرەگرتنی ئیسلام، تەنانەت گێڕانەوەکەش کەوتە ژێر سانسۆڕێکی ئوولی، چونکە کوتنەوەی بەکوفر و دژی یاسای ئیسلام زانراوە. ئەوانەی لەسەر ئوولی کۆنیش ماونەوە و لەوانە زەردەشتی و ئێزدییەکانیش لەژێرگوشاری موسوڵمانان و زاڵبوونی ئیسلامدا تا ڕادەیەک کەوتنە ژێرکارتێکردنی ئەو بۆچوونە. ئەوگوشارە هەروەها تاڕادەیەک گۆڕانی لە دینەکەشیاندا پێکهێناو ئاوا گێڕانەوە زارەکییەکانیشی بەبای فەرامۆشی ئەسپێردران. ئاڤێستا، کتێبی ئوولیی زەردەشتییان باسی ژمارەیەک لەو ئەفسانانە دەکا. ئەوانەش لەزاری موغەکانڕا سینەبەسینە گەیێندراونە سەردەمی ساسانییان. زۆر بیردۆز و باوەڕی چەوت و چەواشە بەشیوەی جۆراوجۆر لەسەر زەردەشت و سەردەمی ژیانی و شوێنی لەدایکبوونی و شوێنی بانگەشەی دینەکەی وکەسانی نێو کتێبەکەشی و جێگای ڕووداوەکانی تێخزاون. بەڵام هەر لەخودی چیرۆکەکان ڕا زۆرسەلمێنەری بەهێزی‌دیکە دژی تێکدانەکانو گەیشتن بەڕاستی دەردەکەون، کە دوایە بەوردی باسیان دەکەین. بەدرێژایی زیاتر لە ٢٥٠٠ساڵ (لەسەردەمی دوای داریووش ڕا تا ئێستا)، زۆرحەو□ دراوە زەردەشت و ئاڤێستا و شوێن و کاتەکانی پەیوەندیداری لە سەردەمی هەخامەنشییەوە تا ئیسلام و دواتریش تا ئەوڕۆ لە سەرزەمینی سەرەکیی مادستان بکەنەوە و بەرەو ڕۆژهەڵاتی بەرن. کە ئەوەش هۆکاری سیاسیی لەپشت بووە. هەخامەنشییان لەبەر دوژمنایەتی لەگەڵ نەتەوەی ماد ورەگەزپەرستی، ئەشکانییان لەبەر ئەوەی بەوەرگێرانی ڕاستییەکان بەرەو وڵاتی خۆیان بۆ خۆیێوە هەڵکێشانو ساسانییانیش سەرەڕای کوردبوونیان، ئی خوارووترین بەشی کوردستان بوون و چەقی دەستەڵات و دەست ڕۆیشتنیان لەپلەی یەکەمدا ئەوێ بووەو ویستووشیانە خۆی‌پێوەرانێن و بڵێن‌ئێمەین ڕزگاری دەری ڕاستەقینە و..... هەمووی ئەوانەشیان بۆ کەلک وەرگرتن لە دەستەڵاتی موغەکان و شوێن دانەریی بەهێزی ئوولی زەردەشت، بە سوودی فەرمانڕەوایی خۆیان بووە. ئێمە لەشوێنی خۆیدا بەباشی دەیسەلمێنین کە دینی زەردەشت لە کوردستان سەری هەڵداوە، زەردەشت پێغەمبەرێکی کوردان بووە و ئاڤێستاش بەزمانی کوردی و چیرۆکەکانیشی بەسەرهاتی ئەفسانەویی ڕابردووی کۆنی کوردەواری بوون.

گومان لەوەدا نییە کە ئوولی یەکەم و سەرەتای کوردستان میترائیزم بووە. بەڵام ئەودینە کە کۆنترین دینی کوردستانە نەیتوانیوە ئەو شوێنە گرنگە لەسەر مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان دانێ کە ئوولی مەزدیەسنی داینـاوە (لەشوێنی

خۆیدا باسی ویش دەکەین). سروشتییە هەموو دینێک یا باوەڕ و بیردۆزێک، لە سەرەتای خۆیدا تووشی بەربەرەکانیی توندی بڕوامەندانی کۆنتر دەبێ، ئیسلامیش لەمەککە سەری هەڵدا بەڵام لە مەدینە گەشەی کرد، ئوولی زەردەشتیش لەشوێنی سەرهەڵدانی خۆی بەرەوڕووی بەربەرەکانیی توند بۆوە، کە دوایە باسی دەکەین، لەوێش ڕا بەرەو شوێنێکی دیکە لەکوردستان چووە کە بواری بڵاوکردنەوەی باوەڕەکەی بۆ گونجاوتربێ. ئەوەش هەر لەچەشنی ئەوکارەیە کە پێغەمبەرانی دیکە کردوویانە بەئیسلامیشەوە. سروشتیشە کە دوای پەرەسەندنی دینەکەشی هێشتا خەڵکێکی زۆر لە کوردستان لەسەر دینی کۆن مابنەوە وەک میتانییەکان کە لەبڕگەیەکی مێژوویدا، یەکێک لە بەهێزترین پادشایەتییەکانی کوردستانیان پێک هێناوە، تا سەردەمی مادیش هەر لەسەردینی کۆنی خۆیان سوور بوون، بەڵام وەک دەبینین هەر لە خاکی ئەو میتانییانەدا، خەڵک بەبۆنەی زەردەشتی بوونیان، دوایهاتنی مەسیحییەت بەدەستی ئەرمەنییەکان تووشی چ کارەساتوکوشتارێک بوون.

کۆنترین باسی پەیوەندیدار لەسەرمێژووی کوردستان، لە ئاوێستادا هاتووە. پاشان بەکەلک وەرگرتن لەناوەڕۆکی ئەوکتێبە، زۆر بابەت نووسراون کەگرنگترینیان ئەو بەشانەی ئاوێستان کە لەسەردەمی ساسانییەکاندا ساغ کراونەوەو بەزمانی پەهلەوی نووسراونەوە. دوای ئیسلام چەند کەس ویستوویانە شتێکی لێ ساغ کەنەوە و بۆمێژووی ئێرانی کۆن بیخەنە بەردەست. بەنێوبانگترین بەرهەمی ئەوتێکۆشانە، شانامەی فیردەوسییە کە هەروەک لەپێشەکیدا باسکرا، چونکە زۆرتربەمەبەستی هاندانی هەستی نەتەوایەتیی فارسو بەربەرەکانی لەگەڵ فەرهەنگی زاڵی تورک و عەرەب، بەسەر ژێنگەی فارسەکاندا نووسراوە، بەداخەوە زۆر لە ڕاستییەکان وەدوور کەوتوتەوەو گۆڕانکاریی زۆری لەناو، ناوەرۆک و شوێنو تەنانەت سەردەمی ڕووداوەکاندا پێکهێناوە. ئەوەش نرخە مێژووییەکەی زۆر هێناوەتە خوار. بۆیە ناچارین ئەوبەشە زۆرتربەوەی ساغ کەینەوە کە لەسەرچاوە پەهلەوییەکان و ئاوێستا وەدەستمان کەوتوون.

بێجگە لەوەش، هەر ئەو شانامە بەلارێدابەرەش بۆخۆی تووشی بەلارێدابران و دەست تێوەردان بووە. من کە بەدوای لێکۆڵینەوە چەند نوسخە لەو کتێبەم کەوتنە بەردەست، لەهەڵسەنگاندنیاندا تووشیئەوتێکدانانە بوومکەلەخوارەوە نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە:

لەباسی پادشایەتیی کەیکاووسدا لەسەر شەڕی هاماوەران:

١- لە کتێبی (شاهنامەی فردوسی، چاپ شرکت سهاقمی کتابهای جیبی، ١٣٤٥) لە باسی (رزم کردن کاوس با شاه هاماوران)دا ئاوا نووسراوە:

زموبد بدین گونه داریم یاد　　　هم از گفت آن پیر دهقان نژاد

کز آئین چنان کرد کاوُس رای — که در پادشاهی بجنبد زجای

از ایران بشد تا بتوران و چین — گذرکرد از آنپس بمکران زمین

زمکران شد آراسته چون عروس — برآمد دم نای و بوق و کوس

بپذرفت هر مهتری باژ و ساو — نکرد آزمون گاو با شیر تاو

چنان هم گرازان به بربر شدند — جهانجوی با تاج و افسر شدند

شه بربرستان بیآراست جنگ — کز انبو ایشان جهان گشت تنگ

سپاهی بیآمد ز بربر برزم — که برخاست از لشکر شاه بزم

کس از خاک دست و عنانرا ندید — زگرد سیه کوه شد ناپدید

بزخم اندر آمد همی فوج فوج — برآنسان که برخیزد از آب موج

چو گودرز گیتی بر آنگونه دید — زکوهه عمود گران برکشید

بزد اسب با نامداران هزار — ابا نیزه و تیر جوشن گذار

برآویخت و بدرید قلب سپاه — دمان ازپس او همی رفت شاه

توگفتی زیربار سواری نماند — بگرد اندرون نیزەداری نماند

بشهر اندرون هرکه بد سا خورد — چوبرگشته دیدند باد نبرد

همه پیش کاوُس شاه آمدند — جگرخسته و باگناه آمدند

٢- له (شاهنامەی فردوسی – فارسی انگلیسی تهران پێک فرهنگ ١٣٨٦) ئەو دوو بەیتە ئاوا هاتوون:

زموبد بدین گونه داریم یاد — هم از گفت آن پیر دهقان نژاد

کز آن پس چنان کرد کاوس رای — که در پادشاهی بجنبد زجای

از ایران بشد تا بتوران و چین — گذرکرد از آنپس بمکران زمین

زمکران شد آراسته تا زره — میانها ندیدند بند و زره

بپذرفت هر مهتری باژ و ساو — نکرد آزمون گاو با شیر تاو

چنان هم گرازان ببربر شدند	جهانجوی با تاج و افسر شدند

شه بربرستان بیاراست جنگ	زمانه دگرگونەتر شد به رنگ

سپاهی بیامد ز بربر به رزم	که از لشکر شاه برخاست بزم

هوا گفتی از نیزه چون بیشه گشت	خور ازگرداسپان پراندیشه گشت

ئەوە بەزیادی تێئاخنراوە وتەنانەت کێشی شێعرەکەش لەگەڵ ئەوانەی فیردەوسی جیاوازە

ز گرد سپه پی شد ناپدید	کس ازخاک دست وعنان راندید

جێگای لەتە شێعرەکان گۆڕاوە و کوە بۆتە پی

بزخم اندر آمد همی فوج فوج	بر آنسان که برخیزد از آب موج

چو گودرز گیتی بدانگونه دید	زکوهه عمودی گران برکشید ی

زیادکراوە وشەی لێ گۆڕاوە

چو طوس و فریبرز و گستهم شیر	چو خرداد و گرگین و گیو دلیر

بەزیادی تێخزێندراوە

جو با میمنه میسره گشت راست	خروش از سواران جنگی بخاست

بەزیادی تێخزێندراوە

زهردو سپه بر فلک شد خروش	زمین همچو دریا برآمد بجوش

بەزیادی تێخزێندراوە

زبس گرز و باران الماس و تیر	زتاب سواران باداروگیر

بەزیادی تێخزێندراوە

توگفتی جهان کام نر اژدهاست	زگردان روان برزمانه بلاست

بەزیادی تێخزێندراوە

زگرد سواران هوا بست میغ	دم کوس تندر بود و برق تیغ

بەزیادی تێخزێندراوە

بدش تیرباران و خنجر تگرگ روان گشته از برق و بارانش مرگ

بەزیادی تێخزێندراوە کێشەکەشی جیاوازە

سپهدار گودرز لشکر شکن بدست اندرون تیغ دشمن فکن

بەزیادی تێخزێندراوە

خروشان و جوشان چو پیل دمان یکی حمله آورد بر بدگمان

بەزیادی تێخزێندراوە

زبازو چوبگذاری تیغ تیز برآودی زبربری رستخیز

بەزیادی تێخزێندراوە

زسوی دگر گیو پرخاشخر زبازو نمودی بگردان هنر

بەزیادی تێخزێندراوە

بیک زخم ده سر فکندی نگون زمین کرده از یغ دریای خون

بەزیادی تێخزێندراوە

برآویخت بدردی قلب سپاه دمان ازپس او همی رفت شاه

زگردان ایران و کاوس شاه هزیمت نمودند دیگر سپاه

بەزیادی تێخزێندراوە

توگفتی زبربر سواری نماند بگرد اندرون نیزەداری نماند

بشهر اندرون هرکه بد سا خورد چوبرگشته دیدند باد نبرد

همه پیش کاوُس شاه آمدند جگرخسته و عذرخواه آمدند

٣- شانامەیەکی دیکەش لەماڵپەڕی خوارەوەدا بڵاو کراوەتەوە:

(http://ganjoor.net/ferdousi/shahname/hamavaran/sh1/) ئەویــــش ئەو شەڕەی ئاوا گێراوەتەوە:

زموبد بدین گونه داریم یاد هم از گفت آن پیر دهقان نژاد

ئەوبەیتەی لێ هەڵگیراوە

| | |
|---|---|
| از آن پس چنین کرد کاووس رای | که در پادشاهی بجنبد زجای |
| از ایران بشد تا بتوران و چین | گذرکرد از آنپس بمکران زمین |
| زمکران شد آراسته تازره | میانها ندید ایچ رنج از گره |

گۆراوە

| | |
|---|---|
| پذیرفت هر مهتری باژ و ساو | نکرد آزمون گاو با شیر تاو |

گۆراوە

| | |
|---|---|
| چنین هم گرازان به بربر شدند | جهانجوی با تخت و افسر شدند |

گۆراوە

| | |
|---|---|
| شه بربرستان بیاراست جنگ | ز مانه دگرگونەتر شد به رنگ |

گۆراوە

| | |
|---|---|
| سپاهی بیامد ز بربر برزم | که برخاست از لشکر شاه بزم |
| زگرد سیه پی شد ناپدید ندید | کس از خاک دست و عنانرا |

جێگای لەتە شێعرەکان گۆراوە و کوە بۆتە پێ

| | |
|---|---|
| بزخم اندر آمد همی فوج فوج | بر آنسان که برخیزد از آب موج |
| هوا گفتی از نیزه چون بیشه گشت | خور از گرد اسپان پراندیشه گشت |

ئەوە بەزیادی تێئاخنراوە وتەنانەت کێشی شێعرەکەش لەگەڵ ئەوانەی فیردەوسی جیاوازە

| | |
|---|---|
| چو گودرز گیتی بران گونه دید | عمود گران از میان برکشید |

لەتە شێعری دووهەم بەتەواوی گۆراوە و هەڵەسە چونکە شمشێر لە (میان) دەکێشرێ نەک (عمود) و... لە ئەسلەکەشیدا وانییە

| | |
|---|---|
| بزد اسب با نامداران هزار | ابا نیزه و تیر جوشن گذار |

برآویخت و بدرید قلب سپاه　　　　دمان ازپس اندر همی رفت شاه

گۆڕاوە

توگفتی زبربر سواری نماند　　　　بگرد اندرون نیزەداری نماند

بشهر اندرون هرکه بد سا خورد　　　　چوبرگشته دیدند باد نبرد

همه پیش کاووس شاه آمدند　　　　جگرخسته و پرگناه آمدند

گۆڕاوە

بۆ هەڵسەنگاندن، ئیکتێبی ژمارە یەکم وەکخۆی نووسیون چونکە بەسەرەکیتری دەزانم، بەڵام لەوانی دیکەدا دەست تێوەردانەکانم لێرەدا بەڕەنگی سوور دیاری کردوون.

ئەوە تەنیا یەک لاپەڕەی شانامەیە و ئەوهەموودەستەی تێوەردەراوە و فارس کوتەنی مستێکە لەخەلوار، جا با خوێنەری بەڕێز بۆخۆی داوەری بکا داخوا چەندی دیکە دەستی تێبراوە یا فیردەوسی بۆخۆشی لەبنەڕەتدا کەسایەتییەکی ساختەیەوبۆسیاسەتو بازرگانیی سیاسی و فریوی خەڵک کەلکی لێ وەرگیراوە؟ یا ئەگەریش هەبووە، چەندی ئەو شێعرانەی بەناوی وی بڵاو کراونەوە ئی خۆی بوونیابۆیانسازکردووە. ئایا ئەوبەلخەی فیردەوسی باسی دەکا بەلخی کوردستان، واتەسەرچاوەیچۆمیخاپوورە، یا بەڵخەیلایهەورامانە، یائەوبەلخە سازکراوەی ئەفغانستان و.....؟

ئاوا دەبینین نووسەرانوبڵاوکەرەوانی بابەتەکانی ئەدەبیی فارس ئەوەندە چوونەتە ژێر کاریگەریی کەلکی سیاسیوەرگرتن لەناوی تەنانەت بلیمەتەکانیخۆشیان، کە بۆپاساودانەوەی مەزنیخوازیودەمارگرژیینەتەوەیی خۆیانلەهیچ ساختەکارییەک سڵیان نەکردووە.

نووسەرێکیکورد بەناوی هیوامورادی پێشەکییەکی بۆوەرگێڕانی کتێبی(تۆژینەوەی گاتاکانی دکتۆر خسرەو خەزاعی)،هێندێک ڕاستیی لەسەر زێدی زەردەشت شوێنی پێغەمبەرایەتییەکەی و شوێن و گۆڕەپانی پانی ڕووداوەکانی ئەفسانەکانی ئاڤێستا بڵاو کردوونەوە کە بێجگە لەشیکردنەوەی ناوی زەردەشت، کە هەڵەیەکی زەقی تێدایە و لە عیمادەددین دەوڵەتشاهی وەری گرتووە، ئەوانی دیکەی ڕاستیی بۆچوونەکانی من دەوەسەلمێنن. ئەو دەنووسێ:

" لەمەڕ زێدی زەردەشت گرووپێک پێیانوایە کە زەردەشت لە ڕۆژاوای ئێران لە دایک بووە و گرووپێکی تر دەڵێن لە ڕۆژهەڵاتی ئێران [یانی هەر لەو شوێنە کە ئایینی زەردەشت لەودا پەرەی سەند] لەدایک بووە. گرووپێک دەڵێن لە کەناری

دەریای (چیچەست) (ورمێ) لەدایک بووە و، گرووپێکی تر دەڵێن لەشاری کۆنی (رگا) [یان رەی] چاوی بە جیهان پشکووتووە و پاشان کە گەورە بووە بەرەو رۆژهەڵاتی ئێران کۆچی کردووە."

"هیچکام لەم دوو گرووپە بەڵگە و ئارگومێنتی رۆشن بەدەستەوە نادەن و ناتوانن بۆچوونی خۆیان بسەلمێنن. هەروەها لە خودی ئاڤێستاش دا بەڵگەیەک بەدی ناکە ین کە ئەم پرسە روون بکاتەوە".

"جەلیل دوستخواە دەڵێ: تا ئێستا بەڵگە و ئارگومێنتی زمانناسانەش نەیانتوانیوە ئەمتەممومژە بڕەوێنن کەزەردەشت خەڵکی کوێیەو بەکام زمان دواوە. ئەگەر زمانیگاتاکان بەیەکێ لەزمانەکانی رۆژهەڵاتی ئێران بزانین، دیسان ناتوانین وڵامی ئەم پرسە بدەینەوە کە: ئایا ئەم زمانە زمانی دایکی زەردەشت بووە، یان زەردەشتپاش کۆچکردنیبۆرۆژهەڵاتیئێران لەگەڵ ئەم زمانە، زمانی ئەدەبی و ڕەسمیئەو دەڤەرە بەرەوڕووبووەوسروودەکانی خۆیپێنووسیوە؟کەوابووبەناچار دەبێلە باسکردن لەمەڕزێدیزەردەشت خۆببوێرینو ئاکامی توژینەوەی زۆربەی ئاڤێستاناسان کە دەڵێن بانگەوازی زەردەشت لەرۆژهەڵاتی ئێران پشکووت و لە رۆژهەڵاتی ئێران پەیامو دینی خۆی ئاشکرا کرد."

"ئیبراهیم پورداوود، راڤیاری گاتاکان و مامۆستای زەردەشتناسانی ئێرانی، لەمەڕ زێد و نیشتیمانی زەردەشت دەنووسێ:

"پێشتررۆژهەڵاتناسانشاریبەڵخ، شارێکیئەفغانستانیئێستایان، بەزێدیزەردەشت دەزانی، بەڵام ئەمڕۆ بەگشتی لەسەرئەوڕوانگەیکۆکنکەزەردەشت لەرۆژاوای ئێران لەدایکبووە. لەئازەربایجانلەو شوێنە کەئەمڕۆ بەتەختیسلێمان دەناسرێتو ئاتەشگەی بەناوبانگی ئازەرگوشنەسب ومەزار و پەرسگەیەکی پیرۆزی لێ هەڵ کەوتووە. یاقوت حموی لەمەڕئازەرگوشنەسبدەڵێ: لەنێوان مەراغەو زەنجان، لە نزیک شارەزوورودینەوەردایە."

"زۆربەی مێژوونووسانی ئێرانی و عەرەب هەر لە ئیبن خردادی و مەسعودی و یاقوت حەمەوی و قەزوینی و حەمزە اسفهانی لەسەر ئەم روانگەیە کۆکن کە زەردەشت لە ئازەربایجان و لە کەناری دەریای ورمێ لەدایک بووە و باسی پلە و پێگەی پیرۆزی ئازەرگوشنەسب یان کردووە."

"پورداود دەڵێ: (دەتوانین بێژین کە زەردەشت لەرۆژاوای ئێران لە دایک بووە و هیچ فڕیبەجنووبیئێرانەوە نییەو بڕوابەرۆژهەڵاتیئێرانیش وەکزێدیزەردەشت ئەمڕۆ لەبرەوکەوتووە و ئیتر کەس لایەنگری(ی) لێناکات). [گاتها، سرودەهای زرتشت، شرحوپێشگفتار ابراهیمپورداوود]. وەک دەبینینپورداود لەشاگردەکەی، یانی جەلیل دوستخواە واقعبینترە و ناڕاستەوخۆ دان بەمراستییەدادەنێ کە زێدی زەردەشت کوردستان بووە."

*                                        *                                        *

"کاتێ لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا رەزاشا لە ئێران دەوڵەتی ناوەندی مۆدێرنی دامەزراند، ئێرانی مۆدێرن، یانی ئێرانێک بەپێی یەک زمان، یەک نەتەوە، کە ئەمەش بریتی بوو لە زمان و نەتەوەی فارس، ئەوجار زۆرێک لە نووسەران و ڕۆشنبیران بۆ ساغکردنەوەی کولتور و ناسنامەی خۆیان گەڕانەوە بۆ ئایین و فەرهەنگ و ئەفسانەکانی ئێرانی لەمێژین، لەم ناوەدا ئیبراهیم پورداود یەکێ لە توێژەران و پسپۆڕانی ئێرانی بوو کە دەستی دایە شەرح و راڤەکردنی کتێبی ئاڤێستا و گاتاکان، یانی وەرگێرانی دەقیئاڤێستایی بۆ زمانی فارسی؛ پورداوود ئەگەرچی لەنێو رۆشنبیرانی فارس دا رێزوپرستیژێکی تایبەتی هەیە، بەڵام هەم بەهۆی ناشارەزایی لە خوێندنەوەی دەقی ئاڤیستادا، هەم بەهۆی دەمارگرژی(ی) شئۆنیستی، زۆر کەم و کووڕی بەکارەکانییەوەدەبینرێ، چونکە وەک دەوڵەتشاهی دەیسەلمێنێ ئەگەر وەرگێڕی ئاڤێستا زمانی کوردی، بەتایبەت زاراوەی هەورامی و کەلهوڕی نەزانێ، ناتوانێ بەباشی لەدەقی ئاڤێستا تێبگات. بۆ وێنە پورداوود بەندی هەشتی زامیادیەشت بەمجۆرە وەردەگێڕێ (بە هەر رادە کە ئەم زنجیرە چیایە دەڕواتە پێش، بەهەمان رادە خودای راهێنەر بۆپێشەوایان و جەنگاوەران و جوتیاران، پەز و مێگەلی ئافراندووە)؛ بەڵام دەوڵتشاهی بەمجۆرە وەریدەگێڕێ : (لەوێوە دەڕۆی، بەنێو ئاودا بە بوارگەدا رادەبری، بڕوانە و بڕۆ بەرەو سەتەر] سەتەر لە ناوچەی سنگور و کولیایی هەڵکەوتووە، [سپی کە□ تێپەڕێنە و بگەیە دەروەنەکان] مەبەست ناودەروەن پشت دەروەنە کە لەنێوان کامیاران و کرماشان دان، [ لەوێوە دەگەڕییەوە و دێییەوە بۆ سورنی] سورنی ئێستا گوندێکە لەباشوری کامیاران دایە، [ئەی دروستکار، لەوێ پشووبدە، بحەسێوە، خۆراکی خۆش بخۆ، شوانەکان لەوێ پشوو ئەدەن، شەو لەوێبمێنەو، خۆراکی بەچێژت بۆدێنن، لەوێ بەهاوار و باڵۆرەوە مەزدا ستایش بکەو بڵێ سپاس ئەیمەزدا کە منت ئافراند، خێر بەهەموان ببەخشە، بەمجۆرە هێندە سکاڵلاوهاواربکە تا خەڵک فێربکەی کە ستایشی مەزدا بکەن. (سەرچاوە جغرفیای غرب ایران، کوههای ناشناختە اوستا، عمادالدین دولتشاهی،□١٧)، وەک دەبینین تەرجمەیپورداودو تەرجمەی دەوڵتشاهی هێندە لێک دوورن دەڵێی بەرهەمی دوودەقی جیاوازن. پێویستە ئاماژە بەم شتە بکەم کە زیاتر وشەی" سەتەر" پورداودی بە هەڵەدابردووە، چونکە ئە پورداود وەریگێڕاوە. بێجگە لەمەش پورداوود لە وەرگێڕانی فەروەردینیەشت دا، بەندی چوارتا هەشت، وەرناگێڕێ، یان ڕەنگە سانسۆری دەکا! بەڵام ئاخۆ پورداود و دوستخواە بۆچی وا دەکەن؟"

"ئیسمای□ بێشکچی، نووسەری بوێری تورک، لە وتەیەک دا دەڵێ :سەرتاسەری فەرهەنگ و ژیاری هەرسێ نەتەوەی فارسوتورکوعەرەب، بەپێی درۆ و فریو داڕێژراوە، بۆچی؟ بۆوەی کەحاشایان لە رۆڵی مێژوویی نەتەوەی کورد کردووە، بۆوەی غەدریانلەکورد کردووە... بەپێی ئەمنموونەیە کە ئێستا دەیهێنمەوە راستی وتەکەی بێشکچیمان بۆدەردەکەوێ... هەروەها حاجی قادری کۆیی لەشێعرێکی دا دەڵێ(گوردی شانامە هەر هەمووی کوردن"؛ من پێشتر کە ئەمەم دەخوێندەوە پێموابوو ئەمەجۆرێک بەرچاوتەنگی(ی شاعیردەگەیەنێ، بەڵام بەدیتنوێندنەوەی

کتێبەکانیدەوڵەتشاهی دڵنیابوومکە وتەکەی حاجیقادر راستە".
"عمادالدین دەوڵەتشاهی، توێژەر و وەرگێڕی بوێری کوردی کرماشانی بە وەر گێڕانی زامیاد یەشت و فەروەردین یەشت گەورەترین خزمەتی لەپێش دا بە روونبوونەوەی راستییەکانو، پاشان بە زمانوکولتوروناسنامەی کورد کردووە.
دەوڵەتشاهی لەپێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: یەکەم جار لەشیراز کتێبێکی یەشتەکانی پورداوودم بینی و زمانی وەرگێڕانی فارسی و دەقی ئاڤێستاییم پێکەوە بەراورد کرد، بینیم وەرگێڕانەکە لەگەڵ دەقی سەرچاوەدا نایەتەوە، بۆیە بڕیارمدا کەھە بچم زمانی ئاڤێستایی بەباشی فێرببم و بزانم چ باسە؛ بەکورتی پاش فێربوونی زمانی ئاڤێستایی، هەموناوچەکانی کوردستان، هەرچوارپارچە، گەڕام و هەموو زاراوە کانی زمانی کوردیم لەنزیکەوە بیست ئەوجار دەستمکرد بەتۆژینەوەو وەرگێڕانی فەروەردینیەشت، هەم بە فارسیوهەم بەکوردی. کاتێ وەرگێڕانی فەروەردین یەشتی دەوڵەتشاهی و پورداود پێکەوە بەراورد ئەکەین، ئەبینین کە پورداوود بەندی چوار تا هەشتی فەروەردین یەشت - کە باسی شوێن و جوغرافیای زۆران بازی(ی) رۆستەموزۆراب دەکات - تەرجمە ناکات]. جەلیل دوستخواهیش بەندی چوارتاهەشتی تەرجمەنەکردووە. [لەم یەشتەدا باسیهەندێناووشوێنیجوغرافیایی وەک(وەیس)، (پەڕاو) و(پاوە) دەکرێت کە هەموویان لەپارێزگای کرماشان هەڵ کەوتوون .هەروەها سەبارەتبەشاریسەمەنگان کەبەپێیدەقیشاهنامەیفیردەوسی ئێستا لەئەفغانستاندایە لەرۆژهەڵاتی کرماشان گون و کۆنە قەڵایەک هەربەناوی (سەمەنگان)ماوەتەوە کەلەنێوانشارۆچکەیبێستوونوسەحنەهەڵکەوتووە.مەزاری وەیس کەبەپێیکتێبەکەیدەوڵەتشاهی خودایەکیئارییایە، لەرۆژاوای کرماشان و لە سەرشاخێکی بەرزدایە و ئێستاش وەکوو شوێنێکی پیرۆز بۆتەنەزەرگەی دەڤەرەو زۆر گۆرانیو بەیتوباوی بۆوتراوە."

"با بچینە سەروەیس، وەیسیخۆمانە /پرسیاری لێ بکەین خەتای کاممانە/ بابچینە سەر وەیس بە تۆبەکاری \تۆبە لە گ شتی نەک لە دڵداری."

"هەروەها کێوی پەڕاو لە تەنیشت شاخی بێستووندایە کێوێکی ئێجگاربەناوبانگە و سەر لە ئاسمان ئەسوێ؛ وەک ئەم بەیتە فولکلۆرە دەڵێ:

پەڕاو بیسێتوین هەر دوو برا بین \فەڵەک کارێ کرد لە یەک جیا بین."

"بەڕایمن هۆکاریسەرکەوتنی دەوڵەتشاهی لەوەرگێڕانی ئەمدو یەشتەیئاڤێستادا لەم سێ شتەدایە یەکەم زمانی کوردیدەزانێ، دووهەم، زمانی ئاڤێستایی دەزانی، سێهەم، خەڵکی کرماشانە و شارەزای کێو شاخ و چۆم و رووبار و ناوچەکانی کرماشان و کوردستانو هەمەدانە کە گەشتی مێژوویی زەردەشت وهاوڕێیانی لەم دەڤەرە رووی داوە. لەمەڕ گرنگی(ی) زمانی کوردی بۆ وەرگێڕانو توێژینەوەی ئاڤێستا، دەوڵەتشاهی بەدڵنیاییەوە دەڵێکە ئاڤێستا بەزمانی کۆنیکوردی نووسراوە، بۆ نموونە هەموو یەشتەکانی ئاڤێستا بەمدێڕە دەستپێدەکەن" پەناممە ئەویەزدانەن تا ئەوە زایات"، یانی: پەنام وە ئەو یەزدانە کە تۆی زاوە، کە تۆی بەدیهێناوە.

[کوهھای‌ناشناخته، ۲۰] وەک دەبینین ئەمرستەیە کوردییەوهەرئێستاش زۆربەی کوردان لێی تێدەگەن. یان لەفەروەردین‌یەشتدا هاتووە. ئەشم ڤەهو، فرەوەرانی، فرەس سێتەئیچە: یانی: ئەوشم/ ئێژم وە ئەهورا(ئێستاش دەڵێن هوو، یاهوو کە لە وشەی ئاهوورامەزدا وەرگیراوە – کاوە)، فرە دەیڵێمەوە، فرەن ستایشکارانت. بەمجۆرە وەک دەبینن ئاڤێستا بەزمانی کۆنی کوردی نووسراوە و هەر وێژەر و پسپۆڕێک گەر زمانی ئاڤێستاییش بەباشی بزانێت، بەڵام ئەگەر زمانی کوردی نەزانێ و شاخ و دەشتەکانی کوردستان نەناسێ، بێگومان تووشی سەرلێشێوان دەبێت؛ وەک چۆن پورداوود تووش‌هاتووە و تەنانەت نەیزانیوە روباری ئەڵوەن کە لە ئاڤێستادا باسی دەکرێت، لەکوێ دایە؟ یان زۆر وشەی لەئاڤێستا و بەتایبەت چواربەندی لە فەروەردین یەشتی وەرنەگێڕاوە."

"بەڵام ئاخۆ بۆچی پورداوود و دوستخواە وایان کردووە؟ هۆکار رۆشنە، چونکە ئەگەر ئەوان شوێنی جوغرافیایی زۆرانبازی رۆستەم و زۆراب دیاری و روون بکەنەوە، شیرازەی تێکڕای شانامەی فیردەوسی هەڵدەوەشێتەوە. ئاخر فیردەوسی دەڵێ: ڕۆستەم خەڵکی زابۆلستانەو"سەمەنگان"یش لەوبەری روباری "هیرمەند"ە تێکڕای ئەکتەروپاڵەوانانی شانامە لەهەردودەسەڵاتی پیشدادی‌وکیانی،خەڵکی رۆژ هەڵاتی ئێرانن و لە نەتەوەی" پارس"ن. بەمجۆرە دەبینین شانامە ئەم بەرهەمە مەزنە حەماسییە کەزۆربەی‌خەڵکانی ئێران شانازی‌پێوەدەکەن، لەسەربنەمای درۆ و چەواشەکاری دارێژراوە. ئەحمەد شاملوو ساڵی ۱۹۹۰ لەزانکۆی بێرکلی لە ئەمریکا لەبابەتێکدا کە باسی بەدەسەڵات گەیشتنی داریوشی هەخامەنشی و تێک شکانی شۆڕشی‌گئۆمات دەکات، راستییەکانی ئەم پرسەی روون‌کردەوە وچەواشەکاری(ی) فیردەوسی(ی) ئاشکرا کرد؛ هەرئەوکات شاملووی مەزن لەگەڵ‌تۆفانی جنێو و هێرشی شئۆنیستانی دۆگم بەرەوڕووبوو... بەڵام پوورداوود و دوستخواە وەک شاملو نەبوون، کە هێندە بوێر بن کە ئەمراستییە ئاشکرابکەن، بەمجۆرە لە پلەی یەکەمدا غەدریان لەرێگای راستینی ئەشوزەردەشت‌کردو، لەپلەی دووهەم دا، خەسڵەتی هەق خوازی و راستبێژی خۆیان وەک توێژەری پسپۆڕ و شارەزا خستە ژێر پرسیار!!!"

"دەوڵەتشاهی روونی دەکاتەوە کە شاخ و کێوەکانی زاگرۆس و کوردستان، کێوە نەناسروەکانی ئاڤێستا پێکدێنن. ئەو دەڵێ زەردەشت لە تەنیشت دەریای ئاورامیە و لەنێو هەورامیەکان(دەریای ئاورامیە دەبێ دەریای و ورمێ یا چیچێست و ئاوراميیەکانیش زەردەشتییان بن، بەمجۆرە وەک دەبینین ناوی ورمێش کە ئورووميیە بووە هەمان ناوە کە لێرەدا بە ئاورامیە هاتووە - کاوە) لە دایک بووە، دواتر لەوێوە بەرەوئاوشیندەرە /ئاویەررۆشتووە، پاشان بەرەو دیناوەر /دینەوەر رۆشتووە و لێرەدابە یارمەتی کەی‌ڤێشتاسپ پەرەی بە دینی خۆی داوە .ئاخۆ کەی ڤێشتاسپ کێیە؟ کەی‌ڤێشتاسپ دواین پادشای دەسەڵاتی‌کیانییەکان‌بووە. دەسەڵاتی کیانی بەهۆی کەی قوباد دامەزراوە، هەروەها کەیکاوس کە نەبەردی رۆستەم و زۆراب لەسەردەمی ئەودا رووی‌داوە، پادشایەکی تری کیانییە... لەئاڤێستادا کاتێ باسی زێدی زەردەشت دەکرێت، باسی وڵاتی ئاریان ڤاچ دەکرێت، هەروەها باسی

شاخی "هەرە بەرزەن" دەکرێت، کە شەش زنجیرە شاخی تر بەتەنیشتییەوەن. دەوڵەتشاهی بە کۆمەڵێک بەڵگەوئارگومێنت و نیشانەی زمانیوناوی جوغرافیایی دەیسەلمێنێ کە زێدی زەردەشت کوردستانە .هەروەها د .هەورامانی پێی وایە کە شاخی هەرە هەرە کە لەپشت هەورامانی تەخت هەڵکەوتووە هەرهەمان شاخی هەرە بەرزنتە . (لێرەدا د.هەورامانی بەهەڵە چووە، کێوی هەرەبەرز، ئەلبورزە، لە سنووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ماد، عەرەب کردوویانەتە ئەلبورز – کاوە). د .هەورامانی بە زۆر بەڵگەی زماناسانە دەیسەلمێنێ کە ناوچە و گوندی (کێمنە) کە لە زنجیرەشاخی هەرەهەرە جیادەبێتەوە، پێشتر بریتی بووە لە کەیمەنە/کەی مانوش/کەی مەنوشتەر/مەنوچەهر پادشای کیانی کە لەم دەڤەرە لەدایکبووە و. وشەی مانوش و مانوشچتەر لەزامیادیەشتی ئاڤێستادا هاتووە کە نە پورداوود و نە ئاڤێستاناسانی رۆژاوایی نەیانتوانیوە شوێنی جوغرافیایی ئەم ناوە دیاری بکەن. دەوڵەتشاهی پێیوایە کێوی مانێشتی پشتی ئیلام هەر ئەو کێوەیە کە بە ناوی کەی مانوش /مەنوچەرەوە ناونراوە."

"بەمجۆرەیە کە دەبینین گۆردی شانامە هەر هەمووی کوردن؛ توێژینەوەکەی دەوڵەتشاهی کارێکی ئێجگار گرنگ و زانستییە کە دەتوانێ زۆر تۆژینەوەیتر بەدوای خۆی دا بهێنێ و راستییەکانی مێژووی کورد و مێژووی گەلانی تری ناوچەکە رۆشن بکاتەوە. هەر بەم پێیەش دۆکتور احسان یارشاطر دامەزرێنەری ئەنسێکلۆپیدیایایرانیکا لەئەمریکا لە وتارێک دا گرنگی ئەمکتێبەیی دەوڵەتشاهی راڤە کردووە. [سایتی ویکی پدیا]"

وەکدەبینن ئەونووسەرە بەڕێزە بەکەلکوەرگرتن لەسەرچاوەگەلی باوەڕپێکراو، هەر بەوئاکامە گەیشتووەکە من لەبەشی(لێکۆڵینەوەورووونکردنەوەیەکی زەردەشت کێیە لەو کتێبەدا) باسم کردووەو لێرەشدا دووپاتمکردۆتەوە، ئەویش بریتییە لەوەی کە کەلک وەرنەگرتن لە زمانی کوردی بۆ شیکردنەوەو مانا کردنەوەی زمانی مادوئاڤێستاو پەنابردن بۆزمانیسانسکریت، توێژەرانی ئەوبوارەی تووشی هەڵەی گەورەوسەرلێشێواویکردوون. بڕواننەئەوکتێبە لە: www.farhangumejuikawa.com لەڕاگوێستنی بابەتەکەی کاک هیوا مرادی، لەهێندێک شوێندا کە پێویست بووە لەکەوانەدا ڕوونکردنەوەی خۆمم بەناوی کاوە گونجاندوون. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەونووسینەی ناوبراو بەرچاوڕوونی و دڵنیاییەکی زیاتری بۆ کارەکەم پێدامو زانیاریی زیاتری خستە سەر باسی من لەمەڕ شوێنی ڕاستەقینەی سەر زەمینەکانی ئاڤێستا.

کۆنترین خوذاینامە دوازدەیەمین بەشی ئاڤێستا بووەکە لەسەدەی سێهەمی کۆچیش واتە لەزەمانی"آنزفرن بغ" نووسەری دین کەرد دا هەبووە. وەک مێژوونووسانی ئێرانی دەگێڕنەوە، لەسەردەمیئەسکەندەریمەقدوونی دا کتێبەکانی هەخامەنشییان و لەوانەش ئاوێستا لەکۆشکی شایانی هەخامەنشیدا ئاگریان تێبەربووە. ئێستا باش وەدەرکەوتووە کە نووسینەکانی ئەو مێژوونووسانە، پڕن لە لادانوچەواشەکاری، بەمەبەستی حاشاکردن لە ڕاستییەکان و بەتایبەتیش شاردنەوەی مێژووی کۆنی

کوردوباپیرانی. لەودواییی‌یانەدا ژمارەیەک نووسەری‌فارس غیرەتیان‌وەبەرخۆناوە و بەشێکی زۆریان لەوتێکدانانەیان، بەتایبەتی لەسەرزەردەشت و تەختی جەمشید و بێستوون و وەدرۆخستنەوەی سووتانی تەختی جەمشید لەلایەن ئەسکەندەرەوە و.... ، ڕاست کردۆتەوە. بۆ نموونە ناسری پوورپیرار لە لێکۆڵینەوەیەکیدا دەڵێ تەنانەت تەختی جەمشید هەرگیز تەواویش نەبووە تا ئەسکەندەر بیسووتێنێ و هێندێک بەڵگەی دیکەش خراونە ڕوو کە ئاسەواری ئەو کۆشکە لە سەردەمی پەهلەویدا بە کەلک وەرگرتن لە کەرستەی هێندێک شوێنەواری یۆنانی بەدەستی کەوناراناسێکی ئالمانی ساختە کراون. لێرەدا بۆ کورت کردنەوەی ئەوبابەتە، جارێ خۆی لێ دەبوێرین و لەشوێنێکی دیکەی مێژووی کورددا وردتر دێینەوە سەری.

ئەشکانیان‌و ساسانیان لە هێندێک لە نووسراوەکانی بەجێماو و لە زاری ئەفسانەو چیرۆکبێژان ڕا هێندێک کتێبیان بەزمانی پەهلەوی نووسین. عەرەبەکان کە هاتنە ئێران‌و خەڵکیان موسوڵمان کردن، بەفەرمانی عومەری کوڕی خەتتاب، ئەو کتێبانەیان بە کتێبی کافران دانان‌و سووتاندیانن. بەخۆشی‌یەوە خوذای نامەک لە بەڵای عەرەبان بەدوور مابۆوە. لە ساڵی ٣٤٦ی کۆچی، چەند شاعیری بەناوبانگ و شارەزا لە حەماسەکانی نەتەوەیی بەفەرمانی سپاسالاری خوڕاسان (ئەبوومەنسووری کوڕی محەممەدی کوڕی عەبدولڕەززاقی تووسی)، خوذای نامەکیان کردە فارسی و ئاگادارییەکانی خۆشیان خستە سەر و بەناوی شانامەی ئەبوومەنسووری کتێبێکیان نووسی. چەندساڵ دواتر فیردەوسی بەکەلک وەرگرتن لەو کتێبە بۆ هاندانی هەستی‌نەتەوەیی فارسان چیرۆک و ئەفسانەکانی لەگەڵ خەیاڵاتی شاعیرانە تێکەڵکردن و ناوی نا شانامە. ناوەکانی شانامەهەموویان لەگەڵ ئەسڵیان بەتەواوی یێک ناگرنەوە و تەنانەت زۆربەی جێگای ڕووداوەکانیش بەتەواوی پێچەوانەن. ناوی پادشایانی ئاوێستاش لەگەڵ ئی پادشاکانی شانامە و خوذای‌نامەک یێک ناگرنەوە. لە نووسراوەکانی ئاوێستا ڕا دیارە کە ئەوان پادشایانی هۆزەکانی ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای وڵاتی مادەکانن. گۆڕەپانی زۆربەی ڕووداوەکان دەوری گۆلی هوئسرەوە (وان)و گۆلی چیچێست (ئورووموییە)، واتە لە ناوچەی لەدایکبوونی زەردەشت و یا شوێنەکانی دیکەی سەرزەمینی مادەکان وەک دامێنەکانی ئەلبورزو دەماوەندو ئیسفەهان‌و چۆمی ئاراز و مازەندەران و... بوون. فیردەوسی شوێنی پادشایەتیی کەیانییەکانی لە کوردستانەوە لە بەلخی (نیزیک خاپوور، لە باکووری ڕۆژئاوای کوردستان یا بەڵخێی هەورامان ) بۆ باکتریا(بەلخ)ی ئەفغانستان (لەباکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران) گۆڕیوە و تەنانەت باختەریشی کە بەواتای ڕۆژ ئاوایە، کردۆتە ڕۆژهەڵاتی ئێران، بەڵام بەهۆی ناشارەزایی لە جوغرافیا، هەڵەی وا زەقی تێداکردون کە کەسێکی وریا بەهاسانی شێواندنەکەی تێدا بەدی دەکا، کە لەشوێنی خۆیدا باسیان دەکەم. هەر وەک لەسەرەوە باسمان کرد، ڕەنگە مەبەستی لە بەلخ هەر ئەو بەلخەی ئەفغانستانیش نەبووبێ و ئەوانەی ویستوویانە کەلکی شۆڤینیستییانەی لێوەرگرن ئاوایان بۆ لێکدابێتەوە. بێجگە لەوبەلخانە گوندێکی دیکەش لە هەورامان هەیە کە پێی دەڵێن (بەڵخە) کە لە باشووری کوردستان

هەڵکەوتووە. وەک هیوامرادی دەڵێ بەڵخێ پێشتر شارێکی گەورەبووە(بڕواننە بابەتەکەی ناوبراو لە سەرەوە). گۆرانییەکی فۆلکلۆری ناوچەکە دەڵێ: "خوایە لەوکەلە زوو بمخەیتەبان - بمخەیتە مابەین بەڵخەو سۆسەکان". هەروەها بەپێی بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی ئاشوور لە بەهاری ساڵی٦١٦ی(پ.ز)، نەبۆپۆلەسەر (نەبووپیلەسەر) چوو بۆ لای بەشی سەرووی فەرات تا ئەو هۆزە ئاراميیانە ڕام کا کە لەژێرفەرمانی ئاشووردا بوون.... نەبووپیلەسەر دەستەیەکی پێشەنگی نارده لای سەرچاوەی فەرات. کە تا ئاورێژگەی چۆمی بەلخ (Balikh) چوونە پێش و ....).

"پرۆفیسۆر سپایزێر" دەڵێ: "میتانییەکان" لکێکن لە "سووبارۆیان". "میتانییان" لە "فەرات"ی ناوەندی، "دەڤەری بەلخ" و خاپوور، نیشتەجێ بوونە و لە نیوەی دووهەمی هەزارەی دووهەمی (پ.ز)، حکوومەتێکی بەهێزیان پێکهێنا و زمانێکی تایبەتییان هەبووە. ئەو بەلخەمان کە ناوچەیەکە لە سەرووی چۆمیخاپوور، نابێ گەڵ شاری بەلخی باکووری ڕۆژئاوای ئێران، کەئێستا شارێکی ئەفغانستانە، لێ تێکچێ، ئەو ناوچەیە چۆمێکیشی لێیە بەناوی "بەلخ"، کە دەڕژێتە خاپوور. بە لێکدانەوەی ئەو ڕوانگانەو شوێنی نیشتەجێبوون و دەڤەری دەستەڵاتی "میتانییان"، وا وێدەچێ کە ئەو حکوومەتە لکێک بێ لە گەلی "کاسای" و بەشێک لە پێکهاتەی "سووباری".

بەو پێیە بەلخ ناوی ڕاستەقینە و مێژوویی سەرچاوەی چۆمی فەرات بووە نەک باکتریای ئەفغانستان کە ناوی بەلخیان دوایە لێناوە. ئەو بۆچوونەش زیاتر لەگەڵ چیرۆکی هوما و ڕووداوەکانی سەردەمی وی، یەک دەگرێتەوە نەک بەلخی ئەفغانستان. ناوچەی بادینان، لە کوردستانی باشوور، دەکەوێتە سنووره دەستکردەکانی نێوان سووریە و تورکیا و عێراق، ناوەکەی سواوی (بەهدینان)ە. ئەوە ناوێکە زەردەشتییان بەخۆیان کوتووە کە واتای دین باشان دەگەیەنێ و نیشانەی بڕەودار بوونی دینی زەردەشتە لەوێدا و ئەو ناوچەیەش دەگرێتەوە کە سپایزێر باسی دەکا، و بەشێک بووە لە سەرزەمینی میتانییەکان.

کە وابوو لە کوردستان لەجیاتی بەلخی ئەفغانستان دوو بەلخی دیکەش هەن، کە زۆر پێشتر لەوێ ئەوناوەیان هەر لەسەر بووە و مەرج نییە ئەو بەلخەی مێژووی فارسەکان باسی دەکا هەر بەلخەکەی لای ڕۆژهەڵات بێ(کە ئەویش ناوی باکتریا یا باختەری لەسە دانراوە و دوایە کراوەتە بەلخ. دەبێ ئەوەشمان لەبیربێ کە هەورامان گرنگترین و خۆڕاگرترین ناوچەی مانەوەی ئوولی زەردەشتی بووە و ناوەکەشی ڕاست لەوەیرا هاتووە کە پەرستیارانی ئەهوورامەزدا لەوشوێنەدا لە هێمنایەتیدابوونە و دوژمن زەفەری پێنەبردوون. هەورامانییەکان بۆخۆیان ئێستاش بەشانازییەوە دەڵێن وڵاتەکەیان ئەو ناوەی لەوەڕا کەوتۆتەسەر کە ئەمانگای ئەهوورا بووە.

چەندین سەدە دواتر، دوکتۆر موحەممەدی موعین لە فەرهەنگەکەیدا هەر ئەو هەڵەی فیردەوسی‌و پێشوونانی لەمەڕ باختەر دووپات دەکاتەوەو دەڵێ: " ئەم وشەیە لەئاڤێستادا بە(ئەپاختەر) هاتووە و لە پەهلەویشدا هەر وای پێوتراوە و بەشوێنی ئەهریمەنان ناسراوە. لەفارسیدا بەواتای ڕۆژهەڵاتیش دەکارکراوە..."

وێدەچێ ئەو (ئەپاختەر)ەی دوکتۆر موعینیش لە ئاوێستای ئەشکانییەکاندا واهاتبێ دەنا لەئاوێستای کۆندا بە (باختی) هاتووە، نەک (باختەر) یا (ئەپاختەر!) ئەو دەکارکردنە بەتەواوی ناڕاستە، چونکە ڕۆژئاوا سەرەتای دەستپێکردنی تاریکییە کە زۆرتر لەگەڵ سروشتی ئەهریمەن تەبایە نەک ڕۆژ هەڵات کە دەستپێکردنی ڕووناکی‌و ڕەوینەوەی تاریکییەو خاوەری پێدەڵێن. بەسەرنجدان بەوەی ڕۆژ لەلای زاگرۆسییەکان زۆر پیرۆزبووە، ئەوەش بۆخۆی دەگەڵ پەیوەندی دانی ئەهریمەن بەشوێنی وەدیارکەوتنی‌خۆر، واتە خۆرهەڵات زۆر لەڕاستی بەدوورە. ئەوڕۆش لە فارسیدا باختەر هەر بەواتای ڕۆژئاوا دەکار دەکرێ‌و پێچەوانەکەشی خاوەرە کەدەبێتە ڕۆژهەڵات. ئەوهەڵەیە لەسەردەمی ئەشکانییاندا پێک هاتووە کە لەنووسینەوەی ئاوێستادا تێکۆشاون (باختی Bakhti) بکەنەبەلخ‌و باختەریشی پێ بکەنە ڕۆژهەڵات و ئاوا قارەمانانی ئاوێستا بکەنە ئی ناوچەی پارتەکان کە ڕۆژ هەڵاتی ئێرانبووە. ئەوبۆچوونەی موعین‌و...هەر لەوشێواندنەی فیردەوسی و ... ڕاهاتووەو بەداخەوە زانایەکی وەک دیاکۆنۆفیش تووشی ئەو هەڵەیەکردووە، چونکە ئەویش کەخۆی لە خەڵکی ناوچەکە نەبووە، زانیارییەکانی وەکهەموو زانایانی ڕۆژئاوایی لە زمانی ئەو کەسانە بیستوون، کە ئەو شێواندنە ئامانجیانە.

لەسەر شوێنی پادشایەتی‌و پێتەختی کەیانییانیش شێواندن و تێکدانی بەرچاو هەیە. لە ئاوێستادا کاتێک ئەهوورا مەزدا باسی ئافراندنی جیهان دەکا دەڵێ: "من ئاهوورا مەزدا چوارەمین وڵاتێک کە سازم کرد، باختیی جوانە بە ئاڵا شەکاوەکانییەوە". وەک دەبینین ئاوێستا بەڕوونی باسی وڵات دەکا نەک شار. ئەوانەی ویستوویانە ئەو بەلخە بکەنە شاری بەلخی ڕۆژهەڵات، بە ناچاری بیانوویەکیشیان بۆ داتاشیوە دەڵێن جاری وا هەبووە کە شارێکیش لەبەر گرنگی بەوڵات ناوی هاتووە، کە بیانوویەکی زۆر نابەجێیەو ناتوانێ ڕاستی لە مرۆی وردبین بشارێتەوە. زۆر کەسیش لەسەر باختەر و بەلخ تووشی هەڵە بوون، چونکە نەیانزانیوە دوو بەلخیش لەلای ڕۆژئاوای کوردستان هەن.

ڕەنگە بپرسرێ کە ئەو شێواندنە چ خزمەتێکی بەمەزنیخوازیی نەتەوەی فارس دەکا؟ وەک دەزانین پارسەکان کە دەستەیەکی بچووک بوون لە کۆچەرانی هیند و ئورووپایی، تەنیا ناوچەیەکی بچووکی بانووی ئێرانیان بەدەستەوەبوو. لەنەخشەی سترابۆندا وڵاتی پارس بە پێرسیس ناوبراوە و سەرەڕای ئەوەی لە نەخشەکەدا بڕێکیشی لە مادستان ڕەگەڵ دراوە، هێشتا هەر بەشێکی زۆر بچووکە لە وڵاتی هەخامەنشی یا ساسانی و ئەشکانی. سنوورەکان بەهێڵی نوختەچن لە نەخشەکەدا دیارن کە لێرە دەیبینن. (بڕواننە نەخشەی ١و٢ی سترابۆن لەخوارەوە - نەخشەی ژمارە ٢ دا شوێنی مادیش دیاری کراوە).







هەخامەنشییانیش کە هاتنە سەر کار، هەرچەندە بەشێکی زۆری ئاسیایان خستە بەر دەستی خۆ، هەلی ئەوەیان بۆ نەڕەخسا گەلانی دیکە بتوێننەوە، بەڵام دوای ئیسلام بەشێکی زۆری گەلانی ناوچەکەولەوانەش گەلیپارت توانەوە و دەگەڵیان بوونەفارسو وایانلێهات کەئێستا هەرلەبیریشیان نییەو ناشیسەلمێننکە ڕۆژێک هەر فارسیش نەبوونو زۆربەیان لەدەمارگرژیدا لەفارسەڕەسەنەکانیش توندترن. لەوناوەدا هەر گەلیکوردبووە کەخۆیڕاگرتووەو بۆئازادیوسەربەخۆیی خەباتی کردووە، کەوابوو ئەو پادشا ئەفسانەییانە ئەگەر ئیلای ڕۆژئاوابن، بەشێکن لە مێژووی کورد و ئەوان ناتوانن هێندەی شانازی پێوەبکەن، بەڵام ئەگەر ئیلای ڕۆژهەڵاتبن، لەوێ ڕکەبەرێکیان نییە. ئەوگۆڕانکارییە بێگومان لەژێر کار تێکردنی دووهۆکاردا پێک هاتووە:

یێکێکیان لەگۆڕانکارییەکانی پێشووڕا کە ڕابردووەکەی دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی زیندووکردنەوەوساغکردنەوەی ئاوێستا واتە چاخی هەخامەنشی(دوای داریووشی یەکەم) و دواتریش ئەشکانی، کە ویستوویانە شانازییەکانی مێژوویی ناو ئاوێستا بەخۆیانەوە ببەستنەوەو تا دەتوانن لەوڵاتی مادی وەدوور بخەنەوە و ساسانییانیش

هەرچەنـد لەڕەگەزی کوردبـوون، حەولێکیـان بـۆ ڕاسـتکردنەوەی ئەو شـێواندنە نەداوە، چونکە بۆخۆشیان ئی باشووری ماد بوون و زۆریان گوێ نەداوەتە مـادی سەروو.

دووهەمیان کارتێکردنی بەهێزی فەرهەنگیعەرەب بوو لەسەرزمانوکولتووری فارسەکان، کەدوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام، وەهاپەرەی گرتکە زمـانوفەرهەنگی فـارس بەتەواوی خەریکی لەنـاوچوون بـوو. شـانامەی پێش فیردەوسـی هەوڵێکـی نەتەوەخوازانی فـارس بـوو بـۆ دەربـازکردنی کەلەپووری نەتەوەکەیـان لەژێر ئەو گوشارە و دوایەش شانامەی فیردەوسی ئەو هەوڵەی گەیاندە ئەوپەڕی خۆی.

پرۆفیسـۆر سـپایزێر دەڵـێ: "میتانییەکـان لکـێکن لە سـووبارۆیان... میتانییـان لە فەڕاتی ناوەندی، دەڤەری بەڵخ و خـاپوور، نیشـتەجێ بـوونە و ..." کتێبـی (تـاریخ تطبیقی باستانی ایران لەلاپەڕەی ٦٤یدا لەزمـانی کتێزیاسـەوە دەڵـێ: "... ئاربـاکس (شـای مـاد) کە ناهومێد ببوو، تـا بیسـتی لە(بـاختەر) ڕا لەشـکرێک دێتە یاریـدەی پادشای ئاشوور، چووە لای سپای باختەر و هانی دان لـە دژی ئاشـوور هەسـتنەوە و یاریدەی وی بدەن. ئەوان کە بە بیستنی هەواڵـی ئـازادی لە بن نیری ئاشـوور، زۆر شـاد بـوون و هـاتنە یاریـدەی ئاربـاکس..." ئەوەش نیشـان دەدا کە وڵاتێـک بەناوی باختەر لەژێر دەستەڵاتی ئاشووردا هەبووە کە خەڵـکەکەی لە ستەمی ئەو داگیـرکەرانە وەزاڵە هـاتوون. بـە سـەرنجدان بەوەی کە بەڵخـی لای ڕۆژهەڵاتـی ئێران، زۆر لە نەینەوا دوور بووە و دەستەڵاتی ئاشـووریش هەرگیز نەگەیشتۆتە وێنـدەرێ تـا ئەوان بیـانەوێ لەژێـر نیـری ئاشـوور ڕزگـار بـن و لەشکرەکەشـی نەیدەتوانی لەکاتی ئەوشەڕەدا بگاتە لای نەینەوا – مەگەر وڵاتـی مـاد داگیر بکـا – هـیچ گومــان لەوەیـدا نـامێنێ کـە ئەوە هەر ئەو بـاختەرەی لای ڕۆژئـاوای کوردستانە کە سپایزێر باسـی دەکا. ئەوە نیشـاندەری ئەو ڕاستییەیە کە پادشـاکانی کەیـانی لە بـاختەرەکەی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـوونە نەک بەڵخـی ڕۆژهەڵاتـی ئێران. کتێبـی "مەزدیەسنا یەشتها"ش دەڵـێ بـاختەری "ئێـران" "زاگرۆسـە" نەک "خوراسان".

وەک باسمانکرد، لانیکەم سێ بەڵخمانهەنە: یێکێکیان لەڕۆژئـاوا(واتە بـاختەر)ی بانووی ئێرانولەنیشتمانی یێکێـک لەبەدەستەڵاتترینهۆزەکـانیکوردهەڵکەوتووە و دووهەمیشیان، - کە نازانین چۆن ناوی باختەری کەوتۆتە سـەر- لە ڕۆژهەڵات (واتە خاوەر)ی باکووری ئێرانودوورلە وڵاتی پارسان هەڵکەوتووە. ئەوبەڵخەش شوێنی نیشتەجێبوونی گەلیپارتبووە، کەئەوانیش وەکـمادەکان، گەلێکی دیـکە و جیا لە پارسنوتەنانەت زمانیان زۆرتر لەئیلەمادەکان نیزیکـبووەتا ئیپارسـەکان. دیاکۆنۆڤ لە کتێبیـی (تـاریخ مـاد)دا دەڵێ، پارتەکـان و مادەکـان بەبێ وەرگێڕ لە زمانی یێکتری گەیشتوون، بەڵام پارسو مـاد بۆ تێگەیشتن لە یێکتری پێویستییان بە وەرگێر بووە! ئەو وێچوونە لە خشتەی فۆنێتیکی دیـاکۆنۆف دابەڕوونـی دیـارە. ڕادەی وێکچوونی دەنگناسی لەنێوان پارتی و مادی لەگەڵ ئاوێستایی وەک دەبینن لەو خشـتەیدا(بـۆی بڕواننە بەشـی: "کێشـە لەسـەر بنـاغەی نەتەوایەتـی و زمـانی و

ناوەکان": لەو کتێبەدا)، لەهەموان لێک نیزیکترە و وەک دەشبینن، زمانی ئاڤێستا لەوبارەوە لەهەموان زیاتر لە ئی ماد نیزیکە...

بەلخی دووهەم ئەوبەلخەیە کە سپایزێر باسی دەکا وبەلخی سێهەمیش (بەڵخە)ی لای هەورامانە کە لەسەرەوە باسمان کرد. نیشانەی زۆر ئاشکرای ئەو جێ گۆڕکێیانە بە چەند شوێنی شانامەوە دیارن، کەنیشان دەدەن فیردەوسی بەمەبەست یا بێ مەبەست ئەوکارەی کردووە، یا لەزمانی وی ڕا کردوویانە. بەداخەوە هەر وەک لەسەرەوە بەبەڵگە نیشانم داوە، شانامەش ئەوەندەی دەست تێوەردراوە، کە لێکهەڵاوادنی ڕاستودرۆی دەکردن‌نایە. بەڵام وەکدەڵێن‌درۆزن فەرامۆشکارە، ئەویش (یا ئەوانەی دەستیان دە بەرهەمەکەی وەرداوە) لە ڕیزکردنی پێشهاتەکاندا زۆرشتیان کوتوون کەنیشان‌دەدەن، شوێنی ڕووداوەکان پێچەوانەی ئەوانەن کە لە شانامەدا هاتوون. نەکهەرئەوە، بەڵکو کەسایەتییەکانیشیان بەبێ‌وەبەرچاوگرتنی کاتە مێژووییەکان گۆڕیون و تێکەڵیان کردوون. مێژوونووسانی فارسیش و ئەو مێژوونووسەئوڕووپاییانەش کە بیستنەکانیان زۆرترلەزمانی‌فارسەکان(یاڕەگەز پەرستانی پارس)ڕا بووە، - کەبەتەواوی جێگای گومانن – بەکەلکوەرگرتن لە شانامە بۆشێواندنی مێژوو و کردنەوە یێکیکەیانییان‌وهەخامەنشییان هەوڵیان‌داوە. بۆیە لێرەبەدوا، ئەوچیرۆکانە بۆفیردەوسی بەجێ‌دێڵینەوەوکاریشمان بەوسەرچاوە خەیاڵاوی‌وگوماناوییەنییە کە(مەسعوودی کوتەنی)، کەلکی لێوەرگرتوون‌وکەسیش ناویان نازانێ. مەگەر لە چەند جێگایەک دا بەپێی‌پێویست‌وبەکورتی، دەنا باسیان ناکەینەوەتەنیا دەچینەسەرئەوزانیارییانەی لەئاوێستاو پەهلەوینامەکان وەرگیراون.

دیاکۆنۆف لە لاپەڕەی ٥٣ی کتێبی (تاریخ ماد) دەڵێ: "ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی لە ئاوێستا (بەتایبەتی لە گاتەکان)دا شی کراوەتەوە ئی زۆر کۆنتر لەسەر دەمی مادەکانیشە. لە ئاوێستادا هێشتا مەفرەق و ئاسن لێک ناکرێنەوە. ئەگەر ئاوێستا لە وڵاتی بەردەستی مادەکان نووسراباش، هەرچۆنێک بێ نەدەشیا پاش سەدەی هەشت و نۆی (پ.ز) نووسرابێ. ئەوەش لەگەڵ گێڕانەوە ئایینییەکانی ئێرانی – لە سەدەی چوارەمی پێش زایین - یێک دەگرێتەوە کە زەردەشتیان بە ئی سەردەمێکی زۆر کۆن دەزانی کە لەبیریش چۆتەوە"و لە لاپەڕەی دوایی دەڵێ: "لەلایەکی دیکەڕا دەبێ دان بەوە دانێین کە لە ئاوێستادا ڕاستەوخۆ نەکوتراوە کە (شا ویشتاسپ)ی پشتیوانی زەردەشت لە باختەر (بەلخ) بووە و مەوعیزەکانی زەردەشتیش لە ڕۆژهەڵات (شانامە کوتەنی- باختەر) بووە. وشەی باختەریش لە ئاوێستادا نییەو تەنیا جارێک ئەو وشەیە لە (وەدیدودات)دا هاتووە، کە لە سەرەتاکانی حکوومەتی پارتەکاندا نووسراوە."

بۆ ئاگاداریی خوێنەرانی بەڕێز وەدیودات یا وەندیداد یەکێکە لە بەشەکانی کۆتاییی ئاڤێستای نوێ و بەپوختەی باوەڕەکانی موغەکانی ماد زانراوە و ئەوەش دەتوانێ قارەمانانی ئەفسانەکانی ئەو کتێبە زیاتر بە وڵاتی ماد ببەستێتەوە.

یێکێک لەدابەکانی کۆنیکوردان ئەوەبووەکە شەڕوکێشەی باب‌وباپیرانی‌خۆیانیان بەشێوەی چیرۆک و بەیت گێڕاوەتەوە. گۆرانی (بەیت‌و حەیران‌و لاوک و...) ی کوردی مێژوویەکی گێاندارن. لەڕاستیدا کوردەکان بە گۆرانی نیزیک بە سەتا شێستی ئەو ڕووداوانە دەگێڕنەوە. لەزەمانی زۆر کۆندا کە خوێندەواری نەبوو، ئەوان بەسەرهاتی شاو پاڵەوانانی خۆیان ئاوا لە کۆڕو دانیشتنەکانی خۆیاندا دەگێڕایەوە و لە لەبیرچوونەوە دەیان پاراستن. هەرچەندە بەسەردا ڕابووردنی کات زۆرلە ناوو شوێنەکانی گۆڕیون، بەڵام هێشتاش بۆ ساغکردنەوەی مێژوو نرخی خۆیانیان لەدەست نەداوەو پێداچوونەوەیان پێویستە.

ئەوەی لە ئاسەواری دۆزراوەوە دەرکەوتووە پاشایەتی‌و دەستەڵاتی ئەوەی ناوی ئێرانیان بۆ داناوە، لە سینگی کوردستان هەڵقوڵاوەو لە کۆنەوە ئەو کوێستانانە نیشتمانی گووتییەکان، کووسییەکان، مادەکان، لووللووبییەکان و میتانییەکان و خالدییەکان و ... بوونە. مێژووی زاگرۆسیش لە گووتییەکانڕا ڕوون بۆتەوە.

بەگێڕانەوەی ئاوێستا، پێش‌کەیوومەرس پەیغەمبەران‌هەبوون کەپێیان‌کوتوون (مەهاباد) واتە گەورەئاباد. وپێغەمبەرایەتییان لەسەردەمی ئازەرئاباد کۆتایی پێهاتووە. ئازەرئاباد دەستی‌هەڵگرت‌وخەریکی‌عیبادەت بوو. فیتنەو سەر بزێوی لەناوخەڵکدا سەری هەڵدا و دوورەپەرێزێکی پاک ڕەوشت بەناوی جی ئەفرام هەبوو - جی دەپەهلەوی دا واتەپاک – ئاقڵان وڕیش‌چەرموگانی ئەوکاتی داوایان لێکرد ببێتە سەرۆکی حکوومەت‌و دینی مەهاباد زیندوو کاتەوە. ئەو لەپێشدا نەیسەلماند، پاشان جوبڕائیل دروودی خوای لەسەربێ سەرۆی بۆ هێنا، ئەوێش ملکەچ بوو. جی ئەفرام کوڕی ئازەرئاباد بووە. ئەو زنجیرە پاشایانەی لە نەسلی وانن ناویان "جیان"ە.

ئاوێستا کیومەرس بە "گیەمەرت" و یێکەم مرۆڤ ناودەبا و دەڵێ پاش مردنی "مشیا و مشیانە" واتە "ئادەم و هەوا" لەتۆوی وی هاتنەدی. لە پەهلەویدا "کەیو مەرد"ە و مێژووی یەهوود بەئی تۆرەمەی "نووح"ی دەزانێ. زینەتەلتەواریخ دەڵێ کوڕی "یەسان ئاجام"ی نەوەی نووحە. بەپێی ئەو مێژووانە وا دەردەکەوێ کە کەیوومەرس‌و گەلەکەی لەدەوروبەری وڵاتی‌نووح بوون‌ولەگەڵ نیشتەجێیانی وێ هاو ڕەگەز بوونە، و ئەو وڵاتەش وەک دەزانین (چ ئارارات بێ و چ کێوی گووتی یا جوودی) وڵاتی باپرانی کوردەکان بووە.




١- وێنەی دولی لاتەنیشتێکی ڕەواندز ٢- وێنەی ڕەواندز لە هەوای ڕا

پێش باس لەسەر زەردەشت و زنجیرەپادشایانی ئەفسانەیی ئاڤێستا و شانامە، دەبێ هێندێک بابەت لێرەدا بخەینە بەرچاوتان، تا ئەو تێکدان و پێچەوانەکردنەی لە ڕووداوەکاندا بەمەبەستی وەرگێرانی ئاراستە و شوێنی پەیدابوونی ئاڤێستا و ئەفسانەکان لە ڕۆژئاوا (واتە خاکی ماد)ڕا بۆلای ڕۆژهەڵات، بەڵخی ئەفغانستان سازکراون، باشتر بخرێنە ڕوو و ڕاستییەکان باشتر دەرکەون.



١- لای ڕاست، نەخشەی وڵاتی ساسانی، ٢- لای چەپ، ئەو بەشەی نەخشەی سترابۆن کە وڵاتی ساسانی دەگرێتەوە،

وەکدەبینن نەخشەیسترابۆن هیچجێگایەکی بەناویتووران تێدانییە، لەنەخشەکەی ئینساکلۆپیدیای ئیرانیکادا لە مۆکریان، تووراتێکی ساختەشیان زیاد کردووە. ئەو ساختەکارییە بەوەدازیاتردەردەکەوێ، کەوەکلەخوارەوەدەبینن، هەمووشوێنەکانی ڕووداوەکانی ئاڤێستای ساسانی و شانامە و شەڕەکانی پەیتاپەیتای ئێرانو توورا ن لە ناوچەی ماد و زۆرتر لەدەوری ورمێ تا دەگاتەئاراس، ڕوویانداوە. کەوابوو دەبێ توورا ن لە باکووریئازەربایجانهەڵکەوتبێ نەک دوورترینشوێن لەباشوور یا وەکهێندێکان دەڵێن لەتورکەمەنستان لەدوورترین شوێنیباکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ساسانی. کە وابوو لەئاراستەی شەڕەکانڕادەردەکەوێ، کە شوێنی توورا ن دەبێ لێوارەکانی باشووروڕۆژئاوای دەریایکاسپیبێ نەک باکووری ڕۆژهەڵاتی ساسانیکە بەتورکەمەنستانزانراوە، یائەوتوورانەیکەلەنەخشەکەیئینساکلۆپیدیای ئیرانیکادا داتاشراوە. بەوەدا دەردەکەوێ کە هەر وەک چیرۆکەکانی ئاڤێستادەڵێن، ئەوتوورانییانەی شەڕیکەیانییانیانکردووە، دەبێ هاوڕەگەزانیجودابیری مادەکان بن، وەک سەکاییەکان و کاسییەکان و....

بۆ مرۆی وریا زۆر ئاستەم نییە بە وردبوونەوە لە نووسراوەکانی پەیوەندیدار بە بابەتەکانی شانامە و خوداینامەکوئاڤێستا تێکدراوەکە، دەڕاستییەکانبگا و ساغیان کاتەوە. پێش هەمووشتێک پێویستە ڕاستییەکانی پەیوەندیدار بە خودی زەردەشت ساغ کەینەوە، کە وتەکانی سەرچاوەی ئەو ئەفسانانەن. بەڵام لەپێشدا با سەرنج بدەینە ئەو خاڵانەی خوارەوە کە بۆ سەلماندنی ڕوانگەکەمان لەسەر زەردەشت و ئاڤێستا بەکەڵکن:

هەموو ڕووداوەکانی چیرۆکەکانی ئاڤێستا و خوداینامەک بەپێی ئاراستەی شانامە و نووسراوەکانی سەردەمی ساسانی و ئەشکانی لە بەڵخی ئەفغانستان ڕا ڕێبەری

کراون و بەرنامەیان بۆدانراوە، بەڵام بەپێی ناوەڕۆکی هەرخودی ئەوسەرچاوانە شوێن و ئاراستە ڕاستەقینەکەیان خاکی ماد بووە.

١- لەباسیجەمشیددا، یەشتیپێنجەم دەڵێ: هۆشەنگ لەسەرکێوی(هەرەبەرزەئیتی hara barazaiti) واتەئەلبورز، قوربانیی بۆخاتوونەخوای(ئەرێدڤیسوور ئەناهیتا aredvisur Anahita) کردووە و لەبەری پاڕاوەتەوە: .... ئەو کێوە کەوتۆتە ڕۆژ هەڵاتی وڵاتیماد. خوداینامەی پەهلەوی لەمەڕنەورۆزدەنووسێ:"جەمفەرمانیدا دێوان تەختێکیسازکەن. کەتەختەکە سازبوو لەسەری دانیشتو ئەوان خستیانە سەر شانیانو لە دەماوەندڕا بردیانە بابڵ." بەوپێیە دەردەکەوێ پێتەختی جەمشید بابڵ بووە. جەمشید هەمووجارێش بۆپاڕانەوە چۆتەسەرترۆپکی دەماوەند. ئاوا دەبینین سەرەڕای ئەوەی دەکوترێ جەمشید پادشای چوارقوڕنەی جیهان بووە، بۆخۆی لە هیچکوێ دیاری نادا کە لە ئەلبورز بەرەو ڕۆژهەڵات پەڕیبێتەوە.

٢- ... فەرانەک بیستی پیاوی زەحاک وەدوای کەوتوون، ئەسپێکی لە دەشتەوان کڕیو فەرەیدوونی هەڵگرتو بەسواری هەڵات. لە کێوی ئەلبورز چووە سەر و لە دەماوەند گەیشتە موغێکی پیر کە لە پەرستگەیەک بوو. دیسانیش خاکی ماد و دەماوەند.

٣- کاوە کە لەگوندێکی لای ئیسفەهان خەریکی ئاسنگەری بوو، کوڕەکەی بەدەستی سەربازانی زەححاک دەگیرێ، تا مێشکی بدەنەمارەکانی سەرشانی. ئەوجاریش خاکی ماد!

٤- کاوە لە ئیسفەهان پیاوی زەححاکی کوشتن و شاری گرت و لەسەر تەخت دانیشت و زێڕ و زیوی خەزێنەی بەسەر خەڵکدا بەشییەوە و چەکی ئامادە کرد و پاشان چووە سەر ئەهواز. لەوێش پیاوی زەححاکی کوشت و کەسێکی لەجێگای دانا. دیسانیش ڕۆژئاوا و باکووری ئەلبورز، نەک ڕۆژهەڵاتی!

٥- لە ئاوێستادا نیشتمانی (ترائتون) بە(وەرەن) دەزانن و هێندێک مێژوونووس پێیانوایە (وەرەن) گیلانە.... لەوێش پیاوی زەححاکی کوشت و کەسێکی لەجێگای دانا. خەڵکێکی زۆری دڵ پڕلەقینی زەححاک، لەشارەکانڕا لەدەوری کۆبوونەوە. لەو کاتەدا زەححاک لەدەماوەندوتەبەرستانبوو....فەرەیدوونگەیشتە تەبەرستان و لەوێ خۆی شاردەوە. کە بیستی کاوە هاتۆتە(ڕێی)، بەدزی خۆی گەیاندێو... لەشکری زەححاک هەڵاتن و بۆخۆشیکەوتەدەستی فەرەیدوون و لە دەماوەند خستییە بەندیخانە و ...دیسان ناپەڕێتەوە لای ڕۆژهەڵاتی ئەلبورز و هەر لە خاکی مادداییە،

٦- تەهموورس دەڵێن شارەکانی قەهەندێز، مەرو، ئامول، تەبەرستان، سارووییە و ئیسفەهانی سازکردووە. سەرنج بدەنە ناوی شارەکان، دیسان لە ناوچەی ئەلبورز (ئامول، تەبەرستان، ساری، ئیسفەهان) ڕا لەپڕ بازدی داوەتە (مەرو)

که نیزیک به۸۰۰ کیلۆمێتری هەوایی لەوکێوە دوورەولەخاکی تورکەمەنستاندایە. لە سەردەمی کۆندا بەشێک بووە لە وڵاتی ساسانی. لەسەر قەهەندێز یا کوهەن دێژیش (معجم‌البلدان) باسی چەندین قەڵا بەو ناوە دەکا، قەڵایەکیش بەوناوە لە شاری سێدێ (نیزیک ئیسفەهان) هەیە، لە کابولیش قەڵایەک بەوناوە هەیە، کە تەنیا ئەوەی لای ئیسفەهان لەگەڵ ڕیزبەندیی شارەکان دەخوێنێتەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بەئانقەست ئەو دووشارەی لێ زیاد کراون کە بڵێن تەهموورس لە لای مەرویش بووە، تا ئاڤێستا و زەردەشتیشی پێ لەناوچەی کۆنی کوردەواری دابڕن.




٧- بەپێی نووسراوەی ئاوێستا، جێگەی مێهر (فریشتەی رووناکایی) لەسەر کێوی هێرا (البرز)ە و ئەو یەکەمین ئیزەدی بەهەشتییە کە پێش هەڵاتنی خۆر لەوکێوە لەهەموو وڵاتی ئاریایی دەدات. بەپێی ئەو باوەڕە لەسەر ئەلبورز نە شەوە و نەتاریکی، نە بای گەرم دێ و نە بای سارد، بەدووره لە ناخۆشییان و بەبێ ناپاکی و پیسبوونی ئەهریمەنی. مژ و هەڵمی لێ هەڵناستێ. ( یشتها، ١/١٣١؛ پورداود، ١/١٣١). جێگەی سەرۆش هەر لەسەر کێوی ئەلبورزە، (هەر ئەوێ، ١/٥١٩). لێرەشدا وەک بەئاشکرا دیارە، ئاراستەی لێدانی خۆر لەهەڵاتندا وڵاتی مادەکانە کە کراوە بە وڵاتی ئاریاکان و باسێک لەودیوی ئەلبورز و دەماوەند (وڵاتی گەلی پارت - خوراسان و بەلخی ئەفغانستان و...) نییە.

٨- بەسەرهاتی زەححاک لەزاری تەبەری ڕا: کاوە لە ئیسفەهان پیاوی زەححاکی کوشتن و ... و پاشان چووە سەر ئەهواز. ..... لەو کاتەدا زەححاک لە دەماوەندو تەبەرستانبوو.... فەریدوونلەترسی زەححاکهەڵاتبوو و ئەویش بەدوایەوە بوو. فەریدوون گەیشتە تەبەرستان و لەوێ خۆی شاردەوە. کە بیستی کاوە هاتۆتە (ڕێی)، بەدزی خۆی گەیاندێ و... لەشکری زەححاک خۆیان نەگرتو هەڵاتنو بۆخۆشی کەوتە دەستی فەریدوونو لە دەماوەند خستییە بەندیخانەو.... دیسان هەر وڵاتی ماد، بەبێ ئەوەی باسێک لە بەلخی ئەفغانستان کرابێ.

٩- ناوەندی دەستەڵاتی مەنووچێهر تا بابل (بەغدای ئەورۆ)، ئەهواز – کوێستان (ئەنـزان) و بەسـرە بـووە و پادشـایانی عەرەب و لەوانە ئـی شـام و یەمەن لەژێـر فەرمانیـدا بـوون. ئـاوا سـنووری دەسـتەڵاتی تـا شـام و یەمەن چووبـوو، بەڵام فیرعەونانی میسر سەریان بۆ دانەنواندو بۆخۆیان سەربەخۆ بوون (دیسان وڵاتـی ماد وڵای رۆژئاوا و زاگرۆس... لەهەورامان گوندێک هەیە بەناوی کەیمەنە کە بەپێی لێکدانەوەی د. هەورامانی شوێنی لەدایکبوونی مەنووچێهرە ئەوش لەگەڵ دەسـتەڵاتی وی بەسـەر بابلـدا دەخـوێنێتەوە کە لەبەشـی(ئەفسـانەکانی ئاڤێسـتا و پەیوەندییان بە کوردستانەوە)دا باسمان کرد.

١٠- (حارس کوڕی ئەبی شەدداد)ی حاکمی یەمەن، کە شەڕێ زۆری کردوون و تـاڵان و سـەرکەوتنی زۆری بەدەسـت هێنـاون و پادشـایەتیی ئەنبـارو مووسـڵ تـا هیندووستانی بەدەستەوە بووە و ئازەربایجانیش بەناوچەی دەستەڵاتی وی دەهاتە ئەژمار، مەنووچێهردابووە. مەنووچێهرلەسەرەتای پادشایەتییەکەیدا لەشکری کێشا سـەر وڵاتـی سـەلم و تـوور و هەردووکـی کوشتن. ئەوهیندوستانەی بـاس دەکرێ ئەو هێندووستانەی ئێستانییە. ئەوە دەکرێ (الهندیە)ی ئەورۆ بێ لەعێراق لەسەر چۆمی فەڕات یا ناوی ئەو شوێنە لەو هیندە وەرگیرابێ کە لەو نەخشەیدا دەیبینن و ئاقارەکەشی لەگەڵ ئاراستەی یەمەن بۆ ئازەربایجان یەک دەگرێتەوە.




"گەزەنفۆن" لە سنووری "ئەرمەنستان" باسی پادشای "هیند" دەکا کە دیارنییە کام گە بوون. بۆوێنە لە شوێنێک دەڵێ کوورۆش لەپادشای ئەرمەنستان ئامۆژگاریی وەرگرت کە قاسیدێک بنێرێتە لای شای هیندو داوای پووڵی لێبکات. لەشوێنێکی دیکە دەنووسێ: قاسیدی پادشایهیند هاتەلای کیاکسار گوتی بیستوومانە دەتانەوێ لەگەڵ پادشای ئاسوور بەشەڕ بێن ئەمن دەچمە لای پادشای ئاسوور، کامەتان دەستدرێژکەر بن، لایەنی ئەوی دیکە دەگرم. لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێ کە ئەو هیندە وڵاتی هیندستاننییە، چونکە: سنووریهیند هەرگیز نەگەیشتۆتە ئەرمەنستان و ئاشوور. ئەوە گومانده‌خاتە سەرئەوەش کەهیندوستانیئێستا بەدەستی داریووش گیرابێ. نموونەیەکی دیکەی بوونی هیند لەوناوچەیە ئەو ژنەعەرەبەیە کە داوای جەرگی هەمزەی مامی پێغەمبەریکردووە. باشدەزانینبەتایبەتیش لەوسەردەمەدا ئاستەم بووە عەرەب ناوێکی ئاوا لە منداڵیان بنێن کە لە خۆیان نەبێ. بەوەڕا دەر دەکەوێ وڵات یا سەرزەمینێکی کۆن بەناوی هیند لەو ناوچەیەدا هەبووبێ. بەو ڕوونکردنەوەی کە دەڵێ حارس ئازەربایجانیشی بەدەستەوە بووە، زیاتر ئەو بۆچوونە وەڕاست دەگەڕێ.

١١- لە ئاوێستادا نیشتمانی ترائتون (بەپەهلەوی: فریتوون) بە(وەرەن) دەزانن‌و هێندێک مێژوونووس پێیانوایە (وەرەن) گیلانە. کتێبەکانی کۆن مازەندەران بە

شوێنی دێوانی سەربزێو نیشان دەدەن. تەنانەت (مینووک خورت) بەراشکاوی دەڵێ: "فەرەیدوون پاش گرتنی زەححاک لە دێوەکانی مازەندەرانی داوە و لە وڵاتی (خنیرس) دەری کردوون. لەکوردستانی بەردەستی تورکیە، ئەوڕۆ قەڵایەکی کۆن هەیە بەناوی (خنس) لە نیزیک مووش - ناوەندی مووشکییان - لە بەشی ڕۆژئاوای گۆلی هێوسرەوە - گۆلی وان - هەڵکەوتووە. ئایا ناکرێ ئەو ناوە لە (خنیرس) ڕا هاتبێو ئەویش نەک لە لای دەریای خەزەر بەڵکو لە لای گۆلی وان بووبێ؟ .... لە ئاوێستادا درۆپەرستانی وەرەن کە وڵاتی دەیلەمی گیلانە لەگەڵ دێوەکانی (واتە چەند خوا پەرستانی مازەندەران) وێکرا هاتوون. دیسان وڵاتی ماد نەک لای ئەفغانستان.

١٢- مەنووچێهر لە ناوچەی خوارووی دەریای کاسپی تووشی شەڕی پەشەنگی کوڕی توور و ئەفراسیابی کورەزای توور دەبێ، ... سەرەنجام لەسەر ئەوە پێک دێن کە سوڵح بکەنو"ئارەشی کەوانگەری خەڵکی ڕێی- واتەیێکێک لەشارەکانی ماد " کە تیرهاوێژێکی زۆر بەهێز بووە، دادەنرێ بۆ ئەوەی تیرێک باوێ لە هەرکوێ تیرەکە وەحەرزی کەوت ئەوێ سنووری ئێرانو تووران بێ. ئارەش هەموو هێزی لەشی دەخاتە ناو کەوانەکەی و تیرەکە داوێ، تیرەکە لە کەناری چۆمی ئاراز واتە نیزیک ئاقاری ورمێ دەکەوی و بۆخۆشی گیانی دەردەچێ، بەڵام بەو فیداکارییە سنووری ئێران زۆرپەرە پێدەدا. دیسان بەلای وڵاتی ماددا.

ڕەوانگەیلێکۆڵەرەوان لەبەشیئێرانییەکاندا ڕوویدەرۆژ هەڵاتیئێرانەوسەرنجیان نەداوەتە گۆڕەپانی شەڕەکەو هەر ئەوەش لە دیاریکردنی نەتەوەکانی تێوەگلاوی شەڕەکانوشوێنیڕووداوەکاندا تووشیهەڵەیگەورەیکردوون. بۆوێنە: ئەفراسیاب کە پادشای تووران‌بووە بەپێی ڕوونکردنەوەی ئاوێستا شوێنی تێکۆشانی لەدەوری گۆلی چیچێست - ورمێ - بووە.... کەیخەسرەو کوڕیسیاوەش بەسەرئەفراسیابی جادووگەری توورانیی بەدکاردا زاڵبوو، شکستیدا و بوتخانەی کەنار دەریاچەی چیچێست - ورمێی کە شوێنی حەسانەوەی درۆی سامناک بوو ویران کرد. وەک دەبینین ڕووی چیرۆکەکان هەموو دەلای ڕۆژئاوا و خاکی کوردانن.

لە برگەی مینووک خورد بابەتەکانی ژمارە(٥٩ - ٦٣): "بەهرەی (کەیخەسرەو) ئەوە بوو کە (ئەفراسیاب)ی کوشت و لە کەناری زرێواری (چیچێست) بوتخانەی وێران کرد" و لە (ادبیات مزدیسنا یشتها) نووسراوە: "(کەیخەسرەو) ماوەیەک پاش گەڕانەوە لە (ئازەرگوشەسپ) لەشکرێکی سازدا و بەسەرداریێتیی (تووس) بۆ تۆڵە سەندنەوەی سیاوەشی باوکی ناردیە تووران. لە بەر سەرەڕۆیی (تووس)، (فروود)ی برای (کەیخەسرەو - کوڕی سیاوەش و جەریرە) کوژرا. ئێرانییان ڕووی سەرکەوتنیان نەدیت و گەڕانەوە. (کەیخەسرەو) جاریدووهەم (تووس)ی ناردەشەڕی (ئەفراسیاب). پاش چەند شەڕو پێکدادانێک، سەرەنجام (ئەفراسیاب) هەڵاتو لەپێشدا لە ئەشکەوتێکی نیزێک (بەردەعە) خۆی شاردەوە پاشان لەلایەن (هووم)ی دیندار کە هەر لەوکوێستانەدا گۆشەگیربوو ناسراوەو گیرا. ئەوجاریش

هەڵاتو بە گۆلی چیچێستدا چووە خوارێو خۆی حەشاردا، لەوێشیان دەرێناوەو کوشتیان." دیسان وڵاتی ماد

ئەوەدەیسەلمێنێ کەناوەندیدەستەڵاتی ئەفراسیابی ئاوێستا لەنێزیک گۆلیچیچێست - ئورووميیە - بووە نەک لە تورکەمەنستانی ڕۆژهەڵاتی دەریای کاسپین!....

١٣- م.ا.دیاکۆنۆف دەڵی: لەئاوێستادا فەرەیدوون سەربەبنەماڵەی (ثرەئی تەئوونە Thraitauna) کەیخەسرەویپارێزەریزەردەشت سەربەبنەماڵەی(نەوتەرەNautara) ناسراوە. مامۆستا پوور داود لە کتێبی "ادبیات مزدیسنا یشتها"دا ڕوون کردنەوەیەکی هەیەو دەنووسێ: توورانییەکان لە ڕەگەزی ئێرانی بوون و تورکەکان کە لەڕەگەزی مەغوولن بەهەڵە بەتوورانی ناودەبرێن. بەڵام لەبابەت سەلم و تووری(خوذای نامەکی پەهلەویو شانامە): دەبێ بڵێین کە ئەوانە کەسانی مێژوویین کەپەیوەندییەکیانبە(سئریمەوتوور)ی ئاوێستاوەنییە." ئەوەش نیشانەیەکی دیکەیە بۆسەلماندنیئەوڕاستییەکە چیرۆکەکانیئاوێستا لەخودایناەمەکی پەهلەوی و شانامەی فیردەوسیدا چەندیان دەست تێ وەردراوەو چەند لێک دوورن. بڕواننە ئەو شێعرەی شانامە لەسەرفەرەیدوون، کە دەیەوێ بچێتە سەرلەشکری زەححاک لە فەلەستین، بەخاکی ماددا دەچێتە لێواری ئەروەندرووود(دیجلە) و دەپەڕێتەوە بۆ بەغدا تا لەوێ ڕا بچێتە کۆشکی زەححاک لە فەلەستین. ڕێگای فەرەیدوون لە بەرزەکێو(البرز) ڕا تا فەلەستین بەبەغدادا بەهێڵیسوور دیاری کراوە. فیردەوسی باسی ئەو ڕووداوە دەکا و وەک لەو شێعرەیدا دەبینن، براکانی فەرەیدوون تەمای کوشتنی تێدەکەن، بەڵام پیلانەکەیان سەر ناگرێ و...



ڕێگای فەرەیدوون لە بەرزەکێو (البرز) ڕا تا فەلەستین بە بەغدادا بەهێڵی سوور

| | |
|---|---|
| برادر سبک هردو برخاستند | تبه کردنش را بیاراستند |
| یکی کوه بود از بر برزکوه | برادرش هردو نهان از گروه |
| بپائین کمی شاه خفته بناز | شده یکزمان از شب دیرباز |
| یکه برشدند آن دو بیدادگر | وزیشان نبد هیچکس را خبر |

چو ایشان ازآنکوه کندند سنگ      بدآن تا بکوبند سرش بیدرنگ

وزآن کوه غلطان فروگاشتند      مرآن خفتەرا مرده انگاشتند

بفرمان یزدان سر خفته مرد      خروشیدن سنگ بیدار کرد

بافسون همان سنگ برجای خویش      ببست و نغلطید یکذره بیش

برادر بدانست که آن ایزدیست      نه ازراه بیکار و دست بدیست

فریدون کمربست و اندرکشید      نکرد آن سخن را بدیشان پدیده

براند و بدش کاوه پیش سپاه      برافراز راند او از آن جایگاه

برافراشته کاویانی درفش      همایون همان خسروانی درفش

باردوند رود اندر آورد روی      چنان چون بود مرد دەیهیم جوی

اگر پهلوانی ندانی زبان      بتازی تو اروند را دجله خوان

دگر منز□ آن شاه آزاد مرد      لب دجله و شهر بغداد کرد

چو آمد بنزدیک اروندرود      فرستاد روی رودبانان درود

که کشتی و زورق هم اندر شتاب      گذارید یکسر بر آن روی آب

وەک دەبینن هەموو گۆڕەپان و ڕێگاکەی فەرەیدوون بۆ شەڕی ئاژیدەهاک (زەححاک) بەکوردستانی کۆندایە.

١٦- ئەفراسیاب لەشکری خۆی دەنگ دا و هاتنە مێرگی پڕ لە ئاو و قامیشی "خوارری". دوو لەشکر لە دوو فرسەخیی یێکتر ئۆردوویان دامەزراند. بەنیشانەکان وێدەچێ خوارری هەر شامی لای مەهاباد و میاندواو بێ کە لە باشووری گۆلی ورمێ (چیچێست)ە و گۆڕەپانی دوایین شەڕی ئەفراسیاب و ئێرانییانیش هەر لەو ئاقارە بووە. زاڵ ڕووی دە ڕۆستەم کرد و کوتی: "لەشکرێک هەڵگرە و (کووپا□)ی بەرە و بچووە کێوی ئەلبورزو کەیقوباد بدۆزەوە و ... ڕۆستەم مایلێکی مابوو بگاتە ئەلبورز، گەیشتە کەیقوباد و ئەویش بەبیستنی وڵامەکە لەگەڵ ڕۆستەم بۆلای (خوارری) وەڕێکەوت. (قەلوون) سەرداری ئەفراسیاب، ڕێگای پێ گرتن. ..... دیسان وڵاتی ماد

١٧- کەیکاووس حەوت کۆشکان لەسەر بەرزایی کێوی ئەلبورز ساز دەکا، کاووس دێوانی مازەندەرانی کە خەریکی ئاژاوە و سەربزێوی و خراکردنی دنیا بوون لەو کۆشکانەدا زیندانی دەکردن و کاری لێ دەکێشان. هێرۆدۆتیش باسی

ئەو حەوت کۆشـکەی کـردووەو دەڵـێ: ئەو دەسـتی کـرد بە سـازکردنی قەڵایەک لەنـاو چەنـد حەوشـی لەناویەکدابوو. ئەوە هەر ئەو قەڵایەیە کـە ئەوڕۆ ئۆکباتـانی پێدەکوترێ. دیسان خاکی ماد

١٨- یەشتی پێنجەم دەڵێ: کە کەیخەسرەو پـاڵەوانی بـێ هاوتـای ئاریـا، لـە نیزیـک گـۆلی چێچێسـت بـۆ ئەرێدویسـوورە ئەناهیتـا قوربـانی دەکـاو داوای لێـدەکا فەڕی بـداتێ کـامڕەوای کـا و بەسـەر جـادووگەران و ئەمیرانـی سـتەمکاردا سـەری کەوێنـێ. کەیخەسرەو هەر پادشای خوونی رەسـە. (خوونی رەس یـا خـوونیرەث یێکێکە لە حەوت قـوڕنەی جیهـان، کە هەر وڵاتەکـانی ناوەنـدیی ئێرانـی ئێسـتای دەگـرتەوە کە لە شـەش قـوڕنەکەی دیـکە بەرهەمـدارترو دەوڵەمەنـدتر بـووە و خەڵکەکەشی وریاتر لە خەڵکـانی دیکە بوون. ئەوەش دیسـان نیشـانەیەکی دیـکەیە کە دەیسـەلمێنێ کەیخەسـرەو لەسـەرزەمینی مـاد بـووە نەک لە ڕۆژهەڵاتـی ئێـران. مێـژوو نووسـان لەسـەر ئەوە کـۆکن کە لەو سـەردەمەدا پـڕ پیـتو بەرەکەتتـرین بەشی وڵاتی (وەک ئەوان دەڵێن) ئاریاکان، مادی بچووک بـووە. کەیخەسـرەو دوو کاری گرنگی دیکەشی ئەنجام داون:

یەکەم- وێرانکردنی بوتخانەی چەند خواپەرستان لە کەناری گۆلی چێچێست.

دووهەم - کوشـتنی ئەفراسـیاب، ئەو تاوانبـارە تـوورانییەو دوژمنـی بـێ ئامـانی ئێرانییان، ئەویش هەر لە لێواری گۆلی چیچێست! ئەوجاریش خاکی ماد.

١٩- هوما دەستی کرد بە دادگەریو شاری ئاوەدان کردنەوە. کە کوڕەکەشی بـوو لەو ترسەی نەکا مەزنان شایەتییەکەی لێ بستێننەوە، بەشـەو سندووقێکی قیڕ دادا و کوڕەکەی دەگەڵ هێندێک زێرو زێو تێنا و بەدیجلەی داهێشتوبەیانی بەخەڵکـی کوت منداڵەکەم لەبەرچووەو خەڵکیش باوەڕیان پێکرد. ئەوسندووقە، جلکـشۆرێـک لەئاوێی گرتەوەوکوڕەی ناونا داراپو بەخێوی کرد. داراپ هەڵیداوفێری سواری و تیرهاویشتن بـوو و بـووە کـوڕێکی ئـازا. شـانامە و تەبەری دەڵێن ڕۆژێـک داراپ جلک شۆرەکەی هەڵدەپێچێ کە دایـک و بـابی ڕاستەقینەی پـێ بناسـێنێ و ئەویش ناچار باسی سندووقەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. داراب شمشێرو مەتاڵێک وەدەست دێنـێ و بەرەو بەلخ وەڕێ دەکەوێ. لەڕێدا تووشی"ڕەشنەواد"ی سەرداری ئێرانـی دەبـێ کە بەفەرمانی هوما دەچێتە شەڕی ڕۆم. ڕەشنەواد لەخەودا دەبینـێ کـە داراب شـای ئێرانە، جا ئەسپ و جلکێکی لەباری دەداتێ و ڕەگەڵ خۆی دەخا. داراپ لەشـەڕدا زۆر ئازایەتی دەنوێنێ کە دەبێتە هۆی سەرسووڕمانی ڕەشنەوادوپاڵەوانانی لەشـکر. لەڕێـی گەڕانەوەدا ڕەشنەواد چیرۆکـی داراب و سندووقەکە بە نـامەیەک بە هومـا ڕادەگەیەنـێ. لێـرەدا سـەرنجتان بـۆ ئەو نەخشـەی ئیمپەراتـوورییەتی هەخامەنشـی ڕادەکێشم: بە هێڵی سوور نیزیکترین نێوانی بەلخـی ئەفغانستان و دیجلەم دیـاری کـردووە کە بە هێڵـی ڕاسـت ٥٣٠٠ کیلـۆمیتری هەوایـییە. (بـڕواننە نەخشـەی خـوارەوە)، و دوو پرسـیار دەخەمە بەرچـاوی ئەوکەسـانەی باوەڕیـان بەودرۆیەی فیردەوسی کردووە:




یەکەم: هوما بەوشـەوە چۆن ئەوهەمـوو مەودایەی بـڕی و گەیشـتە دیجلـە و پـاش دەئـاوێ هاویشـتنی کـوڕەکەی گەڕاوە بەلـخ و بەیـانیش وەک نە بـای پشـێداهاتبێ نەباران، ڕایگەیاند کە منداڵەکەی مردووە و بەشەو ناشتوویانە.

دووهەم: ڕەشنـەواد دەچـووە شـەڕی ڕۆم، دارابیش دەگەڕاوە بەلـخ، چۆن لەڕێیە تووشی یەک بوون؟ ئەو ڕۆمە لەکوێ ڕا تێکەڵی چیرۆکەکانی ئاوێستا بوو؟

هەمـــووی ئەوانە دەیســـەلمێنن کەئەو بەلـــخ (بـــاختی)ەی پێتەختـــی هومـــا، هەر بەلـخەکەی سـەرچاوەی فەڕاتە لە خـاکی میتانیـدا کە سـپایزێر دەڵـێ، نەک بەلـخ (باکتریا)ی ئەفغانستان.

# زەردەشت کێیە؟

## *یەکەم: ناوونیشان*

زەردەشت سواوی ناوی (زەرەتوشترە Zaraϑuštra)یە. ئەگەر سەرنج بدەنە خشتەی وشەکانی ئاڤێستا و ماد و کوردی لەبەشی زماندا، یەکبوونی زمانی کۆنی ئاڤێستا و کوردیی ئێستا بەتەواوی هەست پێدەکەن. وەک دەبینن، هەر لەوەندەی کەوتوونە بەردەستم، بەشی هەرە زۆری وشەکان هەروەک خۆی لەکوردیدا ماونەتەوە. لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژئاواییانەی ناوەکەیان لێکداوەتەوە، سەرنجیان نەداوەتە زمانی کوردی کە نیزیکترین زمانە لە ئاڤێستای کۆن هەرکەسە بەکەیفی خۆی مانایەکی بۆ داتاشیوە. بڕواننە ناوی ئەو بلیمەتە، نەک لە زمانی ئەفغانی و سانسکریتدا بەڵکو لەزمانی فارسیشدا مانای دروستی بۆ نادۆزرێتەوە، چونکە ڕاست بە وشە و ڕێزمانی ئێستای کوردییە و لە دوو وشەی زەرەت واتە زەرد و وشتر و پاشگری (ە) بەنیشانەی ئاماژە بە کەس یا شتێکی تایبەتی، پێکهاتووە، ئەوشێوە گوتنە لەنێو کوردانددا باوە، زەرد بریتییە لە ڕەنگ و وشتر ناوی ئاژەڵەکەیە و(ە) ئاماژەیە بە کەسێکی دیار کە وشترە زەردەکەی هەیە. کورد ئێستاش هەر دەڵێن وشتر، فارس و ئەفغانی دەڵێن شۆتۆر. وتنی (شتر لە وشتردا یا هەرسێک وشەی بێ بزوێنی وشتر بەوجۆرەی کورد دەیڵێن و سپ لە ئەسپدا و...) تەنیا شێوە گۆتنی کوردانە و فارس و ئەفغانی ناتوانن بیڵێن. نازناوەکەی سپیتۆمەش لە دوو وشەی سپی + تۆمە پێکهاتووە کە هەردووک وشە لە کوردیی ئەوڕۆدا وەک خۆیان ماون. ماناکەی دەبێتە سپی ڕەگەز. سپیتۆمانیش هەروا ناوێکی کۆیە و نازناوێکە بۆ بنەماڵەی زەردەشت و کۆی وشەی سپیتۆمەیە. ئەو سپییەنابێ بەومانایەی ئوڕووپاییان‌کردوویانەتەباو بۆسپی‌بوونی‌پێست‌بگەڕێنینەوە، بەڵکوو لە کوردیدا سپی‌بەواتای پاکیش دەکاردەکرێ. گاتاکان(گاثاکان) لە فارسیدا بە گاهان هاتووە کە هیچ پەیوەندییان بە وشەی(گاە)ی فارسییەوە نییە کە بە دوو واتا دەیڵێن - گاە بەواتای شوێن و گاە بەواتای کات (ڕاستە ئەو دوو وشە لە بنەڕەتدا لە کوردی وەرگیراون، بەڵام پەیوەندییەکیان بە گات یا دروستترەکەی گاثەوە نییە). گاتا کە دروستترەکەی گاثایە و ئەوڕۆ ڕاست بەشێوەی نەگۆڕاوی خۆی (گاس، گاز، گازی) لە باکووری کوردستان هەر ماوە و بەواتای بانگ کردنە و ناوی سروودەکانی خودی زەردەشتە کە تا ئەوڕۆش کەس نەیتوانیوە لەوڕاستییە بەگومان بێ. زەردەشت بانگ و هاوار بۆ خودای خۆی دەبا واتە گاسی دەکا و داوای ئامۆژگاری و یارمەتیی لێدەکا و گازندەی (کە ئەو وشەیەش هەر شێوەیەکی گاثە) لە دۆخی خۆی و باری کۆمەڵایەتیی سەردەمی خۆی لەلا دەکا. ژمارەیەک مێژوونووس پێیانوایە ئاڤێستا بەزمانی ماد نووسراوە، بەڵام سەرەڕای ئەو دانپێداهێنانە و لەگەڵ ئەوەشدا کە بە لێکدانەی زمانەوانی چ لە باری فۆنیتیکی و چ بەبۆنەی هەروەک خۆی مانەوەی‌زۆر لەوشەکانی لەکوردیی ئێستادا - بڕواننە بابەتەکەی من لەسەر زمانی کوردی لە کتێبی (لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی لەسەر کورد و کوردستان)- ئێستاش هێندێک بەناو

مێژوونوس حاشای لـێ دەکەن و لەنێویاندا بەداخەوە نووسـەری کـوردیش هەن، و بەداخەوە ئەو شێوە مانـاکردنەوە بـۆ زمـان و ڕووداوەکـانی کـۆنی نـاوچەی کـۆنی کوردەواری زۆرجار بەهۆیگوێنەدان بە کۆنترین و ڕەسەنترین زمـانی نـاوچەکە، کە زمانی کـوردییە، و پەنـابردن بـۆ زمـانی سانسـکریت، کێشـەی تێگەیشتنی سـاز کردووە. ئەو شێوەکارە بۆتەهۆی بەلاڕێداچوونی زمـانەوانیومێژوویی و تەنـانەت لێکدانەوەی مانای سەیرو سەمەرە بۆ نـاوی زەردەشـت؛ یۆنانییەکـان پێیـان کوتـووە زۆرۆئاسـترێس (Zoroastres) و بەشـێوەی زۆرۆئاسـتێر (Zoroaster) چـۆتە نێـو زمـانە ئوروپاییەکـان و فارسـەکان بە زەردۆشـت و زەرتۆشـت و زەرەهۆشـت و زاردۆشت و زەرادۆشتوزەراهۆشت ناویان بردووە و لە کوردەواریی ئەوڕۆشدا بە لاساکردنەوەی فارسەکان پێی دەڵێن زەردەشت و ئاوا کەس ناوە ڕاستەقینەکەی ناڵێ. لەماناکەشدا، دینۆن Dunonی یۆنانی کردوویەتە ئەستێرە پەرسـتو ڤیندشمەن (Vindishman)وموولێر(F.R Muller) بە(پڕئەستێرە) لێکیانداوەتەوە وهـارلێز(Harlez) بەبریقەدار وەکـزێڕوبارتولومە بە خاوەنی پیرە وشتری مانـاکردۆتەوە. سوئیداسـی یۆنانی وەک دوایە باسی دەکەم، ناوی دووزەردەشتی هێناون، وێدەچێ زەردەشـتی دووهەم ئەولێکدانەوە هەڵەی لە مانای زەردەشت پێکهێنابێ و کـردبیەتە ئەسـتێرەی زێڕین. ڕێ، ڕێگا(لەفارسیدا: ری، رغ، رغە) کە هێندێک بە شـوێنی لەدایکبـوون و هێنـدێکانیش بە شـوێنی ڕاگەیانـدن و بانگەشـەی پەیـامەکەی زەدەشـتیان دانـاوە، ئێستا ناوی شـارێکە لەنیزیـک تـاران، کە شـارێکی زۆر کـۆنی کوردسـتان بـووە و بەمانـای ڕێ یـا ڕێگـا (لەفارسـیدا: راە). ئەوشـارە کـوردییەش کە نـاوەکەی وەک خۆی ماوە و بەوجۆرەی فارس دەیڵێن، لەزمـانی وانـدا مانـا نـاداتەوە. شـاری ڕێگـا لەسەر ڕێی بەناوبانگی ئاوریشم هەڵکەوتـووە و شـوێنێکی زۆر ستراتیژیـک بـووە لە سەر ڕێی چین و ڕۆم و گرنگییەکی ئابووریی تایبەتی هەبووە.

لەودواییانەدا بابەتێکی نووسەرێکی کوردم بەناوی هیوا موورادی وەدەست کەوت، وەک پێشـەکیی وەرگێڕانێکـی خـۆی لەسـەر کتێبـی (گاتاکـان، لەنووسـینی دوکتـۆر خەزاعـی)نووسیویەتی. هێندێکم لەبەرگرنگـیو پڕنـاوەرۆکی لەبـواری زەردەشـت ناسیدا وەکخۆی لێ لەبەشی (ئەفسانەکانی ئاڤێستا و پەیوەندییان بە کوردستانەوە)دا دانـا. نـاوبراو شـیکردنەوەی عیمـادەددینی دەوڵەتشـاهیی لەسـەر نـاوی زەردەشـت هێناوەتەوە کەئاوایە: "وشـەی(زەرەتاوشـەترا Zarathushatra)لـە زمـانی هەورامـی دا یانی"ئەی ئەو کەسـەی کە وەک تیشکی خۆر ئەدرەوشێی و ئەبارێی".

مانـای زەرەتاوشـەترا لـەزاری هـەورامـی دا بـەمجۆرەیـە: (زەرەzara) یـانی وەک تیشکی زێڕینیخۆر، (تاوtav)یانی درەوشان، تیشکهاویشتن؛ (شـەتەرا shatara) یانی بارین؛ (ئا a) یانی هاتووی، دێی. وەک دەبینـین وشـەی "شـەترە" بۆتەهـۆی سەرلێشێوانی زۆربەی ئاڤێستاناسان، توێژەرانوتەنانەت لایەنگرانـی زەردەشـتیش. دەوڵەتشاهی هەروەهادەڵێ: "زەرەتاوش" یانی کەسێک کە زێڕوئـاڵتوون دەسـازێ؛ زێڕینگەر، کەسێک کەگیانی مرۆڤەکان لـەژەنـگ و ژار دەپـارێزێ و وەکـوو زێڕ خاراو و پوختەیان دەکات. [کوههای ناشناخته اوستا، ١٦٠].

بەداخەوەئەونووسەرەشتووشـیھەرئەوھەڵەیئورووپاییانبووەوبەڵکووخراپتریش، ئەو لەپێشدا بۆ سەلماندنیڕوانگەی خۆی ڕێنووسیناوەکەی تێکداوە، بەوجۆرە کە: (زەرەتوشترەZaraϑuštraیاZaratuštra)یا وەکپوورداوود دەڵێ لەئاڤێستادا نووسراوە (زەرەتوشتەرەZarathushtara)ی ئـاوالێکردووە(زەرەتاوشـەترا Zarathushatra) واتە بزوێنێکی(a)ی لەدوای(t) ھەلگرتووەوخستوویەتە نێوان(sh)و(t)و پاشانیش ئاوای دابەشکردووە: (زەرەzara) + (تاوtav) + (شەتراshatra)کە تێکدانێکی ئاشـکرایە، یەکەم ئەوەی کە نـاوەکە لە دوو وشـەی لێکـدراوە (Zarat)+(uštra) پێـک ھـاتووە نەک لە سـێ وشـە، دووھەم ئەوەی کە وەک دەبیـنن (thu)ی کـردووە بە(tav) کەبەھـیچ شـێوەیەک وێـک نـاچن، سـێھەمیش بـوئەوەی بەشـی دووھەمـی نـاوە ڕاستەکە واتە (ushtra) وە (shatra) بچوێنێ (u)ی لـێ کردوون بە (av) تـا لەگەڵ ئەو (t)یەی لە (Zarat)ی دزیـوە بیانکـا بەتـاو (tav). و (zara) و بەداخەوە کـاکی وەرگێڕیش تەنـانەت لە وەڵامـی مندا بەدەمـار گـرژییەوە پـێ لەسـەر ئەو تێکـدانە دادەگرێ.

پـوورداوود(گاتھـا کھنتـرین بخشاوسـتا،□ ٢٢تـا٢٣، http://ketabnak.com/book/) دەڵـێ: "...پێغەمـبەر لەگاتەکانـدا خـۆی بە (زەرەتوشـتەرە Zarathushtara) نـاو دەبا. (ناوەکەم بەپێی بزوێنەکانی پوورداوود بەڕێنووسی ئینگلیسی نووسیوە).... دینـۆن(Dunon)ی یۆنـانی کـردوویەتە ئەستێرەپەرسـت. ئەوەی حاشـاھەڵنەگرە ئەوەیە کەئەونـاوە لەدووبەشـی زەرەت و ئوشـترا پێکھـاتووە... لەپـێش دووھەزار سـاڵەوە تائێسـتا ھەرکەسـە بەبۆچـوونی خـۆی مانـایەکی بـۆ وشـەی زەرتۆشـت بەزەیناھاتووە. لەسـەر زەرەت زۆرتر بیریان بۆ زەرد و زێڕین و پاشان پیر و تـووڕە چـووە. (دارمسـتر) بەشـی یەکەمـی بە زەراتـو زانیـوە و بەواتـای زەردی دانـاوە، (بـارتولومە) بە (زەرەنـت)ی تۆمـارکردووە و بە خـاوەنی وشـتری پیـری مانالێداوەتەوە. ڕەنـگە مانـاکەی ھیچکامیـان ڕاسـت نەبـێ، چـونکە وشـەی زەر لە خودی ئاڤێستادا زەیریتە (zairita)ە. ڕاستە کە زەرەنت بەواتای پیر ھاتووە، بەڵام ئەدی چۆنە کە لەلێکدران لەگەڵ ئوشتەرا بوو بە زەرەت؟ لەبەشی دووھەمدا ھیچ کێشـەیەک نییە، چـونکە ھێشـتاش وشـەی شـۆتور یـا ئوشـتور لە زمـانی فارسـیدا ماوەتەوە. ھیچ گومان لەوەدا نییە کە نـاوی ئەوپێغەمـبەرە وەک زۆر نـاوی ئێرانـی (زاگرۆسـی – کـاوە) دا کە لێکدراون لەگەڵ ئەسـپ و وشـتر و گـا، لەگەڵ وشـەی وشـتر لێکدراوە و بەواتـای وشـتری زەرد یـا وشـتری تـووڕە یە، ھەروەک نـاوی بـخەزووری زەردەشـت (فراشـتر) بـووە، کە بەشـی یەکەمـی (فەراشـا) یە کە شێوەکەی دیـکەی (فەرا)یە و لەئاڤێسـتادا یەک مانـایان ھەیە... و بەواتـای خـاوەنی وشـتری (بەپـا) تیـژڕەوە و نـاوی بـاوکی زەردەشـت پوروشئەسـب، لێکـدراوی پـوروش بەواتـای بەڵەکـی ڕەش و سـپی یـا پیـر و ئەسـپە، پـوروش ئەسـپ دەبێـتە خاوەنی ئسپی پیر"

شایانی باسە وەرگێران و نووسەرانیفارسی ئاڤێستا ھەروەک پووورداوود، وشـەی فرە بە فەرا تێگەیونوبە سەروو لێکیانداوەتەوە. چونکە فرە بەواتـایزۆر لەزمـانی واندا نییە، و ھەرئەوەش لەلێکدانەوەی ماناکە پووورداوودی تووشی ھەڵە کردووە،

که سەرنجی نەداوەتەزمانی کوردی یا نەیزانیوە، دەنا فرەوشتر یا فرەش وشتر بە مانای خاوەنیوشتریزۆرە کەدەوڵەمەندی دەگەیەنێودەگەڵ ناووپلەی خەزووری زەردەشت یەک دەگرێتەوە کە زۆر ساماندار بووە، یا باوکی زەردەشت کە ناوی پووروسەسپ بووە کە بەواتای خاوەنی ئەسپی پیر لێکدراوەتەوە.

(هومر آبرامیان) لە (پژوهشی در شناخت زرتشت، بخش چهارم- فرگرد دوم - https://www.the-derafsh-kaviyani.com/parsi/zartosht) لەسەر لێکدانەوەی ناوی زەردەشت دەڵێ: "... سەلماندنی ئەوەی کە ناوی زەردەشت، پێغەمبەری مەزنی ئێرانی خاوەنی وشتری زەرد بووە، جێگای پەسندترە لەوەی بەئەستێرەی زێڕنی بزانین و نەزانین چ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان زەردەشت و ئەستێرەی زێڕن و ئەو ئەستێرە زێڕنەش کامەیە. تائەوجێگایەی من ئاگادارم، زەردەشت لە هیچکام لە سرووده بەنرخەکانی خۆیدا باسی زانستی کەیهان ناسی - ئەستێرەناسی - یا ئەستێرەگەریی نەکردووە. لەسەرتاسەریگاسەکاندا لەگەڵوێژەرێکدا بەرەوڕووین کە لەبیری بەختەوەریوبەشادی ژیانی مەردمدایە، کاری بە ئەستێرەکان نییە..."

## *دووهەم - کێشە لەسەر زێدی زەردەشت:*

(دکترفرهنگ مهر) لەکتێبەکەیدا دەڵێ: "لەسەر شوێنی لەدایکبوونی زەردەشتیش کێشە هەیە. بە گوتەی ئاڤێستا شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت بەستێنی چۆمی (دارجا)یە لە ئەئیریان وەئێجە. شوێنی ئەو سەرزەمینە لە جوغرافیادا دیار نییە. ئەگەر مەبەست لێی ئەو سەرزەمینە بێ کە فەرهەنگ و زمانەکانی ئێرانی دزەی تێدا کردبوون، ئەوناوچەیە ئاسیای ناوەندی لەخۆ دەگرێ کە بریتییە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی پاکستان، ئەفغانستان، ئێران و عێراق. لەسەر شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت هێندێکان باکووریڕۆژئاوایئێران، یا ڕۆژئاوایئەئیرانوێجە دەزانن. لەوانە: بارتۆلمە، گۆلدنێر و جەکسن، بە ئی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، هێرتسفیلد و هێرتێ به ڕۆژئاوای ئێران و بەشی زۆرتر بە ئی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانی دەزانن. لەوانە نیبێرگ، لۆمێ ، مێرییبۆیس، هێنتیس، زهنر و شەهبازی بە ئی ئاسیای ناوەندی (خوارەزم و خیوە و باکووری ئەفغانستان) و مۆلتۆن و گیگر بە خوراسان و سیستان و هێنینگ، هۆمباخ، کریستین سێن و میلێربە ئی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانی دەزانن. لەو سەردەمەدا دوو زاراوەی جیاواز لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئێران هەبوون و زمانی گاتاکان لە ئی ڕۆژهەڵات نیزیکترە و دەبێ ئەوەبسەلمێنین کەزەردەشت لەڕۆژهەڵاتی ئێرانولەسەر لێواری چۆمی سەیحوون لەدایکبووە. ئاوێستا باسیچۆمیدارجەدەکا کەئەوڕۆ بەچۆمی سەیحوون ناسراوە (بەچ بەڵگەیەک دارجا بۆتەسەیحوون؟ - کاوە). شوێنیڕاگەیاندنی دینەکەشی بەلخ (باکتریا)، باکووری خوراسانوئەفغانستان بووە وهەموو ئەوناوچانە بەشێکبوون لە ئێرانویچ. هێندێک زانا پێیانوابووە کە شاری رێ(رەغ لە ئاوێستادا) لە نیزیک

تاران‌بووه. کەوێناچێ ڕاست‌بێ. هێندێکان‌شاری‌ڕەی بەناوەندی‌ئایینی‌وڕاگەیاندنی دینی زەردەشت دەزانن کە ئەویش بەڵگەدار نییە. لێکۆڵینەوەکانی ئەو دواییەی پرۆفسۆر ڕیچارد فرای ئەوی بەوئاکامە گەیاندووە کە ئەشۆ زەردەشت خەڵکی سیستان بووە و لە باکتریا بانگەشەی بۆ دینەکەی کردووە". (!!؟ - کاوە)

هاشمی‌ڕەزی(زەردەشت‌وئامۆژگارییەکانی،وەرگێڕانی: م.گۆمەیی ١٠٠-١٠٢) دەڵێ: "... هێندێک نیشتمانی زەردەشت بە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران دەزانن... و زمانی ئاڤێستاش هەر ئەو زمانەیە لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا باوبووە، تاخمێکی تر زمانی ئاڤێستایی بەو زمانە دەزانن کە لە بەلخ، واتە ڕۆژئاوای ئێران باوبووە، هێندێکی‌تر زمانی‌ئاڤێستا بەزمانی‌بەکارهاتووی‌نێومادەکان‌دەزانن. بەڵام‌لێکۆڵینەوە بۆئەوە دەچێت کە نیشتمانی بنەڕەتیی زەردەشت باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانە*، و زمانی ئاڤێستاش هەر هەمان زمانی بەکارهاتووی ئەو هەرێمە بووبێت.... ئەوەی ئەمڕۆ هاتۆتە باوەڕ ئەوەیەکەمێژووی زەردەشت‌وئاڤێستا دەگەڕێتەوە بۆهەزارەی پێش زایین. چاوخشاندنێک بەگاتاکان کە ڕشتەی خودی زەردەشت یا شاگردانی هاوچەرخی ئەون و هەرەکۆنترین بەشە لەو ئاڤێشتایەی ئەمڕۆ لەبەردەستدایە، ئاشکرای دەکات بێ هیچ گومان نیشانەی دێرینی بەشێک لەوسروودانە هەزارو سێسەد تا هەزاروپێنسەد ساڵ پێش‌زایین دەبێت. لەسەرڕۆشنایی گاتاکان لەدێرینی ئاڤێستا کۆڵینەوە ئەمڕۆبەکارێکی‌تەواوزانستی دەژمێردرێت‌ولێکۆڵینەوەی‌زانستیی ئەم‌چەرخەیش‌تاڕادەیەکـڕێ‌لەگومانی‌مەزن‌دەگرن‌وئیترئەوباسەی‌سەدەی شەشەمی پێش زایین، کە گۆیا چەرخی دەرکەوتنی زەردەشت و پەیدا بوونی ئاڤێستایە، بە سەرچاوەیەکی یەکجار کۆن و بێبایەخ دەرخراوە."

"بەبوونی چەرخی ئەوتۆ دێرین کە تەنانەت لەسەدەی چوارهەمی پێش زایینیشدا کۆڵینەوەلەدێرینیی‌ئەوباوبووە، ئاشکرایدەکات کەدەقەکانی‌ئاڤێسا دوچاری‌ئاشووبی، سڕینەوە و تێکدانی زۆر بوون...."

پوورداود (گاتها کهن‌ترین بخش‌اوستا، ٢٣ http://ketabnak.com/book/) دەڵێ: "لەسەر شوێنی لەدایکبوونی زەردەشتیش کێشەی زۆر هەیە، ڕۆژهەڵاتناسانی پێشوو و لەسەرووی هەموویان (انکتیل) باختەر (بەلخ)یان بە زێدی زەردەشت دەزانی، بەڵام ئەوڕۆکە بەگشتیی ڕای‌زەدەشتییانیان پەسندکردووە و بەڕۆژئاوای ئێرانی دەزانن و زۆرتر وێدەچێ ئازەربایجان و بەتایبەتی (گزن) کە عەرەبان بە (شیز) ناویان بردووە و ئێستا بە تەختی سولەیمان ناوی دەرکردووە. هەر لەبەر ئەوەشە کە کتێبی بوندەهێش ئاوی ئورووومییە لە نیزیک (گزن) بە پیرۆز دادەنێ. ئاورگەی بەناوبانگی(گزن) بە ناوی ئادەرەخش نیا(درخش) زیارەتگایەکی ئابڕوو مەند بوو. ئە پەرستگەیە بە(ئاذەرگوشنەسب) ناوی‌دەرکردبوو. (گزن)هەر ئەوەیە کە یاقووتی حەمەوی بەتێروتەسەلی باسی دەکاودەبێژێ لەنێوان مەراغەوزەنگان لەنیزیک شارەزوورودینەوەرە و بۆخۆی لەسەدەی حەوتی کۆچی ئاورگەی لەوێ دیوە.... ئیبنی‌خوردادبە دەنووسێ: پادشایان لەتیسفوونەوە بەپێیان دەچوونەوێ.... وشەی (جزن) لە ئاڤێستادا بە چەئێچەستە (čaēčasta)لە یەشتی٥بابەتی ٤٩دا هاتووە.

هەموو مێژوونووسانیئێرانیوعەرەبی وەک(ابنخردادبە)و(بلادری)و (ابنالفقیە) و (مسعودی) و (حمزە اصفهانی)و (یاقوت)و (قزوینی) و (ابوالفدا)، زەردەشت بە ئی ئازەربایجان دەزانن‌و بەتایبەت ئوروومییە بەشوێنی لەدایکبوونی دەزانن."

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین، بەشێکی زۆر لەو کەسانە وەدوای قسەی ئێرانییانی (کوورۆش پەرست)وئەفغانیو...کەوتوون کەسەرچاوەیزانیاریولێکدانەوەکانیان بابەتەکانی سەردەمی ساسانی بووەو چونکە بە پێی جوغرافیای کوردستان و ناوە کۆنەکانی ناوچەیڕاستەقینەیزەردەشت نەچوونەتەپێش‌ولەسانسکریت‌بۆوەرگێران و لە بوندێهشەن و ئەرداویرافنامە کەڵکیان وەرگرتووەوبەدوای قسەکانی بیروونی و مەسعوودیدا چوون، کە ئەوانیش سەرچاوەی قسەکانیان هەر ئەوکتێبانەن.

دیاکۆنۆف، نووسەری کتێبی مێژووی‌مادیش(جانازانم بەچ مەبەستێ‌یاهاندەرێک)، سەرەڕای ئەو هەموو ڕوونکردنەوەی لەسەر حکوومەت و خەڵکی مادی داوینێ و گەلەکیش جێگای بایەخ و سەرنجن، دیسان هەر بەو ڕێچکەدا دەڕوا و تەنانەت تاجیکستانیش دەخاتە ئەوبازنەوە. بەڵام ڕاستییەکان‌بەهێندێک لێکدانەوەو وردبینی باشتر دەردەکەون.

* ئەوەی د.فەرهەنگ مێهر دەڵێ، دوو شێوەزار لەڕۆژهەڵات وڕۆژئاوای(خۆی کوتەنی)ئێران‌هەبوون، کە گاتاکان لەئەوەی ڕۆژهەڵات نیزیکترە. ئەوەبەتەواوی پێچەوانەیە. ئەوشێوەزارانەی ناوبراو باسیان دەکا، زمانی پارت لە ڕۆژهەڵات و ماد لە ڕۆژئاوای ناوچەکە دووزمانی سەربەخۆوڕەسەن بوون، نەک دووزاراوە. بێ لەوەش زمانی گاتەکان زۆر لە ئی ڕۆژئاوا نیزیکترە، تەنانەت ناوەکەشی لە زمانی ماد و کوردی ئەوڕۆدا وەک‌خۆی و هەر بەهەمان مانا ماوەتەوە، کەچی لەزمانی ناچەی پارتەکاندا نییە کە ئەفغانستانە. ناوەکانی سەرزەمینەکانی ئێران وێجەش لە ئاڤێستادا زۆرینەیان لەکوردستاندا وەک خۆی ماون.

* ئاریانویچ بەڕۆژئاوای باکووری‌ماد ناسراوە، بەوپێیە چۆمی دارجە ناتوانێ چۆمی سەیحوون بێ کە لەلای ژوورووی ڕۆژهەڵاتی دەریای کاسپین (لە ئۆزبەکستان) هەڵکەوتووە، ئەوەش یەکێکە لە بەلارێدابردنە سەیرو سەمەرەکان.




لەو نەخشەیدا شوێنی چۆمی سەیحوون و ناوچەی بەمەزندەی ئاریانویچمان دیاری کردووە. ئاریانویچ بەو پێناسەی بۆی دانراوە، مادی بچووک و ئارارات دەگرێتەوە کە زێدی زەردەشتی لێیە و گۆرەپانی بەشی هەرمزۆری شەڕەکانی ئەفسانەکانی نێو ئاوێستا بووە. بێجگەلەوش هەر وەک باسمان کرد، زمانی ئاوێستا زمانی مادە، چۆن دەکرێ پێغەمبەرێک لەنێو خەڵکی دوور لە شوێنی ڕاستەقینەی زمانەکەی هەستێ و بە زمانێکی دیکە پەیامەکەی لەناو خەڵکەکەی خۆی ڕاگەیەنێ کە بۆیان نامۆ و بێگانەیە؟ واتە چۆن دەبێ پێغەمبەرێک لەناو خەڵکی ئەفغانستان هەستێ و بە زمانی ماد بۆیان بدوێ؟

شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت زۆرتر بەخوارەوەی گۆلیورمێ زانراوە. یەکێک لەوشتانەی زێدیزەردەشت بەوناوچەی دەبەستێتەوە زمانی ئاڤێستایە کە کوردییە. زەردەشت چبەباریئاییندابێو چبەباریمێژوویدا، دەورێکی گرنگی لەمێژووی ڕۆژهەڵاتدا هەیە. ئامۆژگارییەکانی لەکۆندا لە کوردستانەوە بگرە تا هیندستان بۆ ماوەی زیاترلە۸۰۰۰ساڵپەیرەویهەبوون، هەرکام لەزەردەشتییانیهیند، تاجیک و ئەفغان و فارسەکان زۆر هەوڵیان داوە بیکەنە ئی خۆیان، تەنیا کوردنەبێ کە لەبەر گرنگینەدانبەمێژووی کۆنیخۆیولەژێرکارتێکردنی ئایینیوسیاسیی داگیر کەرانی وڵاتەکەی و لەهەمووی گرنگترنەبوونی دەوڵەتویەک نەگرتوویی و.... نەپەرژاوەتە سەر ئەوبابەتە و زۆرتر چاوی لەزاری بێگانان بووە.

سەردەشت شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و چۆمێکی پڕئاو بەتەنیشتیدا دەڕوا، کە دوورنییەهەر چۆمی دارجای ئاڤێستا بێ، ئەگەرسەرنج بدەینە ناوی شارەکەش لە دوو وشەی (دار+جا) پێکهاتووە. سەردەشت لەبەشێکی ئەو شوێنە و لەسەر کەوانەی پڕپیت (**Fertile Crescent**) هەڵکەوتووە وئەوچۆمە بەناو دۆڵێکی داپۆشراو لەجەنگەڵی پردا دەگاتە سەردەشت و بەپەنا شاردا تێدەپەڕێ و وێدەچێ ناوەکەی لەوجەنگەڵە پرداره وەرگرتبێ. ئاورگەی سەری کووڕێ لەسەرڕێگای پیرانشار بۆئەوشارە و چەند شوێنەواری کۆنی دیکە گریمانەی ئەوەمان دەدەنە دەست، کە سەردەشت جێگای لەدایکبوونی زەردەشت بێ یا بەناوی وی نێونرابێ و دوایە ناوەکەی سوابێ و وەک ئەوڕۆی لێهاتبێ.

١- گزان توس Xanthus) لێکۆڵەرومێژوونووسی بەنێوبانگی‌لیدیایی(٥٠٠-٤٥٠ پ.ز) لەدووکتێبی دەستنووسی خۆیدا لەدایکبوونی زەردەشت بە٦٠٠٠ساڵ بەرلە لەشکرکێشانی خەشایارشا بۆسەریۆنان(کە دەکاتە ٨٦٩٦ساڵ پێش‌ئێستا) دەزانێ،

٢- هێرمۆدۆرۆس (Hermodoros)ی شاگردی ئەفلاتوونیش هەر باوەری بەو مێژوویە، ئەفلاتوونی زانای یۆنانی لە (٤٢٩- ٣٤٧ پ.ز)، بۆخۆی و کتێبێکیشی هەیە بەناوی‌ئالکی‌بیادس(Alkibiades)وشاگردەکانی: ئەرەستاتالیس(Aristoteles) یا ئەرەستوو و ئێدۆکسووس (Edoxus) و هێرمۆدۆرۆس (Hermodoros) لەو ژێرنووسەی بۆ کتێبەکەی نووسیویانە، سەردەمی زەردەشتیان بە ٦٠٠٠ساڵ پێش مامۆستاکەیان تۆمارکردووە.

٣- دیۆژێنس لێرتیووس Diogence Lertius (٢١٠ پ.ز)، هەرئەومێژووەی بۆ داناوە، ئەوبڕوایەی دیۆجانووس دەگەڵ قسەی شاگردانی‌ئەفلاتون یەکدەگرێتەوە، و باسی‌هێرمۆدۆرۆس(Hermodoros)ی شاگردی‌ئەفلاتوونیش دەکاوسەردەمی زەردەشت بە ٥٠٠٠ساڵ پێش شەڕی ترۆوا(Toroya) دەزانێ، بەوپێیە دەبێ کاتی لەدایکبوونی زەردەشت ٦١٨٤ساڵ پێش زایین بێ

٤- پلینووس (Plinyus)، زاناو مێژوونووس و نووسەری ڕۆمی، ناسراو بە پۆلینووسی گەورە ٢٣ - ٧٩ ز. لەکتێبە بەنرخەکەیدا بەناوی مێژووی سروشتی (Naturalis Histori) ئاماژە بە قسەکانی ئەرەستاتالیس و ئێدۆکسووس دەکا کە سەردەمی زەردەشت بە ٦٠٠٠ساڵ پێش ئەفلاتوون دادەنێن و لێی زیاد کردووە کە سەردەمی زەردەشت ٥٠٠٠ ساڵ پێش شەڕی ترۆوا بووە. ئەو هەروەها زەردەشت بە پێغەمبەری ماد ناودەبا.

٥- پلوتارک (plutarkhus پلوتارخووس) ٤٦ - ١٢٠ ز. کە زیاتر لە ٢٠٠ نووسراوەی لەپاش بەجێ ماون، یەکێک لەونووسراوانەی‌خۆی لەهەموان خۆشتر دەویست. و تێیدا (ئێزیس و ئۆزیریس Deiside et Osiride- ناوی‌دوو لەخودایانی میسر) باسی دینەکانی ناوچەی کوردستان دەکا و دەڵێ زەردەشت ٥٠٠٠ ساڵ پێش جەنگی ترۆوا ژیاوە.

٦- تێئۆپۆمپیئووس (Theopompus) لەناو مێژوونووسانی یۆنانی خاوەن ناوێکی گەورەیە، لەساڵی٣٧٨پ.ز لەدایکبووە، لەکتێبێکیدا بەناوی‌فیلی‌پیکا(Philipika)دا باسی ئامۆژگارییەکانی زەردەشت دەکا و سەردەمەکەی بە٥٠٠٠ساڵ پێش شەڕی ترۆوا دادەنێ.

٧- سووئیداس(Suidas) ی زانای بەناوبانگی یۆنانی لەو زانستنامە گەورەیدا کە لەپاشی بەجێماوە ناوی دوو زەردەشت دێنێ: یەکێکیان (وەک لە وەرگێراوە

فارسییەکەیدا نووسراوە) زانای پارس و ماد، کە دینی یەکخواپەرستیی بۆ هێنان و ئەوی دیکە زەردەشتی ئەستێرەناس کە لە سەردەمی نینووس دا (هاوسەری سەمیرامیس - کە لە ئەفسانەکانی یۆنانیدا بە شاژنی ئاشوور ناسراوە) ژیاوە.

٨- ئەردەشیری خەبەردار نووسەرێکە لە فارسەکانی هیند، بوونی زەردەشت دەگێڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٦٠٠٠ ساڵ پێش زایین،

٩- بارۆ بوون سێن (Baron Bunsen) ی ئاڵمانی بوونی زەردەشت بە٦٥٠٠ ساڵ پێش زانیین دەنووسێ،

١٠- (فرانسوا ماری آروئە François Marie Arouet)ی فەرانسەیی ناسراو بە وۆلتێر(١-١٧٧٦)، لەکتێبی(Essai sur les noeurs et l"esprit des nation: کە بەفارسی بەناوی{ بررسی درباره یآداب وروحیات مل } وەرگێڕدراوەتەوە)، سەردەمی سەردەشتی بە ٦٠٠٠ ساڵ پێش کوورۆش داناوە.

١١- سپێنسێر (Spencer) دە نووسراوەیەکیدا بەناوی ( دوره زیست آرییها) کە لە ساڵی 1965 زایینی لەبۆمبەئی(بۆمبای) لەچاپ دراوە، لەسەربناخەی زانستی ئەستێرەناسی، کاتی زردەشت بە 7129 ساڵ پێش زایین دادەنێ.

١٢- پلینی(Pliny) نووسەروجوغرافی زان و فەرماندەی ڕۆمی، گومانی لەوەدایە کە زەردەشت تەنیا ناوی کەسێک بێ و چەند کەسی دیکەش ئەو ناوەیان هەبووە، پاش‌زەردەشت بەرزترین‌پلەدارانی‌دینی‌زەردەشت کەپێیان‌کوتراوەزەرەتوشترەتەمە (Zarathushtratema) - واتە زەردەشت ئاسایان - لە سەرزەمینی ماد لە لە ڕەی ژیاون.

١٣-"بروس Berossos"ی مێژوونووس‌و پێشەوای "کلدانی" - کە لە سەدەی سێیەمی (پ.ز) ژیاوە - ڕەگەزی زەردەشت دەباتەوە سەر نەتەوەی "ماد" کەلە ساڵانی ٣٠٠٠ تا ٢٣٠٠ لە "کلدە"دا فەرمانڕەواییان کردووە.

١٤- مێری بۆیس ئەوواتایەی سەلماندووەکەنوێبوونەوەی دینی‌زەردەشت یادگاری سەردەمێکی - بەبڕوای وی ١٧٠٠ ساڵ پ.ز یە - زەردەشتییانی کلالیفۆرنیا ئەو مێژووە بە ١٧٦٧پ.ز دەزانن، ژاک دۆشێن گیمەن ئەوەی قبووڵ نییە و پێیوایە ئەو ڕوانگەیە لەباری هەڵسەنگاندنی زەمانییەوە کێشەی هەیە. چونکە پێیوایە کەلک وەرگرتن لەکانزا هێرشکارانی ئوڕووپاییهیناویانەودەڵێ واباشترە بەکاتی پەیماننامەکەی هیتی و میتانی دەوری ١٣٨٠پ.ز. و کاتی بەمەزەندەی دانرانی سروودەکانی وێدایی، سروودەکانی سانسکریت، دەوری ١٠٠٠ی پ.ز دانێین.

تێبینی: سینۆهە پزیشکی فیرعەونی میسر، لە ژیاننامەکەی خۆیدا باسی ئەوە دەکا، کە بەفەرمانی ئەخناتوون(١٣٥٠پ.ز) بە وڵاتی میتانییاندا گەڕاوە و لەوێ

کێردێکی پۆڵای دیوەبەدیاری بۆفیرعەونیبردۆتەوە. وەک ئەودڵێ، میتانییەکان بۆ تۆپی حاربەکانیاندا کەڵکیان لەو کانزایە وەرگرتووە. ئەوکانزایە زۆر لە مس قایمتر و رەقتربووە، کە لەوسەردەمەدا تیخی تۆپیحاربەکانی جەنگییمیسربوو. کەوابوو کوردەکان پێش ئەو ڕوانگەی گیمەن خاوەنی کانزا و تەنانەت ئاسنیش بوون. ئەو هێرشکارە ئورووپاییانەی ئەویش باسیان دەکا، هیتەکان بوون کە ئەوانیش گەڵێکی هاوڕەگەزی مادەکان بوون.

١٥- بەهرام پاتاوالای زانای فارسی لە هیند، بە ئەژمێریاریی ئەستێرەناسی مێژووی زەردەشت بە ٦٣١٢پ.ز دادەنێ.

١٦- فیرووز ئازەرگوشەسب، ئەوەی بەهرام پاتاوالا پشتڕاست دەکاتەوە.

١٧- (شاپووری کاووس جی) و (شەهریار جی دادباهای بەهارجە) مێژوویەک لەنێوان ٤٠٠٠ تا ٦٠٠٠ پ.ز دادەنێن.

"جەلیل دوستخواه (پێشوتار: ئەوێستا، نامەی مینەوی زەردەشت، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، وەرگێر بۆکوردی عومەرفارووقی، ١٧) دەڵێ: "ئەوێستا کۆنترین نووسراوەی ئێرانییانە، کاتی ئەم بەرهەمە ئەگەرچی بەدروستی ڕوون نییە، بەڵام بەلانیکەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەدە بەرلە زایینی مەسیح."

بەوتەی(فرهنگمهر):دانپێدانانی:(پلوتارکPlutarch)و(ئسترابونStrabo)سەدەی یەکەم،(دیوجنسلائرپیوسDiogenes Laërtius)و(پورفیریوسPvrfyryvs)سەدەی سێهەم، (بازیل Basil St. Basil of Caesarea) و (موپسوستیاTheodore Mvpsvstya) و (ریستوگنوس Rystvgnvs) و (آمیانوس مارسلینوس Ammianus Marcellinus ) سەدەی چوارەم، (ازنیک کلبی و الیزە واردایت Iznik Kalbi, and Elysee Vardapt ) سەدەی پێنجەمی زایینی و...، لەسەریەک زیاتر لە پەنجاویەک سەرچاوەی جۆراوجۆر بەهیچ شێوە و فێڵێک ناکرێ بەساختە و درۆ بزانرێ.

هاشمی ڕەزی(اوستا کهنترین...٢٩) ڕوانگەی یۆنانییەکان لەوبارەوە ناسەلمێنێ و ڕوانگەی دابپارێزانیش لەمەڕ ٦٦٠ تا ٥٨٣(پ.ز)یش بەنەشیاودادەنێو ئاماژە ڕوانگەی پوورداود دەکا کە پێیوایە ٦٠٠٠ی پێش هێرشی خەشایارشا هەڵەیە و نوختەیەکی بەزیادی بۆدانراوە، و ڕاستەکەی دەبێ٦٠٠بێ وبەوحیسابە تاریخەکە دەبێتە ١٠٨٠(پ.ز).

ئەو دوو نووسەرە وەک دووئێرانیی ڕەگەزپەرست، سەرەڕای ئەوەی نەیانتوانیوە بێباوەڕیی قینلەزگانەی خۆیان سەبارەت بەزایانی یۆنانی بشارنەوە، لەوە کەڵکیان وەرگرتووە کە(دیوژنس لرتیوس http://book.tahoor.com/fa/Article/ - زرتشت اختلافی ترینچهره تاریخ) بەگێرانەوەلەگزانتوس لەدووکتێبی دەستنووسلەیەکێکدا کاتی زەردەشتی بە ٦٠٠ ولەویدیکەدا بە٦٠٠٠ ساڵ پێشلەشکرکێشانی

خەشـایار بـۆ یۆنـان نووسـیوه. بێگومـان له (٦٠٠)ەکەدا نـوختەیەک کەوتـووه و ئەوی دیکه ڕاستتره.

وەک هاشمی ڕەزی (زەردەشت و ئامۆژگارییەکانی)دەڵێ: لەگاتاکاندا باسی پیشە سازی نەکراوه، باسەکانیسەردەمێکـدەنوێنێ، که مرۆڤ لە ڕەوەکیو ڕاوەئاژەڵ ڕا قۆناخی ژیانی گوێزراوەتەوه بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵ و نیشتەجێیی. و ئەوه سەرەتای شارستانییەته و ....

سەردەمیزەردەشت تا ئەوجێگایەی دەکرێ به گاساکانی ساغ کرێتەوه، سەردەمی کشتوکاڵو نیشتەجێبوونه. ئەوسرووودانه باسیچینی پیشەسازانیان تێدا نییه. بەپێی دۆزراوەکانی ئەو دواییيانەی کەوناراناسی، ئەو سەردەمه، لەکوردستاندا - زێدی زەردەشت - دەتوانێ له ١٢٠٠٠ساڵیش کۆنتربێ(بۆوێنه: شارەکەی دەرین کۆیو له ئانـاتوولیی بـاکووری کوردسـتان و گەنـمه دۆزراوەکەی لای کرماشـان ئەوه دەگەیەنن که قسەی یۆنانییەکان لەڕاستی نیزیکتره)، جا ئەوەی که زەردەشت له چ قۆناخێکی ئەو سەردەمەدا پەیدابووبێ بـابەتێکه دەبێ بەورد ببییەوه هەنگاو به هەنگاو هەڵسەنگێندرێ.

کاتی زەردەشت له چەندین ڕوانگەوه هاتۆته بەیانکردن:

## نووسەرانی ئێرانی:

زۆرینەی ئێرانییـان، به لاسـاکردنەوەی نووسـەرانی داب پـارێزی ئوڕووپـایی و کتێبەکانی پەهلەوی، بۆ شوێن و سەردەمی زەردەشت پێ لەسەر نووسراوەکانی سـەردەمی ئەشـکانی و ساسـانی دادەگـرن، ئەو بۆچـوونه له زۆر سـەرچاوەی ڕۆژهەڵاتیدا بەبایەخەوه وەرگیراوه. گرنگترین نووسراوەکانی پەهلەوی که باسی سەردەمی زەردەشت دەکەن ئەوانەی خوارەوەن:

١- ئەرداویرافنامه کتێبێکه موغێک بەناوی ویرافی پیرۆز، که وێدەچێ له سەدەی سێهەمیکۆچینووسیبی، بەسەرهاتیمۆبێدێکیتێدادەگێڕێتەوه. ناوەرۆکی سـەرەکیی ئەو کتێبه ڕەنـگه ئـی کۆتاییەکـانی سـەردەمی ساسـانی بـێ. مۆبیدانی زەردەشـتی نۆشەمەنییەکی پیرۆزی هۆشبەر دەدەنه موغی باسکراو و سێ شەوانی پێ دچێته خەو و پاشان گەڕانـی خـۆی لەو خەوەدا به بەهەشـت و جەهەنـنەم دا دەگێڕێتەوه. بەوپێیه بنـاخەی نووسینی ئەو کتێبه لەسەر خەوێکی قووڵی پێکهاتوو له ئاکامی بەکارهێنانی ماکێکی بەهێزی هۆشبەر و خەونی کابرایەکی لەهۆشچوو ساز بووه و سەیر ئەوەیه بۆته بابەتی دیاریکردنی مێژووش!.

٢- نووسـینەکەی زادئیسـپێرمی مۆبیـد، که بـراکەی خۆشـی به لادەر له دینـی زەردەشتی لەقەڵەم دەدا، بەڵام داب پارێزان کردوویانەته بناخەی مێژوویان.

٣- بوندێهێش یا بۆندێهشەن، کە نووسراوەیەکی نادینییە، لە بەشی ٣٤ بابەتەکانی ٧- ٨دا لەباسی پادشایانی کەیانیدا ماوەیپادشایەتیی کەیانییانبە٣٠٠ساڵ تا مردنی ئەسکەندەر دادەنێ.

٤- کتێبی دینکەرد کە سێ سەدە دوای لەناوچوونی ساسانی نووسراوە. ئەوکتێبە باسی کردەکانی دینی دەکا.

٥- نووسینەکانی مانی کە ویستوویەتی خۆی بە ڕزگاریدەری هەزارەی دوایی دانێ.

٦- نووسەرانی ئیسلامی وەک بیروونی و مەسعوودی و....ش کە هەرئەوکتێبانە سەرچاوەی نووسینەکانیان بووە.

کە سەیری چۆنیەت و کات و مەبەستی ئەو پێنج سەرچاوەی دەکەین، بە ئاشکرا دەردەکەوێکە لەباریمێژووی زەردەشتەوە هیچ بایەخێکیان نییە. کتێبێک بناخەی لەسەر خەوێ بەهۆی مادەی هۆشبەرەوە نووسرابێ، کتێبی کابرایەک کە براکەی خۆشی باوەڕی پێنەکا و کتێبێکی نادینی کە دیار نییە سەرچاوەی گێڕانەوەکانی چن و کێن و بەئاشکرا بۆ کردنی هەخامەنشییان بەکەیانی سازکراوە و دینکەردێ کە باسی کردەی دینی دەکاوبەئاشکرا شێواندنی باوەڕەکانی نێوگاثاکانی زەردەشتە و... چۆن کراون بە بناخەی مێژوویەکی ئاواگرنگ.

ئەوکتێبانە و زۆرینەی سەرچاوە زەردەشتییەکانی کۆکراوە لە سەردەمی ئەشکانی و پاشانیش ساسانی و کەمێک دواتر نووسراون باسی ئەوە دەکەن کە زەردەشت، دینی مەزداپەرستیی هێناوە و ئەودینە ٣٠٠ ساڵ بەپاکی ماوەتەوەوپاشان نەفرەت لێکراوێک هاتووە و دوایین پادشای (ئێرانشار)ی کوشتووە ودینەکە لەناو چووە. ئاوا ئەو باسە هاتۆتە گۆڕێ کە ئەو نەفرەت لێکراوە دەبێ ئەسکەندەربێ و دوایین پادشاکەش کە ئەو کوشتوویەتی، داریۆشی سێهەمی پادشایهەخامەنشیبێ. بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنە، دیاریدانی زەردەشت دەکەوێتە٦٦٠-٥٨٣ پ.ز. ئەو بەلاڕێدا بردنەی بابەتە مێژووووییەکانی ئاوێستا و بەسەرهاتی زەردەشت، کارێک بووە کە ئەشکانییانی پارت ڕەگەز - کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کێوی ئەلبورز بوون - بۆ کەلکیسیاسی وەرگرتن لەناودینیزەردەشت بەلایبەڵخیئەفغانستاندا کردوویانە، و ساسانییانیش سەرەڕای کوردبوونیان، ئەگەر ئەوەیمێژوویینووسراوی فارسان دەڵێن ڕاستبێ، ڕێچکەیئەوانیان تێکنەداوەتەوەو زیاترپەرەیان بەوساختەکارییە داوە. دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی - کە دواتر لەسەر هەڵوێستیان لەباری کوردایەتییەوە لەبەشیپەیوەندیداردادەدوێین- ژمارەیەکمێژوونووسی ڕۆژهەڵاتی لەسەردیاریدانیزەردەشت، ئەوسەرچاوە سازکراوانە دەکەنە بنەمای نووسینەکانی خۆیان، لەوانە:

١- مەسعوودی کە لەدەوروبەری ساڵی ٣٤٥ کۆچی مرد، لە (مروج الذهب)دا دەنووسێ: بە باوەڕی مەجووسان کاتی زەردەشت ئیبنیئیسپیتۆمان تا ئەسکەندەر ٢٥٨ ساڵە و لە شوێنێکی دیکەشدا ئەو ماوەی بە ٢٨٠ ساڵ نووسیوە. هەر ئەو نووسەرە لە کتێبێکی دیکەی (التنبیه و الاشراف)دا دەنووسێ: زەرادۆشت کوڕی بوورشەسف لە ئاپێستا (واتە ئاڤێستا) ئەوکتێبەی بە سەرۆ بۆی هاتووە، خەبەری داوە کە دوای ٣٠٠ ساڵ ئاژاوەیەکیگەورە تووشیوڵاتی ئێراندەبێ، بەبێ ئەوەی کە دینەکەی لەناوبچێ، بەڵام لەکۆتایی ساڵیهەزارەم، دینو وڵاتەکە هەردووکیان تێدا دەچن. بەوپێیە، نێوانی زەردەشتو ئەسکەندەر ٣٠٠ ساڵە، چونکە زەردەشت لە سەردەمی کەی گەشتاسب کوڕی کەی لوهراسب وەدیار کەوتووە.

٢- ئەبوورەیحانی بیروونی لە (آثار الباقیە)دا دەنووسێ: بە باوەڕی مەجووسان کاتی زەرادەشتی پێغەمبەریان تا سەرەتای مێژووی ئەسکەندەر (٢٥٨) ساڵە. ئەو لەوکتێبەدا زەرتۆشت بەئینزیک بەسەردەمی کەیغۆباد دەزانیو دینەوەری، حەمزەیئیسفەهانی، تەبەری، ئیبنیئەسیر، ئیبنینەدیم، ئیبنیبەلخی، شەهرستانی، میرخواند و نووسەری (نظام التواریخ و نفایس‌الفنون) زردشتیان بەهاوسەردەمی گەشتاسب داناوە.

کوژرانی دارا (داریووشی سێهەم) بەدەستی ئەسکەندەر (٣٣٠-٣٣١پ.ز) بووە. بەوپێیە لەدایکبوونی زەردەشت لە ساڵەکانی ٥٨٨ یا ٦١٨ و یا ٦٣٠ پ.ز بێ. بەپێی گێرانەوەی کۆڵانیی زەردەشتییان، ئەو ناودارە لە ٦٦٠پ. ز هاتۆتە دنیا و لەساڵی ٥٨٣پ.ز لەتەمەنی ٧٠ ساڵی لەکاتی هێرشی لەشکری (ئەرجاسب)ی توورانی لە ئاورگەی بەلخ کوژراوە. زۆرلە ڕۆژهەڵاتناسانیش ئەو مێژوویان دووپات کردۆتەوە.

فیردەوسی سەردەمی کەی قوبادی لە شاهنامەدا هەزار سا□ پێش هۆرموزی باوکی خەسرەو پەرویز زانیوە.

گر از کی □قباد اندر آری شمار            بدین تخمه بر سالیان شد هزار

واتە:

لەکەی قوبادرا دەستبکەیبەئەژمار            تا ئەوتۆرەمەی ساڵدەگاتە هەزار
- کاوە

هورموزی چوارەمی باوکی خەسرەوپەرویز لە٥٤٠ی ز. لەدایکبووە، بەوپێیە کەیقوباد لە ٥٦٠ی پ.ز بووە. دوای کەیقوباد لوهراسب ١٢٠ ساڵ، کەیخەسرەو ٦٠ساڵ و کەیکاوس ١٥٠ساڵ واتە لەسەریەک ٤٣٠ساڵ پادشایەتییان کردووە و ئاوا کەی گەشتاسبی دالدەدەری زەردەشت دەگاتە ١١٠پ.ز کە لەگەڵ هیچ لێکدانەوەیەکی باو ناگونجێ.

پێش باس لەسەر ڕوانگەی ئورووپاییەکان، پێویستە ڕوونکردنەوەیەک بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز:

بۆ خۆم لە لێکۆڵینەوەکانمدا تووشی هێندێک گومان بووم کە تەنیا دۆزینەوەی خودی سەرچاوەکە یا وەرگێڕانێکی باوەڕپێکراوتر دەیتوانی ئاسودەم کا. لەوبوارەدا زۆرجار تووشی ناوی لێکۆڵەرێک یا نووسەرێکی ڕۆژئاوایی بە زمانی کوردی یا فارسی دەبووم. دڵم ناوی لێ نەدەخواردەوە، بەڵام ناوەکان وا شێوێندرا و و ناڕوون بوون کە نەمدەتوانی لەسەر ئینتێرنێت بەدوایاندا بچم، و ڕێنووسی دروستی کوردیشم نەدەدۆزینەوە تا چ دەگا بە ئینگلیسی، بۆ ئەوکارەم دەبوو ناوەکان بە زمانی سەرەکی بدۆزمەوە، کە ئەوەش تووشی سەرەگێژەی دەکردم، بۆیەش ئەوپەڕی حەولی خۆمم داوە ناوەکان و سەرچاوەکان بە زمانی سەرەکیش لەپەنا کوردییەکەیدا بنووسم، تا ئەگەر کەسانێک بیانەوێ لێکۆڵینەوەی وردتر بکەن، بتوانن سەرچاوەی باسکراو بدۆزنەوە.

لە زۆر لە نووسراوەکانی زانایانی ئیسلام دا ئەو نێوانە بە ٣٠٠ ساڵ دانراوە. هێندێک لە ڕۆژ هەڵاتناسانیش ئەو کەی گەشتاسبەیان کردۆتە گەشتاسبی باوکی داریووش.

*تیئۆدور* بارکۆنی Theodor BarQoni نووسەری سێریانی، ساڵی زەرتوشتی بە ٦٢٨ پ.ز زانیوە.

ژاک دوشێن گیمێن (Jacques Duchesne - Guillemin - لەدایکبووی ٢١ی ئاپریلی ١٩١٠) نووسەری کتێبی زەردەشتوجیهانی ڕۆژئاوا، خەڵکی بێلژیکە، مامۆستای زانکۆ و ئێراناسێکی بەنێوبانگە. لە نووسراوەیەکیدا بەناوی ڕوانگە جۆراوجۆرەکان لەسەر زەردەشت (*آراء گوناگون دربارە زردشت*، ژاک دوشِن گیمَن، دانشگاه لیژ، ترجمە آرزو رسولی، ناشر: فرهنگستان زبان ادب فارسی)، ڕوانگەی ژمارەیەک لێکۆڵەری ئورووپایی لەسەر کات و کەسایەتیی زەردەشت و دینەکەی باس کردوون. کە کورتەکەی لەخوارەوەدا دەبینن:

"لەنێو هەموو ڕۆڵەکانی ئاسیادا زەردەشت لەوانەیە یەکەم کەس بێ کە ئورووپا پێشوازیی لێ کردبێ. بەڕواڵەت لەو گێڕانەوە زاربەزارانە ڕا کە باس لەوەوغانە دەکەن کە لە بەیتوللەحم لەپێش پێی کۆرپەکەی مریەم چۆکیان دادا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەدیاریدانیعیساوە پەیداکردووە. دووهێزی چاکەو خراپە، لەشکری دێوانوئێزەدان کەهەرکامەیان لەژێر فەرمانی سەرکردەی خۆیدا لەسەر فەرمانڕەوایی‌جیهانلەشەڕدان،چاوەڕوانی‌ڕۆژی‌لێپرسینەوەبوون،ئامۆژگارییەکانی زەردەشت، تایبەتمەندیگەلێک بوون - کە پێش دەرچوونی بەنی ئیسرائیل لە میسر لە ئاینەکەیاندا هەر نەبوون و تایبەتمەندیی دینی ئێرانی(زاگرۆسی - کاوە) و ئی پێش سەدەی‌شەشەم بوون — ڕەوتی‌سروشتیی‌باوەڕەکانی‌یەهوودیان تووشی‌گۆڕان کاری کردبوون. تەنانەت ئەگەر نەکرێ گریمانەی گۆڕانی دینی یەهوودیش بە

نەبوو دانێین، حاشا لە بوونی ماکی ئێرانی(زاگرۆسی - کاوە) تێیدا بەجێ نییە و هەروەک فرانتسکومۆن(Franz Cumont) یش ویستوویەتی نیشانیبدات، چەندین یادگاریی لە دینی کۆنی ئێرانی تێدا بوون. "

"سەرەتا ویسترا ئایینی زەردەشت لەدژی کلیسا دەکار کەن وتەنانەت ئانکێتیل دوپرون (Anquetil Duperron) بۆ هێنانی ئاوێستا ناردرا بۆ هیند، بەڵام ئەو ئامادەنەبوو ئەوکارەی بکات. نیچە دەنووسێ زەردەشت یەکەم کەس بوو هێزی چاکەوخراپەی لەجیهاندا وەبزاوخستوکوتی بەپێی باوەڕی زەردەشت هەرهەزار ساڵان جارێک ڕزگاریدەرێک(مەسیحێک) دێت وبەلەقاودانی ئەوشارستانییەتەی لیبرالیسم وسۆشیال دیمۆکراسییمەسیحی لەناویبردبوو، ئەوخۆیوەک زەردەشتی نوێ دەهاتەبەرچاو."

"هەخامەنشییان لانی کەم لەسەردەمی داریووش بەدواوە هەرخوداکەی زەردەشت واتە ئەهوورایان دەپەرست، کە لە ساڵنامەکانی ئاشووریدا باسی بوونی ئێرانییان، میدیاوپارسە(*Măda* و *părsa*)دەکاو ئەوهاگەڕێتەوە بۆبەرلە سەدەی ٩ی پ.ز، کە باسی بوونی مادەکان لەخوارووی‌دەریاچەی‌ورمێ کراوە. بەڵاملەبەردەنووسەکانی خۆیاندا هەرگیز ناوی زەردەشتیان نەبردووە."

گیمێن دەڵێ: "لەوسەردەمەدا نیزیکەی هەزارساڵ دەبوو کە خەڵکێکی هیند و ئوڕووپایی واتە هیتییەکان (les Hittites) ئاسیای بچووکیان داگیر کردبوو، لە سایەی هیتییەکان و نووسراوەکانیاندابوو کە ناوی گەلێکی دیکە بەناوی هووریان les Hourrites هاتکە نەهیندوئوڕووپاییونە سامی و نە ئیلامی نە سۆمەری بوون و لە سەردەمێک لە مێژوودا کەوتبوونە ژێردەستەڵاتی چینێک لە مەزنانی ئاریایی و تەنانەت بەخێوکردنی ئەسپیشیان لێ فێرببووون. " *

"لەسەدەی چاردەی پ.ز لە پەیماننامەیەک لەنێوان پادشای هیتی و باجدەرە میتانییەکەیدا بەستراوە، خوایانی هووری وەک میترا و وەرەنە و ئیندرە و ناستیە ئاریاکان دەبینرێن کە لە هیندیش دەبینرێنەوە، نووسەر پێیوایە ئەوە وا دەنوێنێ کە ئاریاکان پێش دزەکردنی خزمەکانیان بۆ ناوچەکوێستانییەکانی ئێران*(ناوچەی زاگرۆسیکوردستان-نووسەر) لەکاتێکیزووتردا سەرزەمینگەلێکیان لەپەراوێزی ڕۆژئاوایی‌ئێرانداگیرکردووە کەدەکرێ بەهیندوئوڕووپاییسەرەتا ناویانبەرین."*

"ئاڤێستا و بەتایبەتیش گاتەکان وەها خراپ بە زمانی پەهلەوی وەرگێڕدرابوونەوە کەهێندێکجاربۆشێکردنەوەیان پێویستبوولەگەڵزمانیسانسکریتهەڵسەنگێندرێن و زانایانی ڕۆژئاواییش لە سەدەی نۆزدەرا هەر ئەو کارەیان کرد."

"لەنێو ئەوزانایانەدا، یەکەمکەسکەگاتاکانی بەنموونەیشیمانەیی خودیزەردەشت لەبەشەکانی دیکەی ئاڤێستا جیاکردەوە مارتین هاوگ(Martin Haug) ی ئاڵمانی بوو. ئەو بە وەبەرچاوگرتنی ئەو تێبینییە کە وێژەری گاتاکان تەنیا ناوی خوای

تاکانە دێنێ و بەربەرەکانی لەگەڵ پەرستنی ئیزەدەکانی دیکە دەکا، ئەوی وەک پێغەمبەرێکی یەکخواپەرست دەناسسێنێ. ئەوە خەیاڵی فارسەکانی هیند ئاسوودە دەکا کە ویلسۆن (Wilson)ی پڕوپاگاندەکاری کۆمەڵیئینگلیکانەکان بەدووخوایی تاوانباری دەکردن. هاوگ هەروەها زەردەشتی بەدژی یەزەشەئاییینییەکان دەزانێ. لەسەرەتای سەدەیبیستەم، قەشەیەکیدیکەبەناویجەیمزمۆلتۆن(James Moulton) یش هەر لەسەر ئەوباوەڕە دەڕوا. زەردەشت لە پڕۆتستان بە باشتر دەزانێ و لە ڕیزی پێغەمبەرانی دادەنێ."

"کریستیەن بارتۆلۆمێ ( Christian Bartholomae, *Zarathustra's Leben und Lehre*, 1924.)یوشەنامەنووسوئانتوئانمێییە( Antoine Meillet, *Conférences sur les gâthâs de l'Avesta*, 1925. ) پسپۆڕی زماننناسی بەراوردی، هەرکامەیان لەجێی خۆیدا لە سەر تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانەی ئەوپەیامەی پێداگرییانکردووە کەتێیدا بەرگری کراوە لە مافی جووتیارانی ڕەنجبەر لە بەرانبەر زۆری و باجئەستێنیی کەسانی بێ مەڕومالاَت و لەشکرییانی ئاژەڵدز*. بارتۆلۆمێ لە باوەری زەردەشتدا بیری بۆسێقۆناخدەچێ، کەدووقۆناخی سەرەتای قۆناخەکانی فەلسەفەی دین ( religions philosophisch)و بە یەکپەرستی و پاشان دووپەرستی دەسەنگێندرێن و دەگەڕێنەوە بۆ ئەوسەردەمەی هێشتا لەزێدیخۆی ماد دەژیا و قۆناخیسێهەم کەکۆمەڵایەتییە soziologisch لەسیستانی شوێنیحەوانەوەو پەناگای خۆی بوو*، بەڵام بارتۆلۆمێ ددان بەوەدادەنێکە ئەوسێقۆناخە لەگاتاکاندا بەوشێوەی بەدەستی ئێمە گەیشتوون، بەڕوونی دیارنین (nicht glatt von einander trennen)."

"پروفسورآنتونین پالیاروAntonino Pagliaro پێیوایە: هەخامەنشییان بەپێچەوانەی ئاشوور، ئەوشوێنانەیان کەدەگرتن خەڵکەکەیان ڕانەدەگوێستنو...ئەوە لەژێر کار تێکردنی ئامۆژگارییەکانیزەردەشتبوو. ماد لەژێرڕووناکایی ئامۆژگارییەکانی موغاندا بوو بە پێتەختی دینیی ئێران"

"سامی ناسوئێران ناسی گەورەیسوئێدی، هنریکنیبێرگ (Hendrik Nyberg) کە کلیلی گاتەکانی دۆزیبووە، کتێبی(*Die Religionen des altes Iran*) دینەکانی ئێرانی کۆنی نووسی. ئەوپێیوابوو دانەرەکەیان لەژێرکارتێکردنیمادەیهۆشبەردا هەڵیت پەڵیتێکی دەروێشانەی کوتوون. ئەو کتێبەکەی خۆی بەسۆئێدی بڵاو کردەوە و (هاینریش شیدێرHeinrich Schaeder) کە بۆخۆی دەگەڵیدا هاوڕا نەبوو، دەست بەجێ وەریگێڕاوە سەر ئاڵمانی. پاشان والتێر هێنینگ بۆچوونەکانی نیبێرگ و ئێرنست هێرتسفیلد (Ernst Herzfeld)ی بێبەزەییانە خستە بەر ڕەخنە. ژنەکەی هێنینگ جوولەکە بوو و لەئاڵمانی نازی هەڵاتبوو. ئەو لە زنجیرە وتارێکدا لە ١٩٤٩، لەژێر سەردێڕی راتانْبای کاتْراک (Ratanbai Katrak) دا داوای لێکرا لەسەرئەودوو وێنە لێکجیاوازەی نیبێرگوهرتسفێلد لەزەردەشتیان سازکردووە، بدوێ. بەوجۆرە بەشی زۆری وتارەکەی بوو بەڕەدکردنەوەی ڕوانگەی ئەو دوو کەسە. و وتارەکانی لەساڵی ١٩٥١ لەژێرناوی زەردەشت، ڕامیار یا جادووگەر؟ (*Zoroaster, Politician or Witch-doctor*) بڵاوبونەوە. لەو وتارانەدا ئەو تەنیا باسی

شوێنی زەردەشت و ڕاگەیاندنی پەیامەکەی کردبوو. هێنینگ پێیوابوو واباشترە ئوولیزەردەشت وەک دینە دوو خواییەکانی دیکە و وەک بەرهەڵستی لەگەڵ یەک خواپەرستی سەیری‌کرێ. ئەوە هەرئەوبۆچوونەیەکە۱۰۰ ساڵ پێشتر، فریدریش شپیگ□ (Friedrich Spiegel) لەشوێنەوارناسیی *ئێرن* (*Eranische Altertumskunde*)ی خۆیدا دابوویەدەست."

"هێرتسفیلد نووسەری کتێبی زەردەشت و جیهانی وی *Zoroaster and his World*، گەشتاسب Vištăspa ی باوکی داریووش و گەشتاسبی داڵدەدەری‌زەردەشتی بەیەک داناون. هێرتسفیلد دەست دە بەڵگەنامەکان وەردەدا و بەکەیفی خۆی دەیانگۆڕێ. شیدێر کە خاچ پەرستێکی توندوتیژبوو لەسەردینی زەردەشت دەنووسێ: دژکامیی زەردەشت و داوای پێغەمبەرایەتییەکەی کەنوێنەری ئارەزووی کەسی و بەڕاستی بلیمەتیی بێوێنەی دینیی خۆی بوو - کە ئەوتوانییووی بەجارێک بەتێکڕایی کۆیان کاتەوە – پاش‌خۆی نەماوەو درێژەی‌پێنەدرا و بەدەستی دواکەوتەناشییەکانی دوای خۆی بەشێوەیەکی پرش‌وبڵاودەرهاتن. بۆچوونەکانی لەبابەت‌هێزەڕزگاریدەرەکان چ ئێزەدی و چ مرۆڤی لە شێوەی حەوت ڕزگاریدەر(ئەمشاسپەندان)ی پڕ چەقەو کێشەداگۆڕان. تێگەیشتنی‌وی لەدووجیهان(مینوها) گۆڕا بەبیرێکی‌دوای خۆڕسک لەڕزگاریو زیاترلەپێشوو لەژیانی تژی‌لەئەخلاقییات‌دوورکەوتەوە. ئەوئێزەدانەی دووری خستبوونەوە، سەرلەنوێ دزەیان کردەوە نێویەزەشەکانی ئایینی‌وپەرستنی وان کەموزۆرلەگەڵ‌پەیامەکەی پێغەمبەرسازاندرانەوەوفەرمانەڕوون‌وئاشکراکانی ئەخلاقیی زەردەشت لەژێرباری یەزەشەکانی‌دینیدا ونبوون. (H. Schaeder, *Gott und Mensch in der Verkündigung Zarathustras*, 1937) "

"زانای ئامریکایی، لووئیس.ه. گرەی (Louis H. Gray) پێڕستێکی بەکەلکی لە ئێزەدان و دێوانی ئوولی زەردەشت بڵاوکردەوە کە بەناوی بناخەی دینەکانی ئێرانی (*Foundations of the Iranian Religions*) لەساڵی ۱۹۲۹ بۆمبەئی لەچاپ درا. هرمان لۆمێ□ (Herman) Lommel) کە ئەویش لە ئاوێستادا پسپۆڕە، کتێبێکی بەناوی دینی زەردەشت (*Religion de Zarathustra*) نووسیوە. کە لە ۱۹۳۰ بڵاو کرایەوە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە زەردەشت کاهین بووە و بۆ خوێندنەوەی بابەتی ئایینی داوای بەراتی کردووە. ئەو لەسەرئەوە سوورەکە ئامۆژگارییەکانی زەردەشت هیچ ڕێکارێکی دەمارگرژانەو نەگۆڕیان تێدانییە. ئەو زۆر ئاماژە بە پێشوونانی خۆی ناکا بەڵام لە شوێنێکی دیکەدا ڕوانگەکانی یوهانێس هێرتێ□ (Johannes Herte)و هی تر بەنەرمی دەخاتە بەر ڕەخنە. "

"پ .جوزیپێ مێسسینا (P. Giuseppe Messina)، پێیوابوو گۆڕانکارییەک لەخودی زەردەشتدا ڕوویداوەوئەوکاتەی کە بەبوونی واتایی ئەهریمەنی‌زانی - کەبەداخەوە زۆر بەئاشکراش هەبوو- (Pietro Iacchi Venturi (ed.), *Storia delle Religioni* I, 1949, p. 880.)"

" ریچارد زێنێر(Richard Zaehner) که لەکەشی کوفرونەبەکردنیخوادا پەروەرده ببوو و پاشان به پێچەوانه وەرگەڕابۆوه واته ڕێبازی کاتوولیکی هەڵبژاردبوو، پێیوایه وێکچوونێک لەنێوان یەزشی هووم haoma و یەزشی عیشای ڕەببانی دا هەیه، نۆشەمەنیی پیرۆز، لەڕاستیدا وەک ئەو گیایەیه که نۆشەمەنییەکه شیرەیەتی و چەمکی واتایی بەخۆوەگرتووه."

"گێرشێویچ (Gershevitch)ی شاگردی هێنینگیش ئەو ڕوانگەی مامۆستاکەی سەلماندووه که زێدی زەردەشت به خوارەزم و کاتەکەی وەک سەدەی شەش زانیوه."

"ڕۆژێک والتێرهینتس(Walter Hinz)ی مامۆستایزانکۆیگوتینگن(Göttingen) که پرۆتێستانه، پەرە کاریگەرەکانی خۆی لەسەر زەردەشت Zarathustra بەشێوەیەکی ڕازاوی، وەک دیارییەکیچاوەڕواننەکراو لەگێرفانیدەرێنان، کەوەرگێردراوێکی گاتەکان بوو بەشیکارییەکی زۆرەوه و وای دەردەخست که ئیزەدناسیی زەردەشت هاوشێوەی ئیزەدناسیی مەسیحە،و ئەوبەتێڕوانینێکی وەکمەسیح دنیای بەچاوێکی دیکه دیتووەو لەوبوارەدا وەکژاندارکومارِیا ریلکە(Rainer Maria Rilke) دەچوو. پاچڤەکەی وی له گاتاکان وەک ئەو دوو وەرگێراوەیه که له ماوەی سێ ساڵدا به دوو جاران هێرمان لۆمێ (Herman Lomel) داونییه دەست و ئەو باشییەیان هەیه که گەلەک ڕەوانن. بێرنفرید شلێرات(Bernfried Schlerath) لەپێشەکییکتێبی خۆی بەناوی زەردەشت (Zarathustra)دا، که لەساڵی ۱۹۷۰بڵاوبۆوه و پێکهاتووه له کۆمەڵێک هەڵێنجراوی بەرهەمی زانایانیوڵاتانی جۆراوجۆر، بەرەوایی ئەو سێ وەرگێراوه دەسەلمێنێ و پێشنیاریان دەکا. لەو کتێبەدا ڕوانگەی هێتسفێلد و زێنێر و هەروەها بێگومان به ئانقەست ئی هۆمباخ (Helmut Humbach) نەهاتوون."

"ئێروین وۆلف (Erwin Wolff)ی شاگردی لۆمێ گاتەکانی به پێنج قۆناخ دابەش کردووه.

۱- زەردەشت پیامەکەی ڕادەگەیەنێ *یەسنا* ی ۳۱،٤٥،۳۰،

۲- تووشی بەربەرەکانی دەبێتەوه و له ڕەسالەتی خۆی دەکەوێته دوودڵییەوه. و لەخوای خۆی پرسیار دەکا. یەسنای ۳۲، ٤٤، ٤۸، و ئەوه هەر ئەوەیه که وۆلف به (بوونی پیس die dunkle Zeit) ناوی دەبا.

۳- زەردەشت داڵدەدەر و پشتیوانێک بۆخۆی دەخوازێ یەسنای ۲۹ و ٤۳، بەڵام یەسنای ٤۳ که ڕەسالەت و بانگهێشتنی ئەو لەخۆدەگرێ بەشێوەی هەنووکەیی (زمان حاڵ)ە.(گەڕانەوه بۆ قۆناخی ۱)،

٤- زەردەشت ویشتاسپی وەک پشتیوان دۆزیوەتەوە، ٤٦، ٤٩٥١، بەڵام یەسنای ٤٦، بە گێڕانەوەی هەڵاتنی بە هەنوەوکەیی (لەباری ڕێزمانییەوە) دەست پێدەکا (گەڕانەوە بۆ قۆناخی ٢و٣).

٥- زەردەشت هێمن و سەقامگیر بووە ٣٣، ٣٤، ٢٨، ٥٠، بەڵام یەسنای ٥٠ بەو هاوارە دەستپێدەکا: چاوەڕوانی پشتیوانی لە چ کەسێکبم؟ (گەڕانەوە بۆ قۆناخی ٢)،"

"هۆمباخ لە وەرگێڕانەکەی لەگاتاکاندا ئەوسروودانە بەهاوسەنگی وێداکان دادەنێ و دەڵێ زەردەشت هەرسروودخوێنێک ئایینی بووەو حاشا لە پێغەمبەربوونەکەی دەکا، ماریژان مووله Marijan Molé (پاریسییەکی بە ڕەگەز یووگووسلاوییی و کاتوولیکێکی زۆر دەمارگرژ) ئەو ئیددیعایەی گەیاندە ئەوپەڕی خۆی. "

"خاتوونەئینگلیسی(مێری بۆیسMary Boyce) لەژێر کارتێکردنی کۆنەپارێزانەی دینیدا لەلێکۆڵینەوەیەکیدا لەنێو زەردەشتییەکانی ئێران‌وهیند، تێگەیشتووە کە ئەوان هیچ تەمایەکیان بۆبڵاوکردنەوەوپەرەپێدانی ئوولیزەردەشت نییە*. - و زەردەشت بە مۆبیدی بەڕێوەبەری یەزەشی ئایینی دادەنێ، و پێیوایە هێندێک هاو بایەخ لە پێشتردا لەهزری ئێرانییاندا‌پێش‌زەردەشتیش‌هەبوون، وەک‌هاوبایەخیی وردەکارییە جۆراوجۆرەکانی ئەو ئاینە و حەوت قۆناخی ئافراندن."

"(بۆیس)ی شاگردی هێنینگ میتراوروونای(*Mitrăvaru¤nă*)وێدایی بەبێ‌سەرنج دان بە باری ڕێزمانی بەمیتراوئەهوورای مەزن وەرگێڕاوەتەوە و بە دوو وشەی زانیون ولەکتێبەکەیدا بەناوی‌مێژووی‌زەردەشتیگەری(*History of Zoroastrianism*)دا نووسیویەتی. ئەوبەتێگەیشتنی‌ئەوواتایەی‌کە بەگوتەی زۆرینەی‌زانایان، پەیڕەوانی ئوولیزەردەشت، پەیامەکەیان‌بەلاڕێدابردووە، مارتین‌هۆگی‌ئاڵمانی بەبەرپرسیاری ئەو لادانە دەزانێ کە بە پاڵپشتی بەتەنیا گاتەکان، زەردەشت بە یەکخواپەرست و دژی هەرچەشنەیەزەشی‌ئایینی‌دادەنێ. ئەوبۆچوونە هاوڕالەگەڵ‌جۆرێک بۆچوونی پڕۆتستانی سازکراوە. مێری بۆیس .The continuity of the Zoroastrian Quest" in W Foy (ed.), *Man's Religious Quest*, London 1977, p.604) بە لێکۆڵینەوە لەناو زەردەشتییانی ئەو سەردەمەدا بەربەرەکانیی ئەو بۆچوونە دەکا و بەهەموو هەوڵی خۆیەوە دەیەوێ بیسەلمێنی زەردەشت یەکخواپەرست نەبووە.* لەگاتەکاندا دوو جار ناوی ئاهوورامەزدا(سەروەری زانا)و ئاهووراکان(خواکان)ی دیکە هاتووە، سەیریش نییە ناویان نەبرابێ و پەیوەندییان لەگەڵ ئاهورامەزدا دیاری نەکرابێ؟ نەک هەر بە بڕوای من بەڵکوو بەبڕوەای زۆر لەزایانی‌دیکەش واوێدەچێ ئاماژە بن بە خواکۆنەکان وەک مێهر(میترا) و... کە لە ئاوێستای غەیری گاتاکان ناویان بردراوە، بەبڕوای‌من ئەوانە دەبێ زاتگەلێک‌بن‌کەهێشتا ناوی‌پایەدارانی پیرۆزیان نەکەوتۆتەسەر؟ ئەو ناوەی کە هێندێک پاشان بۆ یەکەم جار لە حەوت یەسناکاندا هاتوون و پاشانیش لەگەڵ سروودی ناگاتایی مێهریەشت١٣٩لەژێرناوی ئاهوورا

مەزدا و پایەدارانی پیرۆز بەرەوڕوودەبین، ئەومانایە دەبێ هاوتـابێ لەگەڵ: مەزدا و ئاهووراکانی دیکە*. "

"لەسـەر یەزشـەکانی دینـیش مێـری بـۆیس لە قبـوولکردنی ئەو ڕوانـگەی مـارتین هۆگ خۆ دەپارێزێ کەزەردەشت ڕێگای بەخواردنەوەی هووم نەدابێ. زەردەشت لە جێگایەکدا باسی جۆرێک نۆشەمەنیی سرکەردەکا، مێری بـۆیس پێیوایە مەرج نییە مەبەستی هوومبووبێ. لەجێگایەکی دیکەدا ئەوپێغەمبەرە هوومی ناڕاستەوخۆ بە دەرۆشا(کە لەئاڤێستای نوێ بەردەوام دووپات دەبێتەوە)ناوبردووە. مێریبۆیس دەڵێ ئەو پارچەیە گەلەک ناڕوونە وناکرێ بکرێ بە بەڵگە. "

"یوحەننا نارتێن (Johanna Narten)ی شاگردی کارڵ هۆفمان، وەبیر دێنێتەوە کە ئەگەروابێ زەردەشت یاهوومی مەحکوومدەکا یا چاوپۆشیلێدەکا، کە بە وەبەر چاو گرتنی گرنگیی ئەو نۆشەمەنییە لە یەزشی ئایینیدا بەواتای ئیدانە کردنیەتی. (J. Narten, *Die Am•ša Sp•ntas im Avesta*, 1982.) تەنیا ئەو ئیدانەکردنەیە کە هۆکاری نەبوونی هووم لە یەزشی حەوت هاتی یەسنا بە زاراوەی گاتایی بەیان دەکا. ئەو یەزشە هەروەک پێشتر کوتوومە تەنیا پەیوەندیی هەیە بە یەزشی ئاگر"

"هووم هاتە لای زەردەشت

کە ئاورگەی دەماڵی

و گاتەکانی لەبەر دەخوێندەوە

زەردەشت پرسی ئەتۆ کێی

کە لەهەموو جیهانی ماکی

بەجوانترت دەبینم

و لەگەڵ ژیانی پرشنگدار و بێبڕانەوە

ئەوجار ئەو وەڵامی داوە

من ئەی زەردەشت

هوومی پارێزکار و دوورخەرەوەی مەرگم

بمکە قوربانی، ئەی سپیتۆمان

بمگووشە بۆ نۆشین

ستایشتم کە بە ستایشت

هەروەک ڕزگارییەخشەکان کردوویانە"

"پاشان ئەو چوار ڕزگاریدەرە ناودەبا. ئەوقارەمانانەی سەردەمیکۆن کەیەزەشیان بۆ کردووە و ئەوپاداشەی هەریەک لەوان پێیان دراوە، لە یونگەهانی پەیوەندیدار بەڕۆژ، باوکی(جەم Yima)کە بووبەپادشایسەردەمیزێرین، هەتا(پووروشاسپە Pourušăspa)ی باوکی زەردەشت، ئەو پێغەمبەرەی لە فەڕی ئەو دێوەکان، کە تا ئەوکاتی لەشێوەی مرۆڤدا دەگەڕان، ڕاونرانە ژێر زەوی."

"زەردەشت بە بیستنی ئەو قسانە ڕێز لە هووم دەگرێ و فرە ستایشتی دەکا و داوای چاکە و لاواندنەوەی لێدەکاو... لەو یەزشەی هووم ڕا وادەردەکەوێ کە زەردەشت بەهێما دانی بەو یەزشەیدا هێناوە. بەوەدا دەردەکەوێ کە زەردەشت پێش دیاریدانی هووم کارێکی بێجگە لە مالّینی ئاورگە نەبووە وئەوە لە حەوت هاتەکانیشداهاتووە. زۆرێکلەشیکارانی ئەوڕۆ پێیانوایە زەردەشت پاش دژایەتی کردنی یەزشیهووم، بایداوەتەوە بەلاّم نەک بەشێوەیسڕکەر، بەڵکووسووکتر*. پاشان دوشێنگیمێندەڵێ: "کۆمەڵیزەردەشتیسەرەڕایگۆڕانکارییەکانی سەردەمی هەخامەنشیش، تائەوڕۆ،واتەسیسەدەوەفادارن بەئامۆژگارییەکانیپێغەمبەرەکەیان، هەر بەوجۆرەی لە گاتاکانیدا هاتوون. ئەو پشتێندەی دەبێ هەمووڕۆژی ببیەستن، ئەودووعایانەی ڕۆژێ پێنججاران دەبێ بیان کەن‌و جێژنەکانی سالاّنە کە برایانە لێکیان کۆدەکاتەوە. ئەونەریتانە ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەرەکەیان وەهالەهزریاندا نەخشاندووە و ناوەرۆکی ئەو ئامۆژگارییە ئەرێنی و تژی لە هیوایانە وەهابوون کە واتایەکی جیهانییان داوەتە بچووکترین کارەکانی ژیانی ڕۆژانە."

لێرەدا پێویستە دوو ڕیوونکردنەوە لەسەر نووسینەکەی دوشێن گیمێن بدەین:

١- ئەو میدیا و پارسە (*Măda* و*părsa*)ی ئەو باسیان دەکا مادەکان بوون، نەک ماد و پارس و بەوتەی ئەو ئێرانی. پارسوئا (لەخوارەوەی گۆلی ورمێ ڕا تا ئیسفەهان) وەک خوارووترینبەشی سەرەکییمادە، گیمێن‌وتەنانەت هێرۆدۆتیشی تووشی هەڵە کردووە و ئەوان ئەوناوە بە هەڵە بە پارس تێگەیشوون، کە پارسەو واتە ولاّتی پارسەکانە وەک لە نەخشەی سترابۆن ڕا دەیبینن، دەکەوێتە تەنیشتی ڕۆژئاوای ئاریانا. پلینووس (Plinyus)، زاناو مێژوونووس و نووسەری ڕۆمی، ناسراو بە پۆلینووسی گەورە، زەردەشت بە پێغەمبەری ماد ناودەبا. سووئیداس (Suidas)ی زانای بەناوبانگی یۆنانی لەوزانستنامە گەورەیدا زەردەشت بە زانای پارس و ماد ناودەبا. "بروس"ی مێژوونووس‌و پێشەوای "کلدانی" - کە لە سەدەی سێیەمی (پ.ز) ژیاوە - ڕەگەزی زەردەشت دەباتەوە سەر نەتەوەی "ماد". بارتۆلۆمێ: زێدی زەردەشت بە ماد دەزانێ،

٢- بە وتەی گیمێن هوورییان (es Hourrites)ی نەهیندوئوڕووپایی ونەسامی و نەئیلامی نەسۆمەری لەسایەی چینێک لە مەزنانی ئاریایی، تەنانەت بەخێوکردنی ئەسپیش فێربووون، لێرەدا دەردەکەوێکە ڕەگەزیئاریایی چۆن بۆسووک کردنی

خەڵكی ڕەسەنیناوچەوگەورەكردنەوەی دەوری ئۆرووپالەپێگەیاندنیاندا داتاشراوە، ئەوە هەرئەوبیرە ئیستیعمارییەیە كەبەپێیئەو، ئینگلیس مافی داگیركردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بەخۆدەدا و ناوی ئاوەدانكردنەوەی لەسەر ئەو داگیركارییە دادەنا.

بەپێی یەكێك لە ڕۆژئەژمێرەكانی (مجم التواريخ)، زەردەشت حەفتاودووساڵ پاش وێرانكرانی ئوورشەلیم لەلایەن(بوختونەسر)ی پادشایبا،و بەكۆیلەگرتنی یەهوودییان، هاتۆتە دنیا و ئەو مێژووە كەم تا كورتێك دەكاتە كاتی داگیركرانی با بەدەستی كووروٚش.

مێهرداد بەهار« فَرنَبغ دادَگی – یَندَهِش » دەڵێ: ئاوا دەبێژێ بەهەدین كە بوون (هەستی) سێهەزارساڵ مینەوی (ئاسمانی، واتایی)بوو، كە ئافراندن بێ هزر، بێ جۆڵە و هەست پێنەكراو بوو (كە) هەزارەی خودایی بەرخ و گا و دووپەیكەر بوو. سێهەزارساڵان كەیوومەرسی بەبێ ئیبلیس بوو. (كە) هەزارەی خودایی قرژاڵ و شێر و هێشوو بوو كە لەسەریەك شەشهەزارساڵ بوو و كە هەزارەی خوایی گەیشتەتەرازوو، ئەهریمەن هێرشیهێنا. كەیوومەرس لەسەردەمی هێرشی ئەهریمەندا سی ساڵان ژیا. پاش چ ساڵان(مەشی) و (مەشیانە) گووران‌و پەنجا ساڵان ژن‌ومێردایەتی لەنێوانیاندا نەبوو. نەوەدوسێ ساڵ و شەش مانگان پێكەوە ژن و شوبوون، تا هۆشەنگ هاتە گەنجەتی. هۆشەنگ چ ساڵان، تەهموورس سی ساڵان، جەمشید تا (فەڕ)ی لێوەرگیراوە شەشسەدوشازدەساڵ‌و شەش‌مانگان. پاشان یەكسەت ساڵان لە هەڵاتندا بوو (كە) بوو بە حەوسەدوشازدەساڵ و شەش مانگ. پاشانهەزارەی خودایی گەیشتە قرژاڵ. زەححاك هەزارساڵان پادشایەتیی كرد، پاشانهەزارەیخواییینیوەئەسپداهات. فەرەیدوونپێنسەدساڵان پادشایەتیی كرد. هەرلەوپێنسەدساڵەی فەرەیدووندا، ئیرەج دوازدەساڵان (پادشایەتییكرد جا) مەنووچێهر یەكسەدوبیست ساڵان فریدون، ایرج دوازە سا (پادشایەتییكرد جا) منوچهر یک سد و بیست ساڵان (پادشایەتییكرد جا) - كەی غۆباد پازدە ساڵان پادشایەتییان (كرد). سام لەو(سەردەمە) ی زاب و غوباد و مەنوچێهردا بوو. كەیكاوس تا چوونی بۆ ئاسمان حەفتاو پێنجساڵان و پاشان حەفتاو پێنجساڵی دی لەسەریەك سەدوپەنجاساڵان، كەیخەسرەو شێست ساڵان، كەیلوهراسب یەكسەدو بیست ساڵان، كەی گۆشتاسب تا هاتنی دین، سی ساڵان ( پادشایەتییان كرد)، ئەژمێرەكەی یەك هەزار ساڵە. جا هەزارەی خوایی گەیشتە بزن. زەردەشتی سپیتۆمان لە داداری هورموزد ڕا بەپێغەمبەری هاتەلایگۆشتاسب شا. گۆشتاسب شا پاش هاتنە سەردینەكەی نەوەد ساڵان، بەهمەنی كوڕی ئەسفندیار یەكسەد و دوازدە ساڵان. هومای بەهمەن- دوخت سی ساڵان، ئەسكەندەری ڕۆمی چاردە ساڵان، ئەشكانییان (كە) بە پادشایەتیی پارێزگارانە ناو دەبرێن دووسەت‌وچەند ساڵێك، ئەردەشیری بابەكان و ساسانییان (بە) ئەژمار، چوارسدوشێست ساڵان (پادشایەتییان كرد)، تا تازییان لە ساڵی چوارسەدوچوحەوتی پارسی جێگای (وانیان) گرتەوە. ئێستا پێنج (سەد) و بیست و حەوتی پارسییە (واتە هەشتاساڵان دوای ئیسلام - كاوە). "

ئەوە لێکدانەوەی بوندەهێشە لەسەر هاتنی زەردەشت بۆ لای گۆشتاسب شا. بەو پێیە: بەبێ ئەژماردنی دووسەت ساڵی دەستەڵاتی یۆنانییەکان و دووسەت ساڵ بێدەنگیش، هێشتا مێژوویەکە دەکاتە ٩٠٦ ساڵ پێش هێرشی عەرەب. ئەگەر ٦٥٢ساڵی زایینی لێ دەرکەین کە دەبێتە ساڵی تێدا چوونی پادشایەتیی ساسانی، دەکاتە ٢٥٤ ساڵ پ.ز. بەپێی ئاماژەی خۆی ئەوکتێبە دەبێ لە ٧٠١ی زایینی نووسرابێ.

مهرداد بهار(له فرنبغ دادگی رویه ١٥٦)، «هنینگ»و «هرتسفلد» و چند زانای دیکە، لەدایکبوونی زەردەشتیان بە ٢٢٨ ساڵ پێش ئەسکەندەرنووسیوە، عەلیرەزا شاپوورشیرازی١٩٤٢-٢٠٠٦، دێرینەناسی ئێرانی و مامۆستای زانکۆ لەئامریکا و ئینگلستان، کە لێکۆڵینەوەکانی زۆرترلەسەرمێژووی هەخامەنشییانو کووروٚش بووە و وەک پسپۆڕی پلەبەرزی مێژووی ئێران ناسراوە، ئەو مێژووە ناسەلمێنێ و پێیوایە زانایانی زەردەشتی ژمارە ی ٢٢٨ساڵ پێش ئەسکەندەریان لە بابلییان بیستبوو.

دیاریدانی ساڵئەژمێری سلووکی لەسەرەتای سەردەمی ساسانی بوو بە هاندەرێک کە زەردەشتییان بێنەسەر ئەوباوەرە کە سەرەتای هەزارەی زەردەشتییان بەرابەر بووە لەگەڵ دەستپێکی ئەوساڵئەژمێرە. ئەوماوەیە نیشاندەری مەودایێنێوان گیرانی بابل بەدەستی کووروٚش لەساڵی ٥٣٩و دوایەش بەدەستی سلۆکۆسە لە ٣١١پ.ز، کە سەرەتای ساڵ ئەژمیری سلووکییە. و بەو لێکدانەوە ڕا سەرکەوتنی کووروٚش لە گرتنی بابل بە کاتی دیاریدانی ئەشۆ زەردەشت دەزانن.

نیۆلی G.Gnoli ئەو ڕوانگەی دوکتور شاپورشەهبازی پەسند ناکاو بۆ سەلماندنی دروستیی مێژووی شێوازیی زەردەشتییان پێ لەسەر ئەرداویرافنامە دادەگرێ، کە دەبێتیە بناخە بۆئەوقسەی مەسعوودی نێوان زەرەشتوئەسکەندەر ٣٠٠سال بووە ژماری ٢٥٨ ڕاستە چونکە زەردەشت لەتەمەنی ٤٢ساڵیدا گەشتاسبی بانگهێشت کردووە بۆسەردینەکەی خۆیو ژمارەی ٢٥٨ لە ٣٠٠ لێدەری ٤٢ ڕا پەیدابووە.

پرۆفیسۆر دوشێنگیمێن دەنووسێ: «...ئەگەروتەیهێکاتیوس Hecatee de Milet و هێرۆدۆت وەرگرین، لەسەردەمی زەردەشت، واتە نەختێک دوای یەکپارچەبوونی ئێران بەدەستی کووروٚش*، خوارەزمییان بەشێکی گەورەی ئێرانی ڕۆژهەڵاتیان لەبەردەستدابووە. هەروەک هێنینگ سەرنجی داوەتێ، بۆئەوەی کووروٚش بتوانێ تەواویئەوناوچەی یەکجێ بخاتەژێرفەرمانیخۆی، دەبوو پێشترلەباری سیاسییەوە هاوپەیمان بووبن، چونکە ئەگەر وانەبایە کووروٚشدەبوو ماوەیەکیزۆر بەگرتنی یەک یەکی وانە خەریک بێ. کەوابوو هیچ بەربەستێک نییە بۆ ئەوەی دان بەوە دابنێین کە ئەو ویشتاسسبەی پشتیوانیی لە زەردەشت کردووە، سەرۆکی ئەو شێوە ئیمپەراتۆرییە بووە. بێجگە لەوەش ئەو ویشتاسبە کە بەپێی نەریت باب و باپیری هەر لەو پلەیدا بوونە، بۆخۆی جێنشینێکی نەبووە. ئەوانە نیشاندەری ئەوەن کە

گۆیا سەرکەوتنی کوورۆش کۆتایی بەپادشایەتییەکەی(خوارزمی مەزن) هێناوە، کە زەردەشت بناخەی دینەکەی لەوێ داناوە."

*سەرنج بدەنە ئەو لێکدانەوەی دشین گیمێن و هاوشێوەکانی، وڵاتی ئێران هەر بوونی نەبووە تا کوورۆش یەکپارچەی کا، ئەو ئیمپەراتۆرییەتێکی گەورەی داگیر کرد و دەستی بەسەرداگرت و ناویشی تادوای کوورۆش هەرئیمپەراتۆرییەتی ماد بوو، ئەوە درۆیەک، دووهەم کوورۆش کوڕی گەشتاسب نەبووە، ئەوە ئاشکرا و ڕوونە، گەشتاسبی باس کراو هەر لەسەردەمی کوورۆشدا پادشاش نەبووە. ئەو فەرمانڕەوای ناوچەیەکی چکۆلە واتە پارت، لە باشووری ئەو وڵاتەی ئێستا ناوی ئێرانی کەوتۆتەسەر و ئەومیرایەتییەشی لەلایەن داریووشی کوڕی پێدرابو، نەک ئەوەی کە پێشتر پادشای خوارزم بووبێ، ئەوە درۆی دووهەم، سێهەمیش ئەو درۆیانە کەزەردەشت دەبەنەلای ڕۆژهەڵاتیش هەرلەوتییەنوسەرچاوەی هەمووی ئەوانەش هەر ئەوچەند درۆنامەی ئەشکانی و ساسانی و دوای وانیش ژمارەیەک مێژوونووسی وڵاتی‌لای ڕۆژهەڵاتی ئێران، وەک بیروونی، بوون کە شۆڤێنیزمی ئێرانی بەیاریدەی چەند دەمارگرژێکی ئاییني یا بەکرێگیراوی ئوڕووپایی پێیان لەسەر داگرتووە. لەوبارەدا زیاتر دوان و ڕوونکردنەوەم دەبێت. درۆیەکی دیکە ئەفسانەی ماندانایە کە بە وتەی هێرۆدۆت کوورۆش دەکاتە نەوەی پادشای ماد و کوڕی کەمبووجییەی فارس، بەڵام کتێزیاسی مێژوونووسی‌یۆنانی دەڵێ کوورۆش کوڕی ڕێگرێک بووە، دوایە بۆتە مەیگێڕی دەرباری ئیختوویگوو و پاشان بووە بە سپایی و لەبەر زیرەکی هەڵیداوە و دوایە بەیاریدەی نارازییانی خەیانەتکاری ماد ئیمپەراتۆرییەتەکەی لەناوبردوون. لەوبارەدا سەرنجبدەنە بابەتی ئیختوویگو.

لێرەدا چەند تێبینیو ڕوونکردنەوەیەک دەبێ بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بیرمەند و هێژا:

١- وەک دەبینین بوندێهشەن هەشتاسال پاش ڕووخانی ساسانییان نووسراوە. واتە ماوەیەکی درێژی دیکەش لەو کاتەی بۆ پێغەمبەرایەتیی زەردەشتی‌داناوە دوورتر کەوتۆتەوە، کە سروشتییە لەو دۆخەناڵەبارەدا زۆرشتی‌نادروست‌ولادانی دیکەشی تێکەڵبووبێ.

٢- بوندێهشەن ئەو٩٠٦ساڵەی بەبێ‌نێوان نووسیوە. هیچ ئاگای لە٧٦ساڵی نێوانی ئەسکەندەر و ئەشکانییان نەبووە. ئەگەر باوەڕ بەو درۆنامەی بکەین، دەبێ زەردەشت دەوری ٢٥٤ساڵ پێش مەسیح یا چەندساڵێک زووتر هاتبێ کە ئەوە لەگەڵ هیچ پێوەرێک و تەنانەت بژیانی (ئیددیعای) داب پارێزانیش ناخوێنێتەوە. ئەگەریش ئەو ٧٦ ساڵەی ڕەگەڵ خەین، بەپێی ژمێریاریی ئەو کتێبە دیسان دەبێت چەند ساڵێک زیاتر لە ٣٣٠ی پێش زایین. بەڵام کێشەکە لێرەدایە کە ئەوەی ساسانی و ئەشکانیش دروست نین، ئەشکانی نەک دووسەت و چەند ساڵێک بەڵکوو (٢٤٧ پ.ز. تا ٢٢٤ ز) واتە (٤٧١ ساڵ) و ساسانی (٢٢٤ تا ٦٥١ ز) واتە (٤٢٧ ساڵ) پادشایەتییان کردووە، کە لەسەریەک دەبێتە ٨٩٨ساڵ.

٣- هەخامەنشییان (٥٥٠ – ٣٣٠ پ.ز، واتە٢٢٠ سا) دەستەڵاتداربوون. ئەگەر بەقسەی داب‌پارێزانیش‌بێ، لەسەر بنەمای ساڵپێوی سلووکی کە حیسابەکەی وانی لەسەر دانراوە و بەپێی ئەرداویرافنامە، زەردەشت ٣٠٠سال پێش لەناوچوونی هەخامەنشییان بەدەستی ئەسکەندەر هاتبێتە دنیایە، ئەوە دەبێتە ٦٣٠ پ.ز، کە لەوکاتیدا بەشاهیدیی مێژووی ئێرانییەکان، هەخامەنشی تەنیا وڵاتی پارس و ئەنشانیان بەدەستەوە بووە و ئەو تاریخە دەکاتە سەردەمی پادشایەتیی فرەوەرتیش و لەوکاتەدا تەنانەت گەشتاسبی باوکی داریووش هەر لەدایکیش نەبووە. داریوش لە٥٢١ پ.ز بۆتە شای ئیمپەراتۆرییەتی هەخامەنشی و گەشتاسب (ویشتاسب)ی باوکیشی کردۆتە ساتراپی پارت. واتە١٠٩سال پاش حیسابەکەی داب پارێزان. و ئەوە پێموایە هەربەسە بۆئەوەی بناخەی درۆکانیان هەر لەبنەڕەتەوە هەڵتەکێنین. لایەنگرانی ئەو بۆچوونەی زەردەشت بە سەردەمی هەخامەنشییان، گیرانی باب بەدەستی کووروٚش، یا سەردەمی ویشتاسبی باوکی داریووش و ... دەبەستنەوە، ئەوەندەگێژانە تیۆرییەکەی‌خۆیانیان‌داڕستووە، کەتەنانەت خۆیان هەربەوەندەشەوە ماندوونەکردووەتابزانن٣٠٠سال پێش ئەسکەندەر سەردەمی فرەوەرتیش بووە نەک ئی هەخامەنشییان. ئەگەر وە ک لەخوارەوەش دەبینن، قسەی «هنینگ» و «هرتسفلد» و چند زانای دیکە، قبووڵ کەین، دیسان لەدایکبوونی زەردەشت دەکەوێتە سەردەمی ئیختوویگۆی ماد، واتە ٨ سال پێش تێشکانی. کە ئەوە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ڕاستی یەک ناگرنەوە، چونکە زاوایەکی ئیختوویگۆ موغێکی زەردەشتی بووەوئەوە ناتوانێ پێش‌لەدایکبوونی‌زەردەشت‌بێ‌ولەلایەکی دیکەشەوە وێنەی فرەوەهروچەند نیشانەیەکی دیکەی‌ئوولی زەردەشت لەسەر گۆڕی پادشای ماد لەلایەتسلێمانی(کە بێگومان ئی پێش ئیختوویگویە) ئەو ڕوانگەی نووسەرانی ناوبراو هەر دەکاتەوە وڕێنەیەک و بەس.

وەک دەبینین مێژووی‌داب پارێزانە کە لەسەر بنەمایەکی سست و بێ پایە دانراوە و تێکخستنەوەی چەند درۆی ئاشکرا پشتیوانیی لێدەکەن، بەمەبەستی سیاسی و دینی بۆتە جێگای داکۆکیی هێندێک نووسەری بەناو لێکۆڵەری ئوروپایی وەک (نیوولی) و (هێنینگ) و (هێرتسفیلد) و.... کە هۆکارەکانی لە شوێنی خۆیدا باس دەکەین.

جا ئەوجار پرسیار ئەوەیە کە چۆن دەکرێ فەیلەسووفانی کۆنی یۆنانی و لەوانە هێرۆدۆت کە لەسەردەمی ئەردەشیری یەکەم ( ٤٦٥-٤٢٤ پ.ز) هاتۆتە ئێران بەهیچ شێوەیەک باسی زەردەشتیان نەکردبێ؟ بێجگە لە نووسراوەی نووسەرانی یۆنانی و ئی دیکە لەسەر کاتی زەردەشت - کەلەسەرەوە لە ١٧ خاڵدا باس کران - ئاگاسیاس (Agathias) ی نووسەر و یاسازانی ڕۆمی لە سەدەی شەشی زایینی، یەکبوونی گەشتاسبی ئاڤێستا و باوکی داریووش ڕەد دەکاتەوە و نێوانی ئەودووە بە چەندین سەدساڵێک دادەنێ، چونکە لە سەردەمی گەشتاسبی باوکی داریووشدا موغەکان هەبوون. دیارە موغ زۆر پێشتریش بۆ وێنە لەسەردەمی ئیختوویگۆدا کە سپیتامەی زاوای ئیختوویگۆ نموونەیەکییەتی. فرەوەهر کە هێمای ئایینی زەردەشتە، لەگەڵ چەند نیشانەی زەردەشتی لەسەر گۆڕی پادشای ماد لە قسقاپان

لە پارێزگای سلێمانی - کە بێگومان ئی پێش ئیختوویگۆیە و دەکرێ بە یەکێکی دیکەیە لە بەڵگە حاشا هەڵنەگرەکانی وەدرۆخستنەوەی ئەو داوایەی سەرچاوەکانی پەهلەوەی لەسەر کاتی زەردەشتی دانێین. بڕواننە ئەو وێنەیە لە بەشی ڕوانگەی داب پارێزانەدا.

ئیبراهیمی پووورداوود دەنووسێ: لە سونەتی زەردەشتییاندا سەردەمی پێغەمبەری ئێرانلەساڵەکانی (٦٦٠-٥٨٣پ.ز) زانراوە. ئەوسوننەتە لەکتێبە پەهلەوییەکاندا بەهێندێک جیاوازی لەیەکترەوە ماوەتەوە.

کلیما(O.Klima)ی زەردەشت ناس، هەرلەسەربناخەی ئەودرۆیانە، پێیوایە مانی خۆیبەجێنشینی زەردەشتولەشوێنی(هۆشیدەرواتەیەکەمڕزگاریدەری زەردەشتی) زانیوە، کە دەبی هەزار ساڵ پاش زەردەشت پەیدابووبێ. چونکەزەردەشت لە ٣٠ ساڵیدا بووەبەپێغەمبەر، مانیدەبێ٩٣٠ساڵ دوای زەردەشتبێو ئاوا لەدایکبوونی زەردەشت ٧٨٤ و مردنی بە ٧٠٧پ.ز دادەنێ.

گیمەن بەگشتی ئەو ئوڕووپاییانە کە باسی کاتی زەردەشتاین کردووە، بە سێ دەستە دادەنێ:

دەستەی یەکەم: سەرچاوەکانی پێشوونانکەزەردەشت لەفەلسەفە و ئەستێرەگەری، کیمیا، جادووگەری و زانستەکانی دیکەدا بەمامۆستای فیساغورس(<u>٥٦٩</u> تا <u>٥٠٠</u> پ.ز) دەزانن، کەسانێک لەژێر کارتێکردنی بیرەکانی زەردەشتدا، تێکۆشاون لە نێوان مەسیحییەت و فەلسەفەی نوێ ئەفلاتوونیدا سازانێک پێک بێنن.

دەستەی دووهەم: سەفەرنامەی گەڕیدەکانە کە سەرچاوەی زانیاریی بەکەڵکن لەبارەی زەردەشت و پارسییان. لەوانە دەکرێ ئاماژەبکەین بە سەفرنامە های مارکوپولو(Marco Polo)، تاورنیە(Jean-Baptiste Tavernier)، شاردن ( Jean Chardin) و....

دەستەی سێهەم: سەرچاوە عەرەبی نووسەکان وەک (الملل ونحل شهرستانی، روضه المناظر فی علم الاخیارالاوایل والاواخراز ابن شحنه، والاواخراز ابن شحنه، والاواخرازابنشحنه،آثارالباقیەیبیرونی.)وسەرچاوەکانی ئاینی مەزدیەسنا و لەوانە ئەرداویرافنامە بەفارسیوکۆمەڵێک بڵاوکراوەی نوێ وەک زەردەشتنامە و فەرهەنگی جەهانگیری و.....

و سەرەنجام نیشان دەدا کە چۆن ئەو سەرچاوانە لەژێر کارتێکردنی نیازەکانی نووسەرانوتوێژەرانیاندان کەدەبنە هۆیگۆڕانی ڕاستییەکان. ئەو بەوئاکامە دەگا کە هەخامەنشییان لە داریووش بەولاوە زەردەشتی بوونە بەڵام بەشێوەی خۆیان.

مامۆستا ئومیدعەتائیفەرد، لێکۆڵەری‌مێژوو و فەرهەنگی ئێران نووسەری کتێبی (پیامبر آریائی) کە لەئێرانییە کووروش پەرستەکانیشەو چەند کتێبی لەسەرئێران نووسیون، لەسەرزەردەشت لەگەڵ‌ماڵپەڕی(ئەنجومەنی زەردەشتییان لەستۆکهۆلم) وتووێژێکی کردووە. ئەوماڵپەڕەش یەکێکە لە ڕەگەزپەرستترین و دژەکوردترین ماڵپەڕەکانی شۆڤێنیستی ئێرانی. بەداخەوە من کتێبەکەیم وەگیر نەکەوتن، بەڵام وتووێژەکەی کە نموونەیەکە لە ناوەڕۆکی ئەو کتێبە لەڕوونبوونەوەی مێژووی زەردەشتدا زۆر گرنگ و بایەخدارە، لەسەر ئەو بنەمایە، وەرگێراوی قسەکانی وەکخۆی لەخوارەوەدادەنێم، لەوبابەتە تەنیاپرسیاری‌یەکەمی وتووێژکاردێنمەوە، کە بوونی پێویستە و پاش ئەوە تەنیا دەچمە سەر هەموو وتەکانی خۆی لەوەڵامی پرسیارەکاندا: بۆتێکەڵ‌نەبوون‌لەگەڵ نووسراوەوڕوانگەی‌خۆم هەموو وتووێژەکەم بە "...." دیاری کردووە.

"وتووێژکار: پێش (دکتر فرهنگ مهر) چەندکەسێک لە لێکۆڵەروانی پارسیی هیندیش لەڕوانگەوگۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە سەردەمی زەردەشتی مەزنیان بە ئی زۆر دوور زانیوە. لەو ساڵ ئەژمێرە بەفەرمی ناسراوەی ئێستادا(مەبەستی ساڵ‌ئەژمێری پەسندکراوی‌زەردەشتییانە)...بێگومان‌مێژووی٣٧٠٠ساڵ پێویستیی بەگومان و پێداچوونەوە هەیە؛ هەر وەک چۆن تا پەنجاساڵ پێش‌ئێستا وا مەزندە دەکرا کە زەردەشت لە سەردەمی هەخامەنشییاندا ژیاوە!!"

"ئەو مێژووە (٣٧٥١) لە لێکۆڵینەوەکانی مامۆستا زەبیح بێهرووزەوە سەرچاوەی وەرگرتووە،و ئەنجومەنی‌مۆبیدانی‌تاران بەپێی لێکۆڵینەوەکانی وی ئەومێژوویان بەفەرمی‌ناسیوەوئەویش بەگوێرەی‌ئەژمێرگەریی‌ئەستێرەناسی‌بەوئاکامە گەیشتووە.

امید عطایی فرد: توێژینەوە و ژمێریارییەکانی ئەستێرەناسیی مامۆستا زەبیح بێهرووز ناتوانێ بەتەنیایی ببێتە بەڵگە و سەنگێنەر، چونکە:

*ڕۆژی لەدایک بوونی زەردەشت (٦ی خاکەلێوە)، ڕۆژێکی ئەفسانەییە کە ڕووداوگەلێکی فرەی لە ڕۆژی ئافراندن ڕا تا کردەوەکانی کیانیيان لەخۆ دەگرێ. دەبێ‌بزانین لەساڵەکانی١٧٦٨پ.ز(کاتی ژیانی‌زەردەشت بەبڕوای‌زەبیح‌بێهرووز) دا ئایا پادشایەک بەناوی گەشتاسپ/ ویشتاسپ فەرمانڕەوایی بەدەستەوەبووە؟"

"*ئەو سپیتۆمان زەردەشتەی لەڕاغا(ڕێ) لەدایک بوو و چووە ئێرانویچ (ماد/ ئاترۆپاتەگان)، چۆن لە وڵاتی نیمرووز بوو تا ئاسمانێو سازکا و لەدوای خۆی بەجێی بێڵێ؟"

"*زانیارییە کۆمەڵایەتییەکانی‌گاتاکان ویەسنا، هیچ وێکچوونێکیان لەگەڵ مێژووی ١٧٦٨پ.ز نییە چونکە هێشتا جینی چوارەم(پیشەسازان) لەپاڵ‌سێ‌چینەکەی دیکە (ئاتووربانان و وەرزێران و لەشکرییان)دا نابینین."

"*ئەو ساڵ ئەژمێرە لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی خودی مامۆستا بێهرووز لەناکۆکی و ناوەکیەکییەکی تەواودایە، چونکە ئەوپێشینەی شارستانییەتی ئێران تا دەهەزارساڵ دەنرخێنێ ودەشزانین پاش سەردەمی سەهۆڵبەندان(شارستانییەتی جەم)، بە پێی ناوەرۆکی ئاڤێستا، ئاوەدانی و کشتوکاڵ بەزەردەشت دەست پێدەکا." (لەودواییانە دا شوێنەواری ۱۲۰۰۰ساڵەی کشتوکاڵ لەلای کرماشان دۆزراوەتەوە - کاوە).

*بەو گومانەش کە ساڵئەژمێر و ژمێریارییە ئەستێرەناسانەکەی مامۆستا زەبیح بێهرووز ڕاست بن، ئەوجار ئەو ڕازە گەورەتان بۆ دەدرکێنم کە ئەو زەردەشتە، نەک سپیتومان، بەڵکو زەردەشتێکی دیکەیە."

"مامۆستابێهرووز ژمێرییارییەکانی خۆی بەبێ‌سەرنجدان بەئاسەواری دێرینەناسی و زماننناسی ئەنجام داون. ئەو تەنانەت مێژووی کۆتایی شانامەی بە ۳۰۰ لەقەڵەم داوە کە لەگەڵ هیچ پێوانەیەکدا ناگونجێ... بەڵام هاوئاراستەی مێژووی کۆنتری زەردەشت: چەند زانای ئەستێرەناسیش بە ژمێریاریی ئەستێرەناسی بە تاریخگەلی ۸۰۰۰تا۹۰۰۰ساڵە گەیشتوون. ژمێریارییەکانی لێکۆڵەروان ئاوایە:

"۸٦۰۰پ.ز (بهرام گور انکلسریا)، ۶۳۱۲ پ.ز (بهرام پاتاوالا) ، ۶۵۰۰ پ.ز (اردشیرخبردار)، ۷۱۲۹پ.ز (سپنسر)، ۵۰۰۰تا۶۰۰۰ پ.ز (مری ستگاست) و... (باهایکوکا) نووسراوەی تیریەشتی پاش زەردەشت و نیزیک بە۵۳۰۰ پ.ز خەمڵاندووە. دوو بەڵگەنامە سەرنجی منیان ڕاکێشاوە: یەکەمیان گێڕانەوەیەکە لە کتێبی حەوتەمی دینکەرد کەدەڵێ زەردەشت لەساڵی ٥٦٧۰ی ئافراندندا لەردایک بووە. و دووهەمیان بەڵگەنامەیەکی مانەوییە کە هدایکبوونی مانی(۲۱٦ی زایینی) بەساڵی ۱۱۵۲۷ی ئافراندن دادەنێ. بەڵێک کەمکردنەوەی ئەودووەمێژووە لەدایک بوونی زەردەشت دەگەڕێتەوە ۵۸۵۷ساڵ پێش مانی و دەگاتە ساڵی ٦۰۹۰پ.ز. لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی‌بەڵگەنامەی‌مانەوی دەستپێکی هەزارەی یەکەم بەرابەرە لەگەڵ۱۱۳۱۰پ.ز/سەرەتای هەزارەی شەشەم ٦۳۱۰پ.ز، دەستپێکی هەزارەی دوازدە۳۱۰پ.ز./هەزارەی شەشەم لەگەڵ ژمێریاریی (پاتاوالا) ۲ساڵی جیاوازی هەیە و ۳۱۰پ.زش پەیوەندیی بە پەیدابوونی دینی میتراوە. (دینی میترا زۆر پێش زەردەشت هەبووە و ئەو مێژووەی لێرەداباس کراوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێکی دیکە لەو سەردەمەدا – کاوە)"

"لەسەر بنەمای بەڵگەنامەگەلی پتەوی مێژوویی و نیشانەکانی دێرینەناسی، من لەگەڵ مێژووی ۸۵۰۰ساڵەی زەردەشتدام و پێشنیاردەکەم لەو پێکهاتە فۆرمۆلەی کەلکوەرگرین: (۱۳۹۰ی‌عەرەبی- ئیسلامی = ۲۵۷۰ی شاهەنشایی = تاریخی جیهانی=۸۵۷۰ی ئێرانی- مەزدایی) بۆهاسانکردنەوەی کار، ٦۰۰۰ساڵ دەخەینە سەرمێژووی شاهەنشایی."(مەبەستی نووسەر لە ئێرانی- مەزدایی زەردەشتییە – کاوە)

"لەبارەی زەمانی ٨٥٠٠ساڵەی زەردەشت دەبێ بڵێم: لانی کەم دە مێژوونووسی کۆن ئاماژەیان بەومێژووە کردووە؛ ئەوش بەدووشێوە: ٦٠٠٠ساڵ‌پێش ئەفلاتوون و ٥٠٠٠ساڵ پێش شەڕیترۆیا. گومان لەوەدانییە کەیۆنانی سەرچاوەکانی خۆیان لەئێرانییان‌وەرگرتووە. ژمارەیەک لەوان هاتبوونەئێران‌ودەزانین کە فەیلەسووفان و زانایانی بەرچاوی ئێرانی بەشداری و پەیوەندییان بە ئاکادێمیی ئەفلاتوونەوە هەبووە. (بڕواننە کارتێکردنی جیهانبینیی ئێرانی لەسەر ئەفلاتوون)/ (اربلو) ئاماژەی بەوە کردووە کە ئێیرانییانی کۆن زەردەشتیان بە چەند هەزارە پێش مووسا دەزانی. ئەرستووش موغانی ئێرانی بە کۆنتر لە میسرییان دەزانێ."

"دۆزراوەگەلی دەهەزار ساڵەی وەک ئی جیرۆفت و... دەتوانن گومانی ئێمە کەم کەنەوە. هەرچەند دوودڵی لەسەرمێژووی٦٠٠پ.ز(مێژووی‌نەریتی) نەدەگونجا، بەڵام ئەورۆکە ئێمە بەهاسانی سەردەمی زەردەشتمان بردۆتە دواتر. بۆ؟ چونکە دۆزراوەگەلی نوێی کۆنینە ناسی بیرمانی ڕوونتر کردۆتەوە و تێگەیشتووین کە شارستانییەتی ئێرانی زووتر لە شوێنەکانی دیکەی جیهان گەشەی کردووە. مێری ڕێستگاست(Mary Restgast - دێرینەناس - کاوە) دەڵێ مێژووی شارستانییەت زووتر لەوەی کە پێشتر باس کراوە، دەستی پێکردووە، کەوابوو ٨٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا ئیدی چاخی بەردین نەبووە. (کتێبی «دیدی نو از دینی کهن» بخوێننەوە). بەپێی بابەتەکانی پەهلەوی‌زێدی‌زەردەشت شاری‌ڕەی بووەدەتوانن‌بەڵێکۆڵینەوەی مێژوویی بەکەونارابوونی ٨٠٠٠ساڵەی ئەوشارە بزانن. (مجلە باستان شناسی و تاریخ، ش ٢١، مقالە اسفندیاری). لەگاتەکان ئاماژە بە٣ چینی کۆمەڵایەتی کراوە و دەزانین چینی چوارەم زووترلە ٧٠٠٠ساڵ پێش ئێستا پێک نەهاتووە. بە کتێبی «تاریخ هفتهزار سالە فلزکاری» بەپەیدابوونی چینی‌چوارەم دەزانین. لە ئاوێستادا زەردەشت بەیەکەم وەرزێر ناوبراوە. ئایا ئەوە بەوواتایە نییە کە زەردەشت لە دەستپێکی سەردەمی کشت‌وکاڵدا ژیاوە؟ گاتەکان باسێکیان لەسەر شار تێدانییە، بەڵکوو باسی دێخیو (دێهیو، دێ، گوند)ی کردووە."

"لەڕاونگەی زمانناسی وداکان بەدواترلەگاتاکان نەک هەمووی ئاوێستا دادەنرێن و کۆنترین سروودی وێداییش گەیێندراونە٧٠٠٠ساڵ پێش‌ئێستا. بەپێی ژمێریارییە مێژووییەکان، مێژووی‌وێداکانی‌سەرەتایی٥٠٠٠ساڵ‌پ.ز (ژاکوبی)و ٦٠٠٠ ساڵ پ،ز(تیلاک) زانراون. بلومفیلد (لێئونارد ***بلوومفیلد*** Leonard Bloomfield زمان ناسی ئامریکایی ١٨٨٧ - ١٩٤٩- کاوە) یش پێیوابوو کە وێداکان لە ٤٥٠٠پ.ز کۆنتر بن. بەپێی گوتەی لێکۆڵەروان دەبێ ئەوە بڵێم کە سانسکریت لەدایکبووی هیند نییەو بەخوشکە بچووکەی زمانی ئاڤێستایی دەناسرێ. تەنانەت هێندێک جار بەزاراوەیەک لەزمانی گاتاکان(ئاڤێستایی) بەئەژمارهێنراوە (جلالی نایینی: مقدمە ریگ ودا).

نیزیکەی٨٥٠٠ساڵ پێش‌ئێستا سپیتومان بەدژایەتی لەگەڵ‌ئوولی برەهماو لەهەمان کاتیشدا چاکسازیگەلێک لە ئوولی مەزدیسنادا بناخەی ئوولی زەردەشتی دادەنێ. ئوولی‌برەهمەنیش‌نەک‌ئوولێکی‌هیندی، بەڵکوئێرانی‌بووە. بەتایبەتیش‌لەخووزستانی

کۆندا تووشی زاراوەی (ریشا) دەبین (= ریسی لە ویداکاندا). هەروەها مامۆستا نەوبەخت، ئیبراهیم ئابرام(ئیبراهیم)ی پێغەمبەریئێرانی(!!؟ - کاوە) بەهاوڕەگی برەهما دەزانێ. یەکەمینوکۆنترین سروودەکانی ویدایی لەبانوویئێراندا دانراون. (مقدمە جلالی نایینی در گزیدە های ریگ ودا). لەسەر بنەمای نووسراوەکانی ئاوێستایی و پەهلەوی، ئوولی مەزدایی کۆنتر و پێشهەنگاوتربوو لەمێهرپەرستی (میترابیزم یا مێهر پەرستی زۆر لە مەزدایی کۆنترە و مەزدایی بۆخۆی ڕیشەی لەمێهرپەرستیوەرگرتووە، سوێندیپادشای میتانیشبەئیندرا دەتوانێ سەلمێنەرێکی ئەو ڕوانگەی فەرهەنگ مێهر بێ لەسەر سروودەکانی ویدایی- کاوە). زەردەشتی مەزنیش نەکـلەگەڵمێهرپەرستی، بەڵکو لەگەڵئوولیبرەهما لەشەڕدابووە، چونکە لەوئوولەدا دێوەکانیان بەخوا دەزانی و ئاهوراییان بەشەیتان. لە گاتەکاندا باسی میترا کراوەو لە یەسناشدا هەمیشە ئاهورامەزدا پەسن کراوە. هاوسەردەمبوونی زەردەشت لەگەڵ زەححاک و فەرەیدوون بە گێرانەوەی کتێبی دینکەرد (شکاندنی بوتەکانیزەححاک)وپەناوبردنیدووکەس لەدوژمنانیفەرەیدوونبۆلای فرەشوشتەر (خەزووری زەردەشت) شایانی سەرنجە."

"لێکۆڵەرەوان لەسەرئەوباوەڕەن کە لەمێژوودا ڕووبەڕووی چەندین زەردەشتین. بۆوێنە سووئیداسیمێژوونووسیکۆن باسیدووزەردەشتدەنووسێ، کە زەردەشتی زانای مادوپارس، پێنجهەزارساڵ پێششەڕیترۆیادەژیا، بەڵام زەردەشتی ئەستێرەناس لەدسەردەمی نینووسدا بوو. ئەو کاتی نینووس بە۱۸۰۰پ.زدەزانێ، کە کەم تاکورتێک بەرانبەرەلەگەڵساڵئەمژمێریمامۆستابێهرووز. لەلایەکیدیکەوە مێژوو نووسێکی کۆن بەناوی (کلمانس) نووسیویەتی نینووسی یۆنانی بێژەی نەمرووده. بەوشێوەیە کۆمەڵگای زەردەشتی هەرئێستا مێژوویئیبراهیمی بەکاردێنێ، چونکە ئیبراهیم هاوسەردەمی نینووسیا نەمروود بووە. ئەوەیکە ناویزەردەشتی لەسەر بووە."

د.فەرهەنگ مێهر، کتێبێکی نووسیوە بەناوی (دیدی نو از دینی کهن)، (لاپەڕە ۱۱۰ تا ۱۲٦) باسی شوێن و کاتی لەدایکبوونی زەردەشت دەکا، پوختەکەی لێرەدا دەخەینە بەر دیدی خوێنەران."

بۆچوونی لێکۆڵەران لە دوو تەوەرەی دژبەیەک دا دەکەونە بەرچاو:

## ۱- مێژووی کلاسیک:

بریتییە لەنووسراوەی نووسەرانی یۆنانوڕۆم کەیا لەزمانیخۆیان یالەئی زانایانی بەنێوبانگ و جێگای ڕێزی دیکەڕا نووسیویانە. ئەوانە مێژووی زەردەشت بە نیوەی دووهەمی هەزارەی حەوتەم لەنێوان۶۲۰۰تا۶۵۰۰پ.ز دادەنێن. شێوەی باسەکانیشیان وانیشان دەدا کەلاسای یەکتربیاننەکردۆتەوە. بۆنموونە لەپەراوێزی کتێبی (الکیبیادێس)ی ئەفلاتووندا نووسراوە : "دەڵێن زەردەشت نیزیکەی شەش هەزارساڵ پێش ئەفلاتوون ژیاوە. هێندێکان ئەوی بە یۆنانی و هێندێکیانیش بە ئی

ئەودیوی دەریای گەورەی دەزانن. زەردەشت زانستی جیهانیی خۆی لە ڕەوانی چاکە واتە وێنای پایە بەرز فێربوو، وەرگێڕاوی ناوەکەی بە یۆنانی ئاسترونوتس واتە ئەستێرەپەرستە." یودێکسێسی کلدانیش کە لەسەدەی ٤ پ.ز لە ئێران ژیاوە بەتەواوی ئاشنا بووە بە زەردەشت وفەلسەفەکەی، بۆخۆی لە دۆستانی ئەفلاتوون بووە و دان بەڕاستیی ئەو پەراوێزە دادەنێ. ئەفلاتوون لەکتێبی (ئالێکسیبیادێس)دا لەوتەی سوقراتڕا ڕازەکانی پەروەردەوفێربوونیئێرانستایشتدەکا، کە منداڵانی دەرباری لە١٤ساڵیڕا فێری زانستینهێنییزەردەشتدەکەن. ئەرەستووش موغانی زانا بە شاگردانی زەردەشت دەزانی و لە کتێبی دیالۆگدا دەنووسێ: "موغان زۆر کۆنتر لەمیسرییانن، ئەوان باوەڕیان بەدووشتانە، ڕەوانی باشی و ڕەوانی خراپە، کە یەکەمینیان زێئووس یا ئۆرۆمازێس (اورموزد) و دووهەمییان ئەرێمانیۆس یا هادێس (ئەهریمەن) ناودەبەن" باسی شاگردانی پرۆدیکووسی هاو ڕێی سوقڕات کراوە کە ئەوان ڕوونووسێکی ئامۆژگارییەکانی زەردەشتیان لەبەردەستدا بووە. هەروەها نووسەر باسی گزانتووس، پۆلینووس، هێرمیپووس، هێرمۆدۆرووس، دیوجێنێس لاریتووس و پلوتارک دەکا کە یەک بەیەک پێشتر باسمان کردوون کە هەرکامەیان ئی سەردەمێک بوون، قسەکانیان هەرچەند دیارەکە لەیەکترییان وەر نەگرتوون، مێژووەکەیانلەنێوان٦١٠٠تا٧٠٠٠ پ.ز داناوە. بەڵام بۆزانایانی ئەو دواییە سوورن لەسەر وەلانانیمێژووی کلاسیک؟ یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەیە کە ئەو مێژووە زەردەشت دەباتەوە چاخی بەردین. و هێشتا نەگەیشتبوونە قۆناخی گوندنشینی و کشتوکاڵ، کەچی گاتەکانی زەردەشت وادەنوێنن کە لەسەردەمی ویدا خەڵک شارنشین بوونەو کشتوکاڵی زۆر تێیاندا ستایشتکراوە. کۆڵینەوەکانی ئەو پەنجاساڵەی دوایی ڕوانگەیوان لەسەرکاتی چاخیبەردین وەدرۆدەخاتەوە. مێری ستێگاست (Mary Sttegast) لە کتێبێکدا بەناوی (افلاطون: دوران پیش از تاریخ از پنج هزار تا ده هزار سا□ پیش از مسیح در اسطوره و باستانشناسی) کە لە ساڵی ١٩٨٦ لەجاپی داوە دەنووسێ کە کۆڵینەوەکانی تازە مۆدێلی کۆنی ڕێڕەوی شارستانییەتو فەرهەنگیتێکداوە،کە لەسەر ڕوانگەی کانتو داروین و گۆردێن چایلدز(Gorden Childz) دانرابوو. تا ئێستا وا گوماندەکرا کەئەوکەسانەی لەنێوان ٥٠٠٠تا٣٥٠٠٠پ.ز دەژیان، وەحشی، ماڵبەکۆڵ و لەجێگایەک ڕا بۆ جێگایەکی دیکە لە جووڵاندابوون. لای سەرووی شارستانییەتی وان ڕاوی ئاژەڵ، ماڵبەکۆڵ و سەرەتایی بوونی مرۆڤەکان لەو سەردەمیدا و ژیان بە ڕاو و میوەی جەنگەڵ و کۆکردنەوەی ڕەگی گژوگیا تایبەتمەندییان بووە. بەبڕوای وان کشتوکاڵ تەنیا ٥٠٠٠ ساڵ پ.ز دەستی پێکردووە."

"مێری ستێگاست دەڵێ: گۆردێن چایلدز کە یەکێکە لەکۆمەڵناسانی نێوبەدەرەیە کە لەپێسەلماندنی ئەوڕوانگەیە لەمەڕدەستپێکیشارستانییەتدا دەورێکی بەرچاوی هەبووە. ئەوکە بە دانپیانانیخۆی کۆمۆنیستبووە، پێیوابوو گۆڕانیڕەوتی ژیانی خەڵکو ڕەوتیشارستانییەت، بەتەنیا هۆکاری ئابوورییەو ڕەوتی شارستانییەتیش بەشێوەی هێڵی ڕوویداوە. ئەو پێیوابوو گۆڕان لەڕاوچییەتی ڕا بۆکشتوکاڵ لە دوا قۆناخەکانی چاخی بەردین پێکهاتووە و ئەوەی بە(وەرچەرخانی کۆتایی چاخی بەردین) ناوبردووە.

مێری‌ستێگاست دەڵێ: کۆڵینەوەتازەکان نیشان‌دەدەن‌کە لەدەهەزارساڵ پێش‌زایینەوە لە هێندێک شوێنی جیهاندا، لەوانە ناوچەی ئاسیای دوور، ئاسیای نیزیک (ئێران و ئەفغانستان)، ئاسیای‌ناوەندی(فەلەستین‌وعێراق)، ئوڕووپای باشووری(تورکیا) و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئوڕووپا(ئیسپانیا)، شارستانییەت و کشتوکاڵ هەبووە. جوانکارییەکانی نێوئەشکەوتەکانی‌پەیوەندیداربەشارستانییەتی ماگدالسی باشووری ڕۆژئاوای ئوڕووپا (فەرانسە - کاوە) دەگەڕێتەوە بۆ ۱۲۰۰۰تا۱۵۰۰۰پ.ز.


دوونەخشی سەردیواری ئەشکەوتەکانی ماگدالسی فەرانسە

ئاڕۆختەی کۆشکێک لە فەلەستین و تەپۆڵکەی هویریک لە ئاناتوولیی تورکیە ئی دە تا هەشت هەزارساڵ پێش‌زایینن. کۆڵینەوەکانی ئاسیای نێوەڕاست و ناوەندی و نیزیک(کەئێران، ئەفغانستان، تاجیکستان‌و خیوەوخواڕەزم بەشێکن‌لەوان،و زێدی زەردەشتیش لەوناوچەیدایە)، ئی دەتایازدەهەزارساڵ پێش مەسیحن، کۆڵینەوەکانی حەنەدۆڵی تورکیا حەوت هەزراساڵ پێش‌مەسیح دەنوێنن و نیشان‌دەدەن‌کە خەڵکی ئەوسەرزەمینە بێجگە لەشارنشینی، هونەری‌بیناسازیی‌سەرنجڕاکێشیشیان هەبووە، هەروەها کۆڵینەکانی ناوچەی ئێران، ئەفغانستان‌وئاسیای‌ناوەندی باسی شارنشینیی خەڵکی ئەوناوچەیە دەکا و بەیازدە تا دەهەزارساڵ پێش‌مەسیحی دەخەملێنێ، واتە پێش‌چاخی سەهۆڵبەندان‌کە بەدەهەزارساڵ پێش‌عیسا دیاریکراوە. لەوسەردەمەدا ئێرانییان ئاژاڵیان کەوی‌کردبوو وخەریکی کشتوکاڵ بوون. لەڕووی ئەونەخش و دەفرانەی‌دۆزراونەوە پێشبینی‌دەکرێ کەلەکۆتاییەکانی هەزارەی‌شەشی پیش‌عیسا، کۆچی‌بەکۆمەڵی دانیشتووانی ئاسیای‌نیزیک بۆباشووری ڕۆژئاوای‌ئوڕووپادەستی پێکردبێ. مێری‌ستێگاست لەسەرئەوباوەڕەیە کەئەوگۆڕانکاری یا وەرچەرخانەی گۆردۆن چایلدز بە پێنج هەزارساڵ پێش عیسای داناوە، بەڕاستی لە زۆرشوێنی جۆراوجۆری ئاسیا و ئوڕووپا دا لە پازدەهەزارساڵ پێش عیسا دەستی پێکردبوو. هەروەها بەپێچەوانەی ڕوانگەی‌وی، هۆکاری‌گۆڕانکارییەکە(گۆڕانی ماڵبەکۆڵی‌و جەنگەڵ‌وکوێستانگەڕی بەشارنشینی‌و نیشتەجێبوون لەشوێنێک‌و خەریک‌بوون بە کشتوکاڵەوە)تەنیاهۆکاری‌ئابووری‌نەبووە. لەوکتێبەیداکەچەندمانگ‌پێش‌ئێستا مێری ستێگاست بەناوی(کاتێک‌زەردەشت‌دوا When Zarathushtra Spoke)لەچاپیداوە، دەنووسێ لەوەدا گومانێک نییەکە گۆڕان لەجەنگەڵگەڕی‌ڕا بۆکشتوکاڵ لەچاخی بەردینی نوێ(Newoliticera) لەهەزارەی(۹و۱۰پ.ز) دا ڕوویداوە، بەڵام بەبڕوای زانایانی وەک‌جاکوێس‌کاوین( Jacques Cauvin, The birth of the god & The origin of Agriculture) هۆکاری ئوولی‌و بیروبڕوایی بەشی‌زۆرگرنگیان لەو وەرچەرخانەدا هەبووە و ئەو بابەتە لەڕووی شوێنەواری وەدەستهاتوو لە کۆڵینەکاندا کە وێنەی

خوایانیـان تێـدایە، دەسـەلمێندرێ. بەبۆچـوونی وی لەوانەیە ئەو جـۆلانەوە لەژێـر ڕێبەرایەتیی زەردەشتی پێغەمبەردا کە بە وتەی یۆنانییەکان لەوسـەردەمەدا ژیـاوە، ڕوویدابێ.

"مێری ستێگاست لەمەڕ ئێران و سەردەمی زەردەشت دەڵێ:

"ناتەواوبوونی لێکۆڵینەوەکانی دێرینەناسیلەئێراندا، لەوەنـدەیڕا کەتائێسـتا وەدەسـت هاتووە، لەڕۆژهەڵاتی کێوەکانیزاگرۆس - لە مەراغە(بـاکووری بـانووی ئێران)، لە سەنگیچەخماق(گورگان)، لەتەپکیگەبرستان، لەحاجی فیرووز(نیزیـک گۆلی ورمێ)، لە تۆکلک تەپە (ئاسیای ناوەندی)، شارنشینی(گوندنشینی)، لانـی کەم لە نێوان پێنج تـا شەشـهەزار سـاڵ پێش مەسیح، مەزراداری و کشتوکاڵ بـاو بـووە و گریمانەی سەرەتاییبوون و مـا ڵبەکۆڵی لەسـەر خەڵکی ئەو سـەرزەمینە بەتەواوی نـابەجێیە. لەو شـوێنانەدا کـاولگەلێکی خـانووی خشـتی، کـوورەی خشـت پێـژی، دەفرگەلـی جۆراوجـۆر و لەوانە گڵێـنە و گـۆزە وکەرسـتەی کشـتوکاڵ وەک داس، چەقۆی لە ئێسک، زینـدانی دوودم (دەزگـای کانزاکوتـان)، خەلە و دانەوێڵە، شـتی خـۆ ڕازانـدنەوە وەک دەسـتبەند، گـۆزەگەلی کـووڕی سـوورر، وەدەسـتهاتوون، کە هەموویان نیشانەی شارستانییەت و کشتوکاڵن."

بۆخۆشم(کاوە)، بەپێویستی دەزانـم ئەزانیـارییە تـازانەش بـۆ پتەوتـر کردنـی قسـەی مێری ستێگاست بخەمە سەر زانیارییەکانی: دۆزرانەوەی شارستانییەتی ١٢٥٠٠


شوێنەواری شارێکی ١٢٥٠٠ساڵە لە گۆکلی تەپەی کوردستانی باکوور

ساڵە لە گۆێکلی تەپەی کوردستانی بـاکوور- ئەویش بەوشێوە پێشـکەوتوویەی لەو دوو وێـنەدا دەیبیـنن - دانەوێـڵەی چێنـدراوی ١٢٠٠٠سـاڵە لە لای کرماشـانی کوردستانی ڕۆژئاوا و لەوانەیە لە لێکۆڵینەوەکـانی داهـاتوو شـوێنەواری کۆنتریش بدۆزرێنەوە.

(وندیداد، فرگرد یکم، بەندی١١- پورداود) دەڵێ: هەشتەمین سـەرزەمین و وڵاتـی باش کە ئافرانـدم، (ئـووروو)ی خـاوەن لەوەڕگەی دەوڵەمەنـد بـوو. چـا ئەهریمەنـی هەمووگیـان مـردن هـات و بە فێڵبـازی و بەزەی نەشـیاوی لێبـووردن (بـلەوەزی و فێڵەبـازی)ی ئافرانـد. لە ژمـارە ٨ی پەراوێـزی ئەوبەشـەدا وشـەی (هەرووت؟)ی بە نیشانەی پرسیارەوە بۆ دانـاوە. دۆڵـی هەرووتییـان لە لای ڕەوانـدزێ بەناوبـانگە

که هۆزی هەرووتیی لێ دەژین. هەرووتی لە کوردیدا بەواتای ئەفسوونگەر و فێڵباز و فاڵچی هاتووە، کە ئەو واتایەی کاری ئەهریمەن دەگرێتەوە.

(وندیداد، فرگرد دوم، بەندی ١١ - پورداود) دەڵێ: خوداوەند فەرمانی سازکردنی "وەر"ی بە جەمشید دا تا مرۆڤ و ئاژەلانی تێدا لە سەرمای سەخت بپارێزێ. لە خاڵی٥ی پەراوێزی(وەر)داهاتووە: پەناگەی ژێرزەمینییە کە جەمشید بەڕێنوێنیی ئاهورامەزدا بۆ خەڵک و ئاژەڵان سازی کرد.

ئەو ئوورووییە لە چەندین شوێنی کورداستاندا ڕەنگی داوەتەوە. شاری ئوورووکی (سۆمەرییەکان)، ئوورارتۆ(ئارارات)نموونەیەکن لەو بابەتە. وڵاتی گووتییەکان کە ناوچەی ڕانیەش دەگرێتەوە و دۆڵی هەرووتییانیشی تێدا هەڵکەوتووە، و ئەو شارە ژێرزەمینی(وەر)انەیلەباکووریکوردستان دۆزراونەوە دەتوانن نیشانەیەک بن لەو هەشتەمینسەرزەمینە، واتە(ئوووروو) کە بەشێک بووە لە وڵاتی کوردان و سۆمەریوگووتی تێدا دەستەڵاتداربوونو مادەکانیش هەرلەوێ وەدیارکەوتوون. ئەوسەرزەمینە لەسەر کەوانەی پڕپیت هەڵکەوتووە و پڕبەرهەمترین شوێنی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستە.

مێری ستێگاست دەیەوێ نیشان بدات کە: یەکەم، ئەو بانگەشەیە کە لەشەشهەزار ساڵ پێش مەسیحدا، خەڵکماڵبەکۆڵ بوونو شارنشینی هێشتا دەستیپێنەکردبوو، نادروستە(هەرئەوڕوانگە نادروستەش یەکێکە لەوبیانووانەی ئوڕووپاییان بوونی زەردەشتیان بەئی٦٠٠٠ساڵ پ.ز لا پەسند نەبووە - کاوە). دووهەم، مرۆڤ لەو کاتەدا چۆتە قۆناخیکانزا یا ژیرێژ(برنز). سێهەم، هێندێک لەدەفرە دۆزراوەکانی ژێرخاک، پێماندەڵێن کەوێدەچێ لەوسەردەمەدا دینیزەردەشتپەیدابووبێ. لەوانە ئاونگی بچووک، کە هوومیان تێدادەکوتاو گورزی بەسەرەئاسکەوە کەپێشەوایانی ئوولی زەردەشت بەکاری دێنن. نووسەر ئاکام وەردەگرێ کە مێژووی کلاسیکی یۆنان بەڵگەدارترن لە مێژووی نەریتیی سەردەمی ساسانی کە مێژووی زارەکی ددانی پێدا دەهێنێ."

"مێری ستێگاست دەڵێ کە: دینی زەردەشت شۆڕشێکی هزری، کۆمەڵایەتی و بنەمایی لە سەرزەمینی ئێرانوێچدا هێناگۆڕێ کە وای کرد خەڵک خوایانی وێنایی و ژیانی ماڵبەکۆڵی وەلابنێن و ڕوو دە شارنشینی، داهێنەری، کار، تێکۆشان و هاوکاری بکەن..."

"بەهرام پاتاوالا ی زانای پارسیو فیرووز ئازەرگوشەسب٦٠٠٠ساڵ، و شاپوور کاووس جی و پرۆفسۆر شەهریارجی داداباهای بەهارجی مێژوویەک لەنێوان چوار بۆ شەشهەزار ساڵ پ.ز دەدەنەدەست. ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی نوێ نە دانیان بە ئی یۆنان و نە بە ئی داب پارێزەکانداهێناوە و نە وەلاشیان ناون."

## ٢- مێژووی داب پارێزانە(نەریتی):

"سەرچاوەی ئەو مێژووە چەند کتێبێکن کە مێژووی زەردەشت دەگێڕێتەوە بۆ سێسەت ساڵ پێش کوژرانی دوایین شای هەخامەنشی.

وادیارە ئەو مێژووە لەسەردەمەردەمی ئەشکانیو ساسانییاندا ساختەکراوە، مێژوو نووسانی ئێران وەک مەسعوودی و بیروونی کوتوویانەتەوە و نووسەرانی نوێش لێیان وەرگرتوون ولەبەریان نووسیونەوە. لەسەرئەوبنەمایە لێکدانەوەی کۆتایی هەر کتێبە نادینییەکەی بوندێهشەنە. بەقسەی بوندێهشەن: تەمەنی جیهان بەپێی داب پارێزیی زەردەشتی لەسەربنەمای دوازدەکەلووی ئاسمان، بەدوازدەهەزارساڵ زانراوە، کە دابەش بووە بەسەرچوارچەرخی سێهەزارساڵی... سێهەزارساڵی یەکەم چەرخی مینەوی(ڕووحانی یا ئاسمانی)بوو، سێهەزاریدووهەم پەیوەند دەدرێتەوە بەژیانی کیومەرس وگا، کەلەوچەرخەدا جیهان شێوەی گەردوونی بەخۆوەدەگرێ، لەچەرخی سێهەمدا مرۆڤ دەئافراندرێ و ئەهریمەن هەر لەو چەرخەدا دەستدەکا بەبڵاو کردنەوەی خراپەکاری ونارەواکان. لەسەرەتای هەزارەی حەوتەم مرۆڤ پەیدا بوو و نوێبوونەوەی ژیان دەستی پێکرد. لەوهەزارەیدا ژمارەیەک پادشای ئەفسانەیی فەرمانڕەواییان کرد. لە هەزارەی هەشتەمدا زەححاک فەرمانڕەوا بوو، لە سەرەتای هەزارەی نۆیەم فەرەیدوون بەسەر زەححاکداسەرکەوت و سەرەنجام لە هەزارەی دەیەمدا ئەشۆزەردەشت وەدیارکەوت. لەچەرخی سێهەزارەی چوارەمدا، لە هەرهەزارساڵێکدا ڕزگاریدەر(شووشیانت)ێک بۆڕزگاریی مرۆڤ لەخراپەکان ڕادەسپێردرێ. تا لەکۆتایی ئەو چەرخە دا جیهان نوێ دەبێتەوەو (فرێشکەرت)ی مردووان دەگەڕێنەوە ئەو جیهانە تا لە گوناهان پاک بنەوە. بەگوتەی دینکەرت، لە چەرخەکانی یەک و دوو دا جیهان لە دۆخی بەهەشتیدا و بەبێ خراپە و تاوان بوو. ئەشۆزەردەشت لە سەرەتای سێهەزارساڵەی دووهەم ئافراندرا و بەدرێژایی ئەو چەرخە جیهان بەشێوەی بەهەشتی بوو و لەسەرەتای هەزارەی سێهەم ئەو ناردرایە سەرجیهانیخاکی(گێتا). دەبێ زاندرێ بۆندێهشەن لەبەرەبەرەی کۆتایی سەردەمی ساسانی و دینکەرد سێ سەدە دوای دەستەڵاتی عەرەب نووسراوە. بەبڕوای من ئەوانەی مێژووی داب پارێزانەیان سەلماندووە، پێیان لەسەر خاکی سست داناوە. هەمووچیرۆکەکەی ئەودوازدەهەزارساڵەی تەمەنیزەوی تا لەدایک بوونی زەردەشت هەرخوازەیەکەوبەس، (هەروەک موسوڵمانانیش کە دەڵێن دنیا وەک لەسەر پشتی گا و ماسییە- کاوە). تێهاویشتنیجیرۆکیئەفسانەیی کەیومەرس و گا و سەلماندنی پەیدابوونی مرۆڤ بە٣٥٠٠ساڵ پ.ز، پێچەوانەی بەڵگەنامە مێژوویییەکانن. ئەگەرە گوماناوییەکانی دیکەش ناتوانن بەڵگەنامەگەلی جێباوەڕبن بۆمێژوویزەردەشت. ئەو مێژووەلەکاتی ساختەکردنەکەیدالەسەردەمی ساسانیشدا بەگومانەوەچاویلێکراوە. ئاگاتیاس(Agathias)ی مێژوونووسییۆنانیکە لەسەدەی شەشەم واتە سەردەمی ساسانیدا ژیاوە، نووسیویەتی: کاتی دیاریدانی زەردەشت و ڕاگەیاندنیدینەکەی بەتەواویڕوون نییە. ئێرانییان دەڵێن کەئەولەسەردەمیویشتاسبی باوکیداریووشداژیاوە.بەدڵامئەوەگەلەکجێگایگومانە.مێژوویپەیدابوونیهەرچی

بێ، گومانلەوەدانییە کە زەردەشت پێغەمبەرێک بووە کە دینی کۆنی ئێرانییانی گۆڕی( Martin Haug - Essay in The Sacred Language Writings & Religion of the Parsis).

"پێرێسک peiresk" لە جڵدی یەکەمی کتێبیخۆی ساڵی لەدایکبوونی زەردەشت بە ٥٩٩ و داوای پێغەمبەرایەتییەکەی بە ساڵی ٥٥٩ ی پێش زایین دەنووسێ.

"لەبەر ئەوەی زۆرینەی لێکۆڵەرەوانی لایەنگری مێژووی داب پارێزانە بناخەی کاری خۆیان لەسەر هاوکاتبوونی زەردەشت و ویشتاسبی باوکی داریوش یا کاتی هێرشی ئەسکەندەر دا بۆسەر ئێران داناوە، ئاکامی کارەکەیان یەکێکە و ئەو چەند دەیەی جیاوازی لە بۆچوونەکانیان لەوەرا سەرچاوەوەردەگرێ کە هێندێکان بە لەدایکبوون و هێندێکیشیان بەپێغەمبەرایەتییەکەی دەزانن. ئەومێژووانە بریتین لە ٦١٨،٦٢٨،٦٣٠و ئەوە لەکاتێکدایە کەئەسڵی بابەتەکە بێپایە و بەگشتی جێگای گومانە...واوێدەچێ ساسانییان پێیانخۆشبووە دەسپێکی پادشایەتییەکەیان بەرانبەر بە سەرەتای هەزارەیەکەم بێ، کەدەکوترا کاتیپەیدابوونیڕزگاریدەری یەکەمی دوای زەردەشتە و ئاوا بایەخی زیاتر بدرێ بە ئەردەشیری بابەکان."

"لەوانەشە زەردەشتییان ویستبیان کاتی پێغەمبەرەکەیان بەپێی مێژووی نووسراو دانێن، بۆیە لە وێکچوونی ناوەکان کەڵکیان وەرگرت و ویشتاسبی کەیانییان کردە ویشتاسبی باوکی داریووش. چۆن دەکرێ هێرۆدۆتی مێژوونووسی یۆنانی کە لە سەردەمی داریووشیمەزندا ژیاوە، ئاگای لە هاوسەردەم بوونی ئەشۆزەردەشت و ویشتاسب و باوکی داریووش نەبووبێ. یا ئەگەر بووبێ چۆن بێدەنگەیان لەبابەتی ئاوا گرنگ کردووە؟... هەمووئەومێژوونووسانەی مێژوویزەردەشتیا بە ٦٠٠٠ ساڵ پ.ز زانیوە لەسەردەمی داریووش یا ئەسکەندەردا ژیاون‌و ئەگەر زەردەشت لەسەردەمی هەخامەنشییاندا ژیابا دەبوو لێی ئاگادارین.سەیر ئەوەیە نووسەرانی سەردەمی نوێی ئورووپایی پێ لەسەر ئەو مێژووە دادەگرن."

"هێرتێ نەک هەر گەشتاسبی کەیانی بەویشتاسبی باوکی داریووش دەزانێ بەڵکو بانگەشەی ئەوەش دەکا کەداریەوش لەسەرداوای زەردەشت، دەستی گئوماتای موغی لە تانج و تەختی ئێران کورتکردۆتەوە. بابەتی ئاواگرنگیشکە هێرۆدۆت سەرەرایئەوەیوابەوردی باسی ڕووداوەکانیکردووەهیچئاماژەیەکی پێنەکردبێ تا هێرتێ دوای ٢٥٠٠ ساڵان بیدۆزێتەوە!."

"ئیبراهیمی پووورداوود، شاپوورکاووسجی، ادواردمایر(Edward Meyer)، گولدنر (Carl Friedrich Gldnr)، کریستینسن(Arthur Christensen)، نیبرگ( Henrik samuel Nyberg)، گیلگر(gylgr)، بارتولمە، لومێ، مریبویس،و زانایانی بەناوبانگی دیکە مێژووی داب پارێزانەیان وەلاناوە."

"یەکەم ئەوەیکە لەبەردەنووسیسایگۆن(دەبێسارگۆنبێ -کاوە)دا باسی مەزدەک و پادشایانی ماد و پەیرەوانی مەردێسن کراوە، و ئەوی دیکە ئەوەیە کە گاتاکان باسی موغ ناکەن."

"بۆئەوەی بیسەلمێنین کە سەرچاوەکانی مێژووی دابپارێزانە، کەنووسراوەکانی سەردەمی پەهلەوی و ئەشکانین، چەندە لە ڕاستی بەدوورن و سەرچاوەکەیان لە کوێڕا هاتووە، ئەو نموونەی خوارەوە تان دەخەینە بەرچاو: لەبرگەی پێنجەمی بەشی یەکەمی دینکەرددا لۆهراسپ لەگەڵ بوختوننەسر لەتەراتێن و وێرانکردنی ئوورشەلیمدا بەشداربووە. لەکاتی هێرشی نەبووکەدنەسر بۆ سەر ئوورشەلیمدا، کشتوکاڵ لە سەرتاسەری جیهاندا بەوپەڕی گەشەکردنی خۆی گەیشتبوو. "

"سەرەتا: بۆ ئەو گەشەکردنە لەسەردەمی هۆشەنگی باپیری بابی لۆهراسپ(بە قسەی کەیخەسرەو) ڕا تا کاتی بوختوننەسر، چەند هەزار ساڵێک پێویست بوو، کە ئەوە لەباری کاتییەوە لەگەڵ ئەو ڕووداوە ناگونجێ."

"هەروەها: ئەو درۆیە بەئاشکرا سەرچاوە لێڵەکەی ئەو کتێبانە دەبەستێتەوە بە بابلییەکان کە پێشتر باسی کرا."

"ئیبراهیم پووررداوود (یسنا – پوشنە ی یکم – رویە ١١٠) دەڵێ: بەپێیی یەکێک لە ساڵئەژمێرەکانی باسکراو لە«مجمل التواریخ» زەردەشت٧٢ساڵ دوای وێران کرانی ئوورشەلیم بەدەستی (بخت النَصر)ی پادشای بابل و برانی یەهوودییان بە کۆیلە بۆ بابل پێی ناوەتە دنیا. ئەوە کەم تا کورتێک دەکاتە کاتی گیرانی بابل بە دەستی کوورۆش. "

ئەو وتووویژە بەڕوونی لەلایەکەوە بەشێکی زۆری ڕاستییەکان و لەلایەکی دیکەشەوەبەشێکیزۆری ساختەکارییەکانلەسەرمێژووی زەردەشت دەست نیشان دەکا. وەکدەبینینهەمووی ئەوحەولووەلایانەوساختەکارییانەبۆ گەورەترکردنەوەی کوورۆشودابڕینیزەردەشتە لەکاتوشوێنیخۆی بۆبەرژەوەندیی ڕەگەزپەرستانە ومەزنیخوازیی فارسوئێرانی. سەیرترئەوەیەکە مێژوونووسە نەریتییەکان لەسەر شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بەمادناکەن، کەلەسەرچاوە پەهلەوییەکانداهاتووە، بەڵام بەشە درۆیەکە واتە مێژووی زەردەشت دەقۆزنەوە و پێی لەسەر دادەگرن. بۆ ئەوانەی داوای بەڵگەی نووسراو دەکەن، لەسەرەوە



وێنەی فرەوەهر لەسەر گۆڕی پادشای ماد لە قسقەپان - سلێمانی

وێنەیەکمان داناوە کە بەباشی بوونی زەردەشت لە سەردەمێکدا دەسەلمێنێ کە تەنانەت لەوانەیە ویشتاسبی بابیداریۆشیش لەدایک نەبووبێ، چونکە ئەو گۆڕەی پادشای ماد لە قسقەپانی سلێمانی لە کوردستانی باشوور بێگومان ئیپادشایەکی مادی پێشئیختوویگۆیە. دەڵێنئیهووخشتەرەیە کە تا٥٨٥پ.زپادشایەتییکردووە. بێجگەلەوێنەیە، چەندنیشانەیدیکەی زەردەشتیش لەسەر گۆڕەکە هەڵقەندراون. بڕواننە ئەو وێنەی سەرەوە. بێجگە لەوەش وەک لە خوارەوەدەبینن، (عەسکەرئۆف)ی دێرینەناسی سۆڤیەت شوێنەواری ئاورگەیەکی زەردەشتیانی لە ئۆزبەکستان دیتۆتەوە کە ئی لانی کەم ٢٠٠٠ساڵ پێش زایینە. سەیرئەوەیەنەریتپارێزان هێشتاش خۆلەوبەڵگە حاشاهەڵنەگرانەلادەدەن و لەسەر بەستنەوەی زەردەشت بەسەردەمی هەخامەنشیسوورن. سەیریئەوژمارانە بکەن لەسەر کاتی دیاریدانی زەردەشت کە لەسەرەوە باس کران و مێژووی نەریتی پێی لەسەردادەگرێ: ٦٢٨،٦١٨،٦٣٠، وەکدەبینین نیزیکترینئەوانە لەکاتی بوونی ویشتاسبی باوکی داریووش بە فەرمانڕەوای پارت کە لەدوای کوژرانی گئوماتای موغ واتە(دوای٥٢١پ.ز)ڕوویداوە، ٦١٨(پ.ز)یە. ئەگەر ئەوە تەنانەت بەکاتی لەدایکبوونی زەردەشتیشدانێین، هێشتالانیکەم دەکاتەنەوەد ساڵ. کەچی زەردەشت

هەربەپێی گێڕانەوەی داب‌پارێزان لەتەمەنی ٣٠ساڵی بۆتەپێغەمبەرو دەدوازدەساڵ دواتر چۆتەلای گەشتاسبو لەتەمەنی ٧٠ساڵیدا کوژراوە. بەو لێکدانەوەش هێشتا پەنابردنی بۆگەشتاسبی‌کەیانی ٥٠ساڵ پێش‌بوونی‌گەشتاسبی هەخامەنشی بەمیری پارت بووە. بەپێی گێڕانەوەیەک زەردەشت پێغەمبەری ئێرانی لە سیهەمین ساڵی پادشایەتی گەشتاسپ، چۆتەلای و کتێبەکەی خۆی بۆ بردووە، - بڕواننە باسی گەشتاسب لەوکتێبەدا- ئەگەرئەوەقبووڵبێ لەباری کاتەوە ڕوانگەی داب پارێزان هێندەی دیکەش بێبایەخ و پووچ دەبێ.

## "٣- مێژووی ناکلاسیک و ناداب پارێزانە:

"ئەو دەستە لەزانایان بەزۆری مێژووی پێشنیارکراوی خۆیان لەسەر بەراورد کردنەکانی زمانناسی، شیمانەکانی مێژوویی و ژمێریاریی ئەستێرەناسی بنیات ناوە. زۆرترینی ئەوزانایانە ئی‌ئەودواییانەن بەڵام یەک دووکەسی پێش زایینیشیان تێدان،وەک‌کتێسیاس(ctesias)کەلەسەدەی پێنجەمی‌پ.ز ژیاوەومێژووی‌زەردەشتی بە ٢٢٠٠ساڵ پێش مەسیح داوە. سەیر ئەوەیە ئەو مێژوونووسە، سەرەڕای ژیانی خۆی لەوسەردەمەدا، کەمێژووی‌داب‌پارێزانە باسی‌دەکا،(واتەسەردەمی ویشتاسبی هەخامەنشی - کاوە)، بوونی زەردەشتی بە لانیکەم ١٧٠٠ساڵ پێش خۆی داوەتە دەست، یا دیودۆرۆس سیکولوس(Diodorus Siculus) لەسەدەی یەکەمی پ.ز و سێفالین (Cephalin) و ژووستین (Justin) کە لە سەدەی دووهەم و ئووسێبیووس (Eusebius) لەسەدەی چوارەم و بووررووس ئۆرۆسۆلیووس (Baulus Orosolius) لەسەدەی شەشەم (واتە هەموویان لە سەردەمی هەخامەنشییان یا ساسانییان - واتە کاتی بڕەوی مێژووی داب پارێزانەدا-) مێژووی زەردەشت بە ٢٢٠٠ساڵ پ.ز باس دەکەن."

"کاتی ژیانی‌زەردەشت زۆرکێشەی لەسەرن، هەرچەندەنەریتی زەردەشتی ٦٠٠ساڵ‌پێش‌مەسیح‌دەردبڕێ، بەڵام‌ئەوسەردەمەش‌هەرلەچاخی وێداییدایە. سەرەڕای ئەوەی وێدا دەسەدە پێش‌لەدایکبوونی مەسیح هۆنراوەتەوە، بەڵام چاخەکەی تا پێش‌سەردەمی هەخامەنشییان درێژەی کێشاوە (چاخی وێدایی بە سەردەمێک دەکوترێ کە گەلانی هیند و ئێرانی ژیان و فەرهەنگی هاو بەشیان هەبوو). مامۆستا پووررداوودیش پاش بەیانی ئەوەی کە زەردەشت ئی سەردەمی وێدایی‌یە، لەزمانی هێلاندی تێ□(زانای هولەندی) ڕا دەڵێ کە ناکرێ ئاوێستا بەئی زیاترلە ٨٠٠ ساڵ پێش‌زایین بزانین. واتە چاخی وێدایی تا ئەوبڕگەی مێژووش درێژەی هەبوو. هەرچۆنێک بێ ژیانی زەردەشت بەپێی سوننەتی زەردەشتی ٢٠٠ تا ٣٠٠ ساڵ نێوانی هەیە. لەو سەردەمەو « تەنانەت پاش ویش» کۆیلەداری هەر بڕەوی هەبووە."

*" تێبینییەکانی مێژوویی.*

"میلێر بە شیمانەکانی مێژوویی و هەروەها بەراوردکردنەکانی زمانی، مێژووی زەردەشت بە زیاتر لە ١٥٠٠ ساڵ پ.ز، گیلگر، شپیگ (Spiegel) و نیبێرگ (Henrik Samuel Nyberg)یش مێژووەکەی بە کۆنتر لە١٠٠٠ساڵ پ.ز دەزانن."

"جەکسۆن (Jackson Williams, Zoroaster, the prophet of Ancient Iran)، بە ئاماژە بە تاقمێک کە لەساڵی ٦٠٠پ.ز بەکۆمەڵ کۆچیان کردۆتە چین و بەڕواڵەت زەردەشتی بوون، مێژووی زەردەشت بە لانیکەم ١٠٠٠پ.ز دادەنێ. شاپووری شەهبازی، بەسەرنجدان بەچیرۆکەکانی مێژوویی‌و مێژووی خوارەزم‌و سیاوەش، ١٠٨٠پ.ز دەداتەدەست، نوون و کتێزیاس، مێژوونووسانی یۆنانیش مێژووی زەردەشت بە ١٠٨٠ تا ١٢٢٠پ.ز دەدەنەدەست. هوومباخ (H.Humbach) کاتی زەردەشت بە نیزیکەی ١٠٠٠پ.ز دەزانێ."

## *لێکدانەوەکانی ئەستێرەناسیێ:*

"مولتون بەلێکدانەوەی ئەستێرەناسی بە٩٠٠تا١٨٠٠، بەهرام پاتاوالا بە ٦٣١٢، زەبیح بێهرووز بە ٣٧٤٥ دوکتۆر عەلیئەکبەر جەعفەریش کە هاوڕایەتی بە ١٧٥٥پ.ز ی دەزانن. (عەسکەرئۆف)ی دێرینەناسی شەوڕەوی لەساڵی ١٩٨٤، لە ئوزبەکستان وێرانەکانی پەرستگایەکی زەردەشتیی دۆزیوەتەوە کە مێژووەکەی لانی کەم٢٠٠٠ساڵ پێش زایینە. لەو کۆبەندییانەڕا مێژووی زەردەشت لەناداب پارێزانەدا دەکرێ بە ١٣٠٠ تا ٦٠٠٠ ساڵ پ.ز بزانین."

تێبینی:

١- لێکدانەوەکانیئەستێەناسیش زۆرترلەسەرئەوبنەمایەنکە دیاردەکانی سروشتی وەک مانگ یا ڕۆژ گیران لە چ کاتێکدا ڕوویاندابێ. ئەو لێکدانەوەیە لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێ کە دەڵێن لەکاتیفڵانڕووداودا لەفڵان ناوچە مانگ یا ڕۆژ گیراوە. بێگومان بەپێی گێرانەوە جۆراوجۆر و شوێنە جیاجیاکانیش ئاکامەکەی دەگۆڕێ، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو هەموو جیاوازییە لە لێکدانەوەکاندا هەن، بەڵام لە هیچ کام لەو لێکدانەوانەدا ناوچەیماد نەهاتوتە ئەژمارو هەر بۆیەش ئاکامەکان هەرچند لە ڕاستی نیزیکن، بەڵام بەرادەی بەس و تەواو ورد و دروست دەرنایەن.

٢- (امید عطائی فرد) نووسەری کتێبی (پیامبر آریایی) دەمەقاڵەیەکیشی دەگەڵ بەهرام ساسانی کردووە کە لەڕوونکردنەوەیزۆربابەتی پەیوەندیداربەزەردەشت نرخی خۆیان هەیە. ئەودەمەقاڵەیە لە نێوان دووئێرانییە کە هەردووکیان لەوپەڕی ڕەگەزپەرستیدان، بەڵام وەک لە بابەتەکەیدا دەبینن، ڕوونکردنەوەی بەکەڵکی بۆ تیشک خستنە سەر بابەتی مێژووی زەردەشت تێدان. بۆیە بڕیارم دا هەمووی ئەو دەمەقاڵەیە بکەمەوە کوردیو‌پێش ئەوەی بچمەسەرئەفسانەکانی ئاڤێستا لەوکتێبەدا دایان نێم.

هاشمی ڕەزی ئاماژە بەڕوانگەی داب پارێزانوکلاسیک دەکا و ئی هەردووکان ڕەد دەکاتەوە و پێیوایە سەرەڕای هەموو کێشەکان لەوبوارەدا، کاتی زەردەشت لەسەرووی هەزارەی یەکەمە. (اوستا، کهنترین... هاشم رضی، ٢٩ و ٣٠).

# چوارەم
## کێشە لەسەربناغەی نەتەوایەتیوزمانی و ناوەکان:

هەروەک لە بەشی خشتەی دەنگناسیی دیاکۆنۆف و وشەکانی ئاوێستا - کە تەنیا لەکوردیدا وەک خۆی ماون - نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە زمانی ئاڤێستا هەر زمانی مادی بووە، و زۆر لێکۆڵەرەوەش بەئاشکرا باسیان کردووە. ناوچەی زاگرۆسی نیشتمانی کوردان یەکەم شوێنی سەر هەڵدانی نیشتەجێبوون و کشت و کاڵ و ئاژەڵداری بووە. ئەوە بە زۆربەڵگەی ئارکیۆلۆژی سەلمێندراوە، مادەکان لە پەروەردەکردنی ئەسپ دا زۆر کارامە بوون و ئاشوور ئەسپی لێ کڕیون، گا و وشتر و ئاژەڵی دی کە لەناو مادەکاندا گرنگییەکیزۆریان هەبووە تێکەڵی ناوی خەڵکەکە بوون وەک وشەی (گئۆ لە ناوی وەک دیائۆکۆ، ئیختوویگۆ، گئۆماتە و....)، ناوی وشتر لە ناوی زەرت وشترە دا و وشەی ئەسپ وەک پاشگری زۆر ناوی ئاوێستایی نیشانەی پەیوەندیی بەهێزی ئاوێستا و زەردەشت لەگەڵ ناوچەی ماددا هەیە. لە ئاوێستادا گرنگیی گا ئەوەندە زۆرە کە ئافراندرانی گا و مرۆڤ لەیەک کاتدا و پێکەوە دانراوە. ناوی کەیوومەرس گۆڕاوی وشەی ئاوێستایی (گئۆمەرتەن)ە کە لە دوو وشەی لێکدراو (گئۆ واتە گا+مەرتەن واتە مرۆڤ) پێکهاتووە. لەسەدەی هەشتەمدا نێوی چەند سەرۆک هۆز لە نووسراوە بزمارییەکانی سارگۆنی پادشای ئاشووردا هاتوون کە لەگەڵێ لەشەڕدابوون و نیشانەن بۆ زەردەشتی بوونیان.

بڕواننەفەرهەنگۆکی خوارەوەکەزمانی ئاڤێستا و کوردیی ئەوڕۆ پێکەوە بەراورد دەکا، سەرچاوەکانیئەوفەهەنگۆکەبریتینلە: (تاریخمادی دیاکۆنۆف، کوردکێیەی، سۆران حەمەڕەش، فەرهەنگی ئاڤێستا، فەرهەنگی باشوور، عەباس جەلیلیان، و دانەدانە لێرەولەوێ لەو سەرچاوانەدا دیتوونمەوە کە بۆنووسینی ئەوکتێبە کەلکم لێوەرگرتوون). کەلک لێوەرگرتنی بە ئاماژە بەناوی ئەوکتێبە بۆ هەمووکەس ئازادە.

| ژمارە | ئاڤێستا | کوردی |
|---|---|---|
| ١ | ئائێتا | ئەوە (ئەوەتا) |
| ٢ | ئەئۆج | دەڵێت، دبێژی، بێژی، واتش، |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | ئەئەم | ئەمە، ئائەم |
| ٤ | ئەئێتی | هاتن، |
| ٥ | ئەئێشا | ئەمە (ئەمەسە) |
| ٦ | ئەئێم | ئەمە، ئەوە، ئەڤە، |
| ٧ | ئەئێنییێ | ئەنی، توێڵ، تێوڵ، هەنی، هەنیە، |
| ٨ | ئەئێنیێکە | ئەنی، توێڵ، تێوڵ، هەنی، هەنیە، |
| ٩ | ئاپ | ئاو، |
| ١٠ | ئاپە | ئاو، |
| ١١ | ئەپسەر | ئەفسەر، تاج و کڵاوی پادشاهی، |
| ١٢ | ئەپسۆس | ئەفسۆس، پەشیمان، |
| ١٣ | ئاتەر | ئاتر، ئاتەر، ئاتەش، ئار، ئازەر، ئاڤر، ئاگر، ئاور، ئاوێر، ئاوێر، ئاهر، ئاهیر، ئاهێر، ئاهییر، ئایر، ئایەر، ئایێر، ئێر، ئێگر، تەش، دۆژ، هاتەر، هەتار، هەتەر، یاگی، |
| ١٤ | *ئاتەرس* | ئاتر، ئاتەر، ئاتەش، ئار، ئازەر، ئاڤر، ئاگر، ئاور، ئاوێر، ئاوێر، ئاهر، ئاهیر، ئاهێر، ئاهییر، ئایر، ئایەر، ئایێر، ئێر، ئێگر، تەش، دۆژ، هاتەر، هەتار، هەتەر، یاگی، |
| ١٥ | ئەڤا | ئاوا، بەوجۆرە، وسا |
| ١٦ | ئەخا | ئایخ، خراپ، شەیتان، قخە(منداڵانە)، کخ (منداڵانە)، |
| ١٧ | ئەخریە | ڕازاندنەوە، ئەخراج، ئەقراژ، ئەخراژ، ڕازاندنەوەی کەلوپە، |
| ١٨ | ئاخشتە | ئۆخژن، ئۆخەیش، ئۆخەی، ئووخەی، |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | ئاخشتی | ئاشتی |
| ٢٠ | ئەدا | ئەوجا، ئەوجار، ئەنجا، ئینجا |
| ٢١ | ئەذمیری | ژێر، ژێری، |
| ٢٢ | ئەر | ئەڕا، ئڕا، بۆ، |
| ٢٣ | ئەر | بڕۆ، بجوولێ، (هەڕە)، (هەڕۆ)، وەرە، |
| ٢٤ | ئەرتەخشەتەرە | ئەردەشێر (ئەرد+شێر)، شێری ڕووی زەوی، لەئاڤێستادا لە(ئەرتە + خشەترە) پێکهاتووە واتە: پادشای زەوی، |
| ٢٥ | ئەرد | ئەرد، ئەرز، زەوی، هەرد، |
| ٢٦ | ئەردا | ئەڕا، ئڕا، بۆ، |
| ٢٧ | ئەرشە | ورچ، هرچ، |
| ٢٨ | ئارەم | ئارام |
| ٢٩ | ئارمەیتی | ئارامی، ئارامێتی، ئاراملییەتی، هێمنی، |
| ٣٠ | ئاروونیاوا | ئاروونئاوا، ناوی پێشووی (شاهآباد) کە بەندیخانەی (سولوسونو) ناسیاو بە ئاروون بووە، |
| ٣١ | ئەریە، | ئار، ئەریە، شەرافەت، شەریف، |
| ٣٢ | ئەریز | ڕیز، ڕێز، ڕەدیف، ڕزار، |
| ٣٣ | ئەز | ئەز، من |
| ٣٤ | ئازاتە | ئازاد |
| ٣٥ | ئازار | ئازار |
| ٣٦ | ئازمزمە | ئازەو، |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٧ | ئازاڤ | ئازا |
| ٣٨ | ئەزمەن | ئاسمان، حاسمان، |
| ٣٩ | ئازی | ئارەزوو |
| ٤٠ | ئازیانی | زیانی، زێیانی، |
| ٤١ | ئەزینە | ئاسن، ئەسین، هەسن، هەسین، |
| ٤٢ | ئەژی، ئاژهی، | مار، ئەژدیها، حەزیا، هەژدیها |
| ٤٣ | ئەژییش | مار، ئەژدیها، حەزیا، هەژدیها |
| ٤٤ | ئەسەن | بەرد، سەنگ، سان، کوچک، |
| ٤٥ | ئەسەنە | بەرد، سەنگ، سان، کوچک، |
| ٤٦ | ئەسەنگە | بەرد، سەنگ، سان، کوچک، |
| ٤٧ | ئەسپە | ئەسپ |
| ٤٨ | ئاستایا | هەستان (هەستایە) |
| ٤٩ | ئەستە | ئێسک، ئێسقان، هەستی، |
| ٥٠ | ئاستێ | حەوانەوە، ئیست گرتن، (ئیست)، ئەوسیای، |
| ٥١ | ئەسرئو | ئەسر، هێستر، فرمێسک، هەرسی، |
| ٥٢ | ئەسروو | ئەسر، هێستر، هەرسی، |
| ٥٣ | ئەسمە | ئاسمان، ئاسمین، |
| ٥٤ | ئەسمەن، ئەسمە، | ئاسمان، ئاسمین، |
| ٥٥ | ئەسووار | سوار، سوارە، |
| ٥٦ | ئەشا | باشی، پیرۆزی، ڕاستی، داد، |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٧ | ئاشته | ئاشت |
| ٥٨ | ئەشکەرە | ئاشکرا |
| ٥٩ | ئەشکەرێ | ئاشکرا |
| ٦٠ | ئەشم | ئووشم، ئێژم، ئەڵێم، دەڵێم، |
| ٦١ | ئەشۆ | باش، پیرۆز، پیاوچاک (ڕاست،دادگەر- کە پێداویستیی باش بوونن -وبەوهۆیەوە ماناکە دەیانگرێتەوە ) |
| ٦٢ | ئەغریە | ئەخراج، ئەخراژ، ئەقراژ، ڕازاندنەوەی کەلوپەل، |
| ٦٣ | ئەفەنتە، | ئافتاوە، ئەفتاوە، ئەفتووە، |
| ٦٤ | ئافینتوو | فینگ، فینگەفینگ، چڵمی لووت لەکاتی گریاندا، |
| ٦٥ | ئەڤە | ئەوە، ئەڤە، |
| ٦٦ | ئەڤە-بار | ئەڤە بێرە، ئەوە بارە، |
| ٦٧ | ئەڤەثا | بەوجۆرە، وەسا، ئاوا، ئاوها |
| ٦٨ | ئەڤەذا | لەوێ، ئەوەتا، |
| ٦٩ | ئەڤەکەنە | ئاوکەن، ئاودڕ، |
| ٧٠ | ئەڤەنگ | بانگ، وانگ، وارە، هاوار، |
| ٧٢ | ئەڤەنگـئانەمم | وانگ هەڵاوردن، هاوارکردن، |
| ٧٣ | ئەکا | ئایخ، خراپ، شەیتان، قخە(منداڵانە)، کخ (منداڵانە)، |
| ٧٤ | ئاکەسە | ئاگا |
| ٧٥ | ئاکە | ئاگە، تەمبەڵ، |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٦ | ئەگەمەنگە | ئەکۆمەن، بیری خراپ، بەدکرداری، |
| ٧٧ | ئاما، ما | ئەزما، ئەزموون، |
| ٧٨ | ئامسە | ئامسا، ئاوسا، ئاوسێ، هامسا، هامسایە، هاوسا، |
| ٧٩ | ئەمێشە | هەمیشە، |
| ٨٠ | ئەنەزانتە | ئەنەزا، هەنەزا، نەزاو، لەدایــک پەیــدا نەبــوو، تێبینــی: لەئاڤێســتادا نازنــاوی ئەهوورامەزدایە |
| ٨١ | ئەنئازار | بێئازار، تبینی: (ئەن واتە نا +ئازار) |
| ٨٢ | ئەنجەمەنە | ئەنجومەن |
| ٨٣ | ئاندرا | ئانــدر (لــەوانو ئــەرزەرۆم)، خــراپ، بەد، |
| ٨٤ | ئەنگ | ئەنـــگەمە، گیروگرفـــت، تێبینـــی: لە ئاڤێســتادا واتە چەم و خەم لەکــاردا کە ئەمانایەش لێی نیزیکن |
| ٨٥ | ئانگهوو | کەیخودا، گەورا، |
| ٨٦ | ئەورا | ئەور، هەور، |
| ٨٧ | ئەورە | ئەور، هەور، |
| ٨٨ | ئاوشە | ئاوش، باوش، هاوش، باوەش، |
| ٨٩ | ئەوشێدرینە | ئاویەر، ناوی ئاڤێستایی کێوی ئاویەر، |
| ٩٠ | ئەهمای | ئێمە |
| ٩١ | ئاهران | ئــاهووران کێــوێکە لە (هلێــران) کە خەڵکەکەی بەلەکی قسەدەکەن، |
| ٩٢ | ئاهوو | کەیخودا، گەورا، |
| ٩٣ | ئەیریمێ | ئارام |

| | | |
|---|---|---|
| ٩٤ | ئەیزمە | ئێزنـگ، ئێزینـگ، لێزمە، لێژە، هێزم، هێزنگ، |
| ٩٥ | ئایووز | ئالووز، پەژارە، |
| ٩٦ | ئەیویۆ | ئاو |
| ٩٧ | ئایێسێ | خۆزگە، خۆزگەخواستن، بریا، |
| ٩٨ | ئووروویێ | ڕۆڤی، ڕێوی، ڕێڤی، ڕوا، |
| ٩٩ | ئووروەن | ئەروا، ڕووح، ڕوح، ڕح، |
| ١٠٠ | ئووشە | وشک |
| ١٠١ | ئوشترە | وشتر، هوشتر،هۆشتر،هەشتر، هێشتر، |
| ١٠٢ | ئووغر | ئوخرا، ئۆغر، بەخێرچی، |
| ١٠٣ | ئیڤە | واسە، کەواتە، واتە، |
| ١٠٤ | ئینجە | ئیچە، ئێرە، ئیسە، |
| ١٠٥ | ئیذە | ئێستا، ئێستێ، |
| ١٠٦ | ئێشە | ئێش، ئێشە (سەرئێشە) |
| ١٠٧ | ئیشکەتە | ئەشکەوت |
| ١٠٨ | ئیمە | ئەمە، ئەوە، ئەڤە، |
| ١٠٩ | ئیماو | ئیما، ئیمە، ئێمە، |
| ١١٠ | با | با، وایە، بەدڵنیایی، |
| ١١١ | بەئڤەرە | بێوەر، بێبەر، بێبەهرە، بێسوود، |
| ١١٢ | بەئوخشنە | ئۆخژن، ئۆخەیش، ئۆخەی، ئووخەی، |
| ١١٣ | بەئێڤەرە | بێوەر، بێبەر، بێبەهرە، بێسوود، |

| | | |
|---|---|---|
| ١١٤ | بەجینە | بژار، وژار، وژین، |
| ١١٥ | بەخە | بەشێ، بەشێک، |
| ١١٦ | بەختە | بەخت، |
| ١١٧ | بەخش | بەخت، |
| ١١٨ | بەر | هەڵگرتن، (بەر = هەڵگر)، (بار)، |
| ١١٩ | بەرئو | هەڵگرتن، (بەر = هەڵگر)، (بار)، |
| ١٢٠ | بەرەجایە، | برجەبرج، برژەبرژ، برجیان، برژان، |
| ١٢١ | بەراز | ئاراستەکردن، ڕازاندنەوە، ڕازانن، |
| ١٢٢ | بەرەزا | بەرز، بڵند، بڵیند |
| ١٢٣ | بەرەزە، | بەرز، بڵند، بڵیند، |
| ١٢٤ | بەرەنت | بەر، بەرەندە، |
| ١٢٥ | بەرج | برژ، برژان، |
| ١٢٦ | بەرج، | بەرز، بڵند، بڵیند، |
| ١٢٧ | بەرز، | بەرز، بڵند، بڵیند، |
| ١٢٨ | بەرزا، | بەرز، بەرزە (هەوارەبەرزە)، بڵند، بڵیند، |
| ١٢٩ | بەرزەئیتی | بەرزایی، بەرزایەتی، بەرزی، بەرزێتی، بڵندایی، |
| ١٣٠ | بەرێزاهی | بەرزایی، بەرزێتی، بەرزی، شاخ، |
| ١٣١ | بازو | بازو، باسک، |
| ١٣٢ | بەژ | بەش، بەخش |
| ١٣٣ | بەستە | بەستە، بەستراو، پەیوەست، |

| | | |
|---|---|---|
| ١٣٤ | بەڤان | بووبێ بووبێتن، لەوانەیە بووبێتن |
| ١٣٥ | بەڤرە | بوور (ڕەنگ)، |
| ١٣٦ | بەگە | بەگ، گەورا، گەورە، |
| ١٣٧ | بەندە، بەند، | بەن، زنجیر، بەند، |
| ١٣٨ | بەنگهـ | بەنگ، شەدانە |
| ١٣٩ | بەهـ | بەهـ (بەهدینان واتە دین باشان، ناوی ناوچەی بادینان هەر لەو وشەی وەرگیراوە)، باش |
| ١٤٠ | برازە | بەلیسە، بڵێسە، بڵووزە، گڕی ئاگر، |
| ١٤١ | برەڤە، | برۆ، بروویە، |
| ١٤٢ | برەڤەت، برەڤە، | برۆ، بروویە، بروو، برم، |
| ١٤٣ | بزڤەنت | بزواق، جارزووڵە، گیایەکی وەک کەنگرە، |
| ١٤٤ | بوو | بوو، بوون، |
| ١٤٥ | بوویەمە | ببین، دەبین، ئەبین، ئێمەئەبیین، ئێمەدەبین، (بوویمە، بوومە) |
| ١٤٦ | بوویەتە | بوویت، (بوویتە، بوویەتە) |
| ١٤٧ | پەئسە | پێس، پیس، چەپەڵ، |
| ١٤٨ | پەئێتیارە | پەتیارە، پەتییارە، |
| ١٤٩ | پاذە | پا، پێ، |
| ١٥٠ | پەرە | بەر، بەری، پەری، لەبەردەم، دوورلە، لەپێش، پێشتر، |
| ١٥١ | پەرەیار | پەڕینەوە، پڕکردن، (پڕ، پەڕین)، |
| ١٥٢ | پەرئو | پەڕ، لا، کەنار، |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥٣ | پەرێس | پرسکردن، پرسیارکردن (پرس) |
| ١٥٤ | پەرشویە | پرشنگی ئاو، پریشکی ئاو، |
| ١٥٥ | پەسنێ | پاش، پشت، دوا، (پاژنە، پاشین)، |
| ١٥٦ | پەسو | مەڕ، پەز، ڕەوەئاژەڵ، |
| ١٥٧ | پەشەن | پرشنگ، مرۆی شەڕخر، |
| ١٥٨ | پاشنە | پاژنە، پانیە، پاشنە، |
| ١٥٩ | پایتی | پارازتن، پاراستن، پارێزاندن، پارێزتن، پارێزگاری، پارێزگاریکردن، پارێزگاریلێکردن، پارێزنای، پاسداریلێکردن، پاسکردن، پاسگرتن، پاسەبانیلێکردن، پاسەوانیلێکردن، پایین، |
| ١٦٠ | پ ْرْسوو | پەراسوو، پارسوو، |
| ١٦١ | پەئیتیارە | پەتیارە، پێتی، پەتەری، |
| ١٦٢ | پەرشویە | پرشنگی ئاو، پریشک، (پرشنگ بەمانای تیشکیشە) |
| ١٦٣ | پەریکا | پەری، فریشتە، |
| ١٦٤ | پەزوو، | پەز، پەس |
| ١٦٥ | پەسوو، | پەز، پەس |
| ١٦٦ | پەسووک | پەز، پەس |
| ١٦٧ | پەشەن | پرشنگ، شەڕخواز، |
| ١٦٨ | پرەتا | پر، پرت، پرد، پردێ، پڵ، پۆلە، پێڵ، جیسر، کڵکە، پرد، |
| ١٦٩ | پووتێ | پواو، پووتار، پوترکاو، |
| ١٧٠ | پیتو | پەیێتاو، پەیتاو، تینوو، تینگ، لەئاڤێستادا بەواتای خواردنە لێی |

| | | |
|---|---|---|
| | | نیزیکە، |
| ١٧١ | پێرێتو | پڕ، پرت، پرد، پردێ، پڵ، پۆلـە، پێڵ، جیسر، کڵکە، پرد، |
| ١٧٢ | پێرێسو | پەراسوو، |
| ١٧٣ | پۆورو | بێرا، پڕ، پڕ، پوڕ، پەڕ، زۆر، |
| ١٧٤ | پۆورو مەهرکە | پڕ مەرگ پڕلەمەرگ، |
| ١٧٥ | پێرێ (پێرێ ثانە) | پڕ، |
| ١٧٦ | پێرێنە | پڕە، پڕبووە لە، (پڕن)، |
| ١٧٧ | پێرێنۆ | پڕ، تەواو، |
| ١٧٨ | پێرێنۆ مانگهە | مانگی پڕ، |
| ١٧٩ | تۨ | تۨ، تۆ، توو، ئەتوو |
| ١٨٠ | تەپ | گەرمبـوون، گەرمکـردن، (تـا، تـاب، تاو، تین، گەرما)، |
| ١٨١ | تەخمە | ئـازا، (تـۆکمە = بەهێـز، بەرگەگـر، بەتوانا)، |
| ١٨٢ | تەرێس | ترس، ترسان، |
| ١٨٣ | تەش | دروستکردن، تاش، ئامرازی تاشین، |
| ١٨٤ | تەشتە | تەشت |
| ١٨٥ | تەشە | تێشە، تەشوێ، تەپشوێ، |
| ١٨٦ | تەڤە | ئی تۆ، هی تۆ، (تۆیە) |
| ١٨٧ | تەڤەئان | تەوان، توان، توانا،ئاز، |
| ١٨٨ | تەڤەنت | تەوان، توان، توانا، ئاز، |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨٩ | تەڤخمە | تۆخمە، تۆخمارە، تۆم، |
| ١٩٠ | تەم | تەم، |
| ١٩١ | تامە | تم، تۆم، تۆو، توخم، |
| ١٩٢ | تەما | تەم، |
| ١٩٣ | تەمەنگەـ | تەمەنـــگە، بەشـــی تـــاریکی ســـیەماڵ، لەئاڤێستادا بەمانای تارمایی و تاریکییە، |
| ١٩٤ | تەنو | بـەدەن، تـەن، جـەسـە، جـەسـتە، کەس، لەش |
| ١٩٥ | تەنو- پێرێشەنە | تەن پڕ لە تاوان، لەش پڕ لە گوناح |
| ١٩٦ | تەنوور | تەنوور، تەندوور، |
| ١٩٧ | تەنوورە | تەنوور، تەندوور، |
| ١٩٨ | ترشنە | تیەنێ، تینوو، تینی، تینگ، |
| ١٩٩ | تری | سێ، یەرە، یەری، یەرێ، |
| ٢٠٠ | تریش ئوا | تلێشاو، تلێشیاگ، تلێشیایێ، |
| ٢٠١ | تمان | تم، تۆم، تۆو، توخم، |
| ٢٠٢ | تم و بەئیوەرە | تموتم، دایمە، هەمیشە، |
| ٢٠٣ | تۆمە | تم، تۆم، تۆو، توخم، |
| ٢٠٤ | تەشە | تێشە، تەشوێ |
| ٢٠٥ | تنۆ | بـەدەن، تـەن، جـەسـە، جـەسـتە، کەس، لەش |
| ٢٠٦ | تنۆک | تەنک، وێئاری |
| ٢٠٧ | تیج، | تیژ، |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠٨ | تیغری | تیر، پەیکان، نەیزە |
| ٢٠٩ | ثانە (پێرێ ثانە) | تاوان، |
| ٢١٠ | جاثرو - گەئۆشە | چوارگۆشە |
| ٢١١ | جەن | ژن، ژەن، |
| ٢١٢ | جڤەنت | چەند، |
| ٢١٣ | جی | چی، چ |
| ٢١٤ | جیثا | جەزا، سزا، سەزا، |
| ٢١٥ | چەرمەن | چەرم، پۆست، پێست، |
| ٢١٦ | چەریتەئۆ | چڕ، چڕە، چڕین |
| ٢١٧ | چەشمەن | چەش، چاو، چەو، |
| ٢١٨ | چەک ئووشە | چەکوچ، چەکوش، |
| ٢١٩ | چەمەرەئووش | چەمەر، چەمەری، ئازیەتی، |
| ٢٢٠ | چەنگەرە | چنگیر، چنگ، چەنگ، چەنگاڵ، چنگاڵ، |
| ٢٢١ | چیثرە | چێر، چارە، چووزمان، ڕوومەت، |
| ٢٢٢ | چیثرە | ڕەگەز، جسنات، جسن، ڕەسەن، خێزان، سەجەرە، |
| ٢٢٣ | چینەنگە | چینە، پێپڕکە و دانە هەڵگرتنەوەی مامر، پاکڕکی، |
| ٢٢٤ | خان | خانی، کانی، سەرچاوە |
| ٢٢٥ | خەرە | خەر، کەر، |
| ٢٢٦ | خسا | قسە، کسە |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٢٧ | خشە | توانا |
| ٢٢٨ | خشایثیە | شا، بەتوانا، دەستەڵاتدار |
| ٢٢٩ | خشەثرا | بەتوانا، شا، خودا، |
| ٢٣٠ | خڤە | خۆ، خۆد، خۆی، خوەیێ، |
| ٢٣١ | خڤەر | ١- خـۆر، خـوەر، هـوەر، ٢- خـۆر، خوەرەندە، |
| ٢٣٢ | خڤاسەئووکە | خواسکردن، سواڵکردن، |
| ٢٣٣ | خڤەنغەهەر | خوشـک، خوەیشـک، خـوە، خـوەکە، خـــوەلکە، خـــوار (خـــوارزا واتە خوشکەزا) |
| ٢٣٤ | خواستائیتی | خـاس، بـاش، هـاوە، هۆ،(خواسـت)یـش ئەو مانایە دەگرێتەوە |
| ٢٣٥ | خوەرینە | خوڕیان، خوڕین، لێخوڕین، |
| ٢٣٦ | خوەفنە | خاو، خەفتن، خەو، |
| ٢٣٧ | خوەسوورە | خەزوور، خەسوور، خەسوورە، |
| ٢٣٨ | داتە | دات، داتە، داد، |
| ٢٣٩ | دارئو | دار، درەخت، |
| ٢٤٠ | دەئزە | دژ، قڵا، قەڵا، |
| ٢٤١ | دە ئمەن | دیدمەن، دیمەن، |
| ٢٤٢ | دەئێنیا | ئاین، دین |
| ٢٤٣ | دەئیوە | دێو |
| ٢٤٤ | دەر | دڕ، دڕین، |
| ٢٤٥ | دەرەزە | تـــــــــرەک، درز، دەرز، دەرەز، لە ئاڤێستادا بەمانای دەرز پڕکردنەوەیە، |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٤٦ | دراجه | دریژ، درێژ، شوور |
| ٢٤٧ | درەوگە | درۆ، دروو، |
| ٢٤٨ | درڤاتات | درُسی، ڕاستی، ڕاسی، دروستی، |
| ٢٤٩ | درووج | درۆ، دروو، |
| ٢٥٠ | دژ | دش، دژ، |
| ٢٥١ | دوخت | دوویەت، دۆت، دتە، وەت، دوێت، دوێتە، کچ، کەنی، کەنیشک، کەنیک، |
| ٢٥٢ | دوغدەرە | دوویەت، دۆت، دتە، وەت، دوێت، دوێتە، |
| ٢٥٣ | دێتێ | دیت، دیتن، دی، |
| ٢٥٤ | ڕەئشە | ڕێش، ڕیش، ڕووش، زام، برین، |
| ٢٥٥ | ڕەئشەنگهـ | ڕێش، ڕیش، ڕووش، زام، برین، |
| ٢٥٦ | ڕەئۆجاه | (ڕۆژ، ڕووناکیی ڕۆژ)، ڕووناکی، ڕۆژی ڕوون، ڕووناکی دانەوە |
| ٢٥٧ | ڕەئوچەنە | ڕووناک، ڕشنا، ڕڤین، ڕۆچن، ڕۆشن، ڕۆشنا، ڕۆندار، ڕوون، ڕوهن، ڕۆهن، ڕەوشەن، |
| ٢٥٨ | ڕەئوچەنگهـ | ڕووناک، ڕشنا، ڕڤین، ڕۆچن، ڕۆشن، ڕۆشنا، ڕۆندار، ڕوون، ڕوهن، ڕۆهن، ڕەوشەن، |
| ٢٥٩ | ڕەئوخشنە | ڕووناک، ڕشنا، ڕڤین، ڕۆچن، ڕۆشن، ڕۆشنا، ڕۆندار، ڕوون، ڕوهن، ڕۆهن، ڕەوشەن، |
| ٢٦٠ | ڕەئۆخشنوو | ڕووناک، ڕشنا، ڕڤین، ڕۆچن، ڕۆشن، ڕۆشنا، ڕۆندار، ڕوون، ڕوهن، ڕۆهن، ڕەوشەن، |
| ٢٦١ | ڕەئوغنە | ڕۆغان، ڕۆن، ڕوون، ڕووین، ڕوهن، |

| | | |
|---|---|---|
| ڕوەن، | | |
| ریسوایی، ریسوایەتی، | ڕەنێئوایێتی | ٢٦٢ |
| ئـــازاردەر، ڕاڕ بەواتـــای ڤایرۆســـی هاری، | ڕاڕشە | ٢٦٣ |
| لە ئاڤێســتادا ڕازانـــدنەوەی لەشـــکرە، ڕازانـــن، ڕازانـــدن، ڕازانـــدنەوە، ئاراستەکردن، | ڕاز | ٢٦٤ |
| ڕەوز، چـووزەرەی دار، (لەئاڤێسـتادا بە بێشە دەکوترێ کە لەماناکە نیزیکە)، | ڕەزوورە | ٢٦٥ |
| ڕەس (پاشگری گەیشتن) | ڕاس | ٢٦٦ |
| ڕشانن، ڕژانن، | ڕەشنە | ٢٦٧ |
| ڕشانن، ڕژانن، | ڕەشنوچە | ٢٦٨ |
| دڵگر، دڵگیر، دڵخواز، دڵڕفێن، ڕفێن، | ڕەفنەنگەهـ | ٢٦٩ |
| ڕۆ، ڕۆڕۆ، ڕوو، ڕووڕوو، دادوهاوار، | ڕەڤە | ٢٧٠ |
| دەروەن، دەربەند، دەرڤەن، دەروو، | ڕەڤەن | ٢٧١ |
| ڕان، ڕاهن، ڕەهن، | ڕانە | ٢٧٢ |
| ڕەنج، دەرد، | ڕەنج | ٢٧٣ |
| ڕنـگە، ڕینـگە، لەئاڤێسـتادا دەنگدانەوەیە کە لەوواتـایە نیـزیکە، ڕنە(دەنگیبـارین لەسەربانیڕەشماڵ)، | ڕەنگهـ | ٢٧٤ |
| ڕمبە لێهەستێندراو، لێدراو، | ڕم | ٢٧٥ |
| ڕمــبە لێهەســتێندراو، ڕمبەلێهێنــدراو، لێدراو، ئەوکەسەی لێیدراوە، ڕمە، | ڕمە | ٢٧٦ |
| ڕۆچ، ڕۆچیار، ڕۆج، ڕۆژ، ڕووژ | ڕووچ | ٢٧٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٧٨ | ڕووچەنگە | ڕۆچ، ڕۆچیار، ڕۆج، ڕۆژ، ڕووژ(جەنگەی ڕۆژ کە ئەو وشەی ئاڤێستاش دەگرێتەوە) |
| ٢٧٩ | ڕوچکار | ڕۆژگار، ڕۆژیار، ڕۆژێیار، |
| ٢٨٠ | ڕێڤی | ڕووا، ڕێوی، |
| ٢٨١ | زا | پاشگرە بەواتاقی زایین، زا، |
| ٢٨٢ | زەئیری وەئیری | زڕیوڕی، بەرچاوتاریک بوون بە لێدان، تارمایی چەو لە زەربەتی قایم، لەئاوێستادا ناوی برای گەشتاسب شا بووە کە زەربی دەستی قایم بووە، |
| ٢٨٣ | زات | وشەیەکی ئاڤێستاییە زات، دارا، خاوەن، بوون، ڕاستیی هەر شتێک، |
| ٢٨٤ | زەرئیرنە | زێڕین، زێڕن، زەڕین، |
| ٢٨٥ | زەرەت | زەر، زەرد |
| ٢٨٦ | زەرەتە | زەر، زەرد (لە وشەی زەرەتە ئووشترە ورگیراوە) |
| ٢٨٧ | زرەیە | دەلیا، دەریا، زەریا، زرێ(زرێوار واتە دەریاچە)، |
| ٢٨٨ | زرەیەنە | دەلیا، دەریا، زەریا، زرێ(زرێوار واتە دەریاچە)، |
| ٢٨٩ | زرەیەنگهـ | دەلیا، دەریا، زەریا، زرێ(زرێوار واتە دەریاچە)، |
| ٢٩٠ | زەرەنیە | زێڕن، زێڕین، |
| ٢٩١ | زەرت | زەر، زەرد |
| ٢٩٢ | زەرت ئوشترە | زەردوشترە،زەردوشترەکە،وشترزەرد، |
| ٢٩٣ | زەستە | دەست |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٩٤ | زەڤەرێ | زەوەرد، زەبەرد، زەبــــری دەســــت، زەربی دەست، |
| ٢٩٥ | زاماتەر | زاما، زاوا، زما، یەزنە، |
| ٢٩٦ | زان | تێگەیشتن، زان، زانین، |
| ٢٩٧ | زانم | پێزانین، زانین، زانستن، |
| ٢٩٨ | زانوو | ئەژنۆ، ڕەزانوو، زانۆ، زانوو، زانی، زرانــوو، زرانــی، زرۆنــی، زەرانــی، زەنگۆڵ، ژنۆ، |
| ٢٩٩ | زانین | زانین |
| ٣٠٠ | زاوەر | زوور، هێز، قەوەت، |
| ٣٠١ | زەوەرە | زوور، هێز، قەوەت، |
| ٣٠٢ | زەوەرێ | زوور، هێز، قەوەت، |
| ٣٠٣ | زایا | زا، زان، |
| ٣٠٤ | زمیە | زستان |
| ٣٠٥ | زایری | زەر، زەرد |
| ٣٠٦ | زەیری | زێڕن، زێڕین، |
| ٣٠٧ | زەیری-گەئوشە | گوی زێڕین |
| ٣٠٨ | زەیەنی | زیانی، زێیانی، |
| ٣٠٩ | زرمیە | دەریـا، دەریـاپ، زرێ، زریـا، زریە، زەری، زەریا، |
| ٣١٠ | زرمیەنە | دەریـا، دەریـاپ، زرێ، زریـا، زریە، زەری، زەریا، |
| ٣١١ | زرمیەنگهـ | دەریـا، دەریـاپ، زرێ، زریـا، زریە، زەری، زەریا، |

| | | |
|---|---|---|
| ٣١٢ | زوورا | زۆر، زۆری |
| ٣١٣ | زووره | زوور، هێز، قەوەت، |
| ٣١٤ | ژەهی | سۆزانی، |
| ٣١٥ | ژەن | ژەن، ژەنین، پیاکێشان(ژەنین لەکوردیی ئێستادا واتە ژاندنی مەشکەو...، تێراکردن، تێئاخنین، تێترنجاندن و لێدانی مۆسیقا و کاری سێکس کردن دەکوترێ)، تێکوتان، |
| ٣١٦ | ژڤۆ، ژویە | زیندوو، ژیاو، ژیو، |
| ٣١٧ | ژنو | ئەژنۆ، زانۆ، زانوو، زانی، ژنۆ، ژوونی، ژەنو، ژەنوو، |
| ٣١٨ | ژویێ، ژڤە | زیندوو، ژیاو، ژیو، |
| ٣١٩ | سەرە | سەر، دەستەڵات |
| ٣٢٠ | سەئوروو | ساوڕ، ساوڵ، ساوڵە، سایەڕ، تێبینی: لەئاڤێستادا یەکێکە لە ڕەقیبانی ئەمشاسپەند و شەهریوەر و بۆخۆی یەکێکە لەدێوەکان، |
| ٣٢١ | سەئووکە | سچیان، سزیان، سۆتن، سۆتەی، سۆچنەی، سۆچیان، سۆچیای، سوو، سووسووی ئاگر، |
| ٣٢٢ | سەئینە | شاهین، شایێن، شەنهادۆ، شەهێن، |
| ٣٢٣ | سارە | سەرە، سارا، سەو، سەرەک، |
| ٣٢٤ | سەرە | سەرە، سارا، سەو، سەرەک، |
| ٣٢٥ | سەرێتە | چای، سار، سارد، سەرد، |
| ٣٢٦ | سەنیاو | سەنن، کڕین، گرتن، خڕین، |
| ٣٢٧ | سپا | سپاکۆ(مادە)، سپاگ، سپڵۆ، سپڵۆت، سپڵۆک، سپڵە، سپڵەوْت، سپە، سپەڕ، سپەکە، سلپۆت، سە، سەپەکە، سەگ، |

| | | |
|---|---|---|
| | | سەناتوو، سەو، سەھ، سەی، |
| ٣٢٨ | سپەئێتێنێ | سپی، سپیایی، سپیاتی، |
| ٣٢٩ | سپەچیژرە | توخمەسەگ، |
| ٣٣٠ | سپەرز | پرز، زهاک، زرنگ، |
| ٣٣١ | سپەکە | سپاکۆ(مادە)، سپاگ، سپڵۆ، سپڵۆت، سپڵۆک، سپڵە، سپڵەۆت، سپە، سپەڕ، سپەکە، سلپۆت، سە، سەپەکە، سەگ، سەناتوو، سەو، سەھ، سەی، |
| ٣٣٢ | سپەن | سپاکۆ(مادە)، سپاگ، سپڵۆ، سپڵۆت، سپڵۆک، سپڵە، سپڵەۆت، سپە، سپەڕ، سپەکە، سلپۆت، سە، سەپەکە، سەگ، سەناتوو، سەو، سەھ، سەی، |
| ٣٣٣ | سپێتە، | ئەسپێ، سفێد، سپی |
| ٣٣٤ | سپیش | سپێ، شش، ئەسپێ، |
| ٣٣٥ | سپێنت | پەسند، باش، چاک، پیرۆز، |
| ٣٣٦ | ستەر | ئاستەرە، ئاسێرە، ئەستێرە، ستارە، ستێر، ستێرە، ھەسارە، ھەسیرە، ھەسێرە، |
| ٣٣٧ | ستەرە | ئاستەرە، ئاسێرە، ئەستێرە، ستارە، ستێر، ستێرە، ھەسارە، ھەسیرە، ھەسێرە، |
| ٣٣٨ | ستەرەنگھە | ئاستەرە، ئاسێرە، ئەستێرە، ستارە، ستێر، ستێرە، ھەسارە، ھەسیرە، ھەسێرە، |
| ٣٣٩ | ستوونە | ستوون، سوون، کۆڵەکە، |
| ٣٤٠ | ستێ | ستێ، سیتە (لەئاڤێستادا ستێ بەواتای دەستە یا میلە نووسراوە کە لێک نیزیکن) |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٤١ | سرەوتاو | سرەویان، سرەوتن، (سرەوتوو) |
| ٣٤٢ | سروو | سرفت، قوڕقوشم، مز، |
| ٣٤٣ | سریش | سریش، چرێش، ئەسرێلک، سترک، |
| ٣٤٤ | سڤەن، | ١- سوون، سن، کیسەڵە، ٢- سە، سەگ، |
| ٣٤٥ | سنا | سناو، شناو، مەلە، |
| ٣٤٦ | سووچ | سچیان، سزیان، سۆتن، سۆتەی، سۆچنەی، سۆچیان، سۆچیای، |
| ٣٤٧ | سووچە | سچیان، سزیان، سۆتن، سۆتەی، سۆچنەی، سۆچیان، سۆچیای، |
| ٣٤٨ | سوخرە | ١- سوخرە، سۆر، سۆرینگ، سوور، سوورە، سوهر، سوویر، قرمز، ٢- داخ، سوویەر، |
| ٣٤٩ | سوخراب | سوخرە، سۆر، سۆرینگ، سوور، سوهر، سوورە، سوویر، قرمز، |
| ٣٥٠ | سوورە | بەجەرگ،زاوەردار، دلێر، زەهلەدار، |
| ٣٥١ | سووکە | سووک تەڕکردن، تووک تەڕکردن، گری، |
| ٣٥٢ | سیمە | سیرمۆکە، سیرمووکە، سیمرووکە، سیمووکە، سیموولە، سیمکە، |
| ٣٥٣ | سیموئێژرە | سیرمۆکە، سیرمووکە، سیمرووکە، سیمووکە، سیموولە، سیمکە، |
| ٣٥٤ | سین | سینگ، سین(سینومەم)، سینە، |
| ٣٥٥ | سینمروو | سیمە□، سیمورغ، |
| ٣٥٦ | شا | شا، شایی، |
| ٣٥٧ | شائیتی | شا، شایی، |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٥٨ | شەتە | لەئاڤێستادا بەواتای بڕین/بڕیان و خستن، شەت پە (بەواتای لەتوپەت، ئەومانایە دەگرێتەوە) |
| ٣٥٩ | شامە | بەرشێو، چاشنەشەو، شام، شوم، شووم، شێڤ، شێو، شیو، شیوی، نانیشێوان، نانیشەو، وێرەگانە، |
| ٣٤٠ | شی | چی، چوو، شی، |
| ٣٤١ | شێر | شێر |
| ٣٤٢ | شینگە | ژینگە، ژیانگە، (لەناوی هئوشینگەی ئاڤێستا وەرگیراوە: هئو= باش، خۆش+شینگە) |
| ٣٤٣ | غەنە | درغنە، تەن، گجک، شەرمینەی مێ، |
| ٣٤٥ | غێن | ژن |
| ٣٤٦ | غێنا | هی ژن، (ژنە)، ژنانە |
| ٣٤٧ | فرە | زۆر، فراوان، فرە، فریە، گەلەک، |
| ٣٤٨ | فرە ئاپە | پڕئاو، ئاودار، (ناوی کێویکی کرماشان پەڕاوە کە هەردەبێ بەواتای پڕئاو بێ)، ئاوخوەری، |
| ٣٤٩ | فرەئیدێوە | فریوانن، فریودان، فرێودان(فریوی داوە)، |
| ٣٥٠ | فەرەبەرز | بەرز، فرەبەرز، فرێبەرز، فریەبەرز، زۆر بەرز، |
| ٣٥١ | فەرەبەرزەنگهـ | بەرز، فرەبەرز، فرێبەرز، فریەبەرز، زۆر بەرز، |
| ٣٥٢ | فرەسنەنە | سناو، شناو، مەلە، تێبینی: پێمەوایە زۆر مەلەوان یا مەلەوانی باش بێ |
| ٣٥٣ | فرەفرەئووثرە | پڕپاڕ، پڕەپڕ، فرفاڕ، فڕەفڕ، (تێبینی لەئاڤێستادا بەواتای فڕینە کە ئەو |

| | | |
|---|---|---|
| | | واتايانەش دەگرێتەوە) |
| ٣٥٤ | فرەميوو | دەفەرمووی، مەرميوو، |
| ٣٥٥ | فرەواچ | فرەبێژ، فرەواچ، فرەوراآ، فرەوەڕ، فرەوێژ، ڤرتۆ،(فرە= گەلەک+واچ= بێژ) |
| ٣٥٦ | فرنە | زۆر، فراوان، فرە، فریە، گەلەک، |
| ٣٥٧ | فریشتەک | فرشتە، فرێشتە، فریشتە، |
| ٣٥٨ | ئافینتو | فینگ، چڵمی لووت لەکاتی گریانەوە (فینگەفینگ دەکا واتە دەگری) |
| ٣٥٩ | ڤا | با، باد، ڤا، وا، |
| ٣٦٠ | ڤەئشەنگهـ | واشەنگ، وەشەنگ، وەرشەنگ، |
| ٣٦١ | ڤەئێرەیە | ئێرەیی، حەسوو، حەسووبەقوو، |
| ٣٦٢ | ڤەپ | وەپا، خەڵەوخەرمانی دروو نەکراو، |
| ٣٦٣ | ڤات | با، باد، ڤا، وا، |
| ٣٦٤ | ڤاتە | با، باد، ڤا، وا، |
| ٣٦٥ | ڤەج | بێژە، پێژە، قسەکردن، وشە، وێژ، وێژە، |
| ٣٦٦ | ڤاخش | وتار(واتش: وتی)، |
| ٣٦٧ | ڤار | واران، باران، |
| ٣٦٨ | ڤەر | ١- بەر، پۆشین، کردنەبەر، دەبەرکردن، ٢- وەر، ڕاخ، تەپۆڵکەی سەوزەڵانیدار، |
| ٣٦٩ | ڤەڕ | بەرگن، وەرگن، |
| ٣٧٠ | ڤەرە | ١- بەردوویک، سینگوبەر، وەر، ٢- بەر، پۆشین، کردنەبەر، دەبەرکردن، |

| | | |
|---|---|---|
| بەراز، وەراز، تاک، | ڤەرازە | ٣٧١ |
| وەرەسە، سەرپەرستیکردن، | ڤەرەسە | ٣٧٢ |
| واران، باران، | ڤاران | ٣٧٣ |
| وەرت، کـــەرتی کشـــتوکاڵ، کـــەرد، کەردوو، وەرد، | ڤەرت | ٣٧٤ |
| بریجە، وریجە، بریقە، | ڤەرچ | ٣٧٥ |
| بریجە، وریجە، بریقە، | ڤەرچەنگە | ٣٧٦ |
| وەرزێر، وەرزێیار، | ڤەرْزە | ٣٧٧ |
| وەرزێر، وەرزێیار، | ڤەرْزنێ | ٣٧٨ |
| وەرزێر، وەرزێیار، | ڤەرْزێنە | ٣٧٩ |
| پاراستنگە، پەناگا، | ڤارسمەن | ٣٨٠ |
| مەرغ، مەرغەزار، مێرگ، وێشە، | ڤەرْشە | ٣٨١ |
| بارش، بارشت، ڤارشت، وارشت، | ڤارشتە | ٣٨٢ |
| بەرجەوەن، بەرژەوەند، | ڤەریچەڤەنت | ٣٨٣ |
| ڤەریز، هەستە، | ڤەریزیاو | ٣٨٤ |
| بەلک، بەڵک، بەڵگ، وەرگ، وەڵگ، | ڤەریکە | ٣٨٥ |
| ویس، ویست، خواست، | ڤاس | ٣٨٦ |
| بەس، بەسە، | ڤەس | ٣٨٧ |
| باسەرە، لەوەرگە، کێڵگە، | ڤاسترە | ٣٨٨ |
| بەشی، خۆشی، | ڤەشی | ٣٨٩ |
| بەفر، ڤەر، وەفر، | ڤەفرە | ٣٩٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٩١ | ڤەنا | وەناو، بناو، |
| ٣٩٢ | ڤەنگهـ | بەنگا، بەنگە، وەنگە، |
| ٣٩٣ | ڤەهیشتە | بەهەشت |
| ٣٩٤ | ڤەیتارە | ڤیێار، پەرنگە، ویێار، |
| ٣٩٥ | ڤەیووئووی | وەیێوەیێ، شینکردن، |
| ٣٩٦ | ڤیا | ڤێیار، پەرنگە، وێیار، |
| ٣٩٧ | ڤیتە | ویت، وڵ، وێڵ، |
| ٣٩٨ | ڤیتارە | ڤێیار، پەرنگە، وێیار، |
| ٣٩٩ | ڤیر | بیر، ڤیر، ویر، |
| ٤٠٠ | ڤێرە | وێر، وێرا،وێرۆک، دلێر، بوێر، دەلێر، |
| ٤٠١ | ڤێژ | تیژ، |
| ٤٠٢ | ڤێژن | بێژنگ، وێژن، لەئاڤێستادا بەواتای کونکون نووسراوە کە لەگەڵ سروشتی بێژینگ دێتەوە) |
| ٤٠٣ | ڤێهرکە | ڤەرق، ڤەرک، ڤەڕک، گورگ، گورگوری، گوری، ورگ، وەرگ، |
| ٤٠٤ | قنە | قن، قنگ، قوون، قووین، قونگ، قین، قینگ، |
| ٤٠٥ | کام | کام، کامین، |
| ٤٠٦ | کەئۆفە | کوویە، کۆی، کێف، کێو، |
| ٤٠٧ | کەرەپان | کەر، کەڕ، کەڕەپەن، کەڕێ، کەهڕ، کەهڕۆ، |
| ٤٠٨ | کەرەپەن | کەر، کەڕ، کەڕەپەن، کەڕێ، کەهڕ، کەهڕۆ، |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٠٩ | کەسیەپە | کس□، کووسە□، کووسەڵ، کووسەڵە، کووسی، کەسا، کەسە، کەسەپشت، کەسە□، کەسەڵ، کووس، کووسە□، کووسی، کوێسەڵ، کەوسە□، کەوسەڵ، کیسڵ، کیسۆ، کیسوو، کێسوو، کیسەڵ، کیسەڵی، کیسی، |
| ٤١٠ | کەڤی | لەئاڤێستادا بەواتای گەورەیی و زانایی هاتووە پاشان بۆتە کەی کە فارس بە پادشایان داناوە: کەوین، کاک، کەی، گەورا، گەورە، مەزن، |
| ٤١١ | کەهرەکە | کارگ، کڕاگە، کڕاگی، کەڕکی، کەرگ، کەرگە، کەرگی، کەڕگی، مریشک، (تێبینی لەئاڤێستادا بەگشتی بە باڵندە دەڵێن) |
| ٤١٢ | کەهرپە | کۆرپە، کوورپە، زارۆ، زاروو، |
| ٤١٣ | کەنیا | کەنی، کەنیشک، کچ، کیژ، |
| ٤١٤ | کەوی (کەڤی) | کەی، کاک، گەورەپیاو، فەرمانڕەوا (لە مەمەسەنی) |
| ٤١٥ | کەیریە | کاری، کارا، کارکردن، ئیشکەر، بەکار، چالاک، پیشە، کار، کارە |
| ٤١٦ | کەیێنین | دوویەت، دۆت، دتە، وەت، دوێت، دوێتە، کچ، کەنی، کەنیشک، کەنیک، |
| ٤١٧ | کوونێک | دوویەت، دۆت، دتە، وەت، دوێت، دوێتە، کچ، کەنی، کەنیشک، کەنیک، |
| ٤١٨ | گات | گاز، گازی، گاس، بانگ، بانگ کردن، هاوار، پاڕانەوە |
| ٤١٩ | گاثا | گاز، گازی، گاس، بانگ، بانگ کردن، هاوار، پاڕانەوە |
| ٤٢٠ | گەئوو | گا، گاوێ، گەو، |
| ٤٢١ | گەئۆشە | گووشە، گۆشە، گۆش، گوێ، گوێچکە، |

| | | |
|---|---|---|
| | | گووش |
| ٤٢٢ | گەئیسوو | پـرچ، گیـز، گـیس، گیسْـک، گیسـو، گێسی، |
| ٤٢٣ | گەرەن | گەردن، گەروو، گەلوو، قوڕگ، |
| ٤٢٤ | گەس | پـرچ، گیـز، گـیس، گیسْـک، گیسـو، گێسی، |
| ٤٢٥ | گەووستانە | گاوسان، گاڕان، گەلەگا، |
| ٤٢٦ | گەیە | ژیان، فرووکەر، گۆن، گیان، گێون، |
| ٤٢٧ | گری | گێر، گێڵ، کێو، |
| ٤٢٨ | گنا | ژن، ژەن، |
| ٤٢٩ | ما | ئەزما، ئەزموون، |
| ٤٣٠ | مەئێزە | مێز، میز، گمێز، میس، |
| ٤٣١ | مەئێسمەن | مێز، میز، گمێز، میس، |
| ٤٣٢ | مەخشێ | مێش، مێـژ، پێشـکە، پێشـی، مێشـوولە، پەخشە، |
| ٤٣٣ | مەر | مر، مردن، مەرگ، مرن، |
| ٤٣٤ | مەرْتەن | مردن، مرن، مرتن، مرتس، مەرتاڵ، |
| ٤٣٥ | مەرغە | مەرغ، مەرغەزار، مێرگ، وێشە، |
| ٤٣٦ | مەرق | گوڕستان، مەرغ، |
| ٤٣٧ | مازا، | مازن، مەزن، مسنەوەن، گەورە، |
| ٤٣٨ | مەزە، | مازن، مەزن، مسنەوەن، گەورە، |
| ٤٣٩ | مەزەنەت، | مازن، مەزن، مسنەوەن، گەورە، |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٤٠ | مەزەنگە، | مازن، مەزن، مسنەوەن، گەورە، |
| ٤٤١ | مەزدا | مازن، مەزن، مسنەوەن، گەورە، |
| ٤٤٢ | مەزگە | مـــزگ، مژنـــگ، مەزگ، مەژگ، ملاژی، مەلاشوو، |
| ٤٤٣ | مەزین | مەزن، گەورە، |
| ٤٤٤ | مەزینە، | مازن، مەزن، مسنەوەن، گەورە، |
| ٤٤٥ | مەس | مازن، مەزن، مسنەوەن، گەورە، |
| ٤٤٦ | مەسەن | مەزنی، |
| ٤٤٧ | مەسەنگەه، | مازن، مەزن، مسنەوەن، گەورە، |
| ٤٤٨ | ماسوو | ماســاو، ماســاوی، ماســۆ، ماســو□، ماسی، ماهی، مۆسە، |
| ٤٤٩ | مەسیە | ماســاو، ماســاوی، ماســۆ، ماســو□، ماسی، ماهی، مۆسە، |
| ٤٥٠ | مەشیە | پیاو، نەمر |
| ٤٥١ | مەن | ١- مانایش، مـەندش، میناکی، میناهی، مێنێ، مێنین، وێچوون، ٢- مەن، مەند، وێستاو، ٣- ئەندێشە، ڕامان، |
| ٤٥٢ | مەنە | ئەمن، من، ئەز |
| ٤٥٣ | مانغ | مانگ |
| ٤٥٤ | مانگهە | مانگ |
| ٤٥٥ | مانن | مەن، مەند، وێستاو، |
| ٤٥٦ | ماونگە | مانگ |
| ٤٥٧ | ماونگهە | مانگ |
| ٤٥٨ | مەنیو | لێچوو، مانەن، مانەند، مینا، میناک، |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٥٩ | مەهركە | مەرگ |
| ٤٦٠ | مەرْخش | مرخش، مرخێش، مرخێشمرخێش، |
| ٤٦١ | مروا | جاڵجاڵۆكە، مروا، لەئاڤێستادا بەواتای دێو هاتووە، |
| ٤٦٢ | مووشتێ | گرمست، گوڕمشت، گورميچە، مست، مشت، مێشت، |
| ٤٦٣ | مێز | مێز، ميز، گمێز، ميس، |
| ٤٦٤ | ميزدە | مز، پاداش، پاداشت، (مژدە، مژدانە) |
| ٤٦٥ | مێژدە | مزگانی، مزگێنی، مزێيانی، مژدانە، مژدانی، مژديان، |
| ٤٦٦ | ميوو | دەفەرمووی، مەرميوو، |
| ٤٦٧ | نەئێرە | زاتدار، نێر، نێرە(لەكورديدا بەئازا دەكوترێ)، |
| ٤٦٨ | نەيێريو | ١- نێر، ٢- نێری، ساورین، |
| ٤٦٩ | نەئێزە | نەيێزە، نەيزە، نيزک، نيزە، |
| ٤٧٠ | نەريمان(نەرە+مەن) | پياوی بوێر لە بيركردنەوەدا، نێرئەندێش، نێر ڕامێن، |
| ٤٧١ | نەزە | ئاز، توان، نز، لەئاڤێستا بەمانای سس و بێ زۆرە، |
| ٤٧٢ | نەزدە | نزيک، نێزيک، نيزيک، |
| ٤٧٣ | نامە | نام، ناو، |
| ٤٧٤ | نامشتە | نامدار، ناودار، |
| ٤٧٥ | نەيێريوو | ١- نێر، نێرە، ٢- ساورین، نێری، |
| ٤٧٧ | نمانا | ئەنوا، خان و مان |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٧٨ | نوو | ئێستا، ئێستێ، نارا، نانکا، نکاین، نۆکا، نووکە، نوە، نوها، نوهۆ، نها، نەقۆ، نەکای، نهۆ، نەوکە، نەوە، نەها، نهە، نەهە، هەنووکە، |
| ٤٧٩ | نێرە | جۆگە، نیرە، (نێرەش لە کوردیدا شێوەکەی لەگەڵ جۆگە دێتەوە) |
| ٤٨٠ | نێرە | جۆ، جوو، جۆگە، نیرە، |
| ٤٨١ | نیڤەن | نەیوەن، نەیبەن، لەئاڤێشتادا بەواتای بردنە کە لەماناکە نیزیکە، |
| | وات | با، باد، وا، |
| ٤٨٢ | واچ | وتن، وەتن. واچ، |
| ٤٨٣ | وەراخا | بەرخ |
| ٤٨٤ | وەرک | ورتکە، وردکە، |
| ٤٨٥ | وەزەرکە | گەورە، مەزن |
| ٤٨٦ | وەرازا | بەراز، وەراز، |
| ٤٨٧ | وەردە | گو□، گوڵ، گولیک، وڵی، وڵێڤە، وڵێوە، |
| ٤٨٨ | وەرک | تیکە، وردکە، ورتکە، ورکە، |
| ٤٨٩ | وەرینە، | ئەو وێرد و وتانەیە کە جادووگەران لەکاتی جادووگەری دەیخوێنن، وڕێنە، |
| ٤٩٠ | وەش | وەش، خوەش، خۆش، لەئاڤێستادا بەمانای ڕەنگین و خاس نوسراوە، |
| ٤٩١ | وەنەفشەک | وەنەوشە، |
| ٤٩٢ | وەنت | مەند، خاوەن |
| ٤٩٤ | وەهـ | باش، بەهـ، |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٩٥ | وەهر | بەهر، بەهرە، پیت، |
| ٤٩٦ | وای | با، باد، وا، |
| ٤٩٧ | وشترە | وشتر، حوشتر، |
| ٤٩٨ | ویتی | ئـاوا، ئـەوتۆ، بەمجـۆرە، جەم شـێوەیە، وتۆ، وەتۆ، وەوتۆ، وەها، |
| ٤٩٩ | ویرا | ویر، بیر، |
| ٥٠٠ | هەئچەنگەهـ | ئیشـــک، عشـــک، وشـــک، ویســـک، هشک، هوسک، هوویشک، هیشک، |
| ٥٠١ | ها ئۆو | هائەورە، هائەورا، لەهۆوەیە، |
| ٥٠٢ | هەئیم | هێمن، خۆشخوڵک و ئارام، |
| ٥٠٣ | هەپتە | هەفتە، حەوتوو، حەوتە، |
| ٥٠٤ | هەڤەرە | خۆر، خوەر، وەر، وێرە، هۆر، هوەر، هوێر، |
| ٥٠٥ | هەزەنگرە | هەزار، هزار، |
| ٥٠٦ | هاڤەن | ئاوْنگ، هاوْن، هاوْنگ، هەوەن، |
| ٥٠٧ | هەڤەنە | ئاوْنگ، هاوْن، هاوْنگ، هەوەن، |
| ٥٠٨ | هامە | هاوین، هامن هاوێن، هامێن |
| ٥٠٩ | هامێن | هاوین، هامن هاوێن، هامێن |
| ٥١٠ | هئە | هە، هەیە، هەیەتی، |
| ٥١١ | هئو | باش، خۆ، خۆش، |
| ٥١٢ | هئوشینگە | ژینگەی خۆش/باش (نـاوی هۆشـەنگ لە ئاڤێستادا) |
| ٥١٣ | هەئۆم | خۆم، |

| | | |
|---|---|---|
| ٥١٤ | هەرە | خەڕێ، هەڕگ، هەڕێ، (لەئاڤێستادا هەرەبەرز واتە خاکی بەرز)، |
| ٥١٥ | هەرە بەرەزە | کێوی ئەلبورز، بەرزایی ئەلبورز، هەرە بەرززایەتی |
| ٥١٦ | هەرە بێرێزەئیتی | کێوی ئەلبورز، بەرزایی ئەلبورز، هەرە بەرززایەتی |
| ٥١٧ | هەرد | ئەرد، ئەرز، زەوی، هەرد، |
| ٥١٨ | هەرێثرا | خۆراک، خواردن، خواردەمەنی |
| ٥١٩ | هەزە | هاز، هێز، (ئازا: هازا)، |
| ٥٢٠ | هەزەنگەهـ | هاز، هێز، |
| ٥٢١ | هەزەنگرە | هەزار |
| ٥٢٢ | هەڤەرە | خۆر، خوەر، هوەر، |
| ٥٢٣ | هەکەت | هەر، هەرکە، (هاوکات)، دەست بەجێ، یەکسەر، |
| ٥٢٤ | هەکێرێت (هە+کێرێت) | یەک کەڕەت |
| ٥٢٥ | هام - باوەینتی | هەموو بەیەکەوە، |
| ٥٢٦ | هەمە | هامن، هاوین، هەموو، هەمان، (هاو، هام) |
| ٥٢٧ | هام - بوو | بەیەکەوە، کۆبوونەوە، کۆمبوون، هەمووبوون، |
| ٥٢٨ | هام ڕەئێثوایێتی | هەموو ڕیسوا، هەموو ڕیسوایەتی، هاوڕیسوایەتی، |
| ٥٢٩ | هامو | هەموو، |
| ٥٣٠ | هەنجەمەنە | ئەنجومەن، کۆبوونەوە |
| ٥٣١ | هانداتا | ئەندازە، هەندەسە، کوردی/ سۆمەرییە |

| | | |
|---|---|---|
| | | و چۆته ناو فارسی و عەرەبی |
| ٥٣٢ | هەندامە | ئەنام، ئەندام، هەندام |
| ٥٣٣ | هاو | ئەو، ئەم، |
| ٥٣٤ | هڤەر | خۆر، خوەر، هوەر، |
| ٥٣٥ | هڤەر هەنگو | خواردن، هواردن، هەردن، هەردەن، |
| ٥٣٦ | هودا | هوودە، بەکەڵک، |
| ٥٣٧ | هۆرە بەرەزە | کێوی ئەلبورز، بەرزایی ئەلبورز، هەرە بەرزایەتی، |
| ٥٣٨ | هۆست | سقان، هەست، هەستو، هەستە، هەستی، هێستک، هێستی، هێسک، هێسیک، |
| ٥٣٩ | هوشکە | ئیشک، عشک، وشک، ویسک، هشک، هوسک، هوویشک، هیشک، |
| ٥٤٠ | هوو | ١- باش، خوو، ٢- خووک، خووگ، خیگ، هوو، |
| ٥٤١ | هووسرەڤە | خۆسرەو، خۆەشناو (بەخۆشناو ماناکراوەتەوە، بەڵام پێموایە خۆشرەوت یا خۆشرەفتار دروستە) |
| ٥٤٢ | هوور، را | خۆر، رۆ، رۆژ، |
| ٥٤٣ | هووە | خۆ، باش چاک، خۆش، |
| ٥٤٤ | هووس، | خاس، باش، هاوە، هۆ،خوو، |
| ٥٤٥ | هووش | خاس، باش، هاوە، هۆ، خوو، |
| ٥٤٦ | هووش خوەفەن | خەفتوو، خەفتگ، خەوتوو، |
| ٥٤٧ | هی | ئا، ئێ، وایە، هی، هەیا، |
| ٥٤٨ | هێز | جووڵێنەوە، هێزی پاڵنەر، |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٤٩ | هیزڤا | زمان، زوان، زوبان، |
| ٥٥٠ | هێزڤارنه | ئاز، هاز، هەرەنگ، هێز، |
| ٥٥١ | هیشاره | بەواتـــای چـــاودێر نووســـراوه کە لەو مانایـانه نیـزیکە: ئێشـک، چـاودێری، چاوەدێری، کشک، کێشک، هێشک، |
| ٥٥٢ | هێشکه | ئیشـــک، عشـــک، وشـــک، ویســـک، هشک، هوسک، هوویشک، هیشک، |
| ٥٥٣ | هێشکو | ئیشـــک، عشـــک، وشـــک، ویســـک، هشک، هوسک، هوویشک، هیشک، |
| ٥٥٤ | یەتە | یەتە، یەرغەکردن، یۆرغە، لەئاڤێستادا بەواتـای دەویـن و ڕسـین و تێکۆشـانه کە ماناکە دەگرێتەوە، |
| ٥٥٥ | یاتوو | جادوو، یاتوو (لەکوردیدا بەواتـای فریو دێ کە جادووش چشنێکە لە فریو) |
| ٥٥٦ | یەزمیده | زاما، زاوا، زما، یەزنە، |
| ٥٥٧ | یەو | ئیو، جۆ، جەهـ، یەو، یەوەی، یەوی |

وشەگەلی وەرگیراو لە دیدی نو از...:

هومخشەثره یا هومخشـەتره، توانـای بـاش + هو = بـاش + خشـەثره = توانـا، کە دەبێـتە دەسـتەڵاتدار، فەرمـانڕەوا یـا پادشـای بـاش ئەوە دەبـێ هومخشـەثره بـێ کە ناوێکی ئاوێستاییه.

ئاپەئووشە دێوی وشکساز ئاپە = ئاو، ئووشە + وشک، واتە ئاو وشکی ئـاو وشکبوون کەئاو وشک کەر، کە هەر بەشێوەی کوردیی ئەوڕۆیە.

فرەوەشی، فرەڤەشی( فرەبەشی) بەفرەوەهەر(فره وەهەردروسته) ناودەبـا فرەوەشـی واتە فرەبەشـی یـا بەش زۆری و فرەوەهـریش هەر بەوەتـای بەهـره زۆره ویەک دەگـرنەوە فارسـەکان تێـی نەگەیشـتوون چـونکە دەقـاودەق کـوردییه. نووسـەری فـارس بە (پەنابەخشین یـا پارێزگـاری) مانـای لێداوەتەوە ڕاسـتییەکەی ئەوەیه کە فرەوەهـر واتە پڕپیـت، زۆر بەبەهـره، بە بەرەکەتە، یـا فرەوەشـی بەواتـای زۆر

خۆشی، فره خۆشی، وەک ئێشتاش دەیڵێن. فره وەشی کە خودا دەیدا و دەکرێ دیاردەیەکی ئاهورامەزدا بێ کە بەهرەی زۆر یا خۆشی و پیت و ئاسوودەیی فره لەدەستی ئەودایە و دەیدا بە ئافراندراوانی.

بێجگە لە پاشگری ئەسپ لە ناوی پادشایان و قارەمانانی ئاوێستیادا، ئەگەر سەرنج بدەین، ماکی کوردییوونی دیکەشیان تێدا بەدی دەکرێ کە ئەورۆ هەروەک خۆیان ماونەوە:

گوشتاسبە: بەفارسی وا نووسراوە، و بە خاوەنی ئەسپی تەژە ماناکراوەتەوە. ئەو واتایە توندوتۆڵیش دەگرێتەوە کە بۆ ئەوچەشنە ئەسپە دەشێ. ناوە ئاوێستایەکەشی واتە (ویشتاسب ← لە کوردیی ئەورۆدا = وشت واتە زرنگ/وریا/وشیار + اسب) ڕاست هەر ئەومانایە دەداتەوە. (گشت و وشت)یش لە کوردیدا واتە زووڕاپەڕە کە هەر ئەومانایەدروستە بۆ ویشتاسبیش (کە پێموایە تەنانەت ئەوەش ئەگەر دروست خوێندراباوە وشتاسب دەبوو) لەجێی خۆیدایە و دروستەکەی لێرەدا دەرردەکەوێ. بەواتای خاوەنی ئەسپی سەرکێش و چەمووش، وشت: وشت لەکوردیدا بەواتای هوشیار و زرنگە (هەمبانە بۆرینە) هەروەها وشەیەکە بۆترساندن دەیڵێن، لەگەڵ گشتیش دێ(گشت و وشت) ئەوەش لەگەڵ ئەومانایە یەک سروشتی هەیەئەگەر گوشتاسپەکەی فارسیش ڕاست بێ. ئەوە (ئەگەر بەگوشتاسبیش بخوێندرێتەوە)، واتای خاوەنی ئەسپی گۆشتن دەدا کە لەگەڵ مانای تەژە یەک دەگرنەوە. بەڵام واتا ڕاستەکەی هەرکوردییەکەیە. دێهخودا، سەرەڕای ئەوهەموو زانیارییەی، واتای ئەسپی لەکار کەوتووی بۆ لێداوەتەوە، کە نەدەگەڵ پلەی ئەوپادشایە دێتەوە نەدەگەڵ خودیوشەکە. ئەوەی دێهخوداش چونکە بناخەی لێکدانەوەکەی ڕاست نییە بەهەڵە دەرچووە.

لۆهراسپە: (لە هێندێک شوێندا بە لەهراسپە نووسراوە کە پێموایە لەهراسپە دروستترە و واتە خاوەنی ئەسپی لەڕ)، ئەو واتایەش دەبێ بەو بارەدا بگرین کە لەڕ لێرەدا بەواتای ئەسپێکە زۆر قەڵەو نەبێ و بەخێرایی بجوڵێ.

ئائووروەت ئەسپە: Aurvataspa (ئەئوورڤەت زۆرتر لە کوردیدا وە ڕووت دەچێ و وێدەچێ ئەسپی ڕووت بێ کە بەبێ زین و ج[illegible] سووکترە و پێویستیی بە ئامادە کردن نییە و سوار خێرا خۆی داوێتە سەر پشتی. لەکوردەواریش و لەنێوئەوانەی دیکەشداکەهۆگریئەسپسوارین، دیتوومەسواریچابووکچەندبەخێرایی ڕێشمەی ئەسپی ڕووت دەگرێ وخۆیداوێتەسەرپشتی،یاخاوەنی ئەسپەڕووتە بەوشێوەیەش لە کوردیدا هەر مانای لوهراسپەکە دەداتەوە) وشەکە پێک هاتووە لە (ئا = ئەوەی + ئوورڤەت = ڕووت + ئەسپ + ە بەنیشانەی پاشگری خاوەنایەتی کە لە زۆر ناوی ئاڤێستادا وەک یێک دێنەوە، دیسان ماناکەی هەر ئەوەیە فارسان لێکیان داوەتەوە و تەواو کوردییە). لەئاڤێستا دا بە خاوەنی "ئەسپی بەپا" لێکدراوەتەوە.

شیدئەسپە: شید لە ئاڤێستادا بەواتای درەوشنە، لەمانای خورشیددا هەیە بەواتای خۆری پرشنگدار، لێرەدا بەواتای خاوەنی ئەسپی پرشنگدارە.

هۆشەنگ (لەئاڤێستادا: هئو = خۆ، خۆش، + شینگە = ژینگە) لەسەریەک بە واتای ژینگەی باش/خۆشە.

فرەوشتری بۆ رای جاماسبی وەزیری دەوڵەمەندی ویشتاسب: (فرە+ وشترە). دەوڵەمەندبوونەکە ئەو مانایە دەسەلمێنێ خاوەنی وشتری زۆر بووە و ناوەکە بەتەواوی کوردیی ئەورۆیە.

مەیدیۆی مانگهە ناوەندی مانگ. = مەیدیۆما maidiyoi mangha واتە لە ناوەراستی مانگ لەدایکبووە لە بنەماڵەی سپی تۆمان بووە (ئەو لێکدانەوەیە هەڵەیە مەیدیۆ مانگهە بەکوردیی ئێستاش دەبێتە مانگی ماد نەک لەدایکبوو لە نیوەی‌مانگدا. بەڵام‌بەوشێوەیە لەفارسی‌و ئەفغانی و سانسکریتیشدا نییە. - کاوە).

هۆرە چیثرا = هۆر چارە، خۆرچارە، کوردییەکی تەواوە.

پێشگری (کەی) کە (لەکەوی‌Kavi)ی ئاوێستاوەرگیراوە، لەپەهلەویدا بە(گەورە، بەهێز، زۆردار) دەڵێن، لە کوردیشدا ئەورۆ بەگەورەی خۆیان دەڵێن (کا، کاک). وشەی (کەوی) هێشتاش لەناوهۆزەکانی(بۆیرئەحمەدی)و(مەمەسەنی)دا بەواتای دلێرو قارەمان‌و فەرمانڕەواباوە. ئەوپێشگرەوپاشگری(اسپ) لە ناوی ژمارەیەک لە پادشایانی ئەفسانەکانی ئاوێستاش نیشانەیەکی دیکەی پەیوەندیدار بوونی ئەو چیرۆکانەیە بە مادەکان.

زمانی ئاڤێستا لەڕوانگەی زۆر مێژوونووسەوە زمانی مادەکانە. چ بەباری دەنگ ناسی‌و چ‌بەباری‌مانەوەی‌وشەکانی ئاڤێستا لەزمانی‌ڕۆژانەی‌ئەورۆی کوردەواریش دا، ئەوڕوانگەیە وەڕاستدەگەڕێ. ئەگەر زەردەشت ئی ناوچەی کوردستان نەبا، زمانی ئاڤێستاش دەبوو ئی ناوچەیەکی دیکەبێ.

بوونی موغەکان کە یەکەم پارێزەران و بڵاوکەرەوانی ئوولی زەردەشت بوون، بە سەرنج دان بەوەی کە ئەو پلەی ئایینی لە زەردەشتیگەریدا بە میرات بووە و لە باب ڕا بە کوڕ گەیشتووە، و بەوەی ڕا کە موغەکان هۆزێکی ماد بوون، ئەوە دەگەیەنن کە زەردەشت ئی ناوچەی مادە.

ناوی ئاڤێستا(Avesta) وەک وشەی زەردەشت لەزمانی پارسیدا شێوەگەلی جۆراو جۆری هەیە وەک: (استا)، (اوستا)،(بستاق)، (ایساق)، (ابستا)، (آبستا)، (است)، (افستا)، (ایستا)، تەبەری‌ومەسعوودی کوتوویانە (ابستاق) و (افستاق)، زانایانیش لەسەر واتای ئەو وشەیە هاوڕا نین، واتای (پەنا،داڵدە)، (زانست)، (ناوەرۆک) و....یان بۆ داناوە، بەڵام واتای ئاوێستا بە (ناوەرۆک و سەرەکی) دەزانرێ. ئەوە

ڕوانـگەی نووسـەرانی فارسـە، چـونکە ئەو وشـەیە لەکوردیدا (ئاڤێسـتا = ئاڤسـتا، ئاوێستا = آوستا، ئەوێستا = اوستا، ئێستا = ایستا) وەک دەبینن ناوە فارسییەکە دەگرنەوە، ئەو وشانە لەکوردییئەوڕۆدا واتای(اکنون)یفارسی واتە(هەنووکە)ی کـوردی دەدەنەوە. ئایـا نـاکرێ کتێـبەکەی زەردەشـت لەبەرئەوەی نوێخـوازی و هەنـووکەییەکی تـایبەتی دابـووە ئـوولی سـەردەمی خـۆی بە یاسـایەکی ئـوولیی هەنووکەیی و نوێ بزانین کە لەگەڵ دۆخ وناوەکەی یەکتر دەگرنەوە؟

دیاکۆنۆف لەکتێبی تاریخی ماددا خشتەیەکی دەنگناسیی وەک نموونە داناوە. وەک لەو خشتەیدا دەبینین، زمانی ماد لەگەڵ زمـانی ئاڤێستا تەنیا لە یەک نموونەدا و ئەویش بە نیوەچڵی لەگەڵ زمانی ئاڤێستا جیاوازیی هەیە، کەچی لەگەڵ زمانەکـانی دیکە زۆرجیاوازترە. سەرەڕایئەوانەش، دیاکۆنۆف وەدوایڕوانـگەی ژمـارەیەک لە زانایانی سۆڤیەتی دەکەوێو زمانیئاڤێستا دەباتەوەسەرزمانیئیسـکیتیو ئاسیای ناوەڕاست، واتە بەئی مادی نازانێو دەڵێ: " زۆرینەی لێکۆڵەرەوانیشەوڕەوی و ڕۆژئاوایی، شوێنی دیاریدانی ئاڤێستا بەئاسیای ناوەندی دەزانن. لەوانە:(غفورات، جکسون، گیگر، آلتهیم) سوغد و (استرووە) مەرغیـان و (تالستوف و هنینـگ) خوارەزم بەزێدی ئاڤێستادەزانن. بەڵامهێندێکانیش لایەنگری مادیبوونی ئاڤێستان (ماکوولسکی و هرتسفلد). لەسـەدەی نۆزدەهەمدا لایەنگرانی یەک بوونی زمـانی مادی و ئاڤێستا زۆرتر بوون...." بڕواننە لاپەڕەکانی ٦٥تا ٦٨ی کتێبی ناوبراو.

خشتەیفۆنێتیکی زمانەئارياييیەکان وەرگیراولەکتێبی دیاکۆنۆف:

| دەستەدەنگی فارسی | دەستەدەنگی ئیسکیتی | خوارەزمی | سوغدی | پارتی | دەستە دەنگی ئاوێستایی | دەستە دەنگی مادی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | شێوەی چاخەکانی دوایی | | | | |
| ϑ > h [1]<br>d [2]<br>s [3]<br>ç > s [4] | s<br>z<br>sp > fs<br>tr, ϑr > rϑ, rt | —<br>s<br>z<br>sp<br>š | s<br>z<br>sp<br>dr, š | s<br>z<br>sp<br>ϑr > hr | s<br>z<br>sp<br>ϑr | s<br>z<br>sp<br>ϑr, tr |
| š(i)y [5]<br>(h)u > hv, [6]<br>χv | ti > ts<br>χw, χo | *ti > ts<br>χw | š<br>γw | š<br>χv > vχ | ϑy<br>hv, χv | ϑy<br>f |

دیاکۆنۆف دەڵێ:

"یێکێک لەگرنگترینی ئەوزمانانەی لەمادی کۆندا بڕەوی هەبووەو سەرچاوەکانی سەردەمی کۆن بە(مادی)ی ناودەبەن، کە، لکێکی زمانەکانی هیندو ئوروووپاییەو زمانی ئاوێستاش هەر لەوانە، بەڵام نابێ بە هیچ جۆریک لەگەڵ زمانی پارسیمان لێتێکبچێ کەناسراوترین زمانی ئێرانییە. زمـانی فارسـی لەنێو زمانەکانی هیندو ئوروووپاییدا لەشێوەی دەنگ (فۆنێتیک)دا شوێنێکی تایبەتیهەیەو لەباری فۆنیتیک لەگەڵ زمانەکانی دیکەی ئاریایی جیاوازە." بڕواننە خشتەی سەرەوە.

هەروەها دەڵێ:

”لەسەر زمانی مادی دەبێ بڵێین کە لەباری دەنگەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ پارسیی کۆندا هەیە و لەزمانەکانی ئاوێستایی و پارتی و سوغدی و خارەزمی و ئیسکیتەکان و سەکاکان زۆر نیزیکە. زمانی پارسی زۆرکەوتۆتە ژێرکارتێکردنی تۆرەیی زمانیمادی واتە زمانی ئەوگەلەی لەو پێشکەوتووتر و گەشەکردووتربوو. زۆروشەی دینی و بیروباوەڕی و حکوومەتی وەک شاو ساتڕاپو ... لەمادیڕا چوونەتە نێو پارسی. تەنانەت ناوی زۆر شوێنو هۆزو تەنانەت شایەکانی پارسیش مادین. هەروەها ناوی پارس بۆخۆشی مادییە و لە وشەی پەرسەوی مادی واتە دەندەیە و بە هێما لەجیاتی تەنیشت یا کەناریشهاتووە. هەرسێک وشەی پارس، پارسوئا – کە لەوپەڕی ڕۆژئاوای مادبوو – و پارت یێک واتا دەدەنەوە. زمانیماد و ئاوێستا زۆرلێک نزیکن، بەڵام نەکئەوەندەی بەیێکزمان بزانرێن. ئەوان لە هێندێک فۆنێتیکدا جیاوازییان هەیە.“

ئەوجۆرە لێکدانەوە ناوەیکەک و لێکدوورە لەسەر زمان و شوێن و تەنانەت ناوی زەردەشت زۆرن کە لەجێگای خۆیدا باسیان دەکەم. بەڵام وەک لەو خشتانەدا دەردەکەوێ زمانی ئاڤێستا و کوردی ئەوەندە لێک نیزیکن، کەناکرێدووزمانیجیاواز بن. بەپێچەوانەی ڕوانگەی ئەو نووسەرەش، نەک لە هێندێک تەنیا لە نموونەیکدا و ئەویش بەنیوچڵێ جیاوازە وەک لە خشتەی سەرەوەدا دەیبینن. تێپەڕینێکی هەزارانساڵە بەسەرزمانێکدابێگومان گۆڕانکارییەکی زۆری وەک سوانی وشە، گۆڕانی ڕێزمان و ڕستەبەندی و گۆڕان لە شێوەی دەکارکردنی وشە و دەستەواژە و واتاکانیان، و تەنانەت کارتێکردنی زمانانی دەوروبەر و زمانی داگیرکەران و... بێگومان جیاوازییەکی زاراوەیی و وتەیی و واتایی پێکدێنێ. زمانەکۆنەکە دەبێتەزمانی مردوو وشێو گۆتنێکیدیکە جێگای دەگرێتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، بنەماکان و تایبەتمەندییەکانی هەر دەمێنن و ژمارەیەکی زۆری وشەکان، یا وەک خۆیان و یا بە واتایەک و شێوەیەکی نیزیک لە زمانەکۆنەکە (هەر وەک خشتەی وشەکان نیشان دەدەن) دەمێننەوە و پەیوەندیی زمانە تازەکەیان پێوە دیارە. بۆخوێندنەوە و تێگەیشتنی زمانە کۆنەکانی سەر بەهیند و ئوڕووپاییش لە ناوچەکەدا، زمانی سانسکریت بۆتە بنەمای هەڵسەنگاندن و مانا لێکدانەوەکان، و بە زۆر هۆکاری سیاسی و تەکنیکی زمانی سەرەکیی ناوچەکە، واتە کوردی، پشگوێ خراوە و ئەوە بۆ ماناکردنەوە و خوێندنەوەی زۆر وشە کێشە و بەهەڵە تێگەیشتنی سازکردووە. هەربۆیەش، لێکۆڵەرەوانی ئوڕووپایی بەهۆی زاڵبوونیان بەسەر ناوچەی زمانی سانسکریت - کە باشتر و ڕەسەنتر لە زمانەکانی دیکەی بەردەستیان ماوەتەوە - بۆیان ئاسانتر بووەکە نووسراوە کۆنەکانی پێ هەڵسەنگێنن. بەپێی دوایینلێکۆڵینەوەی زانستی، زێدیزمانانی هیندوئوڕووپایی باکووری کوردستان (ئاناتولی) بووە و ئەو زمانە لەگەڵ پەرە سەندنی کشتوکاڵدا بۆ ئوڕووپاتەنیوەتەوە. ئەو تەنینەوە زۆر وشەی ئاڤێستاشی لەگەڵخۆیدا بردۆتە وێندەرێ کە بەئاسانی دەناسرێنەوە و باسیان لێرەدا ناگۆنجێ.

سـەرچاوەگەلی سـەردەمی ساسـانی و تەنـانەت پێشـووتریش زەردەشـت بە مـاد دەزانن:

سووئیداس(Suidas) ی زانای بەناوبانگی یۆنانی لەوزانستنامەگەورەیدا زەردەشت بە زانای پارس و ماد ناودەبا،

"بـروس"ی مێژوونـووسو پێشـەوای "کلـدانی" - کـە لـە سـەدەی سێیەمی (پ.ز) ژیاوە - ڕەگەزی زەردەشت دەباتەوە سەر نەتەوەی "ماد"

بارتۆلۆمێ: زێدی زەردەشت بە ماد دەزانێ،

(Plinyus/Pliny the eldER)، زاناو مێژوونووس و نووسەری ڕۆمـی، ناسراو بـە پۆلینووسی گەورە(٧٩-٢٣.ز)، زەردەشت بەپێغەمبەری ماد ناودەبا.

ئیبنـی خـورداد بێهـ، جوغرافیـازانی نیـوەی یەکەمـی سـەدەی سێهەمی کـۆچی کە پێشتر زەردەشتی بوو، ورمێ بە شاری زەردەشت ناودەبا.

(بـلاذری) کـە لە نیـوەی دووهەمـی سـەدەی سێهەم ورمـێ بە شـارێکی زۆرکـۆن لەقەڵەم دەدا و دەنووسێ مەجووسان وادەزانـن کە گەورەکەیـان، زەردەشـت، لەوێ دیاریداوە.

(ابن فقیه همدانی)ش کە(البلدان)ی خـۆی لە سـاڵی ٢٩٠ی هیجری نووسیویەتی، هەر نووسراوەکەی (بلاذری)ی دووپاتکردۆتەوە.

(یاقوت حموی)ش کە ساڵی٦١٧ی هیجری ورمێیدیوە، لەبارەیدا ئاوا دەنووسـێ : «وا بانگەشـە دەکەن کە ورمـێ شـاری زەردەشـتە وموغـان دایانمەزرانـدووە. » لەجێگایەکی دیـکەش نووسیویەتی: « دەڵێن زەردەشتی پێغەمبەری موغـان لەوێ (شیز) هەستاوە.»

قوربانی کردنی هووم بۆ ئـاگر یەکێکە لە یەزشـەکانی زەردەشتییان. ئەو یەزشـە لەشوێنێک بەرێوەدەچێبەناوی(اورویسـگاه Urvisgah)، کەراسـتکوردییئەوڕۆیە و لە دوو وشـەی(اور = ئـاور و ویسـگاه = وێسـتگە) پێکدێ، کە مانـای شـوێن یـا وێستگەی ئاگر دەدا، کە ئاورگەی زەردەشتییانە.

# پێنجەم
# شوێنی ڕووداوەکانی چیرۆکەکانی ئاوێستا:

وەک لەبەشی (ئەفسانەکانی ئاڤێسدتا و پەیوەندییان بە کوردستانەوە)دا باسم کرد، ڕووداوەکانی چیرۆکەکانی ئاڤێستا هەمووی لەسەر خاکی مادن، ئەویش مادی سەروو، هەروەها شوێنی پێکدادانەکان و ئەوتیرەی ئارەشی کەوانچی (خەڵکی ڕێگا "رغە") کە سنووری ئێران و تورانی بە چۆمی ئاراز دیاریکرد، دەی سەلمێنن کە توران دەبێ باکووری ئەوچۆمە و شوێنێک بی لە ڕۆژئاوای گۆلی کاسپین نەک لای ڕۆژ هەڵات یا ئەوشوێنەی لە نەخشەی ساسانییان بە توران ناسێندراوە یا تورکەمەنستان و....

جەمشید و دەماوەند، فەرەیدوون و دەماوەند، زیندانی زەححاک و دەماوەند، کەیقوباد و داوێنیئ کێوی سەهەند، ئەفراسیاب و کوژرانی لە نێو گۆلی ورمێ، قوربانی کردنی کەیخەسرەو لە گۆلی هۆئۆسرەوە (وان). ئەوانە هەموو لەسەر خاکێک ڕوویانداوە کە جوارگۆشەیەک دەگرنەوە کە لە سووچی لای خوارووی ڕۆژهەڵاتی بەستێنی خوارووی دەریای کاسپینەوە دەست پێدەکا بە کێوی ئەلبورزدا دەچێتەخوار تا شاری تارانی ئەوڕۆ و لەوێش ڕا بەخوارەوەی گۆلی ورمێدا دەگاتە زاگرۆس و بەوێدا هەڵدەکشێ تاکێوی ئاگری و بادەداتەوە بۆ ڕۆژ هەڵاتی ئەوکێوە و دەگاتەوە دەریای کاسپین.

ژوو□ موولیفەرانسەوی(۱۸۷۸-۱۸۳۸ج۱□ ٤٠-٤٣) لە نوسخەی شانامەکەیدا لەسەر هەڵاتنی دایکی فەرەیدوون لە ترسی گیران بەدەستی زەححاک دەڵێ:

| | |
|---|---|
| که اندیشه‌ای در دلم ایزدی | فراز آمدست از ره خردی |
| همی کرد باید کزآن چاره نیست | که فریدون و شیرین روان یکیست |
| ببرم پی از خاک جادوستان | شوم با پسر سوی هندوستان |
| شوم ناپدیدار از میان گروه | مر این را برم تا بالبرز کوه |

و ئاوا فەرانەکی دایکی فەرەیدوون خۆی گەیاندە دەماوەند و پەنای برد بۆپیاوێکی پارێزکار و کوڕەکەی لەوێ گەورە بوو تا گەیشتە ١٦ ساڵی تەمەنی و بەرۆکی بەدایکی گرت تا باوکی پێ بناسێنێ.

| | |
|---|---|
| فرانک بدو گفت که ای نامجوی | بگویم ترا هرکه گفتی بگوی |
| تو بشناس کز مرز ایران زمین | یکی مرد بود نام او آبتین |

ز تخم کیان بود و بیدار بود　　　خردمند و گرد بی آزاربود

ز طهمورث گرد بودش نژاد　　　پدر بر پدر بر همی داشت یاد

و چیرۆکەکەی باوکی بۆگێڕایەوە.، فەرەیدوون خوێنی لەقسەکانی دایکی وەجۆش هات و ویستی بچێتە شەڕی زەححاک، بەڵام دایکی هێوری کردەوە.... لێرەشدا ڕووی ڕووداوەکان هەمووی دەخاکی کوردستاندایە، نەک دەلای بەلخیئەفغانستان.

لە باسی لەشکر کێشانی فەرەیدوون بۆسەر زەححاکدا ئەو لە ئەلبورز ڕادەچێتە فەلەستین، بەخاکیکوردااندا لەئەروەند دەپەڕێتەوە. ئەروەند لەشانامەدا بەدیجلەش ناو براوە، لەوشوێنەدا کە لەسەر پەڕینەوەی فەرەیدوون دەڵێ:

همی رفت منز□ به منز□ چو باد　　　سری پر ز کینه دلی پر ز داد

به اروند رود اندر آورد روی　　　چنان چون بود مرد دیهیم جوی

اگر پهلوانی ندانی زبان　　　بتازی تو اروند را دجله خوان

دگر منز□ آن شاه آزادمرد　　　لب دجله و شهر بغداد کرد

چو آمد بنزدیک اروندرود　　　فرستاد روی رودبانان درود

که کشتی و زورق هم اندر شتاب　　　گذارید یکسر بر آن روی آب

کەوابوو فەرەیدوون بۆچوونە ئوورشەلیم لەلای بەغدایە بەچۆمی دیجلەدا بەئەسب پەڕیوەتەوە، چونکە گەمیەوانان یاریدەی پەڕینەوەیان نەداوە. ئەوڕێگایەش وەک دەزانین لە دەماوەندڕا بۆ بەغدا هەمووی بەخاکی کوردستاندایە.

مێهریەشت ئاواباسیمێهر/میترا دەکا: "خاوەنی دەشتگەلی بەرفرەهـ و ئەسبگەلی خۆشبەز، کە ئاگای لە وتەی ڕاستە و پاڵەوانێکی باڵاجوان و شەڕکەرە، خاوەنی هوزار گوێچکە و هوزار چاو و هەزار ئازایی و چالاکیی باسکراوە. کەسێکە شەڕ و سەرکەوتنی بەدەستە و هەرگیز ناخەوێ و هەرگیز فریوناخوا. ئەگەر کەسێک پەیمان شکێنیی لەگەڵدا بکا، لە ڕۆژهەڵاتی هیندووستان بێ یا لەسەر لێواری ئارەنگ، دەرەتانی هەڵاتنی لەبەر تیری وی نییە. ئەو یەکەم ئیزەدی مینەوییە پێش هەڵاتنی خۆر، بەبێ بڕانەوە بەئەسپی پڕتاو دێتە سەر کێوی هەرا و لەوشوێنە بەرزە ڕا دەڕوانێتە سەرانسەری مزڵگەکانی ئارییاییان. بڕوانە: (اروندرود /https://fa.wikipedia.org/wiki)

لێرەدا پێویستە چەند ڕوونکردنەوەیەک بخزەینە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز:

١- کێـوی (هەرا) یـا (هەرەبەرزەئیتـی) هەر ئەو کێـوەیە کە عەرەب ناوەکەیـان گۆڕیـوە بە ئەلبـورز. بەرزتـرین لـوتکەی دەماوەنـدە. و ئەو ئیـزەدە تەنیـا لەسـەر ترۆپکی ئەو شوێنەڕا دەتوانێ بڕوانێتە سەر هەموو ئەو وڵاتەی بە ئی ئاریاکـان نـاو نـراوە. کە بێگومـان بەپێـی نەخشـەی سـترابۆن، تەنیـا شـوێنێک کە بەونـاوە ناسـرابێ ئەو جێگـایەیە کە لەسـەر نەخشـەکەی نـاوبراو بە (ئاریانـا) ناسـێندراوە. نەک ئەفغانستان یا تورکەمەنستان و....

٢- ڕۆژهەڵاتـی هیندسـتان کە لێـرەدا باسـی دەکـرێ هەر ئەو ئاریانـایەیە کە لە نەخشەی سترابۆندا هاتووە.

بەو بـابەتەی مێهریەشـتدا ئەوە دەردەکەوێ کە زەردەشـت یـا پەسـندەری ئیـزەدی میترا، ئاگای لەودیوی ئەلبورز نەبووە، و ڕۆژهەڵاتـی ئەلبـورز بە وڵاتـی ئاریـا دانەنراوە، دەنـاخۆر لەهەڵاتیندا دەڕوانێتە ڕۆژئـاوا و بەوحیسـابە وڵاتـی ئاریـا لە دیـوی ڕۆژهەڵاتـی ئەلبـورزە، و ئەگەر لەوێ ڕا بـڕوانێتە وڵاتـی ئاریاکـان یـا سترابۆن کوتەنی ئاریانا، ئەودیوی ئەلبورز بە وڵاتی ئاریاکان دانەندراوە. دەنا دەبوو هیندوکوش ئەو شوێنەبا نەک ئەلبورز.

زەردەشـت باسـی درۆپەرسـتانی وەرەن دەکـا. وەرەن نـاوچەی سـەکاکانە کە بـۆ ڕاووڕووت هێرشیان دەکردە سەر وڵاتی ماد، واتە زێدی زەردەشت. شـانامەش ئامـاژە دەکـا بە دێوەکـانی مازەنـدەران و شـەڕیان لەگەڵ ڕۆسـتەم. وشـەی دێـویش هەر لە درۆپەرستانی ئاڤێستاڕا هاتووە کە پەرەپێدەری خراپە بوون.

دەوارنشینی و جەردەیی دەبوو لەنـاوچێ تـا شارسـتانیەت گەشـە بکـا و دامەزرێ کەوابووسەردەمی زەردەشت سەردەمی دەستپێکردنی شارستانییەتە لەنـاوچەکەدا. یەسنا ٤/٤٩ ئەوانەی دژی بەخێوکردنی ئـاژەڵ بوون بە درۆپرست ناویـان دەبا. پەیڕەوانی زەردەشت گایان لاپیرۆزبووە چونکە ئاژەڵێک بووە بۆکـاریوەرزێری و کێڵانی زەوی،وپەرەپێدان بەکشتوکاڵ کە بناخەی نیشتەجێبوونی مرۆڤە. یەکێک لەتایبەتمەندییەکانیزەردەشت، دوژمنـایەتی لەگەڵڕێبەرانیئـایینی بـووەکە بە فریـو ودرۆ خەڵکیان خسبووە ژێر ڕکێفی خۆ و دەیان چەوساندنەوە. زەردەشت ئەوانە بە درۆپەرست ناودەبا. بڕواننە یەسنا ١/٤٩و٢ و ١٤/٥١. (بۆ زانیـاریی وردتر، بڕواننە زەردەشت و ئامۆژگارییەکانی، لەنووسینی (هاشم رضـی) وەرگێڕانـی بـۆ کوردی: م.گۆمەیی، چاپی دووهەم، سلێمانی، ساڵی٢٠٠٠□ ٢٤-٢٨).

ئەو درۆپەرستانە نەک هەر لە دوژمنایەتی لەگەڵ زەردەشتدا، بەڵکوو دوای ویش دەوری زۆر نەرێنیوئتێکدەریان لەمێژوویکورددا گێڕاوە. ئەوانە دوایە لە وڵاتـی ئێمەدا هەرکامەیان بوون بە شای ناوچەیەک و خەڵکیان بەنـاوی دین چەوسـاندەوە و خۆیان بەخودا دانا. لەڕووخانی دەستەڵاتیمادیشدا هەرئەودرۆپەرستانە دەوری سەرەکییان گێڕا. وەک دیاکۆنۆف ئامـاژەی پێدەکا، ئیختۆویگووی دوایین پادشـای ماد بەیاریدەی سپیتامەیموغ، دەستەڵاتی ئەوشـاچکۆلانەونیزامییە تاڵانچییەکانیـان

بەرتەسک کردەوە. ئەوکارەی ناوبراوە کە فارس بۆی بە ستەمکاری دادەنێن و هێندێک بێخەبەری کوردیش دەیڵێنەوە و هەر ئەوەش وای کرد تا ژمارەیەک لە سەردارانی چاوچنۆکی لەشکری ماد و شاچکۆلەکان، لەبنەوە لەگەڵ کووروٚش پێکبێن و دەستەڵات بدەنەدەستیهەخامەنشییان. وێدەچێ ئەوکارەی ئێختۆویگوش هەر پەیڕەوی کردن لەو کارەی زەردەشت بێ.

بەپێی کەسایەتیی لایەنەکانیشەڕو هەڵاکانی شانامە،و شوێنی ڕووداوەکان گومان لەوەدا نییە کە ئەوانەی بەتوورانی ناوبراون ئەوهاوڕەگەزانەی زەردەشت بوون کە دینەکەیان پەسند نەکردووە و لەدژی ڕاوەستاون، لە باکووری مادستان بوونە و وێدەچێ سەکاکان بن،کەهاوڕەگەزی مادەکان بوونوگەلێکی هێرشکاروتاڵانچی و... بوون و لەسەردەمی فرەوەرتیش و هووەخشتترە، ماوەیەک دەستەڵاتی مادیان گرتەدەست و.... باسی دێوی مازەندەران و کوژرانی ئەفراسیاب لە گۆلی ورمێ (چیچێست) و قوربانیکردنی کەی گشتاسب لەسەر گۆلی وان (هوئوسرەوە)، و ئارەشی کەمانگەر کە بە تیرەکەی سنووری (فیردەوسی کوتەنی، ئێران)ی لەسەر لێواری چۆمی ئاراز دیاری کرد.... وەک لێرەدا دەبینین نەتەوەیەکی جیاواز لە نەتەوەی زەردەشت واتە کوردەکان لە بەربەرەکانی لەگەڵیدا لەگۆڕێدانییە.

## شەشەم
## هەڵسەنگاندنی ناوی سەرزەمینەکانی نێو ئاوێستا لەگەڵ کوردستان:

کتێبی وەندیداد (برگرداننده ابراهیم پورداوود، تهیه و نشر الکترونیک علیرضا کیانی و احسان م. WWW.TARIKHFA.COM). لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ: "وەندیداد یەکێکە لەبەشەکانی کۆتایی ئاڤێستای نوێ. ژمارەیەک لەلێکۆڵەروان، بەتەواوی بەجیا لەبەشەکانی دیکەوبەنوێنەری تێرەوەدادوەریی موغانی ڕۆژئاوایی یا مادیی دەزانن. وشەی وەندیدات شێوێندراوی(وی دئو دات)ە کە لە ئاڤێستا وەرگیراوە و لەسێ بەشی (وە) کە پێشگرە واتە لە + (دئو) واتە دێو + دات واتە داد، لێکدەرەوانی ئاڤێستا ئەو وشەیان ئاوا لێکداوەتەوە: وە وشەی بێزاری+ دئو واتە دێو+ دات واتە داد، واتە دووری لەدێو.

مانای وشەکە لەسەریەک ڕاستە، بەڵام لێکدانەوەی وشەکە هەڵەیە و ئەوەش هەر لە سەرچاوەی لێکدانەوەکە واتە (سانسکریت) ڕا هاتووە. ئەگەر بەکوردی لێکی دەینەوە ئاوایە: (وە) واتە (لە) کە لەفارسیدا دەبێتە (از) نەک (بیزاری) + (دئو) دەبێتە (دێو) کە زۆرتر وە شێوە گوتنەکەی کوردی دەچێ نەک (دیو)ی فارسی، (دات)، واتە (داد) - وشەی داد زۆرجاران بەواتای دووری و بێزاری دێت، بۆ وێنە لەکوردیدا دەڵێن: (داد لە دەستی تۆ)، واتەبێزاربووم لەتۆ، لەفارسیشدادەڵێن:

(داد از تو) کە هەمان مانا دەداتەوە. ئەو دەستەواژەیە لەکوردیی ئەوڕۆشدا ئاوا خۆدەردەخا: وی← وە (لە) + دئو ← دێو + دات← داد، واتە(وە/لە دێو داد) ← داد لە دێو یا باشتر بڵێم داد لەدەستی دێو، کە بەواتای دروستی بێزاری و نەفرەت لە دێوە.

پووررداوود هەروەها دەڵێ : "بەپێی نووسراوەکانی ئوولیی زەردەشتییان، ئەو بەشەی ئاوێستای نوێ نۆزدەهەمین پەرتووک بووە لە ٢١ پەرتووکی ئاڤێستای ساسانییان.... تەنیا نەسکی ئاڤێستایە کە بەشێوەی کۆنی خۆی ماوە".

ئەو دەربڕینەی پووررداودیش جێگای گومانە، چونکە ئەگەر بەباشی سەرنج بدەنە باسی ناو و شوێنی شازدە وڵاتەکە، بازدانێکی لەناکاوی تێدا دەبینن بەسەر وڵاتی ماددا بۆئەوپەڕی وڵاتیپارتەکان. ئەوبازدانەوەک شێواندنێکی مێژوویی دەکەوێتە بەرچاو، کەئەشکانیکردوویانەوساسانیدرێژەیانپێداوە. دوایەلەبەشی ئەفسانەکانی ئاڤێستاوشانامەدابەئاشکرانیشانیدەدەم کەچۆنشوێنی ڕووداوەکانیئاڤێستا گۆڕاوە.

پووررداووددەڵێ: "کریستێنسێنمێژوویینووسرانی وەندیداد بەسەردەمی ئەشکانی دەزانێ. بەڵام هەمووزانایان لەگەڵیهاوڕانین؛ کەچیبەشی زۆرتری لێکۆڵەرەوان بە سەرنجدان بەشێوەی نووسینی ئەوبەشە کە لەهەڵسەنگاندن لەگەڵ(بەشتەکان)دا کەهێندێک نادروستیگەلی ڕێزمانیولەهێندێکشوێنیشداالاساییکردنەوەی بەشەکانی کۆنی ئاڤێستای تێدانوبەسەرنجدان بەچۆنیەتیی ناوەرۆکەکەی، مێژووی نووسین و کۆکردنەوەکەیزۆرلەئیبەشەکانیدیکەی ئاڤێستا بەتازەتردادەنێنو دەیبەستنەوە بەڵکیڕۆژئاوایی ئوولی مەزدا پەرستی و بەپوختەی باوەڕەکانی موغەکانی مادی دەزانن...هێندێک لەلێکۆڵەرەوانوەندیداد بەئاکامی شوێندانانی بەربڵاوی موغانی مادی لە دەرباری خەشایارشادا دەزانن.... "

ئەو هەروەوها دەڵێ: "دوو بەشی یەکەم و چوار بەشی کۆتایی وەندیداد، وێدەچێ پاشماوەیئەفسانەگەلی کۆنیئارایاکانبن،کەنازانینبۆلەگەڵ بەشیسێتا هەژدەیەمدا پێکەوە هاتوون. لە بەشی یەکەمدا باسی شازدە وڵات دەکا کە ئاهوورامەزدا ئافراندوونی و...."

پــــــوورداوود (پیشدادیان و کیانیان، نشریه ي انجمن فرهنگ ایران باستان، سا چهارم، شماره ي .١٣ .١٣٤٥اسفندماه) دەڵێ: چیرۆکەکان و یادگارییە کۆنەکانی فەرهەنگی ئێمەهەرچییەک بن، لەژیانی گەلی ئێمەوپەروەردەی سەرزەمینەکەمان ڕا هاتوون و نیشاندەری (سروشتی باپیرانمان و ڕاستەقینەترین بەڵگەی چاک یا خراپی باپیرانمانن. ئەگەر باشبوون یا خراپ، ئەگەردڵتەنگودەست تەنگ بوون یا جوامێر و دەست ئاوەڵا، ئەگەر پاڵەوان و دلێر بوون یا ترسەنۆک و خوێڕی، ئەگەر مەردوڕەند و ڕەسەن بوون یا سەرسواڵکەر و فەقیر، هەمووی ئەو جوان و ناحەزانە هەر لەوچیرۆکانەڕا دەردەکەون و باشتر و ڕوونتر و بێلایەنانەترن لە مێژووی ڕاستەقینەی ئێران و خەڵکی ئەو وڵاتە. "

بەپێی گێرانەوەی سەرەتای وەندیدادیئاوێستا، ئەهوورامەزداسەرزەمینی ئاریاویج (Arya Vej)ی لە باشترین جێگاکان ئافراند. بەڵام ئەهریمەن لەدژی هەستاوە و سەرمایەکی زۆرتوندلەو وڵاتە پەیدابوو و چونکەبەهۆی سەرمایسەختو زۆریی خەڵک، دانیشتن لەوشوێنە زۆرناخۆشو ئاستەم بوو، شارو شوێنی جوانی دیکەی پێکهێنان. بەپێی ناوەرۆکی ئەو کتێبە لە حەوت وڵاتی ئێراندا شازدە ناوچە ساز بوو، کە بەشی هەرەزۆری خاکی کوردستان پێکدێنێ.

ئەو ناوچانەی لە ناوەرۆکی وەندیدادا هاتوون، تا ئەوجێگایەی لێکۆڵینەوەکانی مێژووییان لەسەر کراوە، ئەوانەن:

١- ئاریاویچ هەڵکەوتوو لە لای ڕۆژئاوایی دەریای کاسپی بریتییە لە قەفقازو بەشی سەرووی ئازەربایجانی ئێستای ئێران، ناوچەی ناوبراو لەلای ڕۆژهەڵات خۆ لەدەریای قەزوین(کاسپین یا خەزەر یا مازەندەرانیئێستا) دەدا. لە ڕۆژهەڵات دەگاتە دەریای ڕەشو درێژاییەکە دەگاتە ١٥٠٠ کیلۆمیتر. ئەو ناوچەیە بەشێکی زۆری کوردستانی باکوور دەگرێتەوە لەگەڵ سەرزەمینی کاسییەکان کە ئەوانیش هاوڕەگەزی مادەکان بوون.

2٢- سەرزەمینی ڕەنگها(Ranha)، بەپێی بەندی بیستی بابی یێکەمی وەندیداد، شازدەمین وڵات کەئەهوورامەزدا بۆنیشتەجێبوونی ئاریاکانئافراندی، سەرزەمینی ڕەنگها بوو کەشوێنەکەی لەسەرچاوەی چۆمی ڕەنگهایە. چۆمی ڕەنگها کۆنترین چۆمی قەفقازی ئێستایە. لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشور دەڕواو تێکەڵ چۆمی ئاراس دەبێتەوەو ئێستا ناوەکەی "زەنگا"یە. چۆمی"زەنگا" یا "زەنها" چۆمێکی کۆنە کە وەک چۆمی"ئاراس"ڕێگایخۆینەگۆڕیوە. زانایانی"شۆرەوییکۆن" لێکۆڵینەوەی بەنرخیان لەسەرئەوچۆمەکردوونو شتیبەکەڵکیان لێ دیتۆتەوە. مۆن گێیت دەڵێ: لە نیزیک ئێرەوانو لێواری ڕۆژئاوای چۆمی "زەنگا" ئاسەوارێک دۆزراوەتەوە کە ئی نیشتەجێیانی سێ هەزارساڵ پێش زایینن لەو ناوچەیدا.

٣- بەلخ یا باختەر، لە ئاوێستادا بە باختی (Bakhti) هاتووە. پاشان بۆتە باختەر و "دهالز"کوتەنی بۆتەبەلخ. لەئاوێستادا بۆئەو وڵاتە دووپەسن هاتووە: "من ئاهورا مەدا چوارەمین وڵاتێک کە سازمکرد، بەلخی جوانە بەئاڵای دە هەڵکراوەوە". ئەو سەرزەمینە لەڕاستیدا ئەو بەلخەی لای خاپوورە نەک بەلخی ئەفغانستان. بەلخی لای خاپوور سەرزەمینێکی دەوڵەمەندە بۆ ئاژەڵداری و لەسەر کەوانەی بەپیت هەڵکەوتووەولەگەڵ، کەچیبەلخی ئەفغانستان تەنیا ناوی شارێکە نەک وڵات یا سەرزەمین. ساختەکاران بۆ سەلماندنی ڕوانگەی خۆیان، ناچاربوون بیانوویەکی ساختەتریش داتاشن و دەڵێن: بەلخ شارێکی گەورەبووەو لەبەرگرنگییەکەوی لە سەردەمی کۆندا بەشاری ئاواش کوتراوە سەرزەمین.

وەک لە پێشەکیدا باسم کرد: ڕاستییەکەی ئەوەیە بەلخێکیش لەلای ڕۆژ ئاوا هەیە کە سپایزێر دەڵێ لەنیزیک خاپوورەو بەشێک بووە لە نیشتمانی میتانییەکان، کە

گەلێکی بەهێزی کورد بوون. سەرنج بدەنە ئەو باسە لەسەر ڕوانگەی سپایزێرو گێرانەوەی کتێزیاس لە باسی (کەیانی)یاندا.

٤- وڵاتی نیسایە: لە یەکەم بەشی وەندیداد هاتووە "پێنجەمین وڵاتێک کە سازم کرد، نیسایە لە نێوان مەروو بەلخ". ئەونیسایە دەبێ هەر ئەو دەشتە بێ کە شوێنی ڕەوەئەسپەکانی میری‌بووە. ئەودەشتە کەپێشتر باسمان‌کردووە، شوێنێکی بژوێن و لەوەرگەیەکی پڕگیابووە بۆ بەخێو کردنی ئەسپ و ئاژەڵ، کە هەروەک دەزانین، ئەوانە بەرهەمو سامانی سەرەکیی مادەکان بوون. کۆنینەناسانی شەورەوی شوێنی نیسایەکیان لەنێوان‌مەرووبەلخ دیتۆتەوەودەڵێن ئەونیسایەهەرسەرزەمینی سەرەکیی ئەشکانییان بووە. بەڵام ئەو هەڵەیەش لەوەیرا هاتووە کە لەژێر کارتێکردنی نووسراوەکانی ئەشکانییان، ڕووی کەیانییان بەپێچەوانەی ڕاستی لە ڕۆژئاوا ڕا بەرەو ڕۆژهەڵات وەرگەڕاوە. ئەوەش - ئەگەر مەروەکە ڕاستیش بێ - دیسان ڕاستیی بابەتەکە ناگۆڕێ، چونکە لە مەرو ڕا بۆ لای ڕۆژئاوا تا دەگاتە سەرچاوەی چۆمی خاپوور - واتە بەلخی کوردستان - ڕێگاکە هەر بە ڕێگای ئاوریشمدا تێدەپەڕێ، کە بە دەشتی نیسا دا بەرەو ئوڕووپا چووە و لەڕاستیدا دەشتی ناوبراو کەوتۆتە نێوان مەرو و بەلخی میتانییەکان.

نیسا سەرزەمینێکی بەربڵاوە لە کرماشان، کە ئێستا ماهیدەشتی پێدەڵێن‌و ناوەندی بەخێوکردنی ئەسپ بووە. ماهیدەشت لە دوو وشەی (ماە) کە بەمادەکان کوتراوە و (دەشت) پێکهاتووە، واتە دەشتی مادەکان. ئەو شوێنە بێجگە لەوەی کە ناوەندی بەخێوکردنی ئەسپەکانی پادشایی بووە، جێگایەکی بەربڵاویش‌بووە بۆبەخێوکردنی ئاژەڵی‌گیاخۆر. لەسەردەمی‌پادشایەتیی مادەکان‌وپاشانیش ئی‌هەخامەنشی‌و دوایەش ئەشکانی‌و ساسانییەکانداو پاش ئیلامیش هەروا ئەسپی لێ بەخێوکراوە، بەڵام لە سەردەمی عەبباسییاندا ناویان گۆڕی بە(مرجع‌القلعه)، واتە (قەڵای لەوەرگە). ئەو ناوە وەرگێراوی دوو وشەیە کە لە بەردەنووسی داریووش لە بێستووندا هاتوون، کە باسی قەڵای "سکیە هووتی" دەکا، کە لە نیسای وڵاتی ماد هەڵکەوتووە. ئەو قەڵایە تا ئەو دواییانە ناوی "هاڕوون" ئاوا بوو و ئێستا بۆتە "شائاباد."

لەسەر ناوی میشان دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە لە سەر ڕێگای پیرانشار بۆ سەردەشت، ئاورگەیەکی کۆن هەیە کە پێی دەڵێن سەری کووڕێ، گوندێک بە ناوی وەرمیشان لەخوارەوەی ئەو ئاورگەیە هەیە کە(ماناکەی دەبێتە خوارەوەی میشان) وێدەچێ، ناوی خۆی لەناوی ڕاستەقینەی ئاورگەی ناوبراو وەرگرتبێ.

"موونگێیت" دەنووسێ: لە باشووری کۆماری تورکەمەنستانی ئێستا، نیزیک خیزەڵانی"قەرەقورووم"، لەداوێنەکانی کێوی کۆپێت داغ (Kopet dag)و لەنیزیک شارۆچکەی باقر(Baguir) لەهەژدە کیلۆمیتریی باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری "عیشقاباد"، وێرانەی دوو شاری کۆن‌و تازەی نیسا هەن. ئۆمستێد(Olmstead)ی زانای ئامریکایی دەڵێ: بانووی بەرزی "پارتیا" یا "پارتاوا" لە باشووری "هیرکانی" یا "گورگان" هەڵکەوتووە. لە ڕۆژهەڵات بۆ "هەراوا" یا "هەرات" -

کە ناوی خۆی لە چۆمی هەری وەرگرتووە - درێژ دەبێتەوەو "پارت" لەگەڵ "هیرکانی" قەڵەمڕەوی ویشتاسبی کەیانی بووە، بەڵام ئەوش هەروەک لەسەرەوە باسمان کرد بۆچوونێکی هەڵەیەو گەشتاسبیش وەک شایەکانی دیکەی کەیانی ئی ڕۆژئاو بووە نەک ئی ڕۆژهەڵاتی ئێران. ئەو گەشتاسبەی لێرەدا هاتووە باوکی داریووشە کە میرایەتیی ئەوناوچەی پێدراوەولەڕوانگەی داب پارێزانەدا لەجێگای گەشتاسبی کەیانی دانراوە.

٥- سەرزەمینی "ئۆورڤا" لە بەندی یازدەی بابی یەکەمی وەندیداد وا هاتووە: "هەشتەمینوڵات کەئاهورامەزدا بۆ لێدانیشتنی ئێرانییان ئافراندی، سەرزەمینی ئۆورڤا(Ourva)یە"لەئاوێستادابۆئەو وڵاتەکۆنەتایبەتمەندییەک نەهاتووە. دارمستتر بە کەڵک وەرگرتن لە بوندێهێشەن - کتێبی ساسانییان - "ئۆورڤا" یا "ئۆورغانج" هەر بەو "میشان"ە دەزانێ کە لە لێواری دیجلەیە. ئەو ڕوانگەیە زۆرتر لەڕاستی نیزیکە، بەڵام ئەوشارەوێشدەچێ هەرئوورفای ئێستابێلەکوردستانی باکوور. لە دەوروبەری "دیجلە" سێ شاری "ساریز"و "ستالسکا"و "پنیاکا" - فێنکی ئێستا - هەن.زانایانیشوورەویدیسانیشلەسەرئەوبابەتەبەهەڵەچوونولەلێکۆڵینەوەکانیاندا وێرانەکانی شاری "ئۆورغانج"ی پێتەختی خارەزمیان دۆزیوەتەوە، کە پێیان وایە "ئۆورڤا" هەر ئەو"ئۆورغانج"ەیپێتەختی خارەزمەو لەبەرگرنگ بوونی پێتەخت بەوڵاتیان ناوهێناوە. لێرەشدا دیسان هەر ئەو ساختەکارییەی لەمەڕ بەلخ دووپات کراوەتەوە.

٦- ئەو سەرزەمینانەیدیکەی لەئاوێستاداهاتوونکەنیشتمانیکۆنیکورد دەگرنەوە، بریتین لە هیرکانی یا گورگان، رەی یا راگا، وەرنە یا گیلان،

هەر وەک دەبینین شوێنەکانی ناوئاوێستا بەڕوونی دیارینەکراون. مێژوونووسان هەر بەگومانو وێچواندن تاڕادەیەک دیارییانکردوون. بۆوێنە لە بابەتەکانی ١٤٣ - ١٤٤ی فەروەردین یەشت لەوڵاتی ئێرانو توورانو سەلمو سائین ناو براوە کە بەپێی نووسراوەیکتێبی"مزدیسنا یشتها" وڵاتی سائینوداهی هێشتابەوردی دیاری نەکراون.

"برۆس" مێژوونووسی کلدانی نووسیویەتی گوورووش لەگەڵ قەومی داهی بەشەڕهاتو کوژرا(دەها، داهی) قەومی سەکایی بوونو لە نیزیک گورگان دەژیان. دووشاری کۆن لەکوردستان هەن کەیێکیان سائینقەڵاو ئەوی دیکەیان دهۆکە. ئەوانە وێدەچێ یادگاری تایفەکانی سائینو داهە بن.

"ئارمەن" نووسەری یۆنانی لە سەدەی یەکەمی (پ.ز)ش سوارانی تیرهاوێژی داهەی لەنێو لەشکری داریووشی سێهەم لە شەڕ لەگەڵ ئەسکەندەر نیشان داوە. بەشێک لە لەشکری ئەشکانییەکانیش هەر لەو داهەیانە بوونە. وەک هێرۆدۆت دەڵێ ناوی یێکێک لەهۆزەکانیپارسەکان دائینبووە. لەسەرئەوهەڵەی هێرۆدۆتیش دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوەی بکەینەوە کە ناوبراویش وەک هێندێک لە یۆنانییان،

بەهەڵە بەشێک لە مادەکانیان بە پارس ناوبردوون، کە لەشوێنی خۆیدا ئاماژەی پێکراوە. هێندێک لێکۆڵەرەوە ئەوانە بەو سەکایانە دەزانن کە هۆزێک لەوان لە کەنارەکانی دەریای کاسپی بوون بەناوی داهە. ئەوە راستەو نیشانەیەکیشە بۆ سەلماندنی پەیوەندیی هۆزەکانی سائینو داهە بە"وڵاتی سائینو داهی"ی "مزدیسنا یشتها"وە.

ناوچەکانی لای دەریای ڕەش لەسەردەمی زۆر کۆنەوە و پێش مێژووش، شوێنی نیشتەجێ بوونی گەلانی هاوڕەگەزی زاگرۆسییان بوونە. هۆزەکانی کاسایی و سەرمەتی لە شوێنەکانی لایڕۆژهەڵاتوباکووری دەریایڕەش نیشتەجێ بوونەو هێشتاش پاشماوەی ئەوگەلانە لەچوارچێوەی هۆزی "ئۆسێتە Osséte"دا کە هەر "ئاس"ەکانی کۆنیمێژوویین، لەودەڤەرە دەژینو دەستەیەکی گەورە لەوان خۆیان بە ئیروونییا ئێرانیناودەبەنو وڵاتەکەیانناوی"ئارستان"ە، واتەشوێنی ئاریاییان. (وەک مێژووەکانی دەستنووسی ئوڕووپایی دەڵێن، دەنا ڕاستەکەی زاگرۆسییانە و وەک لەبەشی ئاریادا باسمکردووە ئەوئارستانەش دەبێهورستانبێکە سەرزەمینی هوورییەکانەو لەوانەشە بەواتای ئاگرستان بێ کە وەک دەزانین ئاگر یا ئاتر لەنێو کورداندا گەلەک پیرۆزە). بەپێی وتەی لێکۆڵەرەوانی ئوڕووپایی، گەلانی ئاریایی ناوی ئارییاییان داوەتەزۆر شوێنی ئەوناوچەیی. یێکێک لەو ناوانە ناوی"دەریای ڕەش"ە،کەڕیشەکەیئێرانی(زاگرۆسی - کاوە)یە. ناویئەودەریایەلەنووسراوەکانی "ئوورپید Euripide - ٤٨٠ی پ.ز"و"سترابۆن Strabon 62ی پ.ز"و"پندار Pindar ٤٨٣ی پ.ز"بە "پۆنتۆس ئەخێینۆس Pontos axeinos" هاتووە. پۆنتۆس Pontos بە یۆنانی واتە دەریا، بەڵام وشەی دووهەم واتە ئەخێینۆس axeinos هەر وشەی "ئاوێستایی"ی "ئەخشەئێنە Axšaéna"یە کە ئاوای لێهاتووە. ئەو وشەیە لە دوو بەش پێکهاتووە. پێشگری نەرێنیی"ئە a" واتە "نا"و وشەی "خشەئێنە xšaéna"کە وێنەیەکی دیکەیە لە وشەی "خشەئێتە xšaéta"واتە"ڕوون" کە لەسەرێیک دەبێتە دەریای ناڕوون یا شلوێ.

زۆرناوی ڕووبارەکانیدەوریئەودەریایەش بناخەی(زاگرۆسییاکوردستانی)یان هەیە، گەورەترینیشیان دانووبە، کە لە جەنگەڵی ڕەش سەرچاوە وەردەگرێ. لە ئاڵمان Donau، لە چێکوسلاواکی Dunay، لە بولغارستانو یووگوسلاوی Dunav، لە هێنگری (مەجارستان) Dunaی پێدەڵێنو هەموو ئەو ناوانە لە بنەمای وشەی دنوو Dnu (واتە چۆم)ی ئاوێستا ڕا هاتوون. ئەو چۆمە پاش تێپەڕین بەو وڵاتانەدا دەڕژێتە دەریای ڕەش. ناوچەی تەنگەبەری کێرچ (Kertch) کە دەریای ئازووف بەدەریایڕەشەوە دەبەستێتەوە، شارێکی لەتەنیشت بووە کە لەچاخی کۆندا، ناوی (پەنتی کەپی Pantikapei یا Pantikapation) بووەو چۆمی سوولا( Sula یا Psol)ی ئێستاش لەوکاتەدا هەر بەوناوە بووە. پەنتی (Penti) لە ئاوێستادا واتە ڕێگا و کەپە (kappa) لە ئاوێستادا بە ماسی کوتراوە.

دوایین لێکۆڵینەوەی زانایانی زانکۆی ئۆکسفۆرد لەسەر بنەماڵەی زمانە هیندو ئورووپاییەکان دەیسەلمێنێ کە کانگای سەرەکیی بڵاوبوونەوەی ئەو زمانانە کوردستان بووە و ئەوەش دروستیی ئەولێکدانەوە زیاتر دەسەلمێنێ، بڕواننە:

(http://science.sciencemag.org/content/337/6097/957)

لێرەدا دەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئاماژە بە دوو بابەت بکەم کە دەیسەلمێنن شوێنی ڕووداوەکانی ئاڤێستا کوردساتان بوون؛

١- لە (فرگرد یکم، بەندی ١١) دەڵێ: هەشتەمین سەرزەمین و وڵاتی باش کە ئافراندم، (ئوروو)ی خاوەن لەوەڕگەی دەوڵەمەند بوو. چا ئەهریمەنی هەمووگیان مردن هات و بە فێڵبازی و بەزەی نەشیاوی لێبووردن (بلەوەزی و فێڵەبازی)ی ئافراند. لە ژمارە ٨ی پەراوێزی ئەوبەشەدا وشەی (هەرووت؟)ی بە نیشانەی پرسیارەوە بۆ داناوە، وادیارە وشەکە لە ئاڤێستا وەرگیراوە بەڵام وەرگێڕ لێی تێنەگەیشتووەچونکە لە سانسکریتدا هاوسەنگەکەی نەدیوەتەوە. دۆڵی هەرووتییان لە لای ڕانیە بەناوبانگە کە هۆزی هەرووتیی لێ دەژین. هەرووتی لە کوردیدا بەواتای ئەفسوونگەر و فێڵباز و فاڵچی هاتووە، کە ئەو واتایەی کاری ئەهریمەن دەگرێتەوە،

٢- لە (فرگرد دوم، بەندی ٢٤) دەڵێ: خوداوەند فەرمانی سازکردنی "وەر"ی بە جەمشید دا تا مرۆڤ و ئاژەلانی تێدا لە سەرمای سەخت بپارێزێ.

لە خاڵی ٥ی پەراوێزی دا دەڵێ: (وەر) پەناگەی ژێرزەمینییە کە جەمشید بە ڕێنوێنیی ئاهوورامەزدا بۆ خەڵک و ئاژەڵان سازی کرد.

شارێکی ژێرزەمینی دۆزراوەتەوە لە دەرین کۆیو لە تورکیای ناوەندیی ئەوڕۆ. ئەوە کۆنترین شاری ژێرزەویی ناوچەیە کە بە ئی زەردەشتییان ناسراوە. لە ئێران و تورکیای ئەوڕۆدا چەند شارێکی دیکەی ژێرزەوی دۆزراونەوە کە زەردەشتییان سازیان کردوون، کە هەموویان لە سەرزەمینی مادی کۆندا هەڵکەوتوون، بەڵام هەموویان ئی سەردەمی ساسانی و یا وێدەچی ئە سەردەمی ئەشکانیش بن. دەریکۆیوو لەهەمووی ئەوانە کۆنترە و لە ناوچەی کاپادووکییەی کۆن هەڵکەوتووە. کاپادووکیە یا پارس کوتەنی کاپادووسیە بەواتای سەرزەمین ئەسبگەلی جوانە، کە وەک دەزانین بەخێوکردنیان پیشەی مادەکان بووە. جێگای ڕاگرتنی ئەسپ و ئاژەڵی دیکە و شوێنی حەسانەوەی تا ٢٠٠٠٠مرۆڤ دەبێتەوە و لە ١٨ نهۆم پێکهاتووە. قووڵاییەکەی ٨٥ میترە و زۆر وەستایانە سازکراوە. ئاسەواری زۆری زەدەشتی و وێنەی فرەوەهر لەوشوێنە دۆزراونەوە. ئەو شوێنە بەشێک بووە لە وڵاتی ماد. گزەنفۆن(٣٥٥-٤٣١ پ.ز) لە ئاناباسەکەیدا دەنووسێ خەڵکی نیشتەجێی ئاناتوولیا ماڵەکانی خۆیان لە ژێر زەویدا هەڵقەندووە. شوێنێکی باش و فرەوانیان هەیە بۆ ئەوەی بنەماڵەکانیان تێیدا بژین و جێگای باشیان هەیە

بۆ هەماری بژیو و شوێنی ئاژەڵە کەوییەکانیان. دەڵێن ئەو شارە دەبێ لە ٨ یا٧ی پێش زایین سازکرابێ، بەڵام گومان لەوەدانییە کە ئی مادەکان بووە. سیستەمی هەواکێشی وئاوی زۆر باشەو هەوای بەباشی تێدا دەگەڕێ. سەرچاوەی سێهەم کە وێدەچێ لەوانی دیکە نوێتربێ و لێکۆڵینەوەی زیاترلەخۆبگرێ. ئەو سەرچاوەیە (Ref: http://en.wikipedia.org/wiki/Derinkuyu) دەڵێ: لە ١٨ نهۆم تەنیا ٨ نهۆمی بۆ دیتنی سەردانکاران کراوەتەوە. سەرچاوەیەکیدیکەدەڵێ ئەوشوێنانە ١٤٠٠سال پ.ز بەدەستی هیتییەکان هەڵقەندراون. لە ئەسڵدا وای بۆدەچن کە ئەو شارانە لە سەردەمیهیتییەکاندالانیکەم(١٢٠٠-١٩٠٠پ.ز) سازکرابن. لەکاتیکۆڵینەوەکاندا مۆری هیتییەکان و شتی دیکەی وەک پەیکەرێکی شێر دۆزراونەوە. وێدەچی ئەو شارە ژێرزەمینییانە لە١٢٠٠ ساڵ پ.ز لەکاتی تێداچوونی دەستەڵاتی هیتییەکان بەدەستی هێرشکارانی تراکییە وەک پەناگابەکارهێنرابن. پاشان جێگاکان لەلایەن شارستانییەتەکانی دیکەوە گەورەترکراونەوە. بوونی شوێنی شەراب و ئاسەواری خاچپەرستان نیشاندەدا کەئەوانە لەلایەنمەسیحییەکانیش کەلکیان لێوەرگیراوە.

http://chopsueyblog.wordpress.com و https://en.wikipedia.org/wiki/File:Derinkuyu
(http://cafekhoondani.com/tourism) و (www.ancient-wisdom.com)



ئەوشارەهەموو ئەو تایبەتمەندییانەی هەیە کە لەوەندیداد دا بەناوی(وەر) هاتووە. وەر ناوی پەناگای ژێرزەوییە کە جەم بەڕێنوێنیی ئاهوورامەزدا بۆمرۆڤان و ئاژەڵان سازی کردن(پەراوێژی وندیداد، برگرداننده ابراهیم پورداود، تهیه و نشرالکترونیک علیرضا کیانی و احسانم. WWW.TARIKHFA.COM فرگرد یکم، بخش دوم.

دەمەتەقەیەکی نێوان دوو ڕەگەزپەرستی ئێرانی بەناوی بەهرام ساسانی و ئومێد عەتاییفەرد لەماڵپەڕێکی زۆرڕەگەزپەرستی ئێرانیدا بڵاوبۆتەوە. ئەو دەمەقاڵەیە سەرەڕای هەستی ئێرانچییەتیی توندی ئەو دوو کەسە، زۆر سەرچاوە و ڕوون کردنەوەی بەکەلکی بۆ مێژووی زەردەشت تێدان. و من بەجێی دەزانم هەر وەک

خۆی لێرەدا بیخەمە بەرچاوتان. بڕواننە (http://vidaevo.persianblog.ir/post/26).
لە وەگێرانەکەیدا تووشی هێندێک ڕستەی چاکوچۆنی و پێکهەڵاکوتنی بەدرۆی بەشێوەی ئێرانییان بووم کە بەپێویستم نەزانی وەریان گێڕمەوە ولەجێگایان .....م داناوە، ئەگەر لە هەرکام لەبڕگەکانی قسەکانیهەرکامیشیاندا تێبینییەکم بەپێویست زانیبێ (*وژمارەیەک)م داناوە و لەکۆتایی بڕگەکەدا تێبینییەکانی خۆمم نووسیون.
دەقا ئەوی دیکەم دەقاودەق وەرگێراوەتەوە کە لەخوارەوە دەیبینن:

امید عطایی فرد:

"...ناچارم هەر پوختەی خاڵەکان باس کەم: کات و شوێنی زەردەشت دەوری گرنگ و ڕوونکەرەوە لەو باسانەدا دەگێڕن و ڕوانگەیمن(لەسەرکاتی زەردەشت - کاوە) بەو بەڵگانەی لە کتێبی (پیغمبر آریایی)دا هێناومنەوە ، ٦٠٠٠ ساڵ پێش هەخامەنشییانە. گاتاکان لەڕاستیدا بەشێکن لە یەسنا و ڕێکخستنیان زۆر دژوارە. ڕەنگە دەبێ سروودەکانی پەیوەندیدار بە گەشتاسب لەکۆتاییەکەیدا دانێین؟ لە ڕۆمی کۆندا بێجگە لە ناوی میترا، ئاماژە بە(سوشیانت)یش کراوە و سەرنجدان بەگاکوژیی(سوشیانت) لەپەسڵاندا، پەیکەرەکانی ئیزەدی مێهر لە ئیمپەراتۆرییەتی ڕۆم و ئەفسانەکانی پەیوەندیداربەوان، پێمان دەڵێن کەریشەیان لەئێران دا هەیە (ڕەنگە) تاڕادەیەک ڕەنگی بێگانەیان بەخۆوە گرتبێ. لەبیرمان بێ کە گا نیشانەی زەمین و تیخی میترا نیشانەی تیخی هەتاوە. لەوبارەوە بڕواننە کتێبەکەم (آفرینش خدایان)یش. زۆربەیجاراناوەڵامیپرسیارەکانتان لەکتێبی (پیامبر آریایی)دا هەن. چەند جارێک بیخوێننەوە. بۆوێنە (مسیح) نازناوێکە، کەیوومەرس و مووساش هەیانبووە. من نیشانەگەلێکی گرنگم لە میترایزم، لەمووساییایەتیدا دیتوونەوە. لەگەڵ ڕوانگەی مامۆستا بێهرووزیشدا نیم کە دین و کەسی مێژوویی(؟) مێهر - کە هیچ بەڵگەیەکی ڕوونمان لەسەری نییە - لەسەردەمی ئەشکانییاندا پەیدابووبێ. بەگومانی من دەبێ پێغەمبەرەکەشی هە ئەرەشکی گەورە بێ کە بەئەسکەندەری ئێرانی ناوبانگی دەرکردووەوبەڵگەی مێژووییمان لەسەریهەیە. ئەو شازادەیەک بوو لەتوخمیئەردەشیری هەخامەنشی، کەدینی میترایی لەبەرانبەر دینی مەزدایی بەرپاکرد. "

"دیسانیش وەبیرتان دێنمەوە کە لە گاتاکاندا ناوی میتراهاتووە. (٥:۴۶)+(٧:٥٣).
ئایا مێهریەشتی ئاڤێستا بۆنی مێهری لێ نایە؟ بە ورد بینییەوە بەوەدا بچوونەوە.
ئوولی (برهمن)یش نەک ئوولێکی هیندی بەڵکوو ئێرانییە. لە خووزستانی کۆن بەرەوڕووی وشەی (ریشا) دەبینەوە(لە وێداکاندا = ریشی). هەروەها مامۆستا (نوبخت)، ابرام(ابراهیم)ی پێغەمبەری ئێرانی بە هاو ڕەگی براهما دەزانێ.
یەکەمین و دێرینەترین سروودەکانی وێدایی لە بانووی ئێران هۆنراونەوە(مقدمە جلا‌ل نایینی در گزیدەهای ریگ ودا). ..."

لێرەدا ناچارم ڕوونکردنەوەیەکی کورت لەسەر ئەو بۆچوونەی (امید عطایی) بدەم:

١- مەبەستی لە کەسی مێژوویی، پەرەپێدەری میترابیزمە، دینی میترابیزم نەک هەر پێش ئەشکانی بەڵکوو زۆر پێش حکوومەتی مادەکانیش هەبووە. میتانییەکان کە هۆزێکی کوردن لە کوردستانی باکوور، لەسەر ئەودینە بوون و لە مێژووی نووسراویشدا زۆر پێش مادەکان باسیان کراوە و ناوەکەیانیش هەر لە خواکەیان (میترا)وە هاتووە. هووری(خووری)ش هەر بەواتای میترابییە ونیشانەیەکە لە ڕۆژپەرستی.

٢- (ارشک یا ئەرسی) یازدەهەمین پادشای هەخامەنشی، ویستی میترابیزم لە وڵاتی بەردەستیدا لە بەرانبەر زەردەشتیگەریدا قوت کاتەوە و ئاوا کۆتایی بەدەستەڵاتی موغانی مادی بێنێ.

٣- ئەو ئێرانەی ناوبراو باسی دەکا لەڕاستیدا زاگرۆسی نیشتمانی کوردانە.

٤- زۆر سروشتییە کە بەپێی ئەوەی زمانی هیندوئورووپایی لە کوردستان ڕا چۆتە ئورووپا ئەو بابەتەشی لەگەڵخۆ بۆ بردبن.

بهرام ساسانی:

"... کتێبەکەتم زۆرباش خوێندۆتەوە. بەڵگەهێنانەوەکانت لەمەڕ سەردەمی زەردەشت، کە بە ٦٠٠٠ساڵ پێش هەخامەنشییانت داناوە، هەرگیز قانعی نەکردووم، مەگەر زیاترلەوانەی لەکتێبەکەتدا نووسیوتن بزانم. هەرچۆنێک بێ هەموو لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە یەسنا ئی زەردەشت نییە. بەڵام کەس ناتوانێ بەوردی دیاریی کا چەندی لێ نیزیکە. با هەر بڵێین یەسنا ئی کوڕانی زەردەشتە!! دیسانیش شتێک ناگۆڕێ. بیری زەردەشت لە گاتەکاندایە و بەس و یەسنا دەتوانێ نیشاندەری باوەڕی ئێرانییان بێ لەوسەردەمەدا. و هەڵبەت ئەو بەشەی ئاڤێستا کە هاو ئاقار و هاو واتای گاتاکانیشە دەتوانێ ڕوانگەی زەردەشت بێ. "اشم وهو، یثا اهو، ینگه هاتام" لە هاتی ٢٧ یا و "ائو پئتاویو اشـهە" لە هاتی ٧٢ یا ...). ..."

"نەبوونی میترابیزمیش لە ئێران بەواتای نەبوونی میترا، گەورە نەبوونی میترا، و پیرۆز نەبوونی میترا، و یەزەش نەکران بۆ میترا و قوربانی نەکردن لەپا و بەناوی میترا نییە، کە ئێوە دەیگێڕنەوە بۆ یەسنا و مێهریەشت و تەنانەت گاتەکان (کە میترا تێیاندا واتای وشەیییە نەک ناوی تایبەت). میترا گەورەیەو پەرستراوە و سەردەستەی خودایانی ئاریایە لەگەڵ وەروونا و لەوانەشە وەرەهرام و ئاناهیتا، کە بەهەرشێوەیێک بێ لەسەردەمی زەردەشت ڕا ئاهوورامەزدا لە هەموویان بەباڵادەستتر دەناسرێ. و بەدرێژایی مێژوو ئەو خوایانە سەروخوار دەکەن. بەڵام میترابیزم بەوە بزانین کە لە چەند سەدەی پێش مەسیح لە ڕۆم دەبینین، لە ئێرانی پێش یا پاش زەردەشت بوونی نییەو یا ئەگەر هەشە بەڵگەیەکمان بۆی نییە، مەگەر بە زانستی غەیب پێی بگەین. ئەگەر ڕوانگەی مامۆستا بێهرووز لەمەڕ بوونی

کەسایەتییەک بەناوی مێهر و لەئاکامدا ئوولی مێهری لەسەردەمی ئەشکانیدا وەلانێین، ئەوسا دەبێ بڵێین کە شتێک بەناوی ئوولی مێهری نەک هەر لەکاتی زەردەشت و پێش وی بەڵکو لە سەردەمی ئەشکانیش بوونی نەبووە. و ئاماژە بە مێهرپەروەری و مێهر پەرستی لە ئەدەبییاتی ئێراندا پاش ئیسلام ئاماژەگەلی خوناسی (عیرفانی)ن کە پەیوەندییەکیان بە ئوولێکی کۆنی تایبەتەوە نیە. ئێمە بچووکترین نیشانەی میترایی لە شایانی ئەشکانیدا نابینین*[١] زۆرینەیان زەردەشتی بوون و زۆریشیان دینێکی ئەوتۆیان نەبووە و باوەڕەکانی کۆنی ئارياییان بە کارتێکەریی یۆنانییەوە هەبووە. لەبیرمان نەچێ کە وشەکان هەڵگری واتایەکن، ئەگەر دەڵێین میترائیزم یا ئوولی میترایی، دەبێ بزانین کە لەپێشدا سەرنجەکان بەرەو ئوولی ڕۆمییەکان لەپێش مەسیحییەتڕادەکێشن*[٢]. ئەوکاتە دەڵێین میترابیزم لە ئێراندا هەبووە دەبێ بەڵگە بێنینەوە، کەی و لەکوێ و کام ئێرانی بەدرێژایی مێژوو ئوولێکی وەک ئوولی ڕۆمییان هەبووە؟*[٣] هەر وەک ئەگەر کەسێک بڵێ ئوولی زەردەشتی لە ئالاسکادا، دەپرسین کەیو لەکوێ؟ و پێم نابین ئەگەر چەند کەسێکی ڕەسەنی ئالاسکامان پێنیشان بدا کە لەدەوری ئاگر دانیشتوون و یەزەش دەکەن(و)بەهەڵکەوت ناوی چەندخوایەکیشیان وە ئیزەدەکانی زەردەشتییان دەچن. ئێمەدەتوانین‌ستایشت‌ویەزەشی‌میترا بەدرێژایی‌مێژووی‌ئێران بخەینە بەرلێکۆڵینەوە بەڵام ئەوەنابێتەمیترائیزم. هەروەک: کەس سیکەکان بەموسوڵمان‌دانانێ (بێگومان دەزانن سیکەکان بناخەی دینەکەیان لە ئیسلامەوەیە و ناوی خواکەشیان ئەڵڵایە، بەڵام دینەکەیان لەگەڵ ئیسلام یەک نییە). کەس گومانی لە نیزیکایەتیی بیری هیندی و وێدایی دا لەگەڵ ئی ئێرانیدا نییە. هیندی و ئێرانی تا چەند هەزارساڵ هێشتا جیا نەبووبوونەوە. بەڵام مێژووی پێکهاتنی برەهمایی و بوودایی پاش جیابوونەوەیانە. ..."

تێبینی:

*١- ڕاست نییە، چونکە پێنج لە پادشایانی ئەشکانی ناویان مێهرداد "میترادات" بوو، کەئەوەنموونەیەکییەتی، میترائیزم پێش زەردەشت هەبووە و دینی کوردستان بووە. ناوی میتانییەکانیش کە لە میتراپەرستی ڕا هاتووە، یەکێکە لە نیشانەکانی کۆنبوونی ئوولی میترابیزم.

*٢- ئەوەش هەر لە نەزانیی ئەو کابرایەوە سەرچاوە وەردەگرێ، چونکە دەزانین ئوولی میترایی پێش ڕۆم لە کوردستان هەبوو بەڵگەشی ناوی هۆزەکانی میترایی و هوورییە.

*٣- بڕواننە ئەودوو تێبینییەی سەرەوە.

امید عطایی فرد:

... لەبەر ئەوەی کە دیاریکردنی سەردەمی زەردەشت گرنگییەکی زۆری هەیە، داوا لە هەموو دۆستان دەکەم یاریدەم بدەن تا بە توێژینەوەی ئەو بابەتەو خەریک بین/ بەڵام لەسەر ٨٥٠٠ساڵەی زەردەشت دەبیبڵێمکە(١) لانیکەم دە مێژوونووسی کۆن ئاماژەیان بەومێژووەکردووە، ئەویش‌بەشێوەی٦٠٠٠ساڵ بەرلە ئەفلاتوون، ٥٠٠٠ ساڵ پێش شەڕی ترۆیا. (٢) لە گاتاکان ئاماژە بە ٣ چینی کۆمەڵایەتی کراوە و دەشزانین چینی چوارەم زووتر لە٧٠٠٠ساڵان پێک نەهاتووە. (٣) لە بواری زمانناسیدا وێداکان بە ئی پاش گاتاکان(نەک هەمووی ئاوێستا) زانراون. کۆنترین سروودی وێداییش گەیێندراوەتە٧٠٠٠ساڵ پێش ئێستا. (٤) چەند زانای ئەستێرەناسیش بەئەژمێریاریی ئەستێرەگەری گەیشتوونەتە ٨٠٠٠ تا٩٠٠٠ساڵ. (٥) دۆزراوەکانی ١٠٠٠٠ساڵەی وەک جیرۆفت و... دەتوانن لە گومانەکانی ئێمە کەم کەنەوە...

بهرام ساسانی:

...لەبارەیسەردەمی زەردەشت ئەوەندەی منبزانم ٦٠٠٠ساڵ پێش خەشایارشاش کوتراوە. بەڵام سەرەتا هەمووی ئەوانە لەڕووی دەستی یەکتری نووسیویانەتەوە و ناکری زۆریی ئەوان بەبەڵگە دانرێن.*[1] دووهەم ئەوەی کە بایەخ دان بەو وتارەی یۆنانییان نەک هەر بایەخدان بە ئێران و زەردەشت نییە بەڵکو بایەخ دانێکی بێجێیە بە شارستانییەتی یۆنان. بەو واتایە کە یۆنانییان لە٦٠٠٠ ساڵ پێش خەشایارشا ساڵئەژمێریان هەبووە، کە ئەوە بەهیچ شێوەیەک بۆ قبووڵکردن نابێ. پێم وانییە نەتەوەپەرستترین یۆنانیش بیسەلمێنێ کە وڵاتەکەی لە ٦٠٠٠ساڵ پێش هێرشیخەشایارشا ساڵئەژمێرێکیوردیانهەبووبێ. چونکەبەبێساڵ ئەژمێرێکی ورد ناتوانین بڵێین چ کەسێک چەندە لەپێش ئێمەدا ژیاوە. بۆوێنە ئەگەر ئێمە ساڵ ئەژمێرێکی وردمان نەبایە، ئایا دەمانتوانی بزانین چەنگیزخان کەنگێ پێی ناوەتە ئێران؟ خودی بابەتەکە سینگ بە سینگ تۆماردەبوو بەڵام کاتەکەی نا. جا دیدێکی ئەفسانەییمان پەیدادەکرد ودەمانکوت چەنگیزخان ١٠٠ساڵ یا١٠٠٠ساڵ یا٣٠٠٠ ساڵ یا٦٠٠٠ساڵ پێش ئێستا بووە. چۆنە ئەو ژمارەیەئەوەندە ورد دەرهاتووە؟ ئایا بەڕاستی زەردەشت نە٦٠٠١ ونە ٥٩٩٩ساڵ بەڵکو٦٠٠٠ساڵ ساڵ پێش هێرشی خەشایارشا یا ئەفلاتوون بووە؟ بەڕاستی ئێمەئەوەندە بایەخ بەساڵ ئەژمێری یۆنان دەدەین؟ ئەمن کە نایدەم.

بەبڕوای من یۆنانی تەنانەت ٦٠ ساڵ پێش خەشایارشاش هیچیان نەبوو تا چ دەگا بە ٦٠٠٠ساڵ پێش وی. شەڕی ترۆواش ئەفسانەیە. کەس ناتوانێ کاتی شەڕی ترۆوای بڵێ تا ئێستا یۆنانی بڵێن ٥٠٠٠ساڵ پێش شەڕی ترۆوا. ڕاست وەک ئەوەی کەئەوڕۆ نازانین زەردەشت کێبووە و لەسەری هاوڕا نین، ئەوجار بشڵێین ١٠٠٠ ساڵ پێش زەردەشت!!!

ئەگەر دەکرێ ڕوونی کەنەوە کە چینی چوارم چۆن٧٠٠٠ساڵ پێش ئێستا پێک هاتووە. لەپەنائەوەشدا چلۆن دەتوانین ئەو ژمارانە بۆ هەموو گەلان وەبەرچاو

بگرین؟؟ بۆوێنە ئەگەر دەڵێین شارستانییەت لە ٥٠٠٠ساڵ پێش ئێستا بووە، ئەو وشە هەڵەیە. زۆرێک لەگەلان زووترلە٥٠٠٠ساڵ شارستانییەتیان‌دامەزراندووەو زۆرانیش تائەودواییانە ئاگایان لە شارستانییەت نەبووە. یا چاخی‌بەردین بۆهەموو گەلان لەسەردەمێکدا تەواو نەبووەوجێی خۆی داوەتە چاخی کانزا. چۆن دەتوانین شیمانە بکەین خەڵکی‌سەردەمی زەردەشت کەی شارستانییەتیان دامەزراندووە؟ مەگەر لەشوێن‌و پێگەی زەردەشت دڵنیابین. ئاماژەت بەسەردەمی شارستاسنییەتی جیرۆفت‌کرد، کەهێشتا زانیاریگەلێکی‌لەسەروەدەست‌نەهاتووە و بابڵێین سەردەمی شارستانییەتی‌جیرۆفت‌بەوتەی ئێوە١٠٠٠٠ساڵە(؟)بێ، زەردەشت چ پەیوەندییەکی بە جیرۆفتەوە هەیە. بۆ زەردەشت حەتمەن بە شارستانییەتی جیرۆفت بزانێ کە بڵێین گاتەکان وەک ئێوەدەڵێن ئی چاخی بەردین بێ(؟) کەوابوو ٨٥٠٠ساڵەیە.

ئەگەر دەکرێ نیشانەیەکم دەنێ کێ وێداکانی بردۆتەوە٧٠٠٠ساڵ پێش ئێستا؟ و نیشانەم دەنێ چ کەسانێک و چۆن بە ئەستێرەگەری زەردەشتیان بە ئی ٨تا ٩ هەزارساڵ پییێش ئێستا داناوە.

تێبینێ: *١- وەک پێشتر باسم کردووە ئەوە وانییە، بێجگەلەوەش ئەو سەرچاوانە بەنووسراو هەن و ئەفسانە نین، بەڵام سەرچاوەی ئەوانەی ئەوکابرایە باوەڕیان پێدەکا و دەمارگرژانە پێیان لەسەردادەگرێ تەنیا ٥ کتێبی سەردەمی ساسانی و ئەشکانین، کە ئەوانیش تەنیا لە گێرانەوەی چەند موغێک وەرگیراون و هیچ بەڵگەیەکی نووسراویشیان نییە، ئەدی ئەوکابرایە بۆ ئاماژە بە گوماناوی بوونی ئەو سازکراوانە ناکا؟ بێگومان چونکە ئێرانییە دەمارگرژەکان، کە بۆخۆشی یەکێکە لەوان، پێی قەڵسن.

امید عطایی فرد:

...لەپێشدا باسی سەرچاوەکانی خۆم دەکەم، هەرچەندە لە جێ جێی کتێبی (پیامبر آریایی)دا باسیان کراوە: مێژووی ٧٠٠٠ساڵەی یەکەم وێداکان (مقدمه دکترجلالی نایینی بر ریگ ودا)، سەردەمی ٨٥٠٠ساڵەی زەردەشت (زەمانی زەردەشت لە نووسینی پرۆفیسۆر کاتراک + مێژووی هەشتهەزار ساڵ شێعری ئێرانی لە نووسینی دوکتۆر هومایوونفەرروخ و....)/ بارامی بەڕێز هەڵەی ئێوە لەوەدایە کە پێتانوایە گێڕانەوەکانی یۆنانی لەمەڕ کەونارابوونی سەردەمی زەردەشت، نیشانەی کەونارابوونی شارستانییەتی خۆشیانە، کەچی من ئەوە مەبەستم نییە و یۆنانی لە سایەی هەخامەنشیئیان لە وەحشیگەری هاتوونەدەر. ئاماژەی وان بە کاتی زەردەشت لە گێڕانەوەکانی ئێرانی ڕا هاتووە. ٦٠٠٠ساڵ پێش ئەفلاتوون بەخەملاندنە چونکە باسی هەزارانە نەک سەدەکان. ژمێریاریی لێکۆڵەرەوان ئاوایە: ٨۶٠٠ پ.ز (بهرام گور انکلسریا) ، ۶٣١٢ پ.ز (بهرام پاتاوالا) ، ۶۵٠٠ پ.ز (اردشیر خبردار)، ٧١٢٩ پ.ز (سپنسر)، ۵٠٠٠ تا ۶٠٠٠ پ.ز (مری رستگاست) و... من لە سەرانسەری کتێبەکەمدا نیشانەکانم داون. بەپێی ژمێریاریی ئەستێرەگەری مێژووی ویداکانی سەرەتایی بە ۵٠٠٠ ساڵ پ.ز

(ژاکوبی) و ٦٠٠٠ پ.ز (تیلاک) زانراون. (بلوم فیلد)یش پێیوابووکە وێداکان دەبێ لە ٤٥٠٠سـاڵ کـۆنتر بـن. (باهایکوکـا) نووسـرانی تیریەشـتی بە ئـی پـاش زەردەشـت ودەوری ٥٣٠٠پ.ز خەملاندووە. // لەمەڕ مێژووی شارستانییەت لە ئێـران: دۆزراوەکـانی کۆنینەناسـی لە سەرانسـەری ئەو بـانووەدا شارسـتانیگەلی سـەرووی ٥٠٠٠سـاڵیان وەدەسـتهێناوە و سـەلماندراوە کە ئەو شارسـتانییەتانە پەیوەنـدییان پێکەوە هەبووە. بەپێـێ بابەتەکانی پەهلەوی زێدی زەردەشـت شـاری ڕێ بـووە و دەکـرێ بە دۆزراوەکـانی دێرینەناسـی لە ٨٠٠٠سـاڵ کـۆن بـوونی ئەوشـارە تێبگەن (مجلـە باسـتان شناسـی و تـاریخ، ش ٢١، مقالـە اسـفندیاری). مەبەسـتم ئەوەیە سـەردەمێک گومـان کـردن لە مێـژووی ٦٠٠پ.ز (نەریتـی) نەگونجـاو بـوو بەڵام ئەوڕۆکە بەسـێنەیی کـاتی زەردەشـتمان بـردۆتە دواوە بـۆ؟ چـونکە دۆزینەوەکـانی نـوێی دێرینەناسـی هـزری مەیـان ڕوونتـر کـردۆتەوە و هەروەک تۆ گوتت شارستیانییەتەکان درەنگـو زوویـان هەیەو شارستانییەتەکانی ئێرانی لەهەموان گەشەکردووترن. (مری‌ڕستگاست) دەڵێ مێژووی‌شارستانییەت زووتر لەوەی پێشتر دەکوترا دەستی پێکردووە، کەوابوو ٨٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا ئیدی چاخی بەردین نەبووە. کتێبی(دیدی نـو از دینـی کهن) بخوێننەوە// نـاوی کتێبێکـی دیکەشـت بـۆ دێـنم: (تـاریخ هفتهـزار سـالە فلزکـاری)یـش بە سـەرەتای پەیدابوونی چینـی چـوارەم دەزانـین. دۆزراوەکـانی (شلیمان) باسـی شارستانییەتی ترۆیا دەکات. هێرۆدۆتیش‌دەنووسێ مێژوونووسانی‌ئێرانیش باسی‌شـەڕی ترۆیایـان کردبوو چونکە لایەنێکی ئەوشەڕە گەلێکی ئێرانی بووە. یۆنـانی شـەڕی ترۆیایـان بە ئی هەزارساڵ پێش هەخامەنشییان دەزانی.// هەرچۆنێک بێ من تێکۆشـاوم بە خۆلادان لە تێڕوانینێکی یەک ڕەهەندی و سەرنجدان بە زمانناسـی (کۆنتر بـوونی گاتەکان لە وێداکان)، دێرینەناسـی (شارستانییەتگەلی٨٠٠٠سـاڵە)*[١]، ئەفسانەناسـی (هاوچاخبوونی زەردەشت لەگەڵ زەححاک و فەرەیدوون بە گێڕانەوەی دینکەرد: شکێندرانی بوتەکانی زەححاک و هەروەها پەنابردنی دوو لەدوژمنانی فەرەیدوون بۆ"فرەشوشتر"ی خەزووری زەردەشت)، ژمێریارییەکانی ئەستێرەگەری‌و خـودی گاتەکان بگەمەسەلماندنی مێژووی٨٠٠٠ساڵەی‌زەردەشت. دەزانم کـارێکی گەلەک دژوارە کە دەبـێ پەیتاپەیتـا بەدوای دۆزینـەوەی بەڵگەنـامەی زیـاترەوە بـین. بەڵام سەرەڕای هەمووی‌ئەوانە، بەڕاستی مێژووی‌ئێستا بەپێی کامگێڕانەوە و بەڵگەنـامە کاری پێدەکرێ؟///!!

بهرام ساسانی:

... ئامـاژەگەلێکی گەلەک بەجێت هەبوون کە پێموایە تەواوتـر و باشـتر بـوون لە ئی کتێبەکەت. بەڵام هێشتاش چەند خاڵێک لەبەرچـاون. کەلـک وەرگرتنـی ئێوە لە کۆنبـوونی دۆزراوەکـانی دێرینەناسـی لەنـاو بـانووی ئێرانـدا لەبـواری سـەردەمی زەردەشـت لەسـەر بنەمـای یەکێکـی دیـکە لە گریمانەکانتـان بـووە. لەسـەر ئەوەی بـووە کە زەردەشـت و بەگشتی ئارییایی‌یەکـان هەر لەنـاو بـانووی ئێرانـدا ژیـاون. کەچـی مـن ئەو گریمـانەی ناسـەلمێنم. بـاش دەزانـن نـاکرێ گریمـانەیەک سـواری گریمـانەیەکی دیـکە بکـرێ. هەرکەس ڕەسـەنایەتیی ئارییاییەکـان لە نێـو ئێرانـدا و

هەروەها بوونی زەردەشت لە (ڕێ) بسەلمێنێ ئەوکات دەتوانێ لەوبارەوە باست لەگەڵدا بکات. بەڵام من چونکە ئەو گریمانانە ناسەلمێنم. کە وابوو ناتوانم ئەو گریمانانەش پەسند بکەم کە ئێوە بناخەکەتان لەسەر داناون.

هەرواشە ئاماژە پەیتاپەیتاکانتان بە مێژووگەلی یۆنانی و هەروەها بەو کتێبانەی سەردەم کە ڕوانگەکانی خۆیانیان لەسەر سەلماندنی مێژووەکانی یۆنانی داناون. بەڵام دووپاتکردنەوە و پێداگرتن لەسەر ئەوانە بێسوودە. چونکە من دەڵێم ئەو ئاوەزەی زەردەشت فێرمان دەکا پێمان دەڵێ یۆنانییەکان ئاگایان لە ٦٠ساڵ پێش خۆیان نەبووە تا چ دەگا بە ٦٠٠٠ساڵیش. ئەوقسەتان زۆرناوازەو سەرنجڕاکێش بوو کە یۆنانییان ئەوەیان لەڕووی سەرچاوە ئێرانییەکان نووسیون. ئەگەر دەکرێ پێمان بڵێ ئایا لەشوێنێکدا ئاماژەی پێ کراوە کە ئەوەیان لە ئێرانییان وەرگرتووە یا هەر بۆچوونێکە؟ هەروەها پرسیارێکی دیکەم هەیە بۆ ئەو ئێرانییانەی بە ئەرەستووی هاوسەردەمی ئەسکەندەریان کوتووە زەردەشت ٦٠٠٠ساڵ پێش ئەو مێژووەبووە، ئەوجاربۆخۆیان‌دەنووسن٣٠٠ساڵ پێش‌ئەسکەندەر؟(چ ئەسکەندەری ئێرانی یا ئەرەشک بەقسەی ئێوە یا ئەسکەندەری مەقدوونی). ئەوە خۆ ناکرێ کە لەیەک کاتدابڵێین ئێرانییان‌بەردەوام بەیۆنانییانیان کوتبێ زەردەشتەکەمان ٦٠٠٠ ساڵ پێشتر هەبووە و ئەوجار هەربۆخۆیان دەستیان دا خامەی بنووسن ٣٠٠ساڵ پێشتر[*2]. بەڵام بەهێزترین بەشی بەڵگەهێنانەوەتان هەر بەسەرهاتی وێداکانە. ئەگەر بسەلمێندرێ کە وێداکان بەڕاستی ئەوەندە کۆنن، ئەوجار کەس ناتوانێ گاتەکان بە تازەتر بزانێ. بەڵام من هیچکام لەو ڕوانگانەم نەدیون کە زانایانی ئاماژە پێکردووتان لەسەر وێداکان دەریان‌بڕیون. کەوابوو دەبێ زۆرتر لەبارەی ڕوانگەی‌زانایان لەسەرکاتی وداکان لێکۆڵینەوە بکەم. ئایا ئاریاکان لە٨٠٠٠ساڵ پێشتردا نووسینیان هەبووە؟!! و یا وێداکان و گاتاکانیان چەندین هەزارە سینگ بە سینگ و زارەکی و ئەویش بەبێ کەمکردنەوەی واوێک پاراستووە!! و یا دەبێ بڵێم کە گاتاکان و وێداکان بەلاڕێدا براون و بەسەختی گۆڕاون!!!؟

هەرچۆنێک بێ پێموایە ئەوکێشەیەکە وێداکان پەیوەندییان بەهەزارەی دووهەمەوە نییە بەڵکوو ئی(هەزارەی ٥و٦ی پ.ز)ن، بۆخۆشی گریمانەیەکی بۆ پەسندکردن زۆر نەوهاڵن. و ئێوە ڕوانگەی خۆتان لەسەر ئەو گریمانەی داناون کە بۆخۆی گومان هەڵدەگرێ.

دواخاڵتان لەمەڕ هاوکات بوونی زەردەشت و فەرەیدوونیش گەلەک تازە و بێوێنە و سەیربوو کە دیسانیش گریمانەیەکی تازە و نەوهاڵە. کەوابوو لەهەموو بارەکاندا گریمانەی٨٥٠٠ساڵەی زەردەشت لەسەرگریمانەگەلێکی‌دیکە دامەزراوە کە هێشتا بۆخۆیان ڕوون‌نەبوونەتەوەو ئێوەدەبێ لەپێشداڕوونیان‌کەنەوە. وتەکەی دیکەشتان لەسەر مێژووی٣٧٤٥ساڵەکەڕەوانشاد(ذبیح بهروز)پێی‌گەیشتووەو سەرنجڕاکێشە کە ئێوە لە زۆرترین ڕوانگەکاندا قەرزداری ئەون، بەڵام گرنگترین کاری وی واتە کاتی زەردەشت وەلادەنێن. کەچی بەپێچەوانەیە. واتە ئەوکارەی لەکارەکانی دیکەی زانستییانەترە. بێگومان مێژووی ٣٧٤٥ساڵەی زەردەشت ناتوانێ وەک

ڕاستییەکی بێ ئەملاو ئەولای مێژوویی دابنرێ. و من هەر لەبەر ئەوەی هەمیشە پێ دادەگرم کە مێژووی ئێمە تەنیا دەتوانێ ٢٥٦٦ساڵ بێ و مێژووەکانی دیکە هەموویان لێکۆڵینەوەیین، نەک مێژوویی. بەڵام ئەوە هەر مێژوویەکی واتاییە. بۆوێنە ئایا مێژووی یەهوودییان ڕاستە؟ بەڵام تایبەتمەندییە نەرێنییەکەی مێژووی ٣٧٤٥ساڵە لەوەیدایە کە لەگەڵ هەموو شتێک دەگونجێ و بەشێوەیەک لایەنی نێونجیی گرتووە. واتە بەسەرنجدان بەوەی کە وێداکان بە ئی نیوەی هەزارەی دووهەم دەزانن گاتاکان لەوە کۆنتر دەبن. یا ئەوە بەوردی دەبێتە ئەوکاتەی هیندییان لەئێران جیابوونەوە. پێش دەستەڵاتی تەواوی ئاریاکان بەسەر بانووی ئێراندا. بەسەرنجدان بەوەی کە شوێنی زەردەشت بە خوارەزم دەزانن، دەگەڵ ئەویشدا دەگونجێ. زمانیئاوێستایی دەتوانێ زمانی هەزارەی دووهەمی(پ.ز)ی ئارییاییەکان بێ. بەڵام ئەوەی کە زمانی هەزارەی شەشەمی(پ.ز) بێ نێوانێکی زۆری لەگەڵ زمانەکانی دیکەی ئارییاییەکانی دوایی تێدەکەوێ. یا نیزیکیی زمانی ئاوێستاییو سانسکریتی کۆن نیشانەی هەڵبەستوانەکانیپێوەیە نەک ئەوەی کە یەکێکیان بەئی ئازەربایجان و ئەوی دیکەیان بە ئی هیند بزانین!!! کەوابوو زەردەشت ئی هەزارەی دووهەمی (پ.ز)یە و مێژووەکەی (ذبیح بهروز) نیشانە واتاییەکەی. پێشتر فەرمووتان کە زەردەشت ئاماژەی بە سێ چین کردووە، ئێستاش دەڵێن کاتی زەردەشت چاخی بەردین نەبووە بەڵکوو شارستانییەت و شارنشینی بووە. نازانم ئەو کێشەیە چۆن چارەدەکرێ؟ لەگەڵ ئەوەیدا کە ئەگەر گەورەترین ڕەخنەی ئێوەلەسەر٣٧٤٥ساڵە ئەوەیەکە هیچ بەڵگەیەکی مێژووییمان بۆی نییە، ئەوە واتە ئێوە بەڵگەی مێژوویی بەباشتر دەزانن لە ئی لێکۆڵینەوە کە وابوو هەروەک بۆخۆتان کوتتان مێژووی سوننەتی دەڵێ زەردەشت لە ٦٠٠ساڵ (پ.ز) بووە و ئەوە گەلەک بەهێزترە لە٦٠٠٠ساڵەی ئەفلاتوون!! ئێستا ئەگەر بڵێین ئەو مێژووە پەیوەندیی بەزەردەشتی هەخامەنشییەوەهەیە ئەوەش دیسان هەر گریمانەوبیردۆزێکە ڕێگایەکی درێژی بۆ سەلماندن لەپێشە. هەربەوهۆیەوەیە کە ئێرانناسان یا قسەی مێژوویان وەرگرتووە یا ئی لێکۆڵینەوەکان. مێژوودەڵێ٦٠٠ (پ.ز)ولێکۆڵینەوە دەڵێهەزارەیدووهەم. ئەگەر بمەوێ پێرستێک لەوانە بێنمەوە کە زەردەشتیان بەئی٦٠٠ تا٢٠٠٠(پ.ز) زانیوە، ئەوەدەبێتە پێرستێکی دوورو درێژ کە لەناویاندا کەسانی بەناوبانگتر لەوەی ئێوەی تێدان. هیچ ئێرادێک لەوەدا نابینم کە لێکۆڵەرەوانیسەربەخۆ لەهەربوارێکدا لەسەر ڕوونکردنەوەی مێژووی زەردەشت و ئاڤێستا کاربکەن. بەڵام پێموایە ئێوە و ئی دیکەش لەسەر سەلماندنی مێژووی یۆنانییەکان کاردەکەن. واتە ژمارەی مەبەستی خۆتان بە٦٠٠٠ساڵ پێش ئەفلاتوون یا خەشایارشا دادەنێن و پاشانیش دەتانەوێ بە لێکۆڵینەوەی زمانناسی یا کۆرۆنۆلۆژی[٣*] و ئەستێرە ناسی و دێرینەناسی پاساوی بۆ بێننەوە. کەچی بۆخۆتان لە بابەتەکانی دیکەدا گێڕانەوەکانی یۆنانییان بە ئەفسانەوی و دوورەزەین و وێنایی ناودەبەن. واتە لەوشوێنەدا کە بەسوودی ئێران کوتوویانن بێ ئەملا و ئەولا دروستن بەڵام لەو جێگایەدا کە ئێرانی پێ دەشکێ سەتاسەت نادروست و وێنایی و ئەفسانەوی و درۆ و... ن!!

تێبینی:

*۱- وەک پێشتر باسم کرد لەکوردستان شارستانیەتی ۱۲۰۰۰ساڵەش دۆزراوەتەوە

*۲- بێگومان پارسەکان پیشەیان بەدرێژایی مێژوو هەرلاساکردنەوەبووە، پێموایە ئەوکات لە یۆنانییانیان نەبیستووە و کاریشیان بە زەردەشت نەبووە، بەڵام دوایە لەسەردەمی ئەشکانی و ساسانیدا لاسای سال ئەژمێری سلوکۆسیان کردۆتەوە و بەو مێژووە گەیشتوون !!! سەرنج بدەنە لاساکردنەوەی بیناسازیی ئێرانییان لە سەردەمی هەخامەنشیشدا.

*۳- (زانستی بڵاوبوونەوەی گیانلەبەران لەسەر زەوی - کاوە)

امید عطایی فرد:

... مێژوونووسانی کۆنی وەک سویداس ئاماژەیان بە دوو زەردەشت کردووە و چەند لێکۆڵەرەوەی ئەو سەردەمەش بوونی چەند زەردەشتیان سەلماندووە. بڕواننە ( زردشت و جهان غرب + تاریخ مطالعات دینهای ایرانی). پێموایە کە لە ٦٠٠ (پ.ز) زەردەشتێک وەدیار کەوتووە کە بەزەردەشتی ئەستێرەگەر بەناوبانگ بووە. / هاوسەردەمیی زەردەشت لەگەڵ فەرەیدوون گریمانە نییە. لەکتێبی دینکەرددا هاتووە. لە نووسراوەکانی ئاڤێستایی پەهلەویدا پێرستگەلێک دەکەونەبەرچاو کەزەردەشت لانی کەم پاش(کرشاسپ)و گەلەک پێش (گشتاسپ) هەڵکەوتووە. لێت دەسەلمێنم کە وشەی شارستانییەتم بەوردبینی دەکارنەکردووە، بەڵام دەمویست کەونارا بوونی شارۆچکەکانی گوندی نیشان بدەم و ئەوەی کە کۆنبوونی سەردەمی زەردەشت نابێ سەیر بێتە بەرچاو. بەهرام گیان مامۆستا بێهرووز بۆخۆی باسی پێشینەی دەهەزارساڵەی(مرو) یا (انو)ی کردووە بەڵام ناکرێ حاشا لەوەی بکەین کە ژمێریارییەکانی وی لەمەڕ مێژووی ۳۷٤٥ساڵە لەسەربنەمای هیچ گێڕانەوەیەکی مێژوویی‌وبەڵگەی‌دێرینەناسی‌نیین. پێشنیاردەکەم ئێوە چاوبەشارستانییەت و زنجیرەکانی‌مێژووی پێشنیارکراوی مامۆستا بێهرووز دا بخشێنن تا بەڵکو سەرەداوێکمان وەگیر کەوێ. من هیچ دەمارگرژییەکم نییە و هەمیشە لەهەموو لێکۆڵەرەوان چ گەورەتر و چ چووکەترفێردەبم. تەنانەت ئەگەر ڕوانگەی من نادروستە ئایا شێوەکارولێکۆڵینەوەی من کەتێدەکۆشم لەهەرگۆشەو لایەنێکەوەبڕوانمەبابەتەکە،هیچنرخێکی‌نییە؟/گومان‌لەوەدانییەیۆنانی‌سەرچاوەکانی خۆیان لە ئێرانییانەوە دەست کەوتووە. ژمارەیەک لەوان هاتبوونەئێران و دەزانین کە فەیلەسووفان و زانایانی بەرجەستەی ئێرانیش لە ئاکادێمیای ئەفلاتووندا بوون و پەیوەندییان هەبووە.(پانوسی: تاثیرجهانبینی‌ایرانی برافلاتون)/ بابڵێین ئاریاکان لە شوێنی دیکەڕا(کەهێشتا ڕوون‌نییەکوێیە؟!!) کۆچیان کردۆتە ئێران. ئایا ناکرێ ئەوکۆچە بە ئی نیزیک بە دەهەزارساڵ پێش ئێستا بزانین؟ تا کەی لێکۆڵینەوەی کۆن بەبەڵگەبێنینەوە. ئایاهەمووی‌ئەوکتێبانەتان‌خوێندۆتەوە کەئاماژەم پێکردوون؟ ئایا دەزانن (محمد مقدم)ی شاگردی مامۆستا بێهرووز دەڵێ: ئاریاکان لە ئێرانەوە کۆچیان کردووە نەک بۆئێران./ ئەگر سەرچاوی ئاریاکان بە ئاسیای ناوەڕاستیش بزانین هەرچۆنێک بێ بەشێک لەبانووی ئێران دەگرێتەوە. نیشانەگەلی وەک

خاچی شکاو و شێوەی گۆزەگەری و هەروەها قسەی پرۆفیسۆر(پوپ) کە باسی مێژووی حەوت هەزارساڵەی هونەری یەکپارچەی ئێران دەکا دەبێ وامان لێ بکا بیربکەینەوە. لە گێرانەوەکانی کۆندا هاتووە کە زەردەشت ئەلفو بێتکەیەکی تایبەتی داهێناوە. ئەگەرکاتی٨٥٠٠ساڵە بسەلمێنین ئەورێنووسەدەتوانێ هیروگلیف نەخۆ هەر ڕێنووسە دین دەبیرە سەرەکییەکە بێ. لە ئاوێستادا زەردەشت بەیەکەم وەرزێر ناوبراوە. ئایا بەوواتایە نییە کە زەردەشت لەسەرەتای چاخی کشتوکاڵدا ژیاوە؟ بەپێچەوانەی بۆچوونی ئێوە، من پشتم بەستووە بە بەڵگەنامەکانی ئێرانی و لەپەناوانیشدا باسی گێرانەوەکانی یۆنانیم کردووە. / یەکێک لە کلیلە گرنگەکانی دیاریکردنی شوێنی ئیرانویج(سەرچاوەکانی ئاریاکانویا شارستانییەتیئاوێستاییە. من لەپێشدا بە ئی خوارەزمم دەزانی بەڵام هەر وەک لەکتێبی (ایران بزرگ)دا هێناومە و لەوکەمەدا توانای کوتنەوەی هەمووپەنییە، هیچ گومانێکم لەوەدانەماوە کە ناوچەی ئەران و ئیروونە (وەک ئێستییەکانی قەفقاز دەڵێن) و دائیتی تەنک هەمان ئارازە./ بۆ چەندەمین جار بە گێرانەوە لەئێکۆڵەرەوان ڕا دەبێ بڵێم سانسکریت لەدایکبووی هیند نییە و بەخوشکەچووکەی زمانی ئاڤێستایی دێتە ئەژمار. تەنانەت هێندێکجار بەزاراوەیەکی جیابۆوە لە زمانی گاتاکان (ئاڤێستایی) دانراوە (جلالی نائینی). لەسەر ئەوبڕوایەم کە دەبێ لەپێشدا خاڵگەلی سەرەکی ڕوون بنەوە:

١- سەرچاوەی ئارییاییەکان

٢- شوێنی ئیرانویج

٣- دیاریکردنی کاتی چینەکان بەتایبەتی چینی چوارەم

٤- مێژووی داهێنانی نووسین

بهرام ساسانی:

.... پرسیاری من ئەوەیە باوادانێین یۆنانی ئەو مێژوویەیان لە ئێرانەوە هێناوە، ئەگەرئێرانییانبڵێن٦٠٠٠ساڵپێشئێستا، ئایائاوەزهەڵگرە؟ بۆخۆتان سەلماندووتانە ئەو مێژووە تەقریبییە نەک لەساڵ ئەژمێرێکی ورد ڕا هاتبێ. باشە تەقریبی یانی چی؟ یانی ڕەنگە ٦١٠٠ یا ٥٩٠٠؟ یا تەقریبییەکەی ئاوایە کە واتە گەلەک پێش ئێستا؟ وەرن با ئاوەزمان بکەینە داوەر. با ڕاوێژ لەگەڵ هزری خۆمان بکەین. ئێرانییان و یۆنانییانی هاوسەردەمی ئەرەستوو و ئەفلاتوون دەڵێن زەردەشت ٦٠٠٠ساڵ پێشتیر بووە. ئایا ئەو ژمارە نیشانەی ئەوە نییە کە زۆر پێشتر بووە؟ و ئایا ئاوەزپەسند نییە کە پشت بەو ژمارەی نەبەستین و تەنیا بەهرەی لێوەرگرین بۆ بەناڕاست زانینی ئەو ڕوانگەی کە دەڵێ زەردەشت ئی ٣٠٠ساڵ پێشتر بووە؟ منیش دەیسەلمێنم کە سانسکریت لەدایکبوویهیند بەواتای ئەوڕۆیی نییە. و منیش دەیسەلمێنم کە سانسکریت خوشکی زمانی ئاوێستاییە. بەڵام ئەوانە هەردووک پەیوەندییان هەیە بەئارییاییەسەرەتاییەکانەوە لەئیرانویچ(جا ئیرانویچ لەهەرکوێ

بـێ). بەڵام ئەو ئیرانـویچە دەبـێ شـوێنێک بـێ لەنێـوان هینـد و ئێـران و نەک لە نێـوان ئێـران و ئورووپـادا. دیسـانیش دەپـڵێمەوە ڕوانـگەی ئێوە لەبـارەی شـوێنی زەردەشـت لەسـەر گریمـانەی بـوونی ئاریاکـانە لە بـانووی ئێـران و ئەوەی کە کوتتـان سـەرچاوەی ئاریاکـان قەفقـازە(قەفقـازیش بەشێـک نییە لە بـانووی ئێـران). لەگەڵ ئەوەشدا ئەوڕۆکە بـانووی ئێران بە نێوان دوو دەریـای کاسپین و پـارس و لەنێوان دوو بانووی پامیر و ئاناتوولی دەزانن.

بەڕاست، دەزانم ئێوە ئیبراهیمـی پێغەمبەر بە ئیبـراهیم زەردەشـت و بە یەکێـک لە زەردەشتەکان دادەنێن. باشە! مەگەر ئیبراهیم بە ئی٣٩٠٠ساڵ پێش ئێستا نـازانن؟ کەوابوو دیسان لە مێژووی مامۆستا زەبیح نیزیـک دەبێتەوە. هەڵـبەت مـن چـونکە زێـدی زەردەشــت بە خــوارەزم دەزانــم ئەودووانە بەیەک نــازانم و بەگشــتی ئیبـراهیمیش بە ئەفسـانەی سـازکراو دەزانـم. بەڵام ئێـوە کە ئیبراهیمتـان قبـووڵە و زەردەشتیش بە ئی ئازەربایجان و نیزیک نێوان دووچۆمان(میسوپوتامیا) دەزانن، کە وابوو دەبێ مێژووی زەبیح بێهرووزیش بسەلمێنن.

امید عطایی فرد:

بارامی خۆشەویست/ بۆ دەڵێی قەفقاز بەشێک نییە لە بـانووی ئێران؟ مـن تائێستا لە هیچ کتێبێکدا تووشـی شتـی وا نەبووم و قسـەکەت بیـانوویەکی باشـە بـۆ تـورکە ڕەگەزپەرستەکان. سـەرزەمینیئێمەناوەندی موغـان لەخۆگریکۆنترین ئایینەکـانە. بەبێ سەرنج بەسەر مێژووەکەی دا تێمەپەڕە چونکە ڕازی زۆری تێدان. بۆ دەبـێ ئێرانویج لەنیزیک هیند بێ؟ ئایا پەیماننامەی دوو گەلی ئاریـایی میتـانی و هیتـی لە تورکیەیئەوڕۆدا وەدەستنەهاتوونکەباسی ئیزەدگەلـیوەک(میترا)و(وروونـا)یـان کردووە؟ ئایا گاڵتەجاری نییە کە کەسانی وەک هوسینگ دەڵێن هۆکارەکەی بەوێدا تێپەڕینیهیندییەکانە!!؟ ئایا ئێوەسەرچاوەکانیئێرانـی بەئەفسـانەدەزانن‌یـا ئوسـتوورە (فیردەوسی کوتەنی: داستان)؟ جاریکی دیکە کتێبی (ایران بزرگ) بەبێ داوەریـی پێشەکی بخوێننەوە و بزانن باسی کامە مەکۆگەلی سـەرەتایی کـراوە. مـن نازنـاوی زەردەشتم نەداوەتەئیبراهیم، ئەوەقسـەی مێژوونووسـانی موسـوڵمانە. تەنـانەت پێش ئیسلامیش بەڵگەنامەی ئۆسقوفێکهەیەکە دەیکوت دەستەیەک لە موغـان ئیبراهیم بەباپیری خۆیان دەزانن. لەسەر چ بنەمایەک دەبێ حاشالەبوونەکەیبکەین؟؟ ئێوە خەریـکە لەهەڵدانی مەتەڵەکە نیزیـک دەبنـەوە: مێـژووەکەی مامۆسـتا بێهـرووز لە بـارەی ئیبراهیمــی زەردەشـتە نەک سـپیتۆمان. هومـایوون فەڕڕوخ کە لەدامێنــی بێهرووزدا گەورەبووە داکۆکیی لە مێژووی٨٥٠٠ساڵەکردووە. ئەگەرئێوە هەمـوو قسـەکانی بێهرووز دەسـەلمێنن کەوابـوو لەمەڕ ئەلێکسـاندێر/ئەسـکەندەر بـۆ لەگەڵ منداهاوڕانین؟ چونکەهەمووشتێکبەهەمـوان دەزانـرێو ئێمە دەبـێ دەدروستترین و باشترین ڕوانگەکان بگەین. زەبیح بێهرووز لەڕێنووسو ئەلفوبێتکەدا بێوێنەیە و من تەنیا لەسەر مێژووی زەردەشت لەگەڵیدا هـاوڕا نیم. پێم بڵێن شارستانییەت لە کەنگێوە لە ناوچەی ماد (ئاقـاری ڕێ تـا ورمـێ) دەستـی پێکـردووە؟ باسێک لە شار لەگاتەکاندانییەبەڵکووباسیدەخیوو(دەهیوو/دێ/گوند)کراوە. ئەگەردینکەردتـان

لا پەسندە بڵێین سەردەمی فەرەیدوون (هاوسەردەمی فرەش وشتر) کەی بووە؟ ئەگەر دوژمنە یۆنانییەکانمان قسەیەک بەسوودی ئێمە (مێژووی ٨٥٠٠ ساڵە)یان کردووە دەبێ بیدەینە دواوە یا قسەدوژمنکارانەکانیان بسەلمێنین؟ جارێکی دیکە چاوبە کورتەنامەکانتاندا بخشێننەوە و دژیەکی و ناتەباییەکانیان ببینن... بارام گیان/لێکۆڵینەوە ناچارە لەسەر بنەمای لایەنگەلێک بێ کە ناوم بردوون (مێژوو، زمانناسی، دێرینەناسی و ... )هەرچۆنێک بێ مێژووەکەی من بەڵگەدارە واتە باسێکی لێهاتوتەگۆڕ بەڵامێژووی‌هەزارەی‌دوو هەمی‌پێش‌زایین‌هەرگریمانەیەکە بەبێ هیچ گێڕانەوەیەکی مێژوویی. چۆن‌ساڵ‌ئەژمێری٥٠٠(پ.ز) مێژووە، بەڵام ئی ٦٠٠٠ (پ.ز) نا؟ مەگەر مێژوونووسانی جۆراوجۆر باسی هەردووکانیان نەکردوون؟ بۆدەبێ بڕوابەسەرچاوەکانی خۆمان‌نەکەین بەئاسانی بڵێین زەردەشت لە(ڕێ) نەهاتۆتە دنیا! هیچ بەڵگەیەکمان لەسەرلەدایکبوونی‌زەردەشت لەخوارەزم نییە، هیچ‌بەڵگەیەک. تاریخی مامۆستابێهرووز لەحاستی مێژووی نەریتی یەگجار لاوازە. ج کەسێک لەومێژووە(نەریتی)یەدا وەدیار کەوتووە؟ بۆچی مانەوییەکان و بۆ هێندێک لە هەڵبەستەکان باسی هاوسەردەمبوونی زەردەشت و دارا دەکەن؟ (بڕواننە: مزدیسنا و ادب‌پارسی)/ ئەبووڕەیحانی بیروونی‌کلیلێکی داوەتەدەستمان کەنابێ بەبێ سەرنجدان‌بەپەنایدا تێپەڕین. ناوی‌ئەوزەردەشتەی‌هاتوچۆی حەڕڕانی کردووە: وارتووش بووە. ئەو زەردەشتێکی دیکەبووە لە سەردەمی هەخامەنشیدا. ئەگەر گریمانەکای من بسەلمێندرێن ئەوەوەرچەرخانێک لەمێژووی ئاڤێستاناسیدا ڕوودەداودڵنیابن تاسەدانەوەدی لێڵییەکان و کێشەکان چارەدەکرێن. دەوری٨٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا سپیتۆمان بەدژایەتیی لەگەڵ ئوولی برەهماولەهەمان کاتیشدا پێک هێنانی چاکسازیگەلێک لە ئوولی مەزدیەسنا دا بناخەی ئوولی زەردەشتی دادەنێ. چەند هەزارە پاش وی ئیبراهیم (برەهمایەکی دیکە)دیاری دەدا کە ئوولەکەی کەمتاکورتێک زەروانییە. (سەرنجڕاکێشە کە لە گێڕانەوەکانی سوغدیدا ئاینی برەهمایی و زەروانی یێکن). و زەردەشتی سێهەم (وارتووش) لەسەردەمی هەخامەنشیدا لکێک لە مەزدیەسنا دادەنێ کە زۆرتر وە مەزداپەرستیی پێش زەردەشت دەچێ و گۆیا لەسەر بنەمای سێ خوایی، ئاهوورا، میتا، ئەناهیتا (هەر وەک: باوک -کوڕ- ڕووحی پیرۆزی عیساییان)ە. بوونی زەردەشتی هەخامەنشی بەپێی ژمارەیەکی زۆری بەڵگەنامە حاشاهەڵنەگرە، بەڵام بێگومان ئەو سپیتۆمان نییە. بەسەرهات و باوەڕەکانی ئەو سێ زەردەشتە پاشان لێکدران و بوونە هۆی ئەوهەموو دژوازییە لەمێژووی‌زەردەشتناسیدا. ئیلیوسی‌موغ مامۆستای وارتووش بوو(کتاب الموالید) کە بەوێنەی ئەلیاسی نەبییان دەرێنا. بەڵام مێژووی سپیتۆمان. ئێوە بەدروستی کوتووتانە کەدەبێ ڕوونبێتەوە. باشە! جارێکی دیکە باسی چوار ڕوانگەکە دەکەمەوە:

٨٦٠٠پ.ز (بهرام گور انکلسریا)

٧١٢٩پ.ز (سپنسر)

٦٥٠٠پ.ز (اردشیر خبردار)

۶۳۱۲پ.ز (بهرام پاتاوالا)

من هەر بەپێی ئەوتاقەبەڵگەنامەی کەئاگام لێیە، ژمێریاریی٦٣١٢پ.ز بەڕاستتر دەزانم کە پاتاوالا لەسەر بنەمای ساڵئەژمێری زادئیسپێرم داویەتەدەست. بەپێی بەڵگەنامەیەکی مانەوی دەستپێکی یەکەمین هەزارە بەرانبەرلەگەڵ ١١٣١٠پ.ز / دەستپێکی شەشەمینهەزارە بەرانبەرلەگەڵ٦٣١٠پ.ز/ دەستپێکی دوازدەیەمین هەزارە بەرانبەرە لەگەڵ٣١٠پ.ز/ هەزارەی شەشەم دووساڵ لەگەڵ مێژووی زەردەشت جیاوازیی هەیەو٣١٠پ.زش پەیوەندیدارە بەدیاریدانی دینی میترا....

بهرام ساسانی:

... سەرچاوەی ئاریاکان هەر ئاریانویچەکەیە و نازانم بۆ جیات کردوونەوە. .... ئەگەر ئەوەی کەقەفقاز هیچ پەیوەندییەکی بە بانووی ئێرانەوە نییە دەبێتە قسەیەکی پان تورکیسم، کە وابوو کتێبی سەرووی‌زانستیی[*۱] پرۆفیسۆر(عنایت الله رضا) سەرچاوەیەکی پان تورکیستییە!! و ئەویش بێگومان پان تورکە!! کە چی کتێبی (آذربایجان و اران)ی ناوبراو یەکێکە لەبەڵگەنامەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ پان تورکیزم. ئاراز جیاکەرەوەی ماد لە قەفقاز و ئەران، ئێروان و ئالان و ....یە. لە سەردەمی کۆنیشدا بەوبەر دەکوترا ئالبانی و بەوبەرەش دەکوترا مادی ئاتروپاتێن. من شانامەی هۆنراوە بە بەرانبەری خوداینامە و بە لەخۆگری چیرۆک (نەک ئەفسانە)ی دەزانم. هیچ باسی چەند زەردەشتیش لەو شانامەدا نابینم. و لەبارەی کاتی زەردەشت هیچ یارمەتییەکمان نادا[*۲].

من ڕوانگەی تۆم نەسەلماند کە ئیبراهیم زەردەشتە. کوتم پێموایە ئیبراهیمێک نەبووە. هەر بەو دەلیلەش کە نووحێک نەبووەو ئادەمێک نەبووە و هەمووی ئەوانە بەرهەم و لێکدراوی چەند ئەفسانەیەکن. کە باسێکی چەوتەبەرە. بەڵام کوتم ئێوەهەمیشەحاشا لەمێژووی زەردەشتی زەبیح بێهرووز دەکەنو ئەوجارەش کردتان. بێوچان پێ دادەگرن کە هیچ بەڵگەیەکی نییە، سەرنج نادەنە ئەوەی کە یەکسانە لەگەڵ ئیبراهیمەکەتان. جا ئەگەر ئاماژە بە زەردەشتێک دەکا ئەوەندە ئەو مێژووە بەبێ بەڵگە دامەنێن. چۆن دەتوانن پێمان بسەلمێنن کە گاتەکان نەک ئی زەردەشتی دووهەم، بەڵکو ئی زەردەشتی یەکەمە؟ مەگەر بڕیارە هەر زەردەشتی کۆنتر شت بنووسێ؟ کەچی ئاوەز دەڵێ گاتەکان ناکرێ لەهەزارەی ٦نووسرابن بەڵام دەکرێ لەهەزارەی ٢ نووسرابن. و ئێوە بۆ هەزارەی٦دەبێ چەند بیردۆزی دیکە بسەلمێنن و ڕێگایەکی درێژتان لەپێشە. بەڵام وادەدوێن کە بێ سێ‌ودوو ڕوانگەی ئێوە قبووڵ کەین. ئەوە ئێوەن کە هەموو ڕوانگەکانی بێهرووزتان پەسندکردووە و کتێبەکەی خۆتان لەدرێژەی وان و لەتەواوکردنی واندا نووسیوە بێجگە هەر لەو بابەتە واتە مێژووی زەردەشت و لەلەپێشتر بوونی میتراییزم لە زەردەشت کە دژی بۆچوونی محەممەدی موقەددەمە لە شاگردانی بێهرووز. ڕوانگەکانی دیکەتان تەقریبەن بەرابەرن لەگەڵ ئی وی. کەچی من پێچەوانەی تۆم و بێجگە لە یەکدووبابەتسەتاسەت دژیهەموبیردۆزەکانیانم. بەپێچەوانەی

ئێوه من تەنیا پسپۆڕیی‌بێهرووز لەوبوارەساڵەژمێرییەیدا دەبینموبەس.و مێژووی زەردەشت بە گەورەترین کاری وی. شارستانییەت شتێکەو شارنشینی شتێکی دیکە. دەزانم ئێوە هەر گۆزەڵەیەک لە هەرگۆشەیەکی ئەوخاکە بدۆزرێتەوە بە نیشانەی شارستانییەتی١٠یا٨هەزارساڵەی‌ئاریاکانی‌دەزانن. بەڵامەن شارستانیەتی مادەکان هەر بەپادشایەتییەکەیان*٣. وشەی شەهر لە وەرگێراوە بەناوبانگەکانی گاتاکاندا دەبینین. وشەی خشتەرە کە بەواتای شەهریارە (لە پەهلەویدا شتریا) هاو ڕەگی شارەولەگاتاکاندایە. پرسیاری دینکەردتان قبووڵە کە نازانم بە چ واتایەکە. من لەسەر پێشنیاری ئەشۆ زەردەشت ئەگەر خودا ش بێتەخوار و شتێک بڵێ کە لەگەڵ ئاوەزدا یەک نەگرێتەوەبایەخی‌پێنادەم. من دەتوانم‌بڵێم ئەگەر خودانامەکان و شانامەتان قبووڵن هەرگیز باسی چەند زەردەشتیان نەکردووە و زەردەشت هاو سەردەمی گەشتاسبی‌کەیانییە. نازانم‌چۆن‌مێژووی٥٠٠(پ.ز)تان لەگەڵ ٦٠٠٠ (پ.ز) هەڵسەنگاندووە؟ مێژووی ٥٠٠(پ.ز)یان لە ٥٠٠(پ.ز) نووسیوە بەڵام ٦٠٠٠(پ.ز)یان‌لە٤٠٠(پ.ز)نوسیوە. هەروەک ئەوەی‌ئەوڕۆ من نووسراوەیەکی مێژوویی تازە لەبارەی کەمبووجیە!!! دابێنم قبووڵتانە؟

هەر مێژوویەک لەبارەی کاتی خۆی یا چەند سەدە پێش خۆی پەسندە نەک بە ٦ هەزارە پێشتر!!!. منیش تەقریبەن‌خەریکە دەسەلمێنم کە زەردەشتێک لەسەردەمی هەخامەنشیدا هەبووە کە جیاوازبووە لە سپیتۆمان. لەوانەیە تەنانەت زەردەشتێک لەچەندین‌هەزارەپێشتر. بەڵام ناتوانم گاتاکان بەئی‌هەزارەی ٦ بزانم*٤.

منیش هاوڕاتم‌کەئەگەرگریمانەکانت بسەلمێندرێن شۆڕشێک‌لەزانستی ئاڤێستاناسیدا ڕوودەدا. جا تکایە گریمانەکانی خۆت بەشێوەی گریمانەکانی (امید عطایی فرد) پێشکێش کەن نەک وەک ڕاستییەکی ئاشکرا و دیار و ڕوونتر لە ڕۆژێ. ئێوە لەلایەک گریمانە دەدەن و لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێن ئەوانە هەموویان کەسانی دیکە کوتوویانن و لەکتێبە مێژووییەکاندا بەڕوونی هاتوون و پەیتاپەیتاش ڕەخنە دەگرن کە دیتران نایان سەلمێنن. ئەمن لەگەڵتام کە ئەوانەتان لەکەسی دیکە وەرنەگرتووە و بایەخەکەی لەوەدایە کە گریمانەی (امید عطایی فرد)ن. ئەگەر ئەوە ڕوونە کەواتە قسەیەکم لەسەری نییە.

*١- وشەیەکی سەیروسەمەرە! سەرووی زانستی دەبێتە چی؟

*٢- ئەوکابرایە درۆنامەکانی شانامە و حەوت خوانی ڕۆستەم و دێو و تەلەسم و جادووی شانامە بە ئەفسانە نازانێ، من لە نووسینێکی دیکەمدا "لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی لەسەر کوردو کوردستان" دروکانی فیردەوسیم ڕوونکردوونەوە.

*٣- سەیر ئەوەیە هیچی یۆنانییانی لا پەسند نییە بەڵام پادشایەتیی مادەکانی قبووڵە کە ئی هێرۆدۆتە!

*٤- ئەو هەڵیت پەڵیتانە هەمووی ئی بارام ساسانین چونکە دەبینێ بناخەی باوەڕە چەوتەکانی هەڵدەتەکێ نازانێ چ بڵێ

امید عطایی فرد:

کیشوەری خونیرەس کە ئیرانویچ ناوەندەکەی بوو، بە سێ بەش (ئێران، توووران و سەلمان "سەئێرم" )دابەش بوو و ئەمن هیچ سەرچاوەیەکم نەدی کە قەفقاز "ئەرران" لەدەرەوەی بانووی ئێران دانێ. // ماوەیەکە دوو بەڵگەنامەی گرنگ سەرنجمیان بەلای خۆدا ڕاکێشاوە: یەکەمیان گێڕانەوەیەکە لە کتێبی حەوتەمی دینکەرد کە دەڵێ زەردەشت لەساڵی٥٦٧٠ ی ئافراندنلەدایکبووە.و دووهەمیان بەڵگەنامەیەکی مانەوییە کە لەدایکبوونی مانی(٢١٦ زایینی) بەساڵی ١١٥٢٧ی ئافراندن دەزانێ. بە لێک کەمکردنەوەی ئەودوو مێژووانە کاتی لەدایکبوونی زەردەشت ٥٨٥٧ساڵ پێش مانی ژیاوە دەگاتە ٦٠٩٠پ.ز./// ئەربەلۆ ئاماژەی بەوە کردووە کە ئێرانییانی کۆن زەردەشتیان بە ئی چەند هەزارە پێش مووسا زانیوە. ئەرەستووش موغانی ئێران بە کۆنتر لە میسرییان دەزانێ. وشەی شەهر لەگاتەکاندا نەهاتووەو شەهریوەر واتەشەهریارێکی بەهێزوئاهووراییوشتیوا... ئەوە پاشانە کە وشەی شەهر لە وشەی شەهریاری سازدەکرێ. هیچ لێکۆڵەرێک باسی چینی چوارەم (بناخەی شارنشینی)ی لەگاتاکاندا نەکردووە و تەنانەت (مری بویس) لەسەر بناخەی خودی گاتەکان دەڵێ چینی سێهەم  تازە چرۆی دەرکردووە (سەری هەڵداوە). // من نەمکوتووە گاتاکان بێئەملاوئەولا لەهەزارەی شەشەمی (پ.ز) نووسراون و لەسەر ئەوباوەڕەم کە بە گریمانەی بەهێز زارەکی بوون و کەواتە گاتاکان ئی زەردەشتی ژمارە١بوون. چونکە سویداس باسی زەردەشتی ٢ی کردووە کە ئەستێرە ژمێرێک بووە لە سەردەمی نینووس(نەمروود) و ئەوەی یەکەمی هەر بە پێغەمبەرەسەرەکییەکەیئێرانییانو٥٠٠٠ساڵ پێش ترۆیا زانیوە.// بەهۆی لەناوچوونوکەمبوونی بەڵگەنامەکان ئێمەناچارین هەمووشتێک و لەوانە کاسە و گۆزەکانیش بەوردی بخەینە بەرتوێژینەوەو سەرەداوەکان وەدەست بێنین. (ژان دهە) نیشتەجێیە ئارییاییەکانی دەشتیگورگان بە ئیهەزارەی چوارەمی پ.ز دەزانێ. گێڕانەوەکانی ئێرانیش کەجێگای پەسندی بارام نین دەڵێن کەیوومەرس و یەکەم شایەکانی زنجیرەکان هەرلەوسەرزەمینەدا هەڵیانداوە و لەجێگای دیکەوە نەهاتوون. ناوەندەکانی ئێرانییان هەمیشە ئەلبەرزی ناوەندی بووە. پێتەختی فەرەیدوون لە دەوری ئامو□ بوو... ئەو باسە زۆر گرنگە// دەستپێکی مێژووی ئێمە پێویستیی بە لێکۆڵینەوەی زۆر زیاتر هەیە. خاڵی ترۆپکی ئەوە مێژووی ٢٥٠٠ساڵەیەیە هەرچەنە کەوتۆتە بەر ڕەخنەی پڕۆفسۆر!سەید!حەسەنی ئەمین (نشریه حافظ/شماره؟)... ئەوە ئەرکی نەتەوەییمانە کە هەرچی زووتر سەرەتای نیشتمانی خۆمان دیار بکەین و ئاکامەکانی ئەو لانیکەم لەبواری ڕەوانی زۆر بۆ نەوەی نوێ کاریگەرە. بریا ناوەرۆکی ژمێریاریی ئەو زانایانەمان لەدەست دابان کە دوومێژووی٦٣١٢(پاتاوالا)و٧١٢٩(سپنسر) پ.ز.یانوەدەستهێناون. خۆزی سەرچاوەگەلی نەناسراو و وەرنەگێڕاوەیزەردەشتمان وەدەستهێنابان... بێگومان ڕاکێشەریی‌مێژوو هەربەو نەزانراوانەوەوهەوڵیئێمەبۆزانینی ڕازەکانیانەوەیە/...

"هەموو وەرگێرانی ئێرانی وشەی شاریان لە گاتەکان و لەوانە هاتی ۳۱ یا ٤٦دا دۆزیوەتەوە و وەریان گێراوەتەوە. ئەوەی کە (شەهر) لە (شەهریاری) سازکراوە بۆخۆی واتای چییە؟ واتە ئەوانە پەیوەندییان پێکەوە هەیە. جا بەبێ بوونی شەهر، شەهریاری چواتایەکی دەبێ؟ دەبێ شەرێک هەبێ تا شهریارێکیش. چۆن دەکرێ باوەڕ بکەین ئەوسروودەی لەچاخیبەردیندا شوانێکی کۆچەر(هەروەک هێندێک بێگانە کوتوویانە و ئێوەش دەیڵێن)بیڵێتەوە؟ گاتەکان لە ۸٥۰۰ساڵ تا ۲۷۰۰ساڵ چۆن پارێزراون؟

ئەوە منێیم بەڵگەنامەکانی ئێرانی پەسند ناکەم. ئەوە ئێوەن کە هەر بەڵگەنامەیەک بەپێی بیرۆکەتانە هەڵیدەبژێرن. جاباقارسێکی ئەوڕۆیهێند کوتبییەتی یا کتێبێکی پەهلەوی یا یۆنانییەک لەسەرردەمی کۆندا. بۆوێنە هەرئەوبابەتەیچەندزەردەشت. و ئەوەیکە زەردەشت هاوسەردەمیفەرمیدوونبووە!! باشە گۆیا لە خودی گاتاکاندا زەردەشت باسیکەیگشتاسب دەکا. ئێستا ئەگەر من ئەو وتەی دینکەرد نەسەلمێنم واتە بەڵگەنامەکانی ئێرانیم نەسەلماندوون؟!! ئەوەیکە پێتەختی فەرمیدوون ئامو□ بووە، واتە ئامو□ هەر ئەوئامولەی ئەوڕۆیە؟ ئایا دەزانن شاری مەمفیس لەکوێیە؟ لە ئامریکا. ئاناپوولیس لەکوێیە؟ ئەویش لە ئامریکا. کەوابوو ئامریکاییەکان دەبێ هۆشیان لەسەرخۆبێ لە کاتی دەرسی مێژووی کۆن منداڵەکان بەهەڵە ئەو شارانە هەر بە شارەکانی ئەوڕۆ تێنەگەن. بابەتی "ئەلبورز" و "ئەروەند" و "ڕێ"ش هەروایە.

دیارە مەرج نییە هەر وابێ. مەبەستم ئەوەیە دۆزینەوەی ناوێک لە ئاوێستا یا... و بەیەک زانینی لەگەڵ ناوی ئەوڕۆ هەمیشە ڕاست نییە*۱ "مێری بۆیس بێگومان خزمەتی زۆری کردوون. بەڵام ئەودووپات کردنەوەی پەیتاپەیتای مێری بۆیس کە کوتوویەتی چێنی چوارەم فڵان و چینی سێهەم فڵان دەردێک دەرمان ناکا. چونکە ئاکامی گشتی کە لە وتەکانی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕۆژئاوایی (و نەک هەر مێری بۆیس) وەردەگیرێ ئەوەیە کەئاریاکان نەک هەرلە ۳۷۰۰ساڵ پێش (کاتی پێشنیارکراو بۆ زەردەشت)، بەڵکولە٦٦۰(پ.ز)ش نەتەوەیەکی ئاژەڵدارو کۆچەر و بێکەمترین بەهرە لەشارستانییەت بوونە!!! مادەکان خەڵکێکی بەتوندی وەحشی و بێ شارستانییەت بوون وپارسەکان لەوانیش خراپتر!!!و تەنیا کارێک کە ئەوانە دەیانکرد ئەوەبوو کەلەموئەو وەریان دەگرت!!! کە وابوو پێ داگرتنی ئێوە لەسەر چاخی بەردین، زەردەشتکۆنناکا. چاخیبەردین ئاریاکانلەئێمە نیزیکدەکاتەوە. کەئەوەزیانە. دەستپێکی پادشایەتیی کووروش خاڵی ترۆپک نییە. بەڵکو دەستپێکی پادشایەتیی نەتەوەیی ئێرانە لە ڕوانگەی مێژووەوە. تا ئەو کاتەی دۆزراوەکانی مێژوویی، دێرینەناسیولێکۆڵینەوەیی بەدنیابسەلمێنێ کەئێرانییەکان(ئارییاییەکانی ئێران) لە ۸ یا۸۰هەزار ساڵ ڕا یەکپارچە بوونە. بەڵام ئەوەی ئەوڕۆ دەیزانین ئەوەیە کە پادشایەتیی ئارییاییەکانی ئێران بە مادەکان دەستی پێکرد و تەنانەت مامۆستاپووورداودیش سەرەڕایهەمووئەڤینەکەی بەئەفسانەکان، دەستپێکیمێژووی

لە ئاریاکان دەخواست!! کەنادروستە چونکەمادەکان پادشاییەتیکی هۆزییان هەبوو بۆ هۆزی ماد و حکوومەتی ئەوڕۆی ئێرانی نوێ ناتوانێ درێژەی حکوومەتی هۆزیی ماد بێ. بەڵکوو کووروش ئەو تایبەتمەندییەی هەیە. دووهەم ئەوەی کە دەستپێکی مێژووی پادشایەتیی ماد لەکوێرا بزانین؟ لە دیاکۆی نیوە مێژوویی ڕا؟ هووەخشتەرە؟ یا.... کەچی پادشایەتیی کووروش قسەی تێدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ترۆپکی شارستانییەتی ئاریاکانی ئێران، ساسانییانە نەک کووروش." [*٢]

*١- بێگومان مەگەر کەسانی وەک ئومید ساسانی پێیان خۆش بێ!!! یا باختیی ئاوێستا هەر بەلخی ئەفغانستان بێ!!! لەودواییانەدا شارگەلێک لە کوردستانی باکووردۆزراونەوە کەمێژوویەکەیان تەنانەتدەگەڕێتەوە بۆ ١١٠٠٠تا ١٢٠٠٠ ساڵ پ.ز و زیاتریش، کەوابوو دەستەواژەری (شوانێکی کۆچەر)لێرەدا نابەجێیە. بڕواننە وێنەی خوارەوە و چەندین وێنەی دیکە لە: https://www.google.com.au/search?q=gokli+tepe&rlz=1C2PRFE_enAU657AU657&bi یا بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە: Göbekli Tepe - Wikipedia, the free encyclopedia - کاوە).


شوێنەواری شارێکی کۆنتر لە١١٠٠٠ساڵە ساڵە لە گۆکلی تەپەی کوردستانی باکوور

*٢- نەزانیی و دەمارگرژیی بەهرامی ساسانی نەوەدا زیاتر دەردەکەوێ کە بەپێچەوانەی ئەو وتانەی دوایی ناوبراو، هەر بەپێی وتەی مێژوونووسانی ئێرانی، کووروش لەبەردەنووسەکەیدا باس دەکا، کە ڕێنووسی مادی کە باشتر بووە لە ئی پارسەکان و شێوەی وڵاتداری و نیزامی و ڕێکخستنی سپا و زۆرشتی دیکە لەمادەکان فێربووە، کتێبی (لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی لەسەر کورد و کوردستان بخوێننەوە لە www.farhangumejuikawa.com)

ئەوە بوو وەرگێڕاوی وتووێژەکەی ئەو دوو ئێرانییە، من هەر وەک خۆی بێ دەست تێوەردان کردوومەتەوە کوردی و تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر هێندێک ڕوانگەی خۆمم تێدا هێناون، بەڵام هەمووی ئەو ڕوونکردنەوانەم لەدوای هەرکام لەباسەکانی هەرکام لەوتووێژکاران داناون. داناون تا لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەووتووێژە تێکەڵ نەبێ. بەڵامڕوانگەیئەوانە بە چێراستەیەکدابێ وەهەرچۆنێک لە مێژووەکە گەیشتبن، زۆر شتی بەکەڵکیان لێ هەڵدێنجرێ کە دەتوانن بۆ ڕۆونکردنەوەی مێژووی زەردەشت، ڕێنوێنو یاریدەدەرمان بن. لێرەدا ئەو باسە کۆتایی پێ دێنین و دەچینەوە سەر زنجیرە پادشاکانی ئاڤێستا.

# زنجیرە پادشایایی پێشدادی

## ١- کەیوومەرس (GAYA MARATAN)

یێکەم پادشای ئەو زنجیرە پادشایانە (کەیوومەرس) بوو. ئەگەر بە گوتەی ئاوێستا یەکەم بوونەوەری گاومرۆڤ لەدوولایچۆمی"ودائیت"بخەینە بەرچاو، سەرەرای ئەفسانە بوونیشی، بەربەستێکیتێدانیە ئەگەرئەوناوە بەواتای گاومەرد بسەلمێنین. دەڵێن ئەو ماڵی خۆی لە کێواندا سازکردبوو و جلکێکی لە پێستی پڵنگی لەبەردا بوو. (ئەهریمەن)ی دڵرەش کورە دێوەکەی خۆی، بە لەشکرێکی گرانەوە بۆ دەست بەسەردا گرتنی تانجو تەختی کەیوومەرس، ناردە شەڕی. (سیامەک)ی کوڕی شا بە دلێری دەگژ ئەو دێوە ڕاچوو، بەڵام کوژرا. - لە ئاوێستادا سیامەک بە کوڕی (مشیا)و نەوەی (کەیوومەرس) هاتووە - (کەیوومەرس) بەو ڕووداوە دڵتەزێنە زۆر تێکچوو. ماوەیەک لە ماتەمی کوڕەکەیدا دانیشتو پاشان بڕیاریدا (هۆشەنگ)یکوڕی(سیامەک)بۆتۆڵەئەستاندنەوە بنێرێتەشەڕیدێوو‌ئەهریمەنەکان. هۆشەنگ قوڵی لەو کارە هەڵماڵیو بە لەشکرێکی گەورەوە چووە شەڕ. دێوەکان بەپیسی شکانو‌هۆشەنگی جەنگاوەر بکوژی باوکی دیتەوە و کوشتی. لە ئاوێستادا چەند جاران باسی کەیوومەرس کراوەو بەیەکەم شای جیهانو یەکەم مرۆڤ ناوی براوە.

بەپێیناوەرۆکیئاویستا، کەیوومەرس، یێکەم پادشای سەرزەمینویێکەمکەس بووە کەگوێیدایەگوفتاروئامۆژگاریی ئەهووراەمزداوبنەماڵەیپادشایانی ئەوسەرزەمینە لەوی پاشەکەوت بوون. ئەو زینو لغاو و سواری و ڕستنی پەشم و چنینی جلکی فێری خەڵکی کرد. سی تا چ□ساڵان پادشای سەرزەمین بووەودەڵێن ١٠٠٠ساڵان ژیاوە. لە ئەفسانەکاندا زۆرجار ناوی قارەمانێک هەر تەنیا ئی کەسێک نییە. جاری وایە لە ئەفسانەیەکدا تەمەنی پاشایەک یا پاڵەوانێک دەیان هێندەی تەمەنی مرۆڤێکی ئاسایی درێژ دەکرێتەوە، کە زۆر ناسروشتییانە دێتە بەرچاو. بەڵام ئەو درێژکردنەوە لەئەفسانەدا زۆرنائاساییشنییە. زۆرجارسەردەمێکیدووورودرێژی مێژوویی بەهۆی تۆمارنەکرانی دروستیو لەبەرئەوەی زاربەزار گێردراوەتەوە، بەناوی کەسێکی بەناوبانگی سەردەمی خۆی بڵاو بۆتەوە. تەمەنی سەردەمەکەش بۆتە تەمەنی کەسایەتییەکە. کە وابوو ناوی ئەو کەسە دەتوانێ هێمایەک بێ بۆ ماوەیەکی دووورودرێژوبەردەوامی نەگۆڕی خوازراویا بێزراویمێژووی گەلێک. بۆ وێنە هێندێ مێژوونووس٧٠٠ ساڵ پاشایەتیی جەمشید بە نیشانەی ٧٢٥ ساڵ دەستەڵاتی گووتییەکان بەسەربا□دا(١٨٩٦ – ١١٧١ پ.ز) و١٠٠٠ساڵ تەمەنی زەحاک بەنیشانەی دەستەڵاتی پڕ لە خوێنڕێژی و وێرانکاریی ئاشوورییەکان بەسەر وڵاتی کورداندا دادەنێن. دیارە مێژووی جەمشیدو زەحاک، کە لەئاوێستا وەرگیراوە، زۆر لەوە کۆنترە و ناتوانێ ئی ئەو ساڵانە بێ و ئەو نموونە تەنیا بۆ تێگەیشتنە و بەس.

## ٢- هۆشەنگ (هەئۆشینگهە – پەرەزاتە HAOSHYNGHA - PARAZATA)

ناوی ئەوپادشایەبەهئووشینگهەونازناوی‌بەپێرێزات(Perezat)هاتووە.هئووشینگهە کوڕی سیامەک، کوڕی‌مەشیا، کوڕی‌کەیوومەرس‌و بەیەکەمین‌پادشای سەرزەوی دانراوە. پێرێزات لە پەهلەویدا پیشدات و لە زمانی (دەری)دا پیشدادە. پادشایانی پاش ئەوان‌پیشدادییانن. بەبڕوای‌زەردەشتییان، مەهاباد زەردەشتی‌یەکەم، هۆشەنگ کە ئاگری دیتەوە زەردەشتی دووهەم و زەردەشتی ئاخیر کە بە زەردەشتی سێهەم ناسراوە ناوی ئیبڕاهیم(ئابرام) بووە.

پاش مردنی کەیوومەرس، هۆشەنگ لەجێگای لەسەرتەختی دانیشت. ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ‌هاوڕێیانی خۆی‌بەکێوێکدا دەڕۆیی، چاوی بەمارێکی‌ڕەشی گەورەی ترسناک کەوت. خێرا بەردێکی تێ گرت. مارەکەهەڵات، بەڵام بەردەکە وەتاوێرە بەردێک کەوت و برووسکەیەکی لێ هەستا کە هەمووی تووشی سەرسووڕمان کردن. ئاوا هۆشەنگ فێری کردنەوەی ئاگر بوو و هەموو خەڵکیشی فێر کرد. ئەو ڕۆژە پیرۆزەیان بە ڕۆژی گێژنە داناو ناویان لێنا (سەدە). هۆشەنگ پاشان بەیاریدەی ئاگر، ئاسنی لە بەردی دەرکێشاو ئاسنگەریی کردە پیشەو دەستی کرد بە سازکردنی تەشویّو مشارو ئامێری کار.

یەشتی‌پێنجەم‌دەڵێ: هۆشەنگ‌لەسەربەرزایی کێوی(هەرەبەرزەئیتی‌hara barazaiti) قوربانیی بۆ خاتوونە خوای(ئەرێدڤیسوور ئەناهیتا aredvisur Anahita) کردووە و لەبەری‌پاڕاوەتەوە: "کامڕەواییم بدەیە ئەی‌باشەکە، ئەی‌بەتواناترین(ئەرێدویسوور) ناهید، کە من ببمە گەورەترین‌پادشای‌هەموو وڵاتان". هۆشەنگ‌بکوژەکەی باوکی دەکوژێتەوە و خۆی بە پادشای حەوت وڵات (قوڕنە) ناودەبا.

بێجگە لەدۆزینەوەی ئاگر و ئاسن، زانینی شێوەی وەڕێخستنی ئاو و هەڵقەندنی کارێزو پێشخستنی کشت‌وکاڵ و لەهەمووان گرنگتر دۆزینەوەی ئاگر و هەروەها کەبیکردنی‌زۆرئاژەڵ‌وکارلێکێشانیان، کەڵک‌وەرگرتن‌لەپێستیان‌وسازکردن‌و خۆش کردنی چەرمیش بەداهێنانەکانی ئەودەزانن. کردنەباوی خانووسازی‌و سازکردنی شار و داهێنانی‌زانستی ئەستێرەناسی، سازکردنی‌شارەکانی‌دامغان‌وئیستەخریش بە کاری وی زانراون. ناوەندی فەرمانڕەوایی هۆشەنگ ئیستەخر بووە وخەڵک ئەو و (ویکەرت)ی برایان بە پێغەمبەر زانیون. چونکە یەکەم جار ئەو بوو کە دادی لەناو خەڵکدا بەڕێوە برد، ناوی (پێشداد)ی کەوتە سەر. زۆربەی مێژوونووسان پادشایەتییەکەی بە٤٠و تەمەنی بە٥٠٠ ساڵ دەزانن.

## ٣- تەهمـــوورس (تەخـــمە ئەورووپە TEXMA URRUPA)

ناوی ئەو پادشایەش لە ئاوێستادا "تەخم ئووروپ" و نازناوی "ئەزینەوەنت"ە، کە پاشان بۆتە زیناوەند واتە چەکدار. "تەخم" واتە بەهێز و "ئەزینە"ش واتە ئاسن. (کوردەکان ئەوڕۆش دەڵێن "هەسن، ئاسن") کە دەگەڵ "ئەزین" یێک شتن.

پاش مردنی(هۆشەنگ)، (تەهموورس)ی کوڕی بوو بە شا. ئەو ڕستنی پەشمی فێری خەڵکی کردولەباڵندان بازوشەهێنی بۆ ڕاوێ و مە و کەڵەشێری بۆ کەلک لێوەرگرتنی خەڵکی دەستەمۆکردن. پاش تەواو بوونی ئەوکارانە ئەهریمەنی بە ئەفسوون خستە داو و گرتی. دێوەکان بۆ ڕزگارکردنی ئەهریمەن، لەشکرێکیان سازکردوهەڵیانکوتاسەری. تەهموورس بەرەنگاریان بۆوە و زۆری لێ کوشتن و زۆریشی گرتن. دێوە گیراوەکان بۆگیانیان پاڕانەوەوپەیمانیان دا هونەرێکی نوێ فێری مرۆڤ بکەن. جا تەهموورس بەخشینیو ئەوانیش نووسینیان فێرکرد تا فێری مرۆڤی بکات.

لە ئاوێستای ئێستا لەبەردەستدا هەر چەند جارێک ئاماژە بە تەهموورس کراوە. لەبەندیدووهەمی ئافەرینیزەردەشتی پێغەمبەردا کە زەردەشت داوای سەرکەوتن بۆ کەی گەشتاسپ دەکا، ئاوا دەڵێ: "وەک تەهموورسی ئەزینەوەنت چەکدار بی"

سەرچاوە پەهلەوییەکان نووسین و پەیدابوونی خوێندەواری بەکاری تەهموورس دەزانن، کە دێوبەندی پێکوتراوە چونکە دەگەڵ دێوان بەشەڕهاتووەو گرتوونی و دەبەندی کردوون. تەهموورسخواپەرستو لەسەردینیئیدریسبوو و بوتپەرستیی قەدەغەکرد. ڕۆژووگرتن لەسەر دەمی ویدا بوو بە باو. لەو سەردەمەدا قاتییەکی پیس کەوتە نێو خەڵک. تەهموورس بۆخاتری حاڵی فەقیروهەتیوان دەستووری دا دەوڵەمەندان نانیشەوێبخۆنونانی ڕۆژێیانبدەنە فەقیران. ماوەی پادشایەتییەکەی بە٣٠ساڵ دەزانندەڵێن شارەکانیقەهەندێز، مەرو، ئامو، تەبەرستان، سارووبە و ئیسفەهانی سازکردووە.

## ٤- جەمشید (ییمە خەشەئێتە YIMA KHASHAETA)

پاش مردنی (تەهموورس)، (جەمشید)ی کوڕی تانجی لەسەرنا. ئەو تیخ و خۆد و زرێ و نێزەوئامرازی دیکەی شەڕی لەئاسن و جلکی نەرم و جوانی لە کەتان و ئاوریشم سازکردن. فەرمانیدا دێوەکان ماڵوگەرماوسازکەن. دەستی وە میسک و کافوور و عوود و عەنبەر ڕاگەیشت، تا مرۆڤ لە بۆنی خۆشیان کەلک وەرگرن

و بەرازی دەرمانی دەردانی زانیوخەڵکی فێرمیزیشکیکردن، تاکەس بەنەساخی نەمرێ.

ناوی جەمشیدلەئاوێستادابە"یەم خشەئیتە"هاتووە. بنەمای ناوەکە"یەم"و"خشەئیتە" دەبێ ناوی بنەماڵە یا هۆز بێ. کوڕی "وی ونگهوت"ە، لە ئاسەواری سانسکریت بە"یەم وی وسنت" هاتووە و بەنەمرناسراوە. مێژووە کۆنەکان دەنووسن جەمشید سنووری دەستەڵاتی خۆیزۆ پەرە پێداوە و جیهانی گرتووە. سێسەت ساڵ بەسەر پادشایەتیی جەمشیددا ڕابوورد، ئەوجار لەخۆ بایی بوو و لەفەرمانی خوا لایداو خۆی بەخوا و ئافراندەری هەموو بوونەوەران دانا و خوداش زەححاکی بەسەردا زاڵ کرد. تەمەنی جەمشید بە٧٠٠ساڵ دانراوە. بەپێی گێرانەوەی پەهلەوییەکانیش جەمشید ١٠٠ ساڵ لە نەهێنیدا ماوەتەوە و ٦١٦ ساڵ پاشایەتیی کردووە.

خودانامەی پەهلەوی لەمەڕ نەورۆز دەنووسێ: "جەم فەرمانی دا دێوان تەختێکی سازکەن. کە تەختەکە سازبوو لەسەری دانیشتو ئەوان ختیانە سەر شانیان و لە دەماوەندڕا بردیانە بابل." بەوپێیە دەردەکەوێ پێتەختی جەمشید بابل بووە.

کتێبی ناوبراو دەلیلی هێناوەتەوە ودەڵێ: "جەمشید لەئەفسانەکۆنەکانیئێران "یەما" و لە ئیهیندییەکان"یاما"ی پێکوتراوە. هەردوولاش بەقارەمانی نەتەوەیی خۆیانی دەزانن. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی جەمشید پادشایەتیی هەردوولای هەبووە. ئەو ڕوانگەیە دەگەڵ بەربڵاویی سنووری دەستەڵاتی جەمشید لەو سەردەمەدا یەک دەگرێتەوە. کتێبە ئایینییەکانی "وودا و ئاوێستا" گرنگییەکی زۆریان داوە بەو پادشایە و پلەی نەمرییان داوەتێ. لە ئاسەواری سانسکریت بەیەکەمین پادشای ئاریان ناسراوە.

ئەوەی کە لەهیندوئێران جەمشید بەقارەمانی نەتەوەی خۆیان دەزانن، بەڵگەیەکی تەواو و بەس نییە بۆ دەستەڵاتی ناوبراو بەسەر هەردوولادا. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بناخەی ئوولی بوودا، کە بەهێندێک گۆڕانکاری و دەستکاریەوە لەسەر بنەمای ئوولی زەردەشت دانراوە وسروشتییە قارەمانی چیرۆکەکانی ئاوێستاش - بەشێک یا هەموویان، بە گۆڕانکاریگەلێک یا بەبێ گۆڕان- کەوتێتە ناو ئوولی بوودا و بووبنە قارەمانی ناوەندی سەرەکیی پێکهاتنی بوودائیزمیش.

میترا کە ناوی یەکێک لە خواکانی کاسی بوو، لە ئاوێستادا فریشتەی ڕووناکییە و ناوی مێهر لەوێڕا وەرگیراوە.

"هوم یەشت"ی ئاوێستا لەبابەت ژیانیسەردەمی جەمشیددەنووسێ: "لە پادشایەتیی یەما دنیا نە زۆر سارد بوو نە گەرم لەنێو خەڵکدا نە پیری هەبوو نە مەرگ نە ئێرەیی و چاوچنۆکی کە ئافەریدەی دێون. باوکوکوڕ کەپێکەوە بەڕێدا دەڕۆیشتن وەک لاوی١٥ساڵان دەچوونو ئاوابوو ئاسایشو خۆشی لەکاتی پاشایەتیی یەما." و هەروەها کتێبی "اوستا زمباد یشت"یش دەنووسێ: "جەمشید ماوەیەکی زۆر بە

خۆشبەختی ژیاو پاشایەتیی بەسەر حەوت وڵات و دێواندا کرد تا لە ڕاستی لایدا و درۆی کردە پیشە و نووری خوای لێ دوورکەوتەوە، بوو بە باڵندە و هەڵفڕی و گەیشتە خۆر و جەمشید ئاوارەوپەرێشان بوو و سەرەنجام ئەژی دەهاک گرتی و ئەسپیت یورە کە برای جەمشید بوو کردییە دوولەت".

ناوی جەمشید دە ئەدەبیاتی سانسکریتدا هەیەولەگەڵ "یەمی" وەک یەکەم جووتی مرۆڤ ناسراون. جەنگەی پادشایەتیی جەمشید سەردەمی زێرینی مێژووی وڵاتی مادەکانە و ناوی جەمشید لە گاتەکان و لەیەشتەکانی ٥و ٩و ١٣و ١٧و ١٩ دا دەکەوێتە بەرچاو. لە یەشتی١٥ دەڵێ: "لەکاتێکدا کە لە ترۆپکی ئەلبورزدا لەسەر تەختی زێرین دانیشتووە و پاڵیداوەتە باڵنجی زێرنیگار، ئیزەد (ڤەیوو vayu)ی هەوا و با پەسن دەدات و داوای لێدەکا: ئەو سەرکەوتنەم بدەیە ئەی زەبربەدەست کە لەناو لەدایکبووانی مرۆڤدا بەرێزترینیان بم، لەنێو خەڵکدا وەک ڕۆژێ بم، کە لە پاشایەتیی خۆمدا ئاژەڵەبەرزەو مرۆڤ ڕاوەستاو کەم، ئاو و گیایان وا لێ بکەم هەرگیز وشک نەبن و مرۆڤ خواردنی بێ زیان بخۆن." لە یەشتی ١٧شدا ئاوا هاتووە: "جەمشید هەر بەو تایبەتمەندییەی خۆیەوە بەنیازە ژینی خۆی خۆش و لە ئاژاوە و زیان بەدوور کات. ئەوجار دەچێتە سەر کێوی هێرا (ئەلبورز)و پەسنی (ئەشی وەنگووهی Ashi wanguhi) خوای سامان و دارایی دەکا و داوای لێدەکا توانایی پێبدرێ تا بۆخەڵک مێگەلی دابەستە بەرهەم بێنێ. داوادەکا مردن نەمێنێ و ژیان هەمیشەیی بێ و برسیایەتیو تینوایەتی نەبێ."

لە کتێبی سێهەمیدینکەردیشدا(دینکەرت واتەکردەی دینی) بەجەمشیدهەڵاکوتراوە و لەگەڵ شاگەشتاسبهەڵسەنگێندراوە. لەکتێبیحەوتەمیدینکەرددا باسی هەنگاوە کۆمەڵایەتییەکانی جەمشید لەمەڕ دابەشکردنی خەڵک بەچوار چین؛ ئایینییەکان، جەنگاوەران، پیشەسازان، وەرزێران کراوە.

لە ئەدەبیاتی سانسکریتدا جەمشید یێکێک لە خوایانی گەلی هیندوئورووپایی بووە بەڵام پاش جیابوونەوەی (هیندی)یان، لە"ئاوێستا" و "وێدا" دا بۆچوونی جیاوازی لەسەرهێنراوەتەگۆڕێ. مێژوونووسانیش لەنووسراوەکانی پەهلەوی یا پاچڤەکانی کەلکیانوەرگرتووە. هێندێکان دەڵێنجەمشیدزانستیپزیشکیداهێناوەو گەرماویش هەرئەوفێریخەڵکیکردووە. ئەویەکەمکەس بووە کە ڕێگاوبانی بەکێو و دەشتدا ڕاکێشاوە و شەرابی ترێ لەسەردەمی ئەودا سازکراوە. مێژوونووسان هێندێکیان پادشایەتیی جەمشید بە٧٠٠وهێندێکیش بە٦١٢ساڵو گشتیان تەمەنی بەهەزارساڵ دەزانن.

ئەفسانەیەکی کوردی دەڵێ، خوای "بڵ Bll"یا خوای دۆڵی قووڵ، لەو دیارییانەی بەبۆنەی نەورۆزەوە بۆ شا جەمشیدی کەیانیی ناردن، یێکێکیان مەلێکی قسەکەر بوو بەناوی "کەرکووک Karkuk" و یێکێکیشیان گیای پیرۆزی"کەرکۆ Kerkow "بوو. جەمشیدیش بۆ ڕاگرتنیان کۆشکێکی باشی لەسەر دەریایەکی ئاگر سازکرد و "شەماڵ" (خوای بای ئارامی بەهار)ی کردە بەرپرسی پاراستنیان. بەڵام بای

"زریان" یا (بای خوای وێرانی یا سەرسەر) کە دوژمنی ئەوان بوو، لە هەڵێک دەگەڕا تا هەڵیان کوتێتە سەر و کۆشکەکەیان لێ خەراکا. ئەو ئەفسانەیەش وەک ئەو ئەفسانە دەچێ کە دەڵێ خوا لەسەر ستەمگەری، فەڕی کەیانیی لە جەمشید وەرگرتەوە و سپای زەححاکی تازی بەیاریدەی دەرکەوانی کۆشک، تەلەسمی باڵندەی قسەکەر و گیای پیرۆزی دۆزییەوە و کۆشکی جەمشیدی لەناوبرد و باڵندەکە کەوتە دەستی فەرماندەی زەححاک و پاشان هەر بەو ناوە بانگ دەکرا. بەڵام ساڵی‌دواترفەرەیدوون وکاوەی ئاسنگەر بەیاریدەی بای‌شەماڵ و فریشتەگەلی ئیزەدی هێرشیان بردە سەر زەححاک و مەلی قسەکەری کەرکووکیان ڕزگارکرد کە فەڕری ئیزەدیی ئێرانییان‌وبەتایبەتی گەلی کوردی ئاریایی بوو. ئەوزەححاکی لە کێوی دەماوەنددا زیندانی‌کرد و پاشانیش کاوە سەری بڕی. ئەو ئەفسانەیە لە بەیتەکانی هەورامان و هەڵبەستەکانیدا هێشتاش ماوە. بەڵگەنامەکانی ئاشوور وا نیشان دەدەن ناوی‌ئێستای‌کەرکووک لەوناوەوەرگیراوە. وشەی‌کەرکـلەپەهلەوی و کوردیی ئێستاشدا بەواتای مەل و کووک لە چاوگەی کۆکی لەکوردیدا بەواتای قسەکەر یا وێژەرە.

لێرەدا پێویستە بڵێم: لەوانەشە کەرکووک لە گرکۆک ڕا هاتبێ لەبەر ئەوەی گڕ لە نەوتەکە ساز بووە و عەرەب کە(گ)یان نیە کردبیانە کەرکووک. هەروەها وشەی ئاریایی کە لەچەند جێگادا هاتووە ئی وەی نییە کە باوەڕم پێی بێ، بەڵام لەسەرچاوەکاندا وا باس کراوە، دەنا زاگرۆس دروستترە.

## زەححاکی تازی(عەرەب) (ئاژی‌دەهاکە AJI DAHAKA)

مێژووە کۆنەکان لەسەرئەوە یێکدەنگن کە زەححاک ئێرانی نەبووە بەسەرجەمشید دا زاڵبووە و ئێرانی داگیرکردووەو خستوویەتە ژێر چۆکی خۆی. کتێبی ئێرانویچ دەڵێ: "زەححاک عەرەب و پادشای سووریە بووە". لە سانسکریت و وێداکانیشدا نیشانەی ئاکاری نالەباری ئاژی دەهاک دەبیندرێن. ناوی ئاژی‌دەهاک لەدووبەشی ئاژی و دەهاک پێکهاتووە و هەرکام لەو بەشانە لە ئاوێستادا بەجیا هاتوون. ئاژی بەواتای مارو هەژدیهایە. دەهاک (ئاک واتە ئاپۆڕە و کەمونات). لە ئاوێستادا ئاوا ئاماژەی پێ‌کراوە: "یەکەم وڵات کەسازمکرد، ئاریاویج بوو کەچۆمی (ڤەنگووهی داهیتی venguhi dahiti بەوێدادەڕوا، بەڵام ئەهریمەن لەوێ ئاژی(مار)ی ئافراند."

مار لەئاڤێستادا بەدەستکردی ئەهریمەن دادەنرێ، بەڵام لەوڵاتی میتانییان و لە زۆرشوێنی دیکەی کوردستانیش بە پیرۆز زانراوە و لەسەر دەرگای ژمارەیەک لە قەڵاهەرەکۆنەکانی کوردستاندا وێنەی دانراوە.

فیردەوسی زەححاک بەعەرەب دەزانێ. دەڵێن لەکاتی بوونی جەمشید بە پادشا، فەرمانڕەوایەکی پارێزکاروئاکارباش لە "دەشتی سواران" بوو، ناوی (مەرداس) بوو. مرۆیەکی بەخشندە و دادگەر بوو و هەرگیز خوای لەبیر نەدەکرد. مەرداس

کوڕێکی هەبوو. ئەو کوڕە لە چاکی و پاکیی باوکی هیچی پێ نەبرابوو. کوڕێکی بێشەرم و ڕوو هەڵماڵاو و ناپاک بوو، کە لە ئازاری خەڵک بەدەر بیری لە هیچ نەدەکردەوە. هەموو کەسوکاری لێی بێزار بوون و لەدەستی وەئامان هاتبوون. هیچ کەس خۆشی نەدەویست. ئەو کوڕە ناوی (زەححاک) بوو و ئێرانییان پێیان دەکوت (بیوەرئەسپ) واتە خاوەنی دە هەزار ئەسپ. چونکە دە هەزار ئەسپی جوانو بێوێنەی عەرەبیی لە تەویلەکەیدا بوو. ئەو زۆری شانازی بەو ئەسپانەوە دەکرد. سامانی بێئەندازەی باوکی بەری چاوی گرتبوو. خۆی لە هەموو کەس بەباشتر دەزانی و ئەوەندە چاوی لەدووی زێڕ و گەنج بوو کە لەدڵدا ئاواتەخواز بوو هەرچی زووتر باوکی بمرێ تا جێی لەسەرتەختی بگرێتەوە. شەیتان چووە بن کڵێشەیەوە و وای لێ کرد باوکی دەرمانداو کا و ئاوا لەجێگای باوکی دانیشت. ئیبلیس ئەوجار بوو بە چێشتلێنەری و وای خۆ لێ نیزیک کردەوە کە شای گەنج ئیزنی دا شانەکانی ماچ کا. لە جێی ماچەکانی دوو مار ڕوان و ئیبلیس ونبوو. ئەومارانە زۆرئازاریاندەدا. ئەوجار ئیبلیس خۆی لێ کردە پزیشک و پێی کوت چارەی ئەوەیەهەمووڕۆژێ مێشکیسەریدووگەنج دەرخواردمارەکانی سەرشانی دا. جا هەمووڕۆژێ بەفەرمانیزەححاک دووگەنجیان سەردەبڕینو مێشکەکانیان دەرخواردی مارەکان دەدان.

لەوکاتەدا ئێرانییان لە ستەمی جەمشیدشا وەزاڵەهاتبوون. ئەو زۆر لەخۆبایی ببوو و خۆی لە هەمووکەس بەگەورەتر دەزانی، دەیگوت هونەر و پیشەی دنیا هەموو ئەمن دامهێناون و خەڵک خواردن و خەو و ئاسایشی لەمنەوە هەیە. هیچ کەس لە حاستی فەرمانیدا بۆینەبوو بپرسێ‌بۆ. خەڵک وەگیان هاتن و لە هەموو لایەکەوە لەشکریان ناردە سەر جەمشید. مەزنانی وڵات کەوتنە ڕاوێژو زانییان تا جەمشید لەسەرکارە شۆڕشی خەڵک دانامرکێتەوە، جاهاتنەسەرئەوباوەڕە کە شایەکیدیکە لەسەر تەختی دانێن، تا خەڵکی بەزەبری نێزە ئارام کاتەوە. ناوبانگی زەححاکیان بیستبوو. پێیانوابوو هەرئەوەدەرەقەتیئەوخەڵکە دێ، بۆیە داوایانلێکرد یاریدەیان بدا جەمشید بشکێنن. پاش هەزار ساڵی ژیانی جەمشید، سەردەمی هەزار ساڵەی دەستەڵاتی ئاژی دەهاک یا زەححاک هاتە پێش. جەمشید لە شەڕدا شکا و کوژرا. زەححاک تەختیشایەتیی ئێرانی داگیرکردوبەقڕکردنیخەڵکێکیزۆر شۆڕشەکەی دامرکاندنەوە. ڕۆژگاری خەڵک لە ئی سەردەمی ستەمکاریی جەمشیدیش تاڵتر بوو. درۆ و ناپاکی و خراپە جێگای ڕاستی و پاکی و چاکەی گرتەوە. سەربازانی شا خەڵکیان دەکوشتن و تاڵانیاندەکردن. دووبرای گەنجیپاک بەناوی ئەرمایل و گەرمایل بڕیاریان دا لانی کەم هێندێک لەو گەنجانەی دەبوونە خۆراکی مارەکانی زەححاکڕزگارکەن، بۆیەبەباشیفێریئاشپەزیبوونوبوونبەئاشپەزیزەححاک. لەهەردوولاو یێکیاندەکوشتوئەوی دیکەیان بەرەڵلا دەکرد و مێشکی مەڕێکیان لەجێگای مێشکی وێڕەگەڵ ئی لاوەکوژراوەکەدەخست و دەرخواردی مارەکانیان دەدا. ئەوگەنجانەش کەڕزگاردەبوون دەچوونەکێوانوخۆیان دەشاردەوە. زەححاک خەونی دیت کە پاڵەوانێکی گەنج بەگورزێکی وەک سەرەگا هێرشی کردەسەر و کوشتی. لەحەجمەتان وەخەبەرهاتوخەولێکدەرەوەی بانگکردن. ئەوانیش پێیان کوت: "گەنجێک بەناوی فەرەیدوون، ئەتۆ لە تەختی شایەتی دەکێشێتە خوارەوە.

ئەو هێشتا لەدایک نەبووە، بەڵام کە لەدایک ببێ دەبێتە پیاوێکی بەهێزوپاڵەوان و ڕۆژێک گورزێکی لە سەرت دەدا و دەتکوژێ."

زەححاک لێییانی پرسی: "ئەو چ دوژمنایەتییەکی لەگەڵ مندا هەیە؟ "

خەون لێکدەرەوە وەڵامیان دایەوە: "باوکی وی ناوی ئابتینە و ئەو مانگایەی شیری دەداتێ ناوی بروومایەیە، ئەتۆ دەیانکوژی. ئەویش تۆڵەی وانت لێ دەکاتەوە."

"پیاوی زەححاک چەند ساڵان بەدوای ئابتیندا گەڕان تا سەری ببڕن بەڵام نەیان دۆزییەوە. ژنی ئابتینیش کوڕێکی بوو. ناویان نا فەرەیدوون. ڕۆژێکی ئابتین خەریکی کاریمەزرایەبوو، سەربازانی زەححاک تووشی بوون و ناویان پرسی. ئەویش کە ئاگای لە هیچ نەبوو، خۆی پێ ناساندن. بێ سێودوو گرتیان و بردیانە لای فەرماندەیخۆیان. فەرماندەکەلەشاییان پێی وەحەرزینەدەکەوت، لێی پرسی داخوا منداڵیشیهەیە؟ جوابیداوەبەڵێ تازە کوڕێکیانبووەوناویاناوە فەرەیدوون. گوندەییان فەرانەکیدایکیفەرەیدوونیان ئاگادارکردەوەکە، سەربازەکان ئابتینیان کوشتوەو خەریکن بێن کوڕەکەشیبکوژن. فەرانەک کوڕەکەی هەڵگرتو بەپێیان هەڵات تا گەیشتە دەشتێکی زۆر خۆش. لەوێ مانگایەکی ڕەنگاوڕەنگی دیت کە لەجوانیدا وەنێرەتاوس دەچوو. لەو کاتەدا دەشتەوان گەیشتێ و پرسی ئەتۆ کێی؟ فەرانەک کوتی ژنێکی بێکەسی برسی و ئاوارەو ماندووم و شوێنێکم بۆمانەوەی خۆم و منداڵەکەم و نانێکم بۆ تێربوونمان دەوێ. پیاوە زگی بە ژنەکە سووتا و پێشی کوت ناوی مانگاکە بەرمایەیە. لەسەرئەوە پێکهاتن کابرا شیری بەرمایە بداتە فەرەیدوون و جێی حاوانەوەیان بداتێ و فەرانەکیش بچێتە گوندێکی نیزیک و کار بکا و هەقی دەشتەوانەکە بدات. سێ ساڵان دەشتەوانەکە شیری بەرمایەی دا بە فەرەیدوون. نێوبانگی ئەو مانگایە لەدونیادا ئاوازەی دابۆوە. ئەوە بەگوێی زەححاکیش گەیشتەوەو سەربازیبۆکوشتنی فەرەیدوونوبەرمایەناردن. فەرانەک بیستییەوەوئەسپێکی لەدەشتەوان کڕیو فەرەیدوونیهەڵگرت و بەسواری هەڵات. لەکێویئەلبورز چووەسەرو لەدەماوەند گەیشتە موغێکی پیر کە لە پەرستگەیەک بوو. بەسەرهاتی خۆی بۆگێڕاوە. پیرە پیاو بەڵێنی پێدا پەنایان بدات و ئاگای لێیان بێ، تافەرەیدوون گەورەدەبێو تۆڵەیخۆیدەکاتەوە. سەربازانی زەححاک چەندی گەڕان، فەرەیدوونیاننەدیتەوە. فەرەیدوون بووبە١٦ساڵەو لەوماوەیەدا باش فێری سواریو تیر هاویشتن ببوو و بەڕۆژ لە جەنگەڵدا دەچووە ڕاوێ. ئەوجار دایکی چۆنییەتی کوژرانی ئابتین و بەرمایە و هەڵاتنی خۆی بۆ گێڕابۆوە و ئەو پەیمانی دابوو تۆڵەیان بستێنێتەوە.

کاوە کە لەگوندێکی لای ئیسفەهان خەریکی ئاسنگەری بوو، کوڕەکەی بەدەستی سەربازانی زەححاک دەگیرێ، تا مێشکی بدەنە مارەکانی سەرشانی. ئەو کە مرۆیەکی دلێرو بەکار بوو، بە تووڕەیی لە زەححاک وەژوور دەکەوێ و داوای تاقە کوڕەکەی لێ دەکاتەوە. بە فەرمانی زەححاک تۆمارێک نووسرابوو. لەو

تۆمـارەدا هـاتبوو کە ئەو پادشـایەکی دادگەرە و دەیانـدا هەمـوو کەس کە ئیمـزای کەن. زەححاک لەوهەموودلێرییەی کاوە، سام دەیگرێ و فەرمان دەدا کوڕەکەی بدەنەوە بەمەرجێک کاوە ئەوتۆمارە ئیمزا کات. بەڵام کاوە تۆمارەکەی دڕاند و خستیە ژێر پێی و کوڕەکەشی وەرگرتەوە. دوای ئەو ڕووداوە، کاوە خەڵکی بۆ بەربەرەکانی هاندان و سەرەنجام لەشکرێکیش بۆ فەرەیدوون سازکراو زەححاک تێکشکاو فەرەیدوون بوو بە شا.

شانامە دەنووسێ:

چنان بد کە هرشب دومرد جوان          چە کهتر چە از تخمهٔ پهلوان

خورشگر ببردی بایوان شاه          وزو ساختی راه درمان شاه

بکشتی و مغزش برون آختی          مر آن اژدهارا خورش ساختی

واتە:

ئاوابوو هەرشەوێک دووپیاوی دە لاو          بۆرە پیاوبن یاکو کوڕی گەورەپیاو

چێشتلێنەر دەیبردنە پێش بارەگای شا          تاچارەی دەردی بۆلەمێشکیان‌سازکا

دەیکوشتن‌ومێشکەکەی‌دەهێنانەدەر          خواردنی‌لێ‌سازدەکردبۆحەزیاییەتفەڕ

ئەرمایـ□ و کەرمایـ□ نـاوی دوو وەزیـری شـا بـوون چارەیەکیـان بەمێشـکیدا هـات. لەو دوو لاوە یێکێکیـان ئـازاد دەکـرد و دەیاننـاردە کێـو و مێشـکی مەڕێکیـان لە جێگای مێشکی وی دادەنا و بەو لاوانەیان دەکوت:

نگر تا نباشی بآباد شهر          ترا درجهان کوەودشت است بهر

از اینگونە هر ماهیان سی جوان          از ایشان همی یافتندی روان

چو گرد آمدندی از ایشان دویست          برانسان کە نشناختندی کیست

خورشگر بدیشان بزی چند و میش          بدادی و صحرا نهادیش پیش

کنون کرد از آن تخمە دارد نژاد          کز آباد ناید بد□ برش یاد

بود خانهایشان سراسر پلاس          ندارند درد□ زیزدان هراس

واتە:

وریا به به دوور بی له شاری ئاوا  بەشت لە دنیادا هەر دەشتەو سارا
لەوچەشنە هەرمانگێسیلاوێلەوان  دەربازبوونلەبەڵاو وەشاخهەڵگەڕان
دووسەدیان کەئاوا وەکۆبوونەوە  بەجۆرێک کەهیچکەس نەیناسینەوە
چێشتلێنەردایەوان چەندمەڕوبزن  کەڕێگای چۆ□ودەشت بۆژینداگرن
کوردەکانپێکهاتوونئا لەونەژادە  ئاوەدانیو شاریان کەمتر لەیادە
ماڵیان لەڕەشماڵەوکوێنیلەسەرە  ترسی یەزدانیشیان لە دڵ بەدەرە

فیردەوسی کە لە شێعرەکانی سەرەتای شانامە و لە وتەی مێژوونووسانی فارس ڕا وادیارە شیعەیەکیزۆر دەمارگرژبووە، لەلایەکەوە لەبەر دەمارگرژیی ئایینی، - چونکە ئەوکاتی هەمووکوردسوننیبوون - ولەلایەکیشەوەلەبەرئەودەمارگرژییە ڕەگەزایەتییەی هەر لەسەرەتای دامەزرانی زنجیرەپادشایانی هەخەمەنشی ڕا لە دژی ماد دە مێشکی فارسەکان خزێندرابوو، زۆر قینی کوردی لەدڵدابوو، ئاوا ناوبراو ویستوویەتی کورد بەنەترس لەخوا، لەشارستانییەت و ئاوەدانی بەدوور و وەحشی بنوێنێ.

تەبەری لەسەرزەححاکدەڵێ: "ئەوپادشایەکیستەمکاربوو وهەمووشایانی جیهانی کوشتن و خەڵکی بۆ بوتپەرستی بانگهێشتو لە ڕۆژگاری هیچ پادشایەک بەقەرا سەردەمی وی خوێن نەڕژا. دەڵێن دووزوێڵەگۆشتی لەسەرشانی ڕوا بوون کە بە نیشانەی جادووگەر بوونی خۆی دەزانینو خەڵکی پێ دەترساندن. کە ٨٠٠ ساڵ لە پادشایەتییەکەی تێپەڕی، ئەو زوێڵە گۆشتانە بریندار بوون و وەژان کەوتن و ئۆقرەی لێهەڵگیرا، پیاوێکی بەدئاکار پێی گوت چارەیان هەر مێشکی سەری مرۆڤە. بەفەرمانی ئەو هەموو ڕۆژێک دوو لاویان دەکوشتن و مێشکیان لەسەر برینەکان دادەنان. لەگوندێکی ئیسفەهان پیاوێکی ئاسنگەر بەناوی کاوە دەژیا. ئەو پیاوە ئیسفەهانییە دووکوڕیهەبوونکەهەرتک تازەپێگەیشتبوون. پیاوی زەححاک هەرتکیگرتنو بردنییە لایزەححاک. ئەویش فەرمانی کوشتنی هەردووکیانیدا.

"کاوە کە بە کوژرانی دوو کوڕەکانیی زانی هاتە نێوشار و گوڕڕاندی و داوای یاریدەی کرد و کەوڵی ئاسنگەرییەکەی خۆی وەک ئاڵا بەسەر دارێکەوە کرد و هەرایکرد. خەڵکیوەزاڵەهاتوو لەزەححاک، لەکاوەکۆبوونەوە و ئاوا مەردمێکی فرە هاتنە یاریدەی. کاوە لەئیسفەهان پیاوی زەححاکی کوشتن و شاری گرت و لەسەر تەخت دانیشت و زێڕ و زێوی خەزێنەی بەسەر خەڵکدا بەشییەوە و چەکی ئامادە کرد و پاشان چووە سەر ئەهواز. لەوێشپیاویزەححاکی کوشت و کەسێکی لەجێگایدانا. خەڵکێکی زۆری دڵ پڕلە قینی زەححاک، لەشارەکان ڕا لەدەوری کۆبوونەوە. لەو کاتەدا زەححاک لە دەماوەند و تەبەرستان بوو. هەرکە پێیزانی لەشکرێکی زۆری ناردە شەڕی کاوە. ئەو لەشکرە هەموو کوژران یا ڕایانکرد.

لەوکاتەدا فەرەیدوونلەترسیزەحاکهەڵاتبوو وئەویشبەدوایەوەبوو. فەرەیدوون گەیشتە تەبەرستانولەوێ خۆیشاردەوە. کەبیستیکاوەهاتۆتە(ڕێی)، بەدزی خۆی گەیاندێوئاگاداریکردەوە کەمن یەکێکم لەکوڕانی جەمشید و لەسەردینی نووحم. لەو کاتەدا کاوە فەرەیدوونی کردە فەرماندەی لەشکر و بۆخۆی بوو بە سپاسالار. کە لەشکری زەحاکوفەرەیدوون گەیشتنە یێک و شەڕ دەستی پێکرد، لەشکری زەحاک خۆیان نەگرت و هەڵاتن و بۆخۆشی کەوتەدەستی فەرەیدوون و ئەویش لە دەماوەند خستییە بەندیخانە و پاش ماوەیەک کوشتی و ئێرانییان لە زیانی وی ڕزگار بوون." هەموو مێژوونووسان ماوەی پادشایەتیی زەحاک بە١٠٠٠ساڵ دەزانن.

زەبیحوڵڵایمەنسووری دەڵێ: "ئەو گێڕانەوە لەچیرۆکەکۆنەکانی هیندووستانیشدا بەهێندێک گۆڕانکارییەوە هەیە. کورتەی گێڕانەوەی کتێزیاسیش ئەوەیە: خودایان لە ئاستیاک تووڕەبوون و دووماریان لەسەر شانەکانی ڕواندن. ئەویش ناچاربوو هەموو ڕۆژێدووکەسانبکوژێومێشکیان دەرخواردی ئەومارانەدا. ئەوە خەڵکی وەها لێ ورووژاند کە بوار بۆهەستانەوەیان لەدژی ئامادە بوو. هەرکە کووروٚش ویستی هەستێتەوە و ئاستیاکی لەسەر تەختی وەلابا، خەڵک لەدەوری کۆبوونەوە و کووروٚشیان کردە پادشای خۆیان."

"سەرەڕای وەزاڵە هاتنی خەڵک لە ستەمی ئاستیاژ و ئاواتیان بۆ لەسەر تەخت وەلابردنی، بەگوتەی کتێزیاسی مێژوونووسی ڕۆمی، شەڕی کووروٚش و ئاستیاژ سێ ساڵی خایاند. هێرۆدۆتیش ماوەی شەڕەکە بە سێ ساڵ دەزانێ، بەڵام پێی وانییە ئاستیاژ ماری لەسەر شانی ڕوابن، بەڵام دەڵێ خەڵک لە ستەمی ئاستیاژ وەزاڵە هاتبوون."

"ئاستیاژی شای ماد، سەرەڕای ئەوەی کتێزیاس بەزەحاکی دەزانێ، زەحاکی مار لەشان نییە و زەحاک یا ئاژی داهاک ماوەیەک پێش ئاستیاژ پەیدا ببوو و لەوانەیە یێکێک لەپادشا خوێنخۆرەکانی ئاشوور یا کلدە بێ کە جارجارە دەستیان بەسەر ئێراندا دەڕۆیشت و خەڵکیان بەکۆمەڵ دەکوشت... وشەی زەحاک پاش هاتنی عەرەبان بۆ ئێران، دانراو پێش ئەوکاتە ناوی پادشای مار لەشان ئەژی دەهاک بوو کە ناوێکی ئێرانییە و بەشی یێکەمی بەواتای مارە و بەشی دووهەمی کە دەهاک بێ واتای ئازاردان و ستەم کردن دەداتەوە..."

"بەسەرهاتی زەحاکی مارلەشان بێگومان ئێرانییەو لەوێرا چۆتە هیندووستان... گەزەنفۆن کە مێژوونووسێکی دیکەی یۆنانییە لە کتێبی (کووروویپێدیا)دا دەڵێ پاش ئەوەی ستەمی ئاستیاژ خەڵکی وەزاڵە هێنا، کووروٚش لە پارس تەواوی سەرۆک هۆزەکانی کۆکردنەوە و وتارێکی بۆ دانو لەدژی باپیری هانی دان...."

پاشان ئاکام وەردەگرێو دەڵێ: "ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی گێڕانەوەی کتێزیاس لەسەر ئاستیاک تووشی گرفت دەبین. چونکە ئەگەر ئاستیاژی بە زەحاک و

کوورۆشی بە کەیخەسرەو بزانین، دەبێ بڵێین کە کەیخەسرەو زەححاکی لەناو برد، کەچی زەححاک بەدەستی کاوەی ئاسنگەر (بەگێڕانەوەی شانامە) لەناو چوو."

تێبینی:

زەبیحوڵڵا مەنسووری کە بەنووسینەکەی ڕا دیارە، مێژوونووسێکی زۆر دەمار گرژی پارس پەرستە ڕوانگەی کردنی "ئاستیاک" (ئیختوویگۆ) بە زەححاک ئاوا وەدرۆ دەخاتەوە، بەڵام دیارەکێشەیەکی دیکەش دەگەڵ ئەو بۆچوونە نابەجێیەی کتێزیاس هەیە کە بەپێی شانامە شای دوای زەحاک واتە ئەو شایەی کاوە هێنایە سەرکار ولەجێگای زەحاک دانرا فەرەیدوون بوە نەک کەیخەسرەو بەڵکو لەنێوان فەرەیدوون و کەیخەسرەو چەندین شای دیکە هەبوون و فەریدوون زۆر پێش کەیخەسرەو بووە، کە مێژوونووسانی فارس و بەداخەوە بە لاساکردنەوەی وان هێندێکی کوردیش، بەبێ هەڵسەنگاندنێکی دروست کردوویانە بە کەیخەسرەو. بێجگە لەوەش بەپێی ئەوچیرۆکە کاوەبەرێوەبەری‌شۆڕشەکە بووە و فەرەیدوونیان دوای شۆڕش لەدەماوەندڕاهێناوەتەوە کەچی‌کوروش‌بۆخۆی فەرماندەری شەڕەکە بووە. ئەو شێوەبۆچوونە لەسەر تێکەڵکردنی ناوی ئاژدەهاک (زەححاک)ی ئەفسانەیی و ئاستیاک (ئیختوویگۆ)ی پادشای ماد لەوەڕا پەیدابووە کە یۆنانی چونکە ناوی ئیختوویگۆ(لەبەردەنووسەکانی بابلیدا ئیشتومیگۆ) یان وەک خۆی بۆنەهاتووە ئاوایان لێکردووە کە وەناوی ئاڤێستایی‌ی ئاژیدەهاک دەچێ. هێندێک نووسەری دەمارگرژی فارس ئەوەیان بەدەرفەت زانیوە بۆ بەدناوکردنی دوایین پادشای ماد و بەداخەوەهێندێک کوردیش بێ‌سێودوو بەبێ وردبوونەوە دەیڵێنەوە.

## ٥- فەرەیدوون (ثرائتئون THRAETAONA)

بەپێی ئاماژەی بوندەهێش: کە کۆتایی بە هەزارەی یەکەمین هات، ئاژی‌دەهاک هاتە سەردەستەڵات. لەسەردەمی‌ویدا خراپی‌وپیسی‌ودرۆ زاڵ‌بوو. ئەو چەرخەش ١٠٠٠ ساڵی کێشا. لە کۆتایی ئەو هەزارەدا فەرەیدوون بەسەریدا سەرکەوت و خستییە بەندیخانە لە کێوی دەماوەنددا.

فیردەوسی لەمەڕ ڕەچەڵەکی فەرەیدوون دەڵێ:

| | |
|---|---|
| تو بشناس کز مرز ایران زمین | یکی مردبود نام او آبتین |
| ز تخم کیان بوود و بیداربود | خردمند گرد بی آزار بود |
| ز طهمورث گرد بودش نژاد | پدر بر پدر بر همه داشت یاد |

واتە:

بیزانە کە لەسنووری ئێران زەمین | مرۆیەک هەبوو بە ناوی ئابەتین
لە تورمەمەی کەیانو زۆر وشیار بوو | دلێر و بەئاوەز و بێ ئازار بوو
تەهموورسی ئازا حەسڵو نەژادی بوو | بابـو باپیرانی خۆی لەیادی بوو

لە ئاوێستادا ناوی فەرەیدوون (ترائتوون)و لە وودا (ترائیتنە)یە و نووسراوەکانی پەهلەوی بە(فریتوون)یـان نووسیوە. لە ئاوێستادا نیشتمانی (ترائتون) بە(وەرەن) دەزانن و هێندێک مێژوونووس پێیانوایە (وەرەن) گیلانە.

کتێبەکـانی کـۆن مازەنـدەران بە شـوێنی دێـوانی سـەربزێو نیشـان دەدەن. تەنـانەت (مینورکـخرت) بەڕاشکاوی دەڵێ: "فەرەیدوون پاشگرتنـی زەححـاک لەدێوەکـانی مازەندەرانی داوە و لە وڵاتی (خنیرس) دەری کردوون. لەکوردستانی بەردەستی تورکیە، ئەوڕۆ قەڵایەکی کۆن هەیە بەناوی (خنس) لە نیزیـک مـووش - ناوەنـدی مووشـکیان - لە بەشـی ڕۆژئـاوای گـۆلی هێوسرەوە - گـۆلی وان - هەڵکەوتـووە. ئایا ناکرێ ئەو ناوە لە (خنیرس) ڕا هـاتبێ و ئەویش نەک لە لای دەریـای خەزەر بەڵکو لە لای گۆلی وان بووبێ؟

لە ئاوێستادا درۆپەرستانی وەرەن کە وڵاتی دەیلەمی گیلانە لەگەڵ دێوەکـانی (واتە چەند خوا پەرستانی مازەندەران) وێکڕا هـاتوون. لـە ئاوێستـاڕا وا دەردەکەوێ کە لەو وڵاتە هێندێک لەسەر دینی پێشوو ماونەتەوە و لەسەردینیـزەردەشتی نەبـوون. ئاستەمە بڵێین کە زەردەشت؛ فەرەیـدوونی بە یێکێـک لـە درۆپەرسـتانی وەرەن و هاوئوولی چەندخواپەرستانی مازەندەران زانیبـێ. لـە قەدیمـدا بە کۆشـکی زسـتانیی پادشـایانی ئازەربایجانیـان دەگـوت "ورا" کە وە"وەرەن" دەچـێ کە لەگەڵ شـوێنی دەستەڵاتی ئێرەجی کوڕی فەرەیدوون نیزیکن.

فەرەیدوون بەدەستی کاوەی ئاسنگەر هاتە سـەرکار. ئەویش فەرمـانڕەوایی وڵاتـی ئیسـفەهانی پـێ ئەسـپاردو کـاوە تـا مـرد لەوێ فەرمـانڕەوایی کـرد. فەرەیـدوون لەسـاڵی پەنجـایەمی فەرمـانڕەوایی خۆیـدا کچێکـی زەححـاکی هێنـاو لەو ژنە دوو کوڕی بەناوی(سەرم یا سەلم)و(توور) و لە ژنێکی دیـکەی بەنـاوی (ئێرانـدوخت) کەلەرەگەزی ئێرانی بوو، کوڕێکی بەناوی ئیرەج بوو. بەگوتەی زۆربەی مێژوو نووسان فەرەیدوون پێنسەت ساڵ ژیا و لەو ماوەیدا سێسەت ساڵ پادشایەتیی کرد. ئەو وڵاتەکەی خۆی بەسـەر سـێ کوڕەکەیدا دابەش کرد ئەوبەشـەی بە سـەلم بـڕا نـاوی (سـەلمان) و ئـی تـوور نـاوی(تووران) و ئـیئیرەج نـاوی ئێران(ئەئیریەن- وەئێیجە Airyan – vaedja) ی لەسەر دانرا. ئیرەج لەگەڵ باوکی لە ئێران مـایەوە. سەلم و توور ئێرەییان بە ئیرەج برد و لەشـکریان کێشا سـەری. ئیرەج ئیجـازەی لەباوکی وەرگرت بەتەنێ بچێتەسەردانی براکانی و ئەو کارەشـی کرد بەڵام ئەوان ناجوامێرانە سەریان بڕی و بۆ فەرەیدوونیان ناردەوە.

شانامەدەنووسێ: فەرەیدوون وڵاتەکەی بەسەر سێکوڕەکەیدا دابەشکرد. ڕۆژ هەڵاتی دایە توور، ڕۆژئاوای دایە سەلم، ئێرانی کە کەوتبووە نێوەڕاستێ دا بە ئیرەج. سەلمو توور ئێرەییان پێبرد، هاتنە سەر ئیرەجو کوشتیان.

ناوی سەلم لە ئاوێستادا"سئیریم"ە. ڕۆژ هەڵاتناس"مارکوارت" ئەو ناوە بە ئی قەومی"سەرمەت"دەزانێ کە ئارییی بوون و لەنێوان چۆمی (ڤۆلگا)و دەریاچەی (ئۆر□)دا ژیاون. ئەوان کۆچەر بوون و گوێیان نەداوەتە کاری کشتوکاڵ و ئاگایان لە شارستانییەت و ژیانی شارەیییانە نەبووە. هێندێک لەمێژوونووسانی ئێران و ڕۆم مادەکان بەخزمی سەرمەتەکان دادەنێن.

لێکۆڵەرەوان تووریش بەسەکایی دەزانن کە سنووریان لە ڕۆژئاواڕا دەریای مازەندەران و لە باشووریشڕا ئەفغانستان و ئێرانی ئێستا بووە.

بەقسەی موغان فەرەیدوون ئاگرپەرست و بە ئی هیندووان بوت پەرست بووە. بەڵام هەمووان لەسەرئەوەی کۆکن کەئەو دادگەربوو وزاناییانی خۆش دەویستن و ڕێزی لێ دەنان. یەکەم پادشا بوو کە بەزانستی ئەستێرەناسییزانی. ئەو هەروەها ئاگاداری زانستی پزیشکی بوو وتریاکیوەدەستهێنا. یەکەم کەس بوو کە سواری فی□بوو و ئوستەرلابلەداهێنانەکانییەیە. فەرەیدوونماوەیەک پاش مردنی ئیرەج، پادشایەتیی دا دەستی مەنووچێهر و بۆخۆی خەریکی نوێژکردن بوو.

٦- مەنووچێهر (مەنووش چێترا Manush – Chithra)

کتێبیئاوێستا لە برگەی٢٣ "بوندەهێش"دەنووووسێ: سەرم و توورەج ئیرەجیان کوشت و بڵاومیان بەکوڕانی"هووبەختەکان"کرد. ناوچەیەکی گەورە لە باکووری کێوی جوودی هەڵکەوتووە بەناوی"بوختان، بوهتان، بۆتان" دوورنییە کە هووبەختەکان بووبێ وردەوردە لەزاراوەی ئەوڕۆدا بووبێتە "بوختان، بوهتان یا بۆتان"و درێژەی ناوچەی ئارتسارییە.

لە فەرومردین پەشت ناوی ئەو پادشایە بە"مەنووش چێتر" و کوڕو یا یێکێک لە نەوەو نەتێژەکانی ئەئیری "ئیرەج" هاتووە. ناوی بنەماڵەکەشی لە ئاوێستادا بە ئەئیر یاوە هاتووە کە واتە یاریدەدەری ئێرانییەکان. "چث، چت، شت" بەمانای شا بووە، ئەگەر"چث، چت، شت"ی پاشکۆی لێکەینەوە دەمێنێتەوە "مەنووش" ئێستاش لەزاراوەی تارانیدا بە مەنووچێهر دەڵێن مەنووش. من لێکدانەوە مێژوو نووسانی فارس لەسەر ناوەکە بە دروست نازانم. منوش دەبێ مانگ یا وەک مانگ بێ و چێترا واتە چارە یا ڕوخسارە و دەبێتە مانگڕوخساری کوردی.

لە ئاوێستادا جارێک ناوی مەنووچێهر هاتووە. ئەویش لەو کاتەدایە کە یادێک لە ئیرەج(ئەئیری)کراوەتەوە. لەفەسڵی سی چواریبوندەهشێن، ڕەچەڵەکی زەردەشت بەچاردە پشت دەچێتەوە سەر مەنووچێهر. لە فەسڵی سیوسێی بوندەهشێندا ئاوا

باسی شەڕەکانی ئێرانییان و ئەفراسیاب کراوە، کە ئەو مەنووچێهری لە شەڕێکدا ناچار بە پاشەکشە کردووە و نەوزەری کوڕی مەنووچێهر لەو شەڕەدا کوژراوە. بەڵام پاشان پێکهاتوون و مەنووچێهر ئێرانشار (وڵاتی ئێران)ی لە ئەفراسیاب وەرگرتۆتەوە. ناوەندی دەستەڵاتی مەنووچێهر تا باب (بەغدای ئەوڕۆ)، ئەهواز - کوێستان (ئەنزان) و بەسرە بووە و پادشایانی عەرەب و لەوانە ئی شام و یەمەن لەژێر فەرمانیدا بوون. ئاوا سنووری دەستەڵاتی تا شام و یەمەن چووبوو، بەڵام فیرعەونانی میسر سەریان بۆ دانەنواندو بۆخۆیان سەربەخۆ بوون.

ئەو یەکەم کەس بوو خەندەکی لە دەوری شار لێداو لە هەر شارێک ئامێری شەڕی پاشەکەوت کرد و ڕەعیەتەکانی کردە بەرپرسیاری ئاوەدان کردنەوەی شارو دێ. (حارس کوڕی ئەبی شەدداد)ی حاکمی یەمەن، کە شەڕێ زۆری کردوونو تاڵان و سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێناون و پادشایەتیی ئەنبار و مووسڵ تا هیندووستانی بەدەستەوە بووە و ئازەربایجانیش بەناوچەی دەستەڵاتی وی دەهاتەئەژمار، لەژێر فەرمانی مەنووچێهردا بووە. مەنووچێهر لەسەرەتای پادشایەتییەکەیدا لەشکری کێشا سەر وڵاتی سەلم و توورو هەردووکی کوشتن. ئەو پادشایەکی زۆردادگەر بوو.

ماوەی تەمەنی مەنووچێهر ١٦٠ساڵوپادشایەتییەکەی١٢٠ساڵ بووە. سەردارانو پاڵەوانانی یاریدەدەری مەنووچێهر سام و زاڵ بوون. مەنووچێهر لە دواییەکانی پادشایەتییەکەی گرفتاری هێرشی پەیتاپەیتای پەشەنگی کوڕیتوور و ئەفراسیابی کوڕەزای توور دەبێ و لەناوچەی خوارووی دەریای کاسپین، شەڕێکی زۆر لەگەڵ توورانییەکان دەکا و سەرەنجام لەسەر ئەوە پێکدێن کە سوڵح بکەن و "ئارەشی کەوانگەری ڕازی" کە تیرهاوێژێکی زۆر بەهێز بووە، دادەنرێ بۆ ئەوەی تیرێک باوێ لەهەرکوێ تیرەکە وەحەرزی کەوت ئەوێ سنووری ئێرانو توورانی بێ. ئارەش هەموو هێزی لەشی دەخاتە ناو کەوانەکەیو تیرەکە داوێ، تیرەکە لە کەناری چۆمی ئاراز دەکەوێ و بۆخۆشی گیانی دەردەچێ، بەڵام بەو فیداکارییە سنووری ئێران زۆر پەرە پێدەدا.

(ئەفراسیاب) کە لە ئاوێستادا پێی کوتراوە فرەنگرەسیەن (Frangrasyan)، شای توران، گەورەترین پاڵەوان، و دوژمنی ئێرانییان بووە. ناوی لە پەهلەویدا بۆتە فراسیاک و فراسیاب. لەشانامەدا بۆتە ئەفراسیاب. ناوی کچێکیشی (ڤیسپانفریە Vispanfrya) بوو کە دای بە سیاوەشی شازادەی ئێرانی. ئەو ناوەش لەشانامەدا بە فەرەنگیس هاتووە.

ڕەوانگەی لێکۆڵەرەوان لەبەشی ئێرانییەکاندا ڕووی دەڕۆژهەڵاتی ئێرانە و سەرنجیان نەداوەتە گۆڕەپانی شەڕەکەو هەر ئەوەش لە دیاریکردنی نەتەوەکانی تێوەگلاوی شەڕەکان و شوێنی ڕووداوەکاندا تووشی هەڵەی گەورەی کردوون. بۆ وێنە: ئەفراسیاب کە پادشای توران بووە بەپێی ڕوونکردنەوەی ئاوێستا شوێنی تێکۆشانی لەدەوری گۆلی چیچێست - ورمێ - بووە. لەکتێبی حەوتەمی

"دینکەرد" - زەردەشت نامە - دا لەبابەتی ژمارە ٣٩ دەڵێ فەڕ بەکەیخەسرەو کوڕی سیاوەش گەیشت، لەتێشکەکەیڕا بەسەرئەفراسیابی جادووگەری تووارنیی بەدکاردا زاڵ بوو، شکستی دا و بوتخانەی کەنار دەریاچەی چیچێست - ورمێی کە شوێنی حەسانەوەی درۆی سامناک بوو ویران کرد. ئارەشیش کە کورد و خەڵکیڕێی - واتەبێکێک لەشارەکانی ماد- بووە، ئەو قارەمانەتیەی لە نیزیک چۆمی ئاراز واتە نیزیک ئاقاری ورمێ کردووە و ڕووی چیرۆکەکەی دەلای ڕۆژئاوایە وەک دەبینین تیرەکەی لەلێواری چۆمیئارازدەنیشێوئەوێ دەبێتە سنووری ئێران و توران. ئەگەر خوێنەرانی بەڕێز لە نەخشەی ئێران ورد بنەوە، باش تێدەگەن کە ئاراز لە ڕۆژهەلاتی ئەو ولاتە زۆر دوورە و کەوتۆتە باکووری ڕۆژئاوای ئێران.

م.ا.دیاکۆنۆف دەڵێ: لەئاوێستادا فەرمیدوون سەر بە بنەماڵەی (ثرەئی تەئوونە Thraitauna) کەیخەسرەوی پارێزەری زەردەشت سەر بە بنەماڵەی (نەئووتەرە Nautara) ناسراوە. مامۆستا پوور داود لە کتێبی "ادبیات مزدیسنا یشتها"دا ڕوون کردنەوەیەکی هەیە و دەنووسێ: تووارنییەکان لە ڕەگەزی ئێرانی بوون و تورکەکان کە لەڕەگەزی مەغوولن بەهەڵە بەتوورانی ناودەبرێن. بەڵام لەبابەت سەلم وتووری(خوذای نامەکی پەهلەوی و شانامە): دەبێ بڵێین کە ئەوانە کەسانی مێژوویین کەپەیوەندییەکیان بە(سئریموتوور)یئاوێستاوەنییە." ئەوەش نیشانەیەکی دیکەیە بۆسەلماندنی ئەوڕاستییە کەچیرۆکەکانیئاوێستا لەخودای نامەکی پەهلەوی و شانامەی فیردەوسیدا چەندیان دەست تێ وەردراوە و چەند لێک دوورن.

## ٧- نەوزەر (نەئوتەرە NAOTARA)

لە ئابانیەشتدا هاتووە کە نەوزەر قوربانیی بۆئەناهیتا داوە و داوای سەرکەوتنی لێ کردووە. لەئاماژەی یەشتی پێنجەمڕا دەردەکەوێ، کەی گەشتاسب لە بنەماڵەی نەوزەرە. مامۆستا پووورداوود لە جڵدی دووهەمی یەشتەکاندا لەبارەی بنەماڵەی (نەوزەری)یان ئاوا ڕا دەردەبڕێ: بەپێی ناوەرۆکی بوندیهێشەن، کەیقوباد سەر زنجیرەی کەیانییان کوڕی پەیمانیی زابی کوڕی تەهماسب بووە و چونکە زاب لە بنەماڵەی نەوزەری کوڕی مەنووچێهرە، کەیانییان لەبنەماڵەی نەوزەر هاتوونە ئەژمار. لە ئابان یەشت، برگەی٩١یش، گەشتاسب لە نەوزەرییان ئەژمێردراوە. لەشانامەدا ناوینەوزەر تێکەڵاوی ڕووداوی پاڵەوانییزۆربووە. لەڕووداوەکانی ئەو سەردەمە، شەڕەکانی پەیتاپەیتای ئێرانییان و توورانییانە بە سەرۆکایەتیی ئەفراسیاب، کە سەرەنجام بەمردنی نەوزەر پاڵەوانەتی گۆڕەپان بەجێدێڵێ. خولی پاڵەوانەتی کەلەسەردەمی مەنووچێهرڕا دەستیپێکردبوو لەسەردەمی نەوزەر گەیشتە ئەو پەڕی خۆی و هێندەی پێ نەچوو کە نەوزەر لە داب و نەریتی بابو باپیری خۆی لایدا و دەستی کرد بە کۆکردنەوەی سامان. مەزنان لە دەوری بڵاوەیانکرد و ئەویش لە خەڵکی بوو بەبێگانە. کە سامی پاڵەوان بەوەی زانی هیممەتی کرد و دیسان نەوزەری هێنایەوە سەر ڕێگای ڕاست و ڕێوڕەسمی

پێشوو. پەشەنگ (کوڕی زاشمی کوڕی تووری کوڕی فەرەیدوون و باوکی ئەفراسیاب) کە ئەو کاتی پادشای تووران بوو بە ئاگاداربوونەوە لە مردنی مەنووچێهر تەمای کۆنی واتە بیری داگیرکردنی ئێرانی لە دەروونیدا بزووتەوە، جا دوو کوڕی خۆی، ئەفراسیابو ئەگریرەسی بەلەشکرێکیگرانەوە ناردەشەڕی نەوزەر. سێ شەڕ لە نێوان ئەفراسیاب و نەوزەر روویانداو سەرەنجام نەوزەر بەدەستی ئەفراسیاب کوژرا. ئەفراسیاب بەبۆنەی کوژرانی باپیری بەدەستی مەنووچێهر، قینێکی دێرینی لەویونەوزەر لەدڵدا بوو. بارودۆخی ئێران پەشێویی تێکەوت و ئەفراسیاب بۆ دوازدە ساڵان تانج و تەختی وێی بەدەستەوە گرت. سەرەنجام ئێرانییان دیسان هێزیان گرتەوە و زاڵی پاڵەوان، تانج و تەختی ئێرانی وەرگرتەوە و "زوو"ی لەسەر تەخت دانا. نەوزەر بە وتەی زۆر مێژوونووس، ٥٥ ساڵ ژیاوە. مێژوونووسانی ئیسلامی زۆر بەکەمی باسی نەوزەریان کردووە. لەکاتی لەشکر کێشانی ئەفراسیاب و کوژرانی نەوزەر سامیـنەریمان لە دەرەوەی وڵات بووە.

## ٨- زاب یا زوو (ئوزەوە UZAVA)

پاش کوژرانی نەوزەر ئەفراسیاب داگیرکارانە دوازدەساڵان لەسەرتەختیشایەتیی ئێران دانیشت. سەرەنجام پاڵەوانانی ئێرانزەمین کەوتنە گەنگەشە بۆ دۆزینەوەی پادشایەک تا لەسەر تەختی دانێن. بۆ ئەوکارە دوو کوڕی نەوزەر واتە تووس و گوستەهەمیان بە شیاو نەدەزانی، (زاب یا زوو)ی کوڕی تەهماسبیان هەڵبژارد. زاب کوڕی تەهماسبی کوڕی مەنووچێهرە. لە نامەکانی پەهلەویدا ناوی بە (هووزووب Huzub) و لە شانامەدا زوو یا زاب نووسراوە. لە ئاوێستادا تەنیا جارێک لە یەشتی سێزدەهەم ناوی تەهماسب و زاب هاتووە و ئەوە لە کاتێکدایە کە سڵاو دەنێردرێت بۆ کۆمەڵێک لە پیاوچاکان و پادشایان دەڵێ: "ڕەوانی دین پاکی ئووز و (زاب) لە بنەماڵەی تووماسب (تەهماسب) پەسن دەکەین"

زاب لە پادشایانی پلە دووی پێشدادییە. ئەو ٥ ساڵان لە ئێرانێ پادشایەتیی کرد. شانامەو بوندێهشەن لەسەر ٥ ساڵ ماوەی پادشایەتیی زاب کۆکن. لە فەسڵی سیو چواری بەندی شەشەمی بوندێهشەن عینوانی پەهلەویی (هووزووپ تەهماسبیان) واتە (هووزووپ کوڕی تەهماسپ)ی بۆ دانراوە. ئەو بەیاریدەی پاڵەوانەکان، لەگەڵ ئەفراسیاب بەشەڕهات. لەئاکامی شەڕی پەیتاپەیتا، ئێشکەساڵی پەیدابوو جا هەردووک لا پاش پێنج مانگان شەڕیان ڕاگرت و (توورانی)یان چوونەوە دیوی سنووری خۆیان.

# ٩- گەرشاسپ یا (کێرێساسپە Keresaspa)

"زوو" دوای پێنج ساڵ پادشایەتی مرد و "گەرشاسب"ی کوڕی لەسەر تەختی دانیشت. شانامە باسی دوو گەرشاسپان دەکا: یێکێکیان گەرشاسپی پاڵەوان کە لە چیرۆکی ئازایەتیی نەتەوەیی ئێراندا لەگەڵ هێنانی ناوی یەکەم پاڵەوانەکانی شانامە کە لە سپای مەنووچێهردا بوون، وەک گەرشاسبی جیهانپاڵەوانی سپای مەنووچێهر و فەرەیدوونی دەناسێنێ. گەرشاسپی دووهەم گەنجوەرشایە کە لە شانامەدا کوڕی زوو یا زابە کە پاش باوکی بۆماوەی نۆ ساڵان پاشایەتیی کرد. لەسەردەمیئەودا توورانییان، کە ئێرانیان بەلاواز هاتەبەرچاو، دیسان هێرشیان کردەوە و لەو جەنگەشدا بوو کە گەرشاسپ شا کوڕی زوو مرد و وێرانەگەیشت بەربەرەکانی بکا.

ئەسەدیی تووسی لەگەرشاسپنامەی خۆیدا قسەکانی ئاوێستاوئاسەوارە ئەدەبییەکانی سەدەکانی یەکەمی ئیسلامی گێڕاوەتەوە. بەپێیناوەرۆکیکتێبی بوندێهشەن، باسی ڕەگەزی گەرشاسب ئاواهاتووە: "(گەرشاسب)و(ئەرووخەش) دوو برابوون لە کوڕانی (ئەسرەت)ی کوڕی(سام)ی کوڕی (توورەگ)ی کوڕی (سپانیاسپ)ی کوڕی (دوورشاسپ)ی کوڕی(توورەگ)ی کوڕی(فەرەیدوون)". ئەوڕەگەزنامە لە گەرشاسبنامەدا ئاوایە: "(گەرشاسب)و (گوورەنک) دوو برا بوونە لە کوڕانی (ئەسرەت)ی کوڕی (شەم)ی کوڕی (توورەگ)ی کوڕی (شیدەسپ)ی کوڕی (تووری) کوڕی (جەمشید)". بە هەڵسەنگاندنی نووسراوەکانی دوو کتێبی ناوبراو و سەرچاوەکانیدیکە، ئەگەرلەهێندێک گۆڕانیکەمیپێکهاتوو لەئاکامی تێپەڕینی ماوەدا چاو بپۆشین، تێدەگەین کە لە بابەتە گشتییەکەدا جیاوازییەک نییە. هەروەها لە کتێبی پیرۆزی زەردەشتییاندا لەمەڕ شەڕەکانی گەرشاسب لەگەڵ دێو و دڕندان هێندێکگێڕانەوەهەن، کەلەبنەڕەتدالەگەڵگەرشاسبنامەداکۆکن. لەکتێبەئوولییەکانی کۆندا گەرشاسب پاڵەوانێکی لەشکاننەهاتووی زیندووی هەرهەو لەیارانی بەڵێن پێدراوی زەردەشتەو هەر بەبەقای ئەوگێڕانەوەیە کەئەسەدیی تووسی، گەرشاسب بە مرۆڤێکی بێ کەموکووڕی دەناسێنێ کە: "لە شەڕی ئاستەمدا سەرشۆڕ نابێ و دانامێنێ، بەسەربەوروشێروهەژدیهادا سەردەکەوێ وهونەروبەجەرگی دەنوێنێ". بەبڕوای خاوەنی تاریخی موعجەم "گەرشاسب پاش مردنی زابی باوکی بۆماوەی بیست ساڵ لەسەر تەختی شایی دانیشت." حەمدوڵڵا موستەوفی دەڵێ: "گەرشاسب شەش ساڵان ئاڵای پادشایەتیی هەڵدا"و لە(مفاتیح العلوم)وا دەردەکەوێکە"زاب و گەرشاسب پێکەوە جیهانیان بەڕێوە بردووە"

# زنجیرەی (کەیانییان)

## ١- کەیقوباد (کەوی کەواتە KAVI KAVATA)

نـاوی ئەو پادشـایە لە ئاوێسـتادا کەواتە. پێشـگری (کەی) کە (لە کەوی Kavi)ی ئاوێستا وەرگیراوە، لە پەهلەویدا بە(گەورە، بەهێز، زۆردار) دەڵێن، هەروەک لـە پێشەکیشـدا گوتمـان: لە کوردیشـدا ئەوڕۆ بە گەورەی خۆیـان دەڵـێن (کـا، کـاک). وشەی (کەوی) هێشتاش لەناو هۆزەکانی(بۆیرئەحمەدی)و(مەمەسەنی)دا بەواتـای دلێرو قارەمان و فەرمانڕەوا باوە.

کەیقوباد لە تورەمەی نەوزەری کوڕی مەنووچێهرە. ئەو یەکەم شا بوو کە دوای لەناوچوونی زنجیرەی پێشدادییان، بەیاریدەیزاڵوڕۆستەم لەسـەر تەختـی شـایەتی دانیشت. کتێبی(داستان رستم، نگارش سیروس جمالی) کەلەشانامەی وەرگرتووە، باسی هاتنە سەرتەختی کەیقوباد دەکا کە کورتەکەی ئەوەیە: (پاش ئەوەی ڕۆسـتەم دەستی وەرەخشڕاگەیشت، ئێرانییان ئامادەیشەڕیئەفراسیابـبوون. ئەفراسیابیش لەشکری خۆی دەنگـدا و هاتنە مێرگی پڕ لەئاوو قامیشی"خواروری". دوو لەشـکر لەدوو فرسەخیی یێکتر ئۆردوویان دامەزراند. بەنیشانەکانوێدەچێ خـواروری هەر شامی لایمەهابادومیاندواوبێ کەلەباشووری گۆلی ورمێ(چیچێست)ەو گۆڕەپـانی دوایین شەڕی ئەفراسیاب و ئێرانییانیش هەر لەو ئاقارە بووە.

زاڵ کوتی: "تەختی شایی بەتاڵو لەشکرمان بێ سەروەرە. دەبێ کەسێک لەتۆوی کەیان بۆپادشایەتی هەڵبژێرین، ئەویشگەنجێکە لەتۆرەمەیفەرمیدوون کە دادگەر و بە شکۆیە. ناوی کەیقوبادە و موئبێد نیشانەکەی داوینێ"

پاشان ڕووی دەڕۆستەمکردوکوتی: "لەشکرێک هەڵگرەو کووپـالی بەرەو بچووە کێوی ئەلبورز و کەیقوبـاد بدۆزەوە و ئـافەرینی پـێ بڵـێ و بڵـێ لەشـکر تۆیـان بـۆ پادشایەتی هەڵبژاردووە."

ڕۆسـتەم بەتەنـێ بـۆلای کەیقوبـاد وەڕێ کەوت. مـایلێکی مـابوو بگـاتە ئەلبـورز، دیتـی گەنجێکـی زۆر جـوان لەژێـر سـێبەری دارانـدا لەسـەر تەختێـک لەدم ئـاوێ دانیشـتووە و پاڵەوانـان لەلای تەختـەکەی ڕاوەسـتاون. سـڵاوی لێکـردن، وەڵامیـان دایەوە و فەرموویان کرد.

ڕۆستەم وەڵامی دانەوە: "کاتی دانیشتنم نییە و بۆ کارێکی گەورە دەچمە ئەلبورز. ناتوانم وەدرەنگی کەوم."

پاڵەوانان پرسییان: "لە ئەلبورز لەکێ دەگەڕێی؟ "

ڕۆستەم کوتـی: "لە پادشایەکی پاک دەگەڕێم کە لە تورەمەی فەرمیدوونە."

فەرمانـدەری پاڵەوانەکـان کـوتی: "ئەمـن پێـی دەزانـم ئەگەر فەرمـۆی گەورەمـان کەی تاوێک لەلامان دانیشی، پێت دەڵێم لەکوێیە."

ڕۆسـتەم وەک بـای لـە ڕەخشـی هـاتە خـوار و چـوو لەبـن سێبەری دارەکە لە لای تەختی زێڕینی گەنجەکەی دانیشت. گەنجەکە بەدەستێکی دەستیڕۆستەمی گرت و بەدەستەکەی دیکەی جامێکی شەرابی دایێ و لێی پرسـی: "لـە قوبـادت دەپرسـی، ئەو ناوەت لەکێ بیستووە؟"

ڕۆستەم لەوەڵامدا کوتی: "مەزنـانی ئێران ئەویـان بە پادشـا هەڵبـژاردووە، زاڵـی باوکم ناردوومی بیبینمەوە و لەگەڵ خۆمدا بیبەم"

بەوگوتەیڕۆستەمی خەندەکەوتەسەرزاری گەنجەکە و کوتی: "ئەمن کەیقوبادم!"

ڕۆستەم کەئەوەی بیست لە تەخت هاتەخواروسەریدانواندو کوتی: "ئەی پادشـای پادشایانوپەنایدڵێران، تەختیئێرانتپیرۆزبێ. فەرمانمدەیەتـاولامی جەنگاوەرانـت پێرابگەیێنم"

کەیقوباد بەبیستنیوڵامەکەلەگەڵڕۆستەم بۆلای(خـواررى) وەڕێکەوت. (قەلوون) سەرداری ئەفراسیاب، ڕێگای پێ گرتن. کەیقوباد ویستی بچێتە شەر، کە ڕۆسـتەم هەڵیکوتایە سەریان و قەلوون و زۆری دیکەی لێ کوشـتن و ئەوی دیـکە هەڵاتـن. کەیقوباد گەیشتە سپای ئێرانومەزنانیوڵات لەسەرتەختی شـاییان دانـا. سـەرەنجام لەشکری ئەفراسیاب تێک شکان و هەڵاتن.)

لە ئاوێستادا تەنیا دووجـاران بەنـاوی (kavata)و نازنـاوی(Kavi) باسـی کەیقوبـاد کراوە. لەزمانی پەهلەویشدا گۆڕانێکی ئەوتۆ لەونـاوەدا پێکنەهـاتووە و بـە(kavat) تۆمـار کـراوە و هەر لەو وشـەیڕا زاراوەی فارسـی و تـازیی قوبـاد پەیـدابووە. لە زاراوەی کرمـانجیی باکووریشدا قوباد واتە زوو (قوبادا سبێ واتە بەیـانی زوو). یەکەم یـادی قوبـاد لە یەشـتی سـێزدەهەمدا دەکەوێتەبەرچـاو. لەوسـەرچاوەیدا پـاش باسی پادشایانی پێشدادی، ناوی‌وی لەسەررووی‌پادشـایانی‌کەیانیـدا دێ و ڕەوانەکەی پەسندەکرێ. دووهەمین شوێن کە ناوی(کەیقوباد)ی تێدا دەبینین، یەشتی نۆزدەهەم یا (کەیان یەشت) یا (زامیاد یەشت)ە کە لەودا باسی کەوی کەوات دەکرێ. بەپێـی گێرانەوەی بوندەهێش کەوات منداڵێک بوو کـە دەسندووقێکیان نـابوو و بەئاوێیانـدا هێشتبوو، ئووزوو(زاب - زوو) دیتبیەوە و کردیە کوڕی خۆی و نـاوی نـا (کەواز .(kavaz

لە فەسڵی سـیو یێکەمی بوندێهشەن ڕەگەزنامەی(کەیانی)یـان‌ئـاوایە: "کەی کەوات کوڕێکی هەبوو بەناوی کەی ئەپیوە. لە کەی ئەپیوە چـوار منداڵ بەونـاوانە: (کەی ئـووس Kaius) کە هەر کەیکاووسـەکەی شـانامەیە، (کەی ئـارەش Kai arash)، (کەی پـی سـین Kai pi sin)و (کەی پیرەش Kai pirash). لە کەی ئووس. سیاوەش

بوو و لە سیاوەشیش کەیخەسرەو، بەڵام پادشاو ناودارانی دیکەی کەیانی لەپشتی (کەی پیسین)ن. لە (کەی پی سین)، مەنووش (Manush) لە مەنووش، ئووزان (Uzan) یا ئووز (Uz)و لە ئووز، کەی لوهراسپ (ئەئوروەت ئەسپا Aurvat aspa واتە خاوەنی ئەسپی توند و خێرا) بوو، کە بەناوبانگترین کوڕەکانی ویشتاسب و ژەریر بوون. لەکەیویشتاسب دووکوڕ بەناویسپەندیاز (Spandyazیا ئیسفەندیاری شانامە)و پیش یۆتەن (Pishyotan یا پەشووتەنی شانامە) هاتنە دنیا. کە لە مێژووی دینیدا زۆربەرچاون. ئەسفەندیارکوڕانی وەک وەهمەن(بەهمەنی شانامە) و ئازۆر تەرسە (Azortarsah)ومێهرتەرسەی هێنایەدنیا کە ناوبانگێکی وایان نییە." کەچی ئاوێستا دوو جاران ناوی دێنێ و دەڵێ کەیکاووس کوڕی کەی ئەپیوە بووە. پاش ئەوەی کەی قوباد بەفەرمی لەسەر تەختی ئێران دادەنیشێ، پاڵەوانان هانی دەدەن بۆ شەڕ لەگەڵ (توورانی)یان. لە شەڕێکی ئاستەمدا پاڵەوانانی ئێران تەنگ بە توورانییەکان هەڵدەچنن. ڕۆستەم لە شەڕێکی ئاستەمدا ئیسفەندیار ڕاودەنێ. (ئەو ئیسفەندیارەمان کە لە نیزیکانی پەشەنگی باوکی ئەفراسیاب بووە، نابێ لەگەڵ ئیسفەندیاری کوڕیگەشتاسبلێبگۆڕێ). پەشەنگیباوکیئەفراسیابو سەرکردەی توورانییان بەناچاری داوایئاشتی دەکا و بەڵێن دەدا بگەڕێتەوە خاکی خۆی. کەی قوباد ئەوەی پەسند دەکا، بەڵام ڕۆستەم و پاڵەوانان نایسەلمێننو دەیانەوێ شەڕ تا کۆتایی هێنان بەکاری ئەفراسیاب درێژە پێ بدرێ. بەڵام کەیقوباد بە دانی خەڵات ڕازییان دەکا و ئاشتی بەرقەرار دەبێ. پاش ئەوشەڕە کەیقوباد گەڕاوە ئیستەخر. ماوەی تەمەنی کەیقوباد سەتساڵ و پادشاییەکەی هەشتا ساڵە.

## ٢- کەیکاووس (کەوی ئووسەن KAVIUSAN)

ئەوناوە لە ئاوێستادا بە (کەوی ئووسەدەن Kaviusazan)یش هاتووە و ئەوشێوەیە بێجگەلە یەشتی پێنجەم و چاردەهەم لە بەشەکانی دیکەدا تۆمارکراوە. کەیکاووس دووهەمین پادشای کەیانی و بەناوبانگترینیان بووە.

ئاڤێستاومێژووەکانیدیکەی پەهلەویزۆرترلەکەیقوباد، باسیویدەکەن. لەنامەکانی پەهلەویدا گێڕانەوەی زۆری لەسەرهەن. ناویلەشانامەو سەرچاوە ئیسلامییەکاندا زۆر تێکەڵاوی ئەفسانە بووە.

کاووس کە لەسەر تەخت دانیشت، لە دانیشتنێکی خۆشیدا ئاوازێکی لەسەر پەسنی مازەندەران، لە شەیارێک بیست. ئەو ئاوازە وای کەڵکەڵەی گرتنی مازەندەران خستە سەری کە هەرچەندە زاڵ و مەزنانی وڵات کردیان و کراندیان، نەیانتوانی لەو بیرە پاشگەزی کەنەوە. لەشکری کێشایە سەر مازەندەران و پادشای ئەووڵاتە بەیاریدەی دێوی سپی شاو لەشکرەکەی بە ئەفسوون گرتن و کوێری کردن. زاڵ ڕۆستەمی ڕاسپارد بچێتو ڕزگاریان کات. ڕۆستەم پاش تێپەڕین بەحەوتخوانە بەناوبانگەکەیدا — کەئێستاش بۆتە نموونە بۆ ئاستەم بوونی کارێک — و کوشتنی

دێـوی سـپی و شـای مازەنـدەران، ئەو وڵاتەی گـرت و کـاووس و لەشــکرەکەی چاکردنەوە و ڕزگاری کردن.

لە ئاوێستادا سەرەتا لە یەشتی پێنجەمدا تووشی نـاوی کـاووس دەبین، کـە قوربـانی دەداتە (ئەرێدڤیسوورە ئەناهیتـا aredvisura anahita) و ئـارەزوو دەکـا کە بەسـەر هەموو وڵاتاندا زاڵ و بەسەر جادووگەران و ئەمیرانی دژکاریدا سـەر کەوتـووبێ و ئەو ویستوئاواتەشی دێتەدی. لە یەشتی سێزدەهەمیشدا لە باسی پەسنی ڕەوانـی کەیانییاندا، پاش کەیقوباد و کەیئەپیوە(Apiveh) هاتووە. سڵاو دەنێرێ بۆ ڕەوانـی کەڤی ئوسدەن. لە یەشتی چواردەهەمدا لەوجێیەی باسیسەرکەوتن و دەستەڵات و هێز دێتە گۆڕێ، باسی کەوی ئوسذەن(کەیکاووس) دەکرێ کەویستیاری هێزێکـی ئاوایە بۆ سـەرکەوتن. دوایین باسـی کەیکـاووس لە ئاوێستادا لـە بەندی دووهەمـی (ئافەرین پێغەمبەر زەردەشت) دایە کـە زەردەشـت ئـارەزوو دەکـا ویشتاسب (کەی گەشتاسب) وەک کـاووس بەهێز و دەسـتەڵات بـێ. بەپێـی گێڕانەوەی دینکەرد لە (سووتگەرێ نۆسۆکێ Sutgare Nosoke) واتە بەشی یەکەمی ئاوێستای ساسـانیدا بەدرێژی باسی کەی ئووس (Kai us) کراوە.

بەپێی هەر ئەو سەرچاوەی، کاووس یێکێکە لە چوارکوڕی کەی ئەپیوەی (کوڕی کەیقوباد) و گەورەترینیانە. کاووس خاوەنیپلەوگرنگییەکیوەهایەکە کەیانییەکـانی دیـکە پێـی نەگەیشـتوون. ئەو بە زاکوونەوە حەوت قوڕنەی بەڕێوە دەبـا. بەسـەر دێوان و ئەمیرانی سەربزێودا زاڵ دەبێ، بەبێ ئەملاو ئەولا فەرمانەکانی جێبەجێ دەکرێن و حەوت کۆشکان لەسەر بەرزایی کێوی ئەلبورز ساز دەکـا، بەپێـی زۆر گێڕانەوان، یێک لە زێڕ، دوو لە زێو، دوو لەپۆڵاو دوو لەبلوور. کـاووس دێوانی مازەندەرانی کەخەریکی ئاژاوەوسەربزێویوخراکردنیدنیا بـوون لەو کۆشکانەدا زینـدانی دەکردن و کـاری لـێ دەکێشـان. هێرۆدۆتیش باسـی ئەو حەوت کۆشـکەی کردووە و دەڵێ: ئەودەستی کرد بە سازکردنی قەڵایەک لەناو چەند حەوشـی لەنـاو یەکدابوو. ئەوە هەر ئەو قەڵایەیە کـە ئەوڕۆ ئۆکباتـانی پێدەکوترێ. لـە هەر حاڵـدا حەوت حەسارەکە هەن و کۆشـک و گەنجینەکانی شای دە دوایین حەوشدان. درێژ ترینی ئەو کۆشکانە بەقەراحەساریئاتێنە. ڕەنگی حەسـارەکانیش بەتەرتیب سپی، ڕەش، ئەرخەوانی،شین،سوور،نارنجی،زێوینوزێرینە. هێنـدێک لەمێژوونووسـان پێیان وایە ئەو حەوشانە دیۆکۆسی پادشـای مـاد سـازی کـردوون، بەڵام زۆربەیـان پێیان وایە ئەو چاکی کردوونەتەوە، کـە ئەوەیـان زۆرتـر وەڕاسـتی دەچـێ، چونکە هەمەدان پـێش مادەکـان هەبـووە. لە فەسـڵی سیوسێهەمـی (بونـدەهێش)یـش باسـی کۆشکی کەیئووس، وەک چەند ماڵی یێک لەناوێکدا، کـراوە: یەکەمیـان زێـڕین، کە شـوێنی لـێ مـانەوەی بـوو، دووی دیکەیـان لە بلـوور کە تـایبەت بـوو بە ئەسـپە تایبەتەکانی، دوو ماڵی لە پۆڵا کە مێگەڵ و گـاگەلی تێدا دەحـاوانەوە. وەک لەنـامە پەهلەوییەکاندەردەکەوێ، کەیکاووسوەک جەمشید نەمربـوو، بەڵام لەبەرکوشتنی گای پیرۆزی مەرزیـاب و هەڵەی دیـکە نەمربـی لـێ ئەستێندرایەوە. سـەیر ئەوەیە کە لە ریگ وێدا(یێکێک لە چوار کتێبەکانی وێدا) تووشـی نـاوی ئووسـەنەس کاڤیـا (usanas kavya) لە شاکانی پێشدادی دەبین (کە چەندکەسیان لە ریگ وێدادا باس

کراون)، کەوبیرخەرەوەی شێوەگوتنی ئاوێستاییکاووسە. لەمەڕکاووس لەنێوان ناوەڕۆکی بوندەهێش و شانامەدا هاوسەنگی و نیزیکایەتی هەیە. بەپێی ئەو دوو سەرچاوەی ماوەی پادشایەتیی وی یێک سەت و پەنجا ساڵ بووە. کە هاتە سەر تەخت، یێکێکلەرووداوی لێدەرانی زمانلووسیمازەندەرانیهاتەدەرگایو سروودێکی خۆشی ئەو سەرزەمینەی بۆ لێدا، وەها کە بیری هێرشکردنە سەر مازەندەرانی کەوتە سەری. پاڵەوانان و مەزنانی ئێران دەیانزانی هێزو وزەیەکی زۆر دە مازەندەراندایە، لەگەڵ ئەو شەڕەدا کۆک نەبوون. ئەوان هەر لەسەر ئەو بناخەی وەبیریان خستەوە کە شەڕی مازەندەران بەرهەمێکی بێجگە لە شکست و لەناو چوون نابێ. بەڵام کاووس ڕوانگەیوان ناسەلمێنێو کەسێک دەنێرێتەلای زاڵ. زاڵ بێوچان دەچێتە دەرگای کاووس و پاش پێزانین بەمەبەستی ئەو، هەروەک مەزنانیدیکە داوای لێ دەکا خۆ لەو کارەی نەداو پێی دەڵێ پادشای وەک جەم و فەرەیدوون و مەنووچێهر و کەیقوباد، تەنانەت بیرۆکەی ئەو کارەشیان بەمێشکیدا نەهاتووە. کاووس لە وەڵامدا دەڵێ:

| | |
|---|---|
| و لیکن مرا از فریدون و جم | فزونست مردی و فر و درم |
| همان از منوچهر و از کیقباد | که مازندران را نکردند یاد |
| سپاهو د□و گنجم افزونتراست | جهان زیر شمشیر تیز اندراست |

واتە:

| | |
|---|---|
| بەڵام خۆ ئەمن لە فەرەیدوون و جەم | زۆرترم لە لایە پیاوەتی و درەم |
| لە مەنووچێهریش و لە کەیقوبادیش | کە مازەندەرانیان نەهاتە یادیش |
| گەنجم زۆرترە و لەشکر و بوێری | کێ لەو جیهانە بە شیرم دەوێری |

بەپێی گێرانەوەی شانامە، ئەو سەرەڕۆیی و لەخۆباییبوونە بێ جێیەی کەیکاووس بۆ وی و پاڵەوانەکانی ئاکامێکی زۆر ناخۆشی لێ کەوتەوە. کاوس بە لەشکری خۆی هەڵدەکوتێتە سەر مازەندەران کە نیشتمانی دێوانە. ئەوانیش ئاریایی بوون، بەڵام لەگەڵ ئاریاییەکانی دیکە نەدەگونجان، چونکە نەدەچوونە ژێرباری چاک سازییەکانی ئوولیی ئێرانییەکانولەسەرئوولی پێشوویخۆ واتەپەرستنی خوداکانی خۆیان، واتە دێواکان(Deva) بوون. سپایئێران دەست دەکەن بەتاڵان و کوشتار. کاتێک ئەرژەنگی شای مازەندەران ئاگاداری ڕووداوەکە دەبێ، (گزیر)ی کە یێکێک لە مەزنانی وڵاتدەبێ، بۆ داوایاریدە دەنێرێتەلای دێویسپی. دێویسپی یێکێک دەبێ لەئەمیرەمەزنەکانیتایفەئاریاییەکانیمازەندەرانوخاوەنی لەشکرێکی وا گران و بەسام کە هەرکە چاوی کەیکاووس بە پێشەنگەکەیان دەکەوێ، کۆتایی کاری لێ ڕوون دەبێتەوەو پەژارەوپەشیمانی دایدەگرێ. بەڵام پەژارەکەلکی‌نابێ و دێوی سپی بەهێزیجادوو، کەیکاووسولەشکرەکەی کوێردەکاو هەموویان دەگرێ

و بەئەرژەنگی‌شای‌مازەندەرانیان‌دەسپێرێ. ڕۆستەم ئاگاداری‌ئەورووداوە دەبێتەوە و پاش تێپەڕین لەحەوت‌خوان، بەسەرکەوتنەوە ئەرژەنگ‌شای‌دەگرێ‌و دەیکوژێ. پاشان دێوی سپیش دەگرێ و دەیکوژێ و بە دڵی ئەو دێوە جادوویەکەی پووچ دەکاتەوە و کاووس و لەشکرەکەی ڕزگاردەکا و دەیانگەڕێنێتەوە ئێران.

کاووس پاش ئەوشەڕە چەندشەڕی‌دیکەدەکا و هێندێک لەشایان دێنە بەرفەرمانی، بەڵام شاکانی بەربەر، میسروهاماوەران دەست وێک دەدەنو دەگەڵی بەشەڕدێن. سەرەنجام هەرسێکیان دەشکێن و پاشەکشە دەکەن. کاووس‌سوودابەی کچی شای هاماوەران دێنێ. شای هاماوەران بەتۆڵەی شکستەکەی، بۆ گرتنی کاووس و پاڵەوانانی ئێرانی و گێڕانەوەی کچەکەی پیلانێک دادەڕێژێ و پاش ئامادەکاری، بانگهێشتنیان دەکاتە کۆشکی خۆی. سوودابە داوا لە کاووس دەکا نەچێ، بەڵام کاووس چوون بەباش دەزانێ‌وبەپێی‌خۆی دەکەوێتەداوەکە: کاووس‌و پاڵەوانەکانی دەگیرێن‌و بەنددەکرێن. کەئەوهەواڵە بڵاودەبێتەوە، توران‌وعەرەب هێرش دەکەنە سەر ئێران، سەرەتا عەرەبان لەدەشتی نێزەوەران(عەرەبستان) هێرش دەکەنەسەر ئێران و دەستی بەسەردا دەگرن. ئەفراسیابی تورانی بەپێزانینی ئەو ڕووداوە بە شەڕێکی سێ مانگە عەرەبەکان دەردەکا و بۆخۆی دوازدەساڵان بەوپەڕی ستەم کارییەوە بەسەر ئێراندا پادشایەتی دەکا. دووبارە شای هاماوەران لەگەڵ شای بەربەرستان و میسر پێکدێ و هێرش دەکەنە سەر ڕۆستەم و سپای ئێران، بەڵام لەئاکامدا ئێرانییەکان بەسەر ئەو دوژمنانەدا زاڵ دەبن و کاووس‌و سوودابە و پاڵەوانەکان ڕزگاردەکەن‌ودەیانگەڕێننەوەئێران. ئەوجارئەفراسیابیش دەشکێنن و بەرەو توران ڕاوی دەنێن. بەقسەی زۆر لە مێژوونووسان پێتەختی کەیکاووس بەلخ، تەمەنی یێکسەت‌و حەفتاو پێنج ساڵ و پادشایەتییەکەی یێک سەت و پەنجا ساڵ بووە.

## ٣- سیاووش (کەوی سیاوەرشەن KAVI - SYAVARSHAN)

سیاووش کوڕی کەیکاووسە بە پەهلەوی سیاووخش(Sya vukhsh= خاوەنی ئەسپی ڕەش) یا سیاووش ناودەبرێ. ئاوێستا بێجگە لە ناو و ئاماژەیەکی زۆر کورت، چی وا ناداتە دەست. لە نامەکانی پەهلەویدا زۆرتر باسی دەکرێ بەڵام بابەتەکەیان لەسەر خۆی نییە بەڵکو لە باسی کەنگە دێژ (لە ئاوێستادا kanga) یا شارێکدایە کە بەدەستی وی دروست کراوە. لە ئاوێستادا یەکەم شوێن کە باسی سیاووش کرابێ یەشتی‌سێزدەهەمە. لەوسەرچاوەیدا باسی‌هەشت(کەوی) کراوە کە زنجیرە پادشایانی کەیانی پێکدێنن و سڵاو بۆ ڕەوانەکەیان ناردراوە. نە کەوی (کەی) و نەخۆسرەو واتای شا نادەنەوە. فارسان بەشایان مانا کردوونەوە، چونکە "کەی" پێشناوی کیانییان و خەسرەو پێش ناوی ساسانییان بووە. کەی(کا یا کاک) لە کوردیدا بەمانای مەزنە و پێشگرێکە بۆ ناوی گەوران، خۆسرەو (لەکوردیدا خەسرەو) بەواتای کەسێکە کە باش و جوانو خێرا بەرێدادەڕوا(واتە چابووک و توندوتۆڵ) و ئەویش هەر پێشگرێک بووە بۆ ناوی پادشایانی ساسانی کە بەپێی

چەندین بەڵگەنامەی مێژوویی کورد بوون و زمانەکەیان کوردی بووە. بەداخەوە چونکە بەتایبەتی دوای ئیسلام زمانی کوردی زمانی فەرمیی دەوڵەتی نەبووە و خزمەتی نەکراوە یا باشتر بڵێین بێ پشتیوان بووە و تەنانەت بەربەست و حەولی تواندنەوەیداگیرکەرانیکوردستانیشیلەسەربووە، لێکۆڵەرەوانیمێژوویی‌ئاگاداری نەبوون بۆیە لە مانا کردنەوەی زۆر وشەی ئاڤێستا و پەهلەویشدا تووشی هەڵە بوون. ژێرنووسی لاپەڕەی ٤٩ی مێژووی دەهەزار ساڵە دەڵێ هەئووسرەوە لە وشەی ئاوێستاییدا واتە خۆشناو، خاوەنی ناو و ناوبانگو نیشانەی دروستی و ڕاستییە. ئاواش دەتوانین خەسرەو بەخۆشڕەفتار یا خۆشڕوو مانا کەینەوە. سیاووش حەوتەمین شای کەیانییە، واتە ناوی کەیخەسرەو دوای وی هاتووە. لە یەشتی نۆهەم و حەڤدەهەمدا ئاماژە کراوە بە کوژرانی و ئەو بابەتە لەچەندشوێنی ئەو دوویەشتەدا دووپات بۆتەوە. لە نامەکانی پەهلەویدا تەنیا لە بوندەهێشدایە کە دەتوانین پوختەیەک لە چیرۆکی سیاوەش ببینینەوە. گەورەترین و دیارترین کاری پەیوەندیدراوبەسیاووش سازکردنیکەنگدێژە. بەپێی ئاوێستاونامەکانی پەهلەوی، سیاووش یێکێکە لە هەشت پادشاکانیکەیانی کەپاشکەیکاووس وپێش کەیخەسرەو لە ئێران پادشایەتیی کردووە و لەشەڕ لەگەڵ گەلانی توورانیدا کوژراوە. بەڵام فیردەوسی ئەوی بە شا دانەناوە.

وەک شانامە دەگێڕێتەوە، لەدایکبوونیسیاووشئاوایە: ڕۆژێک تووس و گوودەرز و گیو - پاڵەوانانی ئێرانی - لە ڕاوگەیەکدا لە نیزیک تووران تووشی کیژێکی جوان دەبن و چونکە هەرسێکیان داوای خاوەنێتیی کیژەکە دەکەن، بڕیاردەدەن بچنەپێتەخت و پرس بەکاووس بکەن. شا بەدیتنی کچەکە دڵی دەکەوێتە سەری و لەخۆی مارە دەکا. پاش نۆ مانگان کوڕێکیدەبێ، ناوی دەنێن سیاووش. سیاووش دەدەنە دەستی ڕۆستەم تا بیحاملێنێ. ڕۆستەم دەیباتە زابولستان و زۆری خۆ بۆ حاملاندنی ماندوو دەکا. سیاووش پاش وەرگرتنی پەروەردەی بەس، داوا دەکا بیبەنەوە لای دایک و بابی خۆی. ڕۆستەم دەیباتەوە پێتەخت و لەوێ کاووس زۆری دەلاوێنێتەوە. لەوکاتەدا دایکی سیاووش دەمرێ و وەک باسمان کرد کاووس کچی پادشای هاماوران دێنێ.

سوودابە بەدیتنی سیاووش دڵی دەدۆڕێنێ و هەوای ئەڤینداریی سیاووش دەکەوێتە سەری. ڕۆژێکیان پەیامێکی بۆ دەنێرێ، بەڵام ئەو بە ڕووتاڵی پەیکەکە بەڕێ دەکاتەوە و سوودابەش بۆ گەیشتن بەمەبەستی خۆی و ڕاکێشانی سیاووش بۆ نێو حەرەم دەست دەکا بە فێڵبازی. بەکاووس دەڵێ جێی خۆیەتی سیاووش جارجارە بێتە حەرەم و سەری خوشکانی و زڕدایکی بدات. شازادە کە ئاگاداری مەبەستی سوودابەدەبێ، پێیوادەبێ باوکی دەیەوێ تاقییکاتەوە، بۆیە پێی دەڵێ کە گۆڕەپانی شەڕ و نێو خەڵکی بۆوی پێویستن تا شتێکیان تێدا فێربێ و لە حەرەمدا کارێکی لەدەست نایە. سەرەڕای ئەوەش فەرمانی باوکی جێبەجێ دەکاو دەچێتە حەرەم. سوودابە هەرکەدەیبینێ دەستدەکا بەنواندنی ئەڤین و ماچماچێنی پێدەکا. سیاووش کە بەمەبەستی دەزانێ گوێ ناداتێ و لە دیداری دواتر هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکا و لە حەرەم دێتەدەرێ، بەڵام سوودابەی سەودایی دەست دەداتە فێڵێکی تازە؛

دەست دەکا بەگریان و نەدیمەکانی بانگ دەکا و دەڵێ سیاووش هێرشی کردۆتە سەری و نیازی خراپی دەگەڵی هەبووە. هەواڵ دەگاتەوە کەیکاووس، بەڵام هەر لە زمانی سوودابە دەبیسێ و لەلایەکی دیکەشەوە باوەڕی بەکوڕی خۆی هەیە و لەکاری سوودابەش بەگومانە بەڵام لەبەرزمانی خەڵکیشار و پیلانەکانی سوودابە دیسان سێبەری بەدگومانی دەکەوێتە سەردڵی پادشا. سیاووش بۆ سەلماندنی پاکیی خۆی پێشنیازدەکا تا بەتێپەڕین بەناوئاگری ڤەرەنگهە(Varangha) تاقی بکرێتەوە و یا وەک پەهلەوی دەڵێن ڤەر(Var)ی لەسەر تاقی بکرێتەوە. تاقیکردنەوەکە ئاوا بەڕێوەدەچوو کەکۆگای ئێزنگیان ئاگر تێبەردەداوتاوان وەپاڵنراو بەنێوئاگرەکەدا دەڕۆیی و ئەگەرزیانێکی پێنەگەیشتبا بێتاوانییەکەیدەسەلمێندرا. ئاگرێکی گەورە دەکرێتەوە. سیاوەش بەسواری ئەسپێکیڕەشو جلکیسپیلەبەر، دێتەلای باوکی و دەچێتە ناو ئاگر و بێ زیان دێتەوە دەرێ. شادمانیی خەڵک لە ئەندازە بەدەرە. گێژنەیێک دەگیرێ. کەیکاووس شەرم و ناڕەحەتی دایدەگرێ و ڕای مەزنان دەپرسێ و هەموو پێیانوایە سوودابە دەبێ بکوژرێ، بەڵام سیاوەش داوالەبابی دەکا سوودابە نەکوژێ. پاش ماوەیەک توورانییان لەسنووری ئێران دەست دەدەنە ئامادەیی شەڕیوکەیکاووس سیاووشدەکاتە بەرپرسیشەڕ و ڕۆستەمیشی لەگەڵدا دەنێری. لەو کاتەدا کە دوو لەشکر دەکەونە بەرەوڕووی یێکتری و ئامادەی شەڕ دەبن ئەفراسیابشەوێکیان لەخەودادەبینێ کەئێرانییانبەسەریدازاڵدەبن و بەدەستی بەستراو دەیبەنە لای کەیکاووس و دەیانەوێ دوولەتی بکەن. ئەستێرەناسانو خەو لێکدەرەوان پێی دەڵێن نابێ دەستپێکەریشەڕبی و مەسڵەحەت لە ئاشتی و سازاندا دەبینن. سیاوەش دوای ڕاوێژ ئاشتی پەسنددەکا. ڕۆستەم ڕادەسپێردرێ بچیتە لای کەیکاووس، تا پەیمانی ئاشتیی پێ نیشانبدات. کاووس کە ئاگاداری پرسەکە دەبێ بەگژ ڕۆستەمدا دەچێ و داوای لێدەکا بگەڕێتەوە وهەموبارمتەکانی توورانی بکوژێ و دیارییەکانیان ئاگر تێ بەربدا و دەگەڵ توورانییان بەشەڕبێ. سیاوەش جێبەجێکردنی فەرمانی باوکی بەدوور لەئاوەز دەزانێوئەسپاردنی سپاش بە توور بەئاقڵانە نازانێ و جا دەگەڵ دوولە پاڵەوانان و هاوڕێیانی دەکەوێتە ڕاوێژ و پاش ڕازی کردنیان بڕیار دەدات پەنابەرێ بۆ ئەفراسیاب. یێکێک لەو دوو پاڵەوانە کە ناوی زەنگەیە بەقاسیدی دەچێتە لایئەفراسیابوبۆی ڕوون دەکاتەوە کە ئاشتی لەگەڵ ئەودا بۆ سیاووش بەچەندی تەواو بووە و ئێستا داوادەکات بێتە تووران و لەخزمەتی ویدا بێ. ئەفراسیاب بەنووسراوە داوای شازادەی دڵشکاو پەسند دەکا. سیاووش لەشکر بەبارام دەسپێرێولەگەڵئەفراسیابدادەچێتەتووران. پاش ماوەیەک پیران وەیسەی سەرداری ئەفراسیاب کچیخۆیدەداتێو ئەفراسیابیش فەرەنگیسی کچی خۆی دەداتێ (تەبەری ناوی ئەو کچەی بە وەسفا فەرید هێناوە.) ئەفراسیاب هەروەها وڵاتەکەیخوارەزمیشبەزاوایخۆیدەسپێرێتائەویشلەوێفەرمانڕەوایی بکا و سازکردنی کەنگدێژ دوای ئەو زەماوەندانە دەبێ. سیاووش پاشان شارێکی دیکە سازدەکا کە ناوی دەنێن سیاووشگەرد واتە شاری سیاوەش. سیاوەش لە جەریرەی کچی پیران وەیسە کوڕێکی دەبێ ناوی دەنێن فروود. فەرەنگیسیش منداڵێکی لێ وەزگی دەکەوێ. لەوکاتەدا گەرسیووزی برای ئەفراسیاب ئێرەیی بەسیاووش دەبا و لەلای برای خۆی خراپەی دەڵێ و وادەنوێنێ کە سیاووش بەنیازە بیکوژێ. لەنێوان ئەفراسیاب و سیاووشدا شەڕێکهەڵدایسێ کە سیاووش

دەگیرێ و دەکوژرێ. فەرەنگیسیش دەخرێتەبەندیخانە. گەیشتنی هەواڵی کوژرانی سیاووش بەئێران دەبێتەهۆی زنجیرەشەڕێکی دوورو درێژ کە بە تۆڵەی سیاووش دەست پێدەکا.

## ٤- کەیخەسرەو (کەوی هەئوسرەوە KAVIHAUSRAVAH)

پەشتی پێنجەم دەڵێ: کە کەیخەسرەو پاڵەوانی بێ هاوتای ئاریا، لە نیزیک گۆلی چێچێست بۆ ئەرێدڤیسووره ئەناهیتا قوربانی دەکا و داوای لێدەکا فەڕی بداتێ کامڕەوای کا و بەسەر جادووگەران و ئەمیرانی ستەمکاردا سەری کەوێنێ. لە پەشتی نۆزدەهەمیشدا باسی کەیخەسرەو کراوە کە ئەو باسە زانیاریی بەنرخی تێدان کە لە شانامەشدا دەکەونە بەرچاو. لە پەشتی پازدەهەم و سێزدەهەمدا ئاگاداری بەشێک لە پاڵەوانەتییەکانی کەیخەسرەو دەبین. بەپێی سەرچاوەکانی ناوبراو ئەئوور ڤەساره (Aurvasara) کە یێکێکە لە ئەمیرانی دژ و ڕەقیبی کەیخەسرەوەو لە لێرەواری سپییە، لەسەر متا و نێوەڕاست و کۆتایی جەنگەڵەکە خوای ڤەیوو (veyu) - ئیزەدی با - پەسن دەکا داوا دەکا کە کەیخەسرەو، ئەو سەقامگیرکەرەی وڵاتی ئاریاکان، بەسەریدا زاڵ نەبێ و نەتوانێ لەدەستی هەڵێ. بەپێی نامەکانی پەهلەوی، کەیخەسرەویکوڕیسیاووش، بەرهەمی زەماوەندەکەی لەگەڵ ڤیسپانفریە (Vispanfrya) "فەرەنگیس" ی کچی ئەفراسیاب بووە و لە توورانی گەورە بووە. بەڵام کەیخەسرەو وەک کەیکاووس پادشای حەوتقوڕنە نییە بەڵکو هەر پادشای خوونی ڕەسە. (خوونی ڕەس یا خوونیرەث یێکێکە لە حەوت قورنەی جیهان، کەهەر وڵاتەکانی ناوەندیی ئێرانیدەگرتەوە کەلەشەش قورنەکەی دیکە بەرهەمدارتر و دەوڵەمەندتر بووە و خەڵکەکەشی وریاتر لە خەڵکانی دیکە بوون. ئەوەشدیسان نیشانەیەکی دیکەیە کەدەیسەلمێنێ کەیخەسرەو لەسەرزەمینی ماد بووە نەک لە ڕۆژهەڵاتی ئێران. هەموو مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆکن کە لەوسەردەمەدا پڕ پیت و بەرەکەترین بەشی وڵاتیئاریاکان، مادی بچووک بووە. ناویحەوتقوڕنە لەئاوێستا، سانسکریت، یۆنانیو ریگوێداشداهاتووە و بەهێندێ جیاوازیی کەم لە کتێبە کۆنەکانی دیکەشدا هاتووە. بەپێی سەرچاوە پەهلەوییەکان کەیخەسرەو بێجگە لە تایبەتمەندیی زۆرو نەمری و پێغەمبەرایەتی یا پارێزکاری و پیرۆزی، دوو کاری گرنگی دیکەشی ئەنجام داون: ١- وێرانکردنی بوتخانەی چەند خواپەرستان لەکەناری گۆلی چێچێست ٢- کوشتنی ئەفراسیاب، ئەوتاوانبارە توورانییەو دوژمنی بێ ئامانی ئێرانییان، ئەویش هەر لەلێواری گۆلی چیچێست!

کە خەبەری مردنیسیاووش دەگاتە ڕۆستەمی، دەست دەکا بەگریان و سیستان لە ماتەمی شازادەی گەنجدا ئازیەتدار دەبێ. هەرکە حەوتوویەک لە ماتەم تێدەپەڕێ ڕۆستەم بەلەشکرێکی زۆرەوە بۆخوێنئەستاندنەوەیسیاووش دەچێتە لای کاووس شا و زۆر قەڵس دەبێ و لەپێش چاوی کاووس دەچێتە حەرەمو سوودابەی لەسەر تەخت ڕادەکێشێتە خوارو بەخەنجەری خۆی دەیکوژێ و بە لەشکرەکەیەوە بەرەو وڵاتی توووران وەڕێ دەکەوێ. لەلایەکی دیکەشەوە (فەرامەرزی) کوڕی ڕۆستەم

دەست بەشەڕی دەکا. سوورە(لە کوردیی ئەوڕۆشدا بەمرۆڤیسوورکارە دەڵێن )ی کوڕی ئەفراسیاب دێتەشەڕی ڕۆستەموەدەکوژرێ. لەلایەکی دیکەشەوە فەرامەرز ژمارەیەکی زۆر لە پاڵەوانانی توورانی لەشەڕدا دەکوژێ. سەرەنجام ئەفراسیاب لەشکرێکی زۆر ساز دەکاو دێتە گۆڕەپانی شەڕ. لەو شەڕەدا (پیلسۆم)ی پاڵەوانی بەناوبانگی توووران بەدەستی ڕۆستەم دەکوژرێ، لەشکری تووران تێکدەشکێ و ئەفراسیاب هەڵدێ و فەرمان دەداتە پیران کە خەسرەوبکوژێ. پیران پێشنیازدەدا بە ئەفراسیاب کە لەکوشتنی خەسرەو پەڵەنەکاو بینێرێتەخوتەن تا کەس پێ نەزانێ و ئەوکارە سەردەگرێ. ڕۆستەم بە سەرکەوتوویی دەچێتە نێو خاکی تووران و حەوت ساڵان لەوێ پادشایەتی دەکا و دەگەڕێتەوە ئێران. کەیخەسرەو بێدەنگ و ناو لەخوتەن دەژیو لەئێران کەس ناوی نابا. سەرەنجام گوودەرز ئەوی دەخەوێ دێ و گیوی کوڕی بەدوایدا دەنێرێ. گیو حەوتساڵان لەوڵاتی توورانیدا بەدوایدا دەگەڕێ تا دەیبینێتەوە و پاش گێرەکێشەی زۆر دەیهێنێتەوەئێرانوهەرتک لەلایەن شاوە ڕێزی زۆریان لێ دەگیرێ. بێگومان کەیکاووس بەتەمایەکەیخەسرەو بکاتە جێنشینی خۆی، بەڵام تووس پێی خۆشە فەریبورزی کوری کەیکاووس لەجێگای باوکی لەسەر تەخت دانیشێ. جا بڕیار دەدەن هەرکام لەو دوانە قەڵای بەهمەن بگرێ ببێتە جێنشینی کەیکاووس. قەڵای بەهمەن قەڵایەکی ئەفسووناوی و زۆر قایم و خاوەنی برجوحەساری خۆڕاگروشوێنی بتپەرستان بووە و خەڵکی ئاسایی دەستیان وێرانەگەیشتووە. فەریبورز سەرەرای یاریدەی تووس و پاڵەوانانی دیکە قەڵاکەی پێناگیرێ و بە هەناسەساردی دەگەڕێتەوە، بەڵام کەیخەسرەو مەردانە دەچێتە پێش و قەڵاکە دەگرێ. کاووس شا ئەوی لەسەر تەختی دادەنێ و بۆخۆی لەپادشایەتی دەکشێتەوە.

کەیخەسرەو سوێندیدەخواتولەیسیاووشیلەئەفراسیاب بکاتەوەوبۆ جێبەجێکردنی ئەو سوێندەی لەشکرێکی گەورەدەنێرێتە سەرتووران. پیاوێکیپارێزکاروشەڕکەر بەناویهوم، ئەفراسیابی دەگرێودەیداتە دەستیکەیخەسرەو. سەرەنجامکەیخەسرەو بەئاواتی خۆی دەگاوئەفراسیاب و گەرسیووزدەکوژێ. پاشگرتنیخاکی تووران و کوشتنی هەمووپاڵەوانەکانیلوهراسبیدەکاتەجێنشینی خۆی و لە ڕۆژێکی کڕێوەدا لە ڕۆژهەڵاتی ئێران ون دەبێ و ئیدی کەس نایبینێتەوە. حەمدوڵڵا موستەوفی بە کەڵک وەرگرتن لە شانامە ماوەی پادشایەتیی کەیخەسرەو بە شێست ساڵ دەزانێ. فروودی برای کەیخەسرەو کە لە(جەریرە)ی کچی پیران وەیسەیە دەبێتە یێکێک لە پاڵەوانە ئازاکانی لەشکری تووران و بۆخۆی و دایکی لەو شەڕەیدا بەکوشت دەچن، کە ئەفراسیابو گەرسیووزی تێدا گیران و کوژران.

## ٥- لوهراسب (ئەئوورڤەت ئەسپە AURVET - ASPA)

دەڵێن ناوی لوهراب لەپێشدا ئائورڤەت ئەسپە (ڕووت ئەسپە، یا خاوەنی ئەسپە ڕووتە) بووە، پاشان بۆتە ئۆهرەڤەد ئەسپ Ohrvadasp (ئەوەش هەر وەک ناوەکەی دیکە دەچێ و ئوهرەوەدیش هەردەبێ ڕووت بێ). و دواتریش ئۆهرەد

ئەسپ Ohradasp و ئەوجار ئۆهرا ئەسپ Ohralasp و سەرەنجام لۆهراسب Lohrasb. لە برگـە ی بیسـت و هەشـتەم لە بەشـی سـی ویەکەمـی بونـدێهش دا، بـنەچەکەی لۆهراسـب ئـاوا هـاتووە: لۆهراسـب کـوڕی ئـۆز، کـوڕی مەنـووش، کـوڕی کەی پەسین، بـرای کەی ئـوس.... لـە بـرگەی شێست و حەوتەم لە بەشـی بیست و حەوتەمـی (مینوک خرد)دا هـاتووە لوهراسب ئوورشـەلیمی وێران کرد یەهوودییەکـانی پەرێوەی جیهـان کـردن.... و لە برگەی پێنجەمـی بەشـی یەکەمـی دینکەرددا لۆهراسپ لەگەڵ بوختوننەسر لە تەراتێن و وێرانکردنـی ئوورشـەلیمدا بەشداربووە. لەکـاتی هێرشـی نەبووکەدنەسر بـۆ سـەر ئوورشـەلیمدا، کشتوکاڵ لە سەرتاسەری جیهانـدا بەوپەڕی گەشـەکردنی خـۆی گەیشتبوو. بـۆ ئەو گەشـەکردنە لەسەردەمی هۆشەنگی باپیری بابی لۆهراسپ (بە قسەی کەیخەسرەو) ڕا تـا کـاتی بوختوننەسر، چەنـد هەزار سـاڵێک پێویست بـوو. لە یەشـتی پێنجەمـدا جارێـک باسـی کەوی لوهراسب دەکرێ. زەردەشـت پەسنی ئیزەدی ئاناهیتـا دەکـا و داوای لێدەکا ئەوی(زەردەشت) سەرکەوێنیتاکەوی ویشتاسپی کوڕی دلێری ئەئوورڤەت ئەسپە بێنێتـە سـەر دینـی بـاش و لەوکـارەدا سـەردەکەوێ. لە ئاوێستادا نیشـانەیەکی دیکە لە لوهراسپ نییە. وێدەچێ ئەو گێڕانەوانەی لەسـەر لوهراسب لەنامەکـانی پەهلەوی و گێڕانەوەی مێژوونووسـانی ئیسلامی و شـانامە مـاوەتەوە بەشێک بـن لەو وێنانەی دوایی کە بۆ پڕکردنەوەی ئەو نێوانە ساز کراون.

نامەکانی پەهلەوی ڕەچەڵەکـی لوهراسبیان ئـاوا هێنـاوە؛ لوهراسـب، کـوڕی ئـووز (uz)، کوڕی مەنووش، کـوڕی کەی پـی سین، بـرای کەی ئـووس (کەیکـاووس). بەڵام لە دینکەرددا بەگێڕانەوە لەبەشێکی ونبووی‌ئاوێستا ئاواهاتووە کـە لوهراسـب پـێش گەشتاسـب پادشـا بـووە و پیـاوێکی بەپـارێز و ئاکاربـاش و دینـدار بـووە. بەکورتی شانامە دەڵێ؛ کەیخەسرەو دەستی لە پادشایەتی کێشاوە، لوهراسبی بانـگ کرد و لەجێی خۆی دانا،. ئەو یێکێک لەمەزنزادانبوو کەسـەرنجی کەیخەسـرەوی ڕاکێشابوو. کەس پێی وا نەبوو دەبێتە شای ئێران. هەر بۆیە مەزنـانی وڵات دژی پادشـایەتیی ئەوی بـوون. زاڵ بەگومـانەوە باسـی نـاو و ڕەچەڵەک و هـونەرەکەی دەکات بەڵام کەیخەسرەو زاڵ دڵنیا دەکاتەوە کە لوهراسب لە ڕەگەزی کەیـان و لە پشتی کەیقوباد و نەتیجەی هۆشەنگە و لەهونەری شـەڕو وڵاتداریدا دەسـتی بـاڵای هەیە. کە هەواڵی ونبوونی کەیخەسرەو بڵاو دەبێتەوە لوهراسب بەفەرمـی لەسـەر تەختی دادەنیشێ و ئەوجار لەهیندوچینو ڕۆم ڕا هونەرمەند و کرێکـارانی لێزان دێنێتە بەلخ و پیشە و زانست و هونەری گەلانی دیکە لەئێراندا برەو پێدەدا. پاشـان تـانج و تەختـی شـایی بە گەشتاسـب دەسپێرێ و بۆخـۆی خەریکـی نـوێژان دەبـێ. شانامەو زۆربەی مێژوونووسان ماوەی پادشایی لوهراسب بە سـەتو بیست سـاڵ دادەنێن.

سیساڵ لەدەستپێکردنی دوورەپەرێزیی لوهراسب لـەنەوبەهاری‌بەلخ تێدەپەڕێ. گەشتاسب بە بۆنەیەک لەپێتەخت دوور دەکەوێتەوە. ئەرجاسب خـاوەنی خەیوونـان ئەو دوورییە بەهە دەزانێ و لەناکاوڕا بـە لەشـکرێکی زۆرەوە هەڵدەکوتێتە سـەر ئێران و دەست دەکەن بەشەڕ. لوهراسب کە لە ئـازایەتی و شـەرکەریدا بەناوبـانگە

وەخۆدەکەوێو سەرەڕای پیری تەنگ بەتوورانییان هەڵدەچنێ. "هەرەم"ی سپاسالاری توووران کە دەبینێ هیچکام لە پاڵەوانانی وڵاتەکەی بەتەنێ بەلوهراسب ناوێرن، فەرمان دەدا هەموو پێکەوە لەناکاو هێرشی بکەنە سەرێ. شەرکەرانی توووران بەگەیشتنی ئەو فەرمانە لوهراسپی دەنێو خۆیان دەگرن و بە تیرەبارانی توند و خێرا دەیکوژن.

## ٦- گەشتاسب (کەڤی ڤیشتاسپە Kavi Vishtaspa)

لە ئاوێستاداو بەتایبەتی لەگاتەکاندا باسی گەشتاسب کراوە کە پادشای ناوچەی باختەری ئێرانە. زەرتوشت لە سەردەمی ئەودا دەبێتە پێغەمبەر. ئەو و وەزیرە زانایەکەی، جامسپ، دێنە سەر ئایینی زەردەشت و دەبنە لایەنگری توندوتیژی. لە بنەماڵەی گەشتاسب، وەک ئیسفەندیارو پەشوتەنوزەریری کوڕیشی لە لایەن گرانی بەسۆزی زەردۆشت بوون. هەر بۆیە باسی وی لە ئاوێستاو سەرچاوە پەهلەوییەکان، شانامە و مێژووە ئیسلامییەکاندا لە شایەکانی دیکەی ئەو زنجیرە زیاتر کراوە. ناوی ئەو پادشایە لە پەهلەویدا بە کەی ڤیشتاسپە(Kai Veshtaspa) هاتووە.

سەعالیبی لەکتێبی(غرر اخبار الملوک الفرس و سیرهم، وەرگێڕاوی Zotenberg، بۆ زمانی فەرانسە، لاپەڕەی ٢٢٤)، دەڵێ: "زەرتوشت کتێبێکی بۆ گەشتاسپ هێنا و کوتی لەخواوە بۆی سەرۆ کراوە. ئەو کتێبەیان لەسەر دە هەزار پێستە گا هەڵقەند و بەتوێژێکی ناسکی زێڕ خەتەکانیان پڕکردەوە. گەشتاسپ کتێبەکەی بۆ پاراستن لە قەڵای ئیستەخر دانا و بە مۆئبیدان مۆئبیدی ئەسپارد و فێرکردنەکەشی بە خەڵکی ئاسایی ڕێ نەدا."

کتێبی(تاریخ بلعمی بەتصحیح ملک الشعراء بهار) لە لاپەڕەی ٦٥٧ی دەنووسێ: "گەشتاسپ فەرمانی دا دوازدە هەزار گایان کەوڵ کردن و کەوڵەکانیان خۆش کردن و نووسەرانی دانان، تا ئەوەی زەردەشت دەیکوت لە حاسمان ڕا بۆی بەسەرۆ هاتووە، تۆماری کەن و بەئاوی زێڕ لەسەر ئەو پێستەگایانە نووسیانەوە و کردییە پەڕپەڕ و کتێبی لێ سازکردن و قسەکانی وییان لەو هەموو کەوڵانە بەئاوی زێڕ نووسین. هەمووی فیری خەڵک کردن و خەڵکیشی بۆ فێر بوونی هاندان و لەو قسانە ئەو ڕۆ هێندێک لەدەست موغاندا ماون و دەیخوێننەوە و دەیزانن."

لە یەکەمین بەشی گاتاکاندا دەخوێننەوە کە زەردەشت داوا دەکات کە نیازی وی (زەردەشت) و ویشتاسب – بەبێ هەبوونی پێشناوی کەوی – بەجێ بگا. بەڵام لە جارەکانی دیکەدا زەردەشت پێشناوی کەویی لێ زیاد دەکا و ئەوە نیشانەی وەیە کە ویشتاسب هاتۆتە سەر ئوولی یێکخوا پەرستی بۆتە یاریدەدەری ئەو ئاینە. ویشتاسب سەرەڕای هەبوونی پلەی پادشایەتی، هەروەک کۆمەڵانی خەڵکی کە

هاتوونە سەر ئاینی یێک خوا پەرستی، دینی باشی پەسند دەکا و ئەوکارەی بەپێی بنەماکانی ئامۆژگارییەکانی مەزدایی لەڕووی ویست و پێخۆشبوونەوە دەکا. هاوڕێ لەگەڵ زەردەشت لە بڵاوکردنەوەیدا تێدەکۆشێ. لە یەسنادا چەند جاران باسی کراوە کە هەمووی لەسەر ئیمانی وییە. ویشتاسب بۆ پەرەپێدانی دینی تازە تێدەکۆشێ، قوربانی دەکا بۆ ئیزەدی ئەناهیتا و ئارەزوو دەکا بەسەر دوژمنانی سەرسەختی خۆی"تژیونت"و"ئەرجاسب"و پەشەنگدا سەرکەوێ و لەو بوارەشدا سەرکەوتن وەدەستدێنێ. بەپێیگێڕانەوەی یەشتی نۆهەم، لەحاست چۆمی دائیتیا (Daitya) قوربانی پێشکێشی ئیزەدی (دەرڤەئەسپە Dervaspa)، ئیزەدی پشتیوان و پارێزگاری ئاژەڵان، دەکا و داواکارە بەسەر (ئەشتە ئەورڤەنت Asta Aurvant) و (دەرشی نیک Darshinik)دا کە لەدێویەسنانودرۆپەرستانن سەرکەوێ. دێویەسنانی دیکە وەک (سپین ج ئووروۆشک) و ( ئەرجەت ئەسپ)ی لە گۆڕەپانی شەڕدا لە هەردی دا و دوو خاتوونی ئێرانی (دووکچیخۆی "هوما"و "بێك ئافەرید" کە پاش کوژرانی لوهراسب بەدیلیکەوتبوونەدەستی ئەرجاسب)و لەوڵاتی (خیەئۆنان Khyaona) ڕاگیرابوون، ڕزگارکا و وڵاتی خیۆنییەکان وێرانکا و هەزارکەسیان لێ بکوژێ و ئیزەدی دەروو ئەسپیش سەرکەوتووی کا. (خیەئۆنان یا هیەئۆنان hyaona) دەستەیەک لە توورانییان بوون کە باکووری ڕۆژئاوای ئێران نیشتەجێ بوون. لەسەر دەمی ویشتاسبدا ئێرانییان لەگەڵ ئەوتاقمەدا شەڕیزۆریان کردن. کە بەشەڕی ئایینی بەناوبانگن. شانامەش وشەیخیۆنی بەکارهێناوە. لە یەشتەکاندا ئەرجاسب بە خیە ئەنی ناو براوە و بێگومان تایفەکەشی خیۆنی بوون. لە یەشتی نۆزدەهەمی نامەکانی پەهلەوی هەمووی ئەوپاڵەوانانەی شەڕی ڕکەبەریی ئایینی، کە ویشتاسب و ئەسفەندیارو پاڵەوانەکانی دیکە لەگەڵیان لەشەڕدا بوون، بە خیۆن ناو براون. لە گێڕانەوەکانی دەری و ساسانی هێندێک هۆزی زەردپێستی باکوور بەخیۆن ناو دەبرێن. مێژوونووسی ڕۆمی، (ئەمیانووس مارسێلینووس Amianus Marsellinus)، باسی خیۆنان و شایەکەیان گروومباتێس دەکا کە لەگەڵ شاپووری دووهەم شەڕی زۆریان بووە.

بەڵام سەبارەت بەگێڕانەوەکانیپەهلەوی، بەپێی ڕوونکردنەوەی دینکەرد، یێکێک لەبەشەکانیونبوویئاوێستا کەبە(ڤیشتاسب ساست - نەسک vishtasb sast - nask) ناودەبرێ، بەسەرهاتی ئەوپادشایەو خوو وخدەی تێدا نووسراوە. بێگومان چوونی ویشتاسب بۆسەردینی زەردەشت بۆدینداران و پێشەوایانی دینباشان بابەتێکی زۆر سەرنجڕاکێشو پڕلە شانازی بووە. لە سێ ئاورگەی بەناوبانگی ئێران، دوویان پەیوەندییان هەیەبەویشتاسب، یەکەمیانئاورگایشاهەنشاهی یا(ئاتورگوشنەسب)ە کەکەیخەسرەو لەسەرکێوی(ئەسەنڤەند Asanvand)یسازکردووە. دوو ئاورگەکەی دیکە بریتین لە (ئاتوور فەربەغ Atur farbagh) یا ئاگریمۆئبێدانو(ئاتوور بەرزین مەهەر Atur barzin mahr) کە لە نێو ساسانییاندا ناوبانگی زۆریان هەبوو. ئەو دوو ئاورگەی دوایی، ویشتاسب سازی کردوون. بەپێی گێڕانەوەی بودێهشەنی ئێرانی و هیندی، جەمشید(ئاتوورفەربەغ)ی لەسەر یێکێک لەکێوەکانیخوارەزم سازکرد، بەڵام لەسەردەمی ویشتاسبدا بەفەرمانی وی ئەو ئاورگەیە سەرلەنوێ لەسەرکێوی

ڕۆشن (Roshn) هەڵکەوتوو لە کابو ساز کرایەوە و ئاگری تێدا کرایەوە و ئەو بینایە هێشتاش لەوێ ماوە.

لە ئاوێستادا باسی کوڕانی زۆری ویشتاسپ کراوە و دوو لەوان ئیسفەندیار و پەشووتەن بەتایبەتی جێگەی ئیحتوبار و سەرنجن. هەروەها لەو سەرچاوانەدا (ناویدو) و "هۆمای" کچی یا "هوما" و "ئەریز کەنا" (بێك ئافەریدی شانامە) ناو براون. بە گێڕانەوەی ئاوێستا، (هووتاسا Hutasa)ی هاوسەری لە بنەماڵەی نەوذەرە. ئاوێستا باسی گەورەیی و پیاو چاکی و دلێری و جوامێریی ناوبراو دەکا. زەردەشت پێغەمبەری ئێرانی لە سیهەمین ساڵی پادشایەتی گەشتاسپ، لە ئازەربایجان ڕا دێتە لای و دینی خۆی ڕادەگەیێنێ و ئاوێستای پێشان دەدا کە لەسەر پێستی گا نووسراوەو شا بە ڕاوێژی جاماسبی وەزیری زانای، پاش چەند تاقیکردنەوەیەک، دێتەسەردینەکەی. بە وتەی مێژوونووسانی جێ باوەڕ - کە ناویان لەبەسەرهاتی زەردەشتدا دێت، ئەوڕووداوە ٦٥٠٠ساڵ پێش زایین بووە.

## ئیسفەندیار (سپێنتۆداتە Spentodata)

لەئاوێستادا لەدووجاران‌بەدەر ناوی ئەوپاڵەوانەبەناوبانگەنەهاتووە و هیچکامیشیان ئاماژەیەکیان بەبەسەرهاتەکانی دوایی ئەوی‌نەکردووە. سەرەڕای ئەوەش، یێکێک بووە لەپاڵەوانەبەناوبانگەکانی ئێرانو لەقارەمانانی شەڕی ئایینی بووە کە بۆ بڵاو کردنەوەی دینی‌باش(دین بهی) ڕوویان‌داوە. لەسەرچاوەکانی باسکراوی ئاوێستادا نازناوی تەخمە(Takhma) واتە دلێری دراوەتێوهەرچەندە لەگێڕانەوەکانی دینیی پەهلەویدا بەسەرهاتێکی نووسراو و بەرچاوی لەسەرنییە.

ئیسفەندیار چوارکوڕی‌هەبوون: (ڤۆهوومەنە Vohumanahی‌ئاوێستاو بەهمەنی شانامەو وەهمەنی پەهلەوی)، دووهەمیان (مێهرنوشە) کە گۆڕاوی (مێهر تەرسە)یە و سێهەمیشیان (نووش ئاذەرە) کە گۆڕاوی (ئاذەرتەرسە)یە. شانامە ناوی‌کوڕی چوارەمی تەنیا جارێکو ئەویش بە(ئاذەر ئەفرووز تووس) هێناوە و ئیدی باسی نەکردۆتەوە. ئیسفەندیار وەک شانامە - کە وەک پێشتر لە پێشەکیدا باسم کرد زۆر بۆ باوەڕ پێکردن نابێ - دەڵێ بەدەستی ڕۆستەم دەکوژرێ و ئاذەرتەرسە و مێهرتەرسەش بەدەستی زووارەی برای ڕۆستەم و فەرامەرزی کوڕی ڕۆستەم بەکوشت دەچن و پاشان گەشتاسب بەمردنی کوڕەکەی پەژارە دایدەگرێ و دەست لە پادشایەتی دەکێشێتەوە و بەهمەن لەجێی خۆی دادەنێ.

لە نامەکانی پەهلەویدا وەهمەنی کوڕی ئەسفەندیار خاوەنی گەورەیی و گرنگیی ئوولییە و بەنووسراوەی دینکەرد، ئەو یێکێک بووە لە خوتا (پادشا)یانی ئێران و شایەکی دیندار، تێکۆشەرو پڕکار و لە مەزدا پەرستانی خاوەن بڕوا بووە. لە بەهمەن یەشتدا، بەهمەن بەئەردەشیر ناوبراوە. بەوتەی شانامە، بەهمەن، ڕۆستەم و فەرامەرزی کوڕی ڕۆستەم و زۆر لەپاڵەوانانی زابولستان دەکوژێ و زۆران

بەدیێ دەگرێ و پاشانیش پادشایەتی دەدا بەهومای کچی کە زگی دەبێ و وەسیەتێ دەکا پادشایەتییەکە ببێتە ئی ئەو کوڕەی کە لەو کچەی دەبێ.

بەقسەی هێندێک لە مێژوونووسان پێتەختی بەهمەن شاری بەلخ، تەمەنی سەت و دوازدە ساڵ و ماوەی پادشایەتییەکەی هەشتاساڵبووە. دەڵێن دانیالی نەبی لەکاتی پادشایەتیی بەهمەندا بووە بەپێغەمبەر.

## ٧و٨- هومای چێهرزاد و داراپ

لێرەدا دەچینەسەر شانامەی فیردەوسی، تا ڕوونی کەینەوە ئەوشاعیرە نەتەوەپەرستەی فارس کە زۆران بەداخەوە بەبێ سەرنجدان بە دەست تێوەردان و ساختەکارییەکان و بەبێ ئاگاداری لەوەی کە چیرۆکەکانی شانامە و تەنانەت ئاسەواری زانایانی ئیسلامی پێش یا پاش فیردەوسی، وەک تەبەری و...، چەندە کەوتوونە ژێرکارتێکردنی گێرانەوەپێچەوانەونادروستەکانی یەهوودی و ئاسۆڕی و بە سەرچاوەیەکی مێژووی کۆنیان دەزانن. ئەو گوێنەدانە بە هەڵسەنگاندنێکی دروست لەسەر بارودۆخ و زمان و زەمانی گێرانەوەکانی ئاوێستاو لێک نەدانەوە و نەبوونی وردبینییەکی بەجێ لەسەر ئەو دەستکارییە مەبەستدارانەی سەرچاوەکانی ناوبراو، باسی مێژووی سەردەمی زەردەشتی زۆر بەلاڕێدابردووە. دەست تێوەردانی هەخامەنشی و دوایەش ئەشکانی بۆ دوور خستنەوەی گۆڕەپانی ئەو ڕووداوانە لەکوردستانەوە بۆلای ڕۆژهەڵات و تەنانەت گۆڕینی سەردەمەکەشیان و گوێنەدانی ساسانییانی کوردیش بە چاکردنەوەی ئەو بەلاڕێدابردنانە، بۆتە هۆی کەلک لێوەرگرتنی ڕەگەزپەرستانی دژەکورد، تا ڕوونی کەینەوە فیردەوسی، ئەو شاعیرە نەتەوەپەرستەی فارس و نووسەری شانامە بەناوبانگەکەی، چۆن لەوئاوە قوڕاوە ماسیی گرتووە و کارەکە بە ئاشکرا پڕە لەساختە و شتی پێچەوانەی یێک و نادروست لەسەر ئەو بەشە تەماوییەی مێژووی زاالگرۆسییەکان(کەئەوان بۆ بەفریوبردنی زیاتر بە ئاریایی ناویان دەبەن).

فیردەوسی دەڵێ ئیسفەندیاریکوڕیگەشتاسپ، داوایلێدەکرد تادەست لەپادشایەتی هەڵگرێ و تانج و تەختەکەی بداتێ. گەشتاسپ کە بەوەی ڕازی نەبوو، بۆئەوەی کوڕە پاڵەوانەکەی لەکۆڵخۆی کاتەوە بەدەهۆنازدیەشەڕیڕۆستەمو ئاوابەکوشتی دا. پاشان پەشیمان بۆوە و بەهمەنی کوڕی ئەسفەندیاری لەجێی خۆ دانا. هەر وەک لەسەرەوە باسمان کرد بەهمەنیش هومای کردە جێنشینی خۆی. کە هوما دێتە سەر تەخت، ساسانی برای بەجێی دێڵێ و دەچێتە نەیشاپوورو ئیدی هەرگیز ناگەڕێتەوە بەلخو ئیدیهیچناوێکیش لەخوشکینابا. هوما دەستیکرد بەدادگەریو شاری ئاوەدانکردنەوە. کەکوڕەکەشی بوو لەوترسەی نەکا مەزنان شایەتییەکەی لێ بستێننەوە، بەشەو کوڕەکەی دەگەڵ هێندێک زێڕو زێو دەسندووقێکی نا و سندووقەکەی قیر دادا و بەدیجلەی داهێشت و هەر بەوشەوەش گەڕاوە پێتەختی خۆی (واتە بەقسەی فیردەوسی بەلخی ئەفغانستان) و بەیانی بەخەڵکی کوت

منداڵەکەم لەبەرچووە و خەڵکیش باوەڕیان پێکرد. ئەوسندووقە، جلک شۆڕێک لە ئاوێی گرتەوە و کوڕەی ناونا داراپ‌وبەخێوی‌کرد. داراپ هەڵیداوفێری سواری و تیرهاویشتن بوو و بووە کوڕێکی ئازا. شانامە و تەبەری دەڵێن ڕۆژێک داراپ جلک شۆڕەکەی هەڵدەپێچێ که دایکو بابی ڕاستەقینەی پێ بناسێنێو ئەویش ناچار باسی سندووقەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. داراب شمشێرو مەتاڵێک وەدەست دێنێ و بەرەوبەلخ وەڕێ دەکەوێ. لەڕێدا تووشی"ڕەشنەواد"ی سەرداری ئێرانی دەبێ کە بەفەرمانی هوما دەچێتە شەڕی ڕۆم. ڕەشنەواد لەخەودا دەبینێ کە داراب شای ئێرانە، جا ئەسپ و جلکێکی لەباری دەداتێ و ڕەگەڵ خۆی دەخا. داراپ لەشەڕدا زۆرئازایەتی‌دەنوێنێ کەدەبێتەهۆی سەرسووڕمانی ڕەشنەوادوپاڵەوانانی لەشکر. لەڕێی گەڕانەوەدا ڕەشنەواد چیرۆکی داراب و سندووقەکە بە نامەیەک بە هوما ڕادەگەیێنێ. هوما دارابی لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا دەباتە بارەگا و باری عام دەدا و بەخەڵکیی دەناسێنێ و پاشان لەسەر تەختی پاشایەتی دایدەنێو لەترسی تۆڵە، دەیەوێ لە کوڕەکەی دوور بێ و داوای لێدەکا فەرمانڕەوایی پارسی بداتێ. دارابیش پارس دەداتە دەست دایکی. هوماش تا دەمرێ پارس بە دادپەروەری بەڕێوە دەبا. ماوەی پادشایەتی هوما بەسەرئێراندا سی و دوو ساڵ بووە و لە هەشتا ساڵیدا مردووە. داراب ئەوجار پارسیش دەگرێتە دەست خۆیو پێتەختەکەی دەگوێزێتەوە وێندەرێو بەسەرپارس‌وبەلخدا پادشایەتی دەکا. هەروەک لە پێشەکیدا باسم کرد ئەو بەلخە لە لای سەرچاوەی دیجلە و لە ڕۆژئاوای ئێران هەڵکەوتووە و نابێ لەگەڵ شاری بەلخی ئێستا لێمان تێکچێ کە لە ئەفغانستانە. شانامە بەهەمەن بەهۆی ناوەکەی دەکاتە(ئەردەشیری‌درازدەست)ودارابی‌نەوەشی دەکاتە داریووشی هەخامەنشی و ئەو بەشەی ئەوەندە لەڕاستی بەدوورە کە درێژەپێدانەکەی پێویست ناکات، بەڵام وەک لە پێشەکیدا باس کرا، پێویستە هەر بۆ ڕوونکردنەوە، سەرنج بدەنە ئەو خاڵانەی خوارەوە:

١- بەپێی ئەوەی کە زەردەشت پێغەمبەری ئێرانی لە سیهەمین ساڵی پادشایەتی گەشتاسپ، دەچێتە لایو ئاوێستای بۆ دەبا، بوونی گەشتاسبی باپیری بەهمەن، دەگەڕێتەوەبۆ نیزیکەی٦٥٠٠ساڵ پێش‌هاتنە سەرکاری کووروٚشی دامەزرێنەری زنجیرە پادشایانی هەخامەنشی، کە وابوو نەوەی گەشتاسب چۆن دەتوانێ دوای نیزیکەی زیاتر لە٦٠٠٠ساڵان، ببێتە ئەردەشیری درازدەست؟

٢- ئەگەر هوما پادشای پارس‌و بەلخی ڕۆژهەڵاتی ئێران بووە، خۆ دیجلەی لەبەردەستدا نەبووە، تا بەدزی بتوانێ سندووقی کۆرپە ساواکەی تێباوێ.

٣- هوما ئەگەر هەر پادشای پارس‌و بەلخی ڕۆژهەڵاتی ئێران بووبێ، سنووری زۆر لە ڕۆم دووربووە، چۆن بەسەر خوراسانو مازەندەرانو ئازەربایجانو ئەرمەنستاندا لەشکرەکەی بردۆتە شەڕی ڕۆم؟

چاو لە نەخشەی خوارەوە کەن: ئەو نەخشە لە لاپەرەی ٢٢ی کتێبی (ایران باستان از ٥٥٠ پیش ازمیلاد تا ٦٥٠ پس از میلاد، یوسف ویسهوفر، ترجمة

مجتبـی ثاقـب فـر، تهـران، ققنـوس، ١٣٧٧) وەرگێـراوە. جـا هومـا بەوشـەوە ئەو هەمـوو ڕێگـایەی چـۆن بڕیـوە و چۆنکـوڕەکەی بەئاوێداهێشـتووە و گەڕاوەتەوە بەلخی ئەفغانستانیش و تابەیانی خرپ لێی خەوتووە و کە هەڵیش ئەستاوە وەک نە بای پێداهاتبێ و نە بـاران، درۆیەکـی فیردەوسییانەشـی تەحویلی دەربارییـانی داوە و ئەوانیش باوەڕیان پێ کردووە!!!




٤- بەلخـی لایڕۆژ هەڵاتـی ئێـران کە ئێسـتا شـارێکی ئەفغانسـتانەو لەسـەر چۆمـی ئاموودەریاهەڵکەوتووە، ئەگەر پێتەختی هوما بووبێ، وەک لەنەخشـەی سـەرەوەدا دەیبینن، تا دیجلە بەهێڵی ڕاستیهەوایی٥٣٠٠کیلۆمیترە، کە بەهێلی سـوور دیـاریم کردووە. خۆ ئەگەر هوما فڕۆکەی تایبەتیشی هەباو سندووقی کوڕەکەی پـێ بردبـا لێواری دیجلە(بۆوێنە لای خـاپوور)و ئەگەر هەر لەوێ شـوێنی نیشتنی فڕۆکەکە لەسەر لێواری چۆمیش با، هێشتا نەیدەتوانی پێش ڕۆژ هەڵاتن بگەڕێتەوە بەلخ و بەخەڵک بڵێ کوڕەکەی لەبەرچووە.

٥- ئەردەشـیریدرازدەسـت کەفیردەوسـی کردوویەتـیبەبەهمەن لە ٤٦٥ تـا ٤٢٤ پ.ز شا بووە، هومایکچیشی(هەربەقسەی شانامە) دوایویسیساڵان پادشـایەتیی کردووە، ئەگەر هەمووی ئەوانەی شانامەش بەڕاسـتدانێین، ئیمپەراتۆرییەتیڕۆم لەسـەردەمی هوما هێشتا پێکنەهاتبوو، تائەوڕەشنەوادبنێرێتەشـەڕی. بۆئاگاداریتـان، ئیمپەراتۆرییەتی نـاوبراو لە سـەدەی سێهەمی پ.ز ڕا پێکهـات و تـا پێش سـەدەی دووهەمی پ.ز زۆرینەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئوڕووپا و ڕۆژهەڵاتی نیزیـک و باکووری ئوڕووپای لەبەردەستدابوو، بەڵامهێشتا لەگەڵ هەخامەنشییان نەبووبـووە هاوسنوور و شەڕ نەکەوتبووە نێوانیان.

# پاڵەوانەکانی چیرۆکی و کۆنی ئاڤێستا

## گەرشاسب یا کێرێساسپ (KERESASP)

لە ئاوێستادا چەندجاران باسی ئەو پاڵەوانە بێ هاوتایەی کۆن کراوە. لێکۆڵەرەوان بەدرێژی باسی ئەوکوردە دلێرەیان کردووە. لەیەسنا، یەکەمجار لەبابەتی نۆهەمدا وەک کوڕێکیدلێر، زیرەکوپاڵەوان باسی گەرشاسبکراوە. لەیەشتی نۆزدەهەمدا ئاماژە بەیێکێک لەقارەمانەتییەکانیکراوە کەکوشتنیهەژدیهای شاخداریاسەرڤەرە (Sarvara)یە. لە یەشتی پێنجەمدا باسی شەڕی ویلەگەڵ(گەندەرێڤە Gandareva)ی پانیەزێڕین کراوە و هەر ئەوبابەتە لە یەشتەکانی ٥و١٥و١٩شدا دووپات بۆتەوە. هاندەری ئەوشەڕە ڕوونە و بریتییە لە کوشتنی "ئوورواخش"ی برای گەرشاسب بەدەستی"گەندەرێڤە". یەشتیپازدەهەمو نۆزدەهەم باسیشەڕەکەیلەگەڵ هیشتاسپی تانج زێڕین دەکا. بەپێی ئاماژەی یەشتی نۆزدەهەم گەرشاسپ نەک هەر کوڕی (پەتنە Pathna)ی کوشت، بەڵکو کوڕانی(نیڤیکە Nivika)و(داشتیانی Dashtyani) و(دانەیەنە Danayana)و (ڤەرێشەڤە Vareshava)و (پیتەئۆنە Pitaona)و (سناڤیذەک Snavizek)یشی - کەدەستێکی لەبەردی هەبوو- کوشتن. ئەوانە پاڵەوانان و دێوانی ناوداربوون کەپیشەیێکیتایبەتییاننەبوو، فەڕریئیزەدیکەلەجەمشیدئەستێندرایەوە درا بەگەرشاسب. بەوتەیئاڤێستا گەرشاسب لەخەوهەڵدەستێ وزەححاکی دەکوژێ و دادلەدنیادابڵاودەکاتەوە. لەشانامەداگەرشاسبپاڵەوانیفەرەیدوونومەنووچێهرە.

## نریمان (نئیرێمەنو NEIREMANU)

نەریمان بەواتای کەسێک هاتووە کە بەشێوەیەکی بەهێزو پتەو سازکرابێ. ئەو ناوە دواتربەواتای پاڵەوان بەکارهاتولەئاوێستادا ئەونازناوە دراوە بەگەرشاسب. نەریمان لە قەڵای سپەند کوژرا و ڕۆستەم کە نەوەی وی بوو تۆڵەی کردەوە.

## سام

سام لە ئاوێستادا بە سامە (Sama) هاتووە و ناویخانەدانێکە نەک ناوی کەسێک. لەپەهلەویدا ناویدووپاڵەوانانسامە؛ یێکێکیان باوکیئەسرەتکە لە گەرشاسبنامەی ئەسەدیدا بە شەم هاتووە. دەبێ سام بێ و ئەوی دیکە نەوەی گەرشاسپ و باوکی زاڵ بووە.

## زاڵ

ناوی ئەو پاڵەوانە دەئاوێستادا نەهاتووە. شانامە دەڵێ کە لە دایک بووە تووکی سەری سپی بووە. سام زۆر بەشەرمدا کەوتووە و بردوویەتیە ئەلبورزو لەوێ بەرەڵلای کردووە. سیمورغ دیویەتیەوە و بەخێوی کردووە و دوایە داویەتەوە بەسام. ئاوێستا سیمورغی بە(سەئێنە مێرێغا Saena meregha) ناوهێناوەو مەلێکی باڵ کراوەیە کە کاتی هەڵفڕین سێبەری باڵی کێوی دادەپۆشی. هێلانەکەی لەناو دەریای فراخکرت(بەڕواڵەت دەبێ دەریای کاسپی بێ) لەسەردارێک بووە کە ئەو دارە دەرمانبەخش بووە و تۆوی هەموو گیایانی تێدا دانراوە. لە پەهلەویدا سیمورغ بە (سین مووروو) ناوبراوە. شانامەش وەک ئاوێستا باسی سیمورغی کردووە.

## ڕۆستەم (ڕئووتەستەخمە)

ناوی ڕۆستەم لە ئاڤێستادا بە(ڕئووتەستەخمە) و لە پەهلەویدا بە(ڕۆتستەخمەک Rotstakhmak)و لە فارسیدا بەڕۆستەم یاڕۆستەهم هاتووە. بەگێڕانەوەی ئاڤێستا و نامەکانیپەهلەویوشانامە، ڕۆستەم پاڵەوانیسیستانبووە. شپیگێلیئاڵمانیو زۆری دی لە زانایان پێییانوایە نووسەرانی ئاوێستا ڕۆستەمیان ناسیوە بەڵام چونکەنە چۆتە سەردینی زەردەشت ناویاننەهێناوە. یەکەمکارێک کەلەپەهلەویدا دەیدەنە پاڵ ڕۆستەم نەجاتدانی کاووسە لەبەندی شایهاماوەرانوڕەمپێنانی ئەفراسیابە. باقیی بەسەرهاتەکانیوەک؛ بەخێوکردنیسیاووش، برینیحەوتخوانوکوشتنی دێوی سپی، خوێنئەستاندنەوەی سیاوەشوشەڕلەگەڵسوهرابیکوڕی، چیرۆکگەلێکن دوایە سازکراون و ناکرێ بەچاوی بەڵگەیەکی مێژوویی کەلکیان لێ وەرگیرێ. ڕۆستەم لەکاتی پادشایەتیی بەهمەندا، بەدەستی شەغادی برای خۆی کوژرا.

## کاوە و منداڵانی

کاوە یێکێکە لەنێو بنەماڵەکانی پاڵەوانانی ئێران. بنەماڵەی کاوە لەسەرەتای کاردا لەگوندێکی ئیسفەهان نیشتەجێبوون. کاوە دووکوڕی بەناوی قارنوقوباد هەبوون کە بەدەستی زەحاک کوژراونو مێشکی سەریان کراوەتە مەلحەمی برینی سەر شانەکانی ئەوپادشا بێبەزەییوستەمکارە. کاوە پاڵەوانی سەردەمی فەرەیدوون و ئێرەجومەنووچێهرونەوذەرەو پێشتر چیرۆکەکەمان باسکرد. چەرمی پێشبەندی بەناوی درەفشی کاویانی(گائوش – درەفشە Gaush – Drefsha) ناو براوە.

# سەرچاوەکان:


١- تاريخ دەهزارسالە ٔايران جلد اوّل از پيدايش آرياها تا انقراض پارتها، نويسنده عبدالعظيم رضائى، چاپ چهارم، بهار ١٣٦٢، چاپ اقبال و مروى، ص٢٣ تا ٩١

٢- ايرانويچ، دكتر ابراهيم فرهوشى، ص٦٩ - ١١٣،

٣- تاريخ تطبيقى باستانى ايران تاخاتمه ٔ شاهنشاهى داريوش سوم، نگارش كيوس باوند، انتشارات گوتنبرگ ، ص ٦٤

٤- قصەهاى شاهنامه، ساسان فاطمى، انتشارات كورش، جلد١، چاپ دوم، ١٣٦٩

٥- داستان رستم، نگارش سيروس جمالى، مؤسسه ٔ عطائى، تهران، ١٣٧٢، ص ٢٨ تا٦١

٦- ضحاک، از شاهنامه ٔ فردوسى، بە اهتمام محمد قاسم صالح رامسرى، انتشارات اميركبير، ١٣٦٤، پەراوێزی لاپەڕە 114

7- تاريخ ريشة نژادى كرد احسان نورى ١٥٦٧؟مادى/كردى - ١٣٣٣ شمسى چاپخانة سپهر، ص٢٩ – ٧٩

٨- تاريخ ايران ازآغاز تا انقراض قاجاريە، تأليف حسن پيرنيا – عباس اقبال، چاپ هشتم، پائيز١٣٧٦، انتشارات خيام، ص٢٥٤و٢٥٥

٩- تاريخ ماد، ١.م.دياكونوف، مترجم كريم كشاورز، تهران، ١٣٧٩، شركت انتشارات علمى و فرهنگى،

١٠- اوستا، كهنترين گنجينه مكتوب ايران باستان، ترجمه و پژوهش هاشم رضى، انتشارات بهجت، ١٣٨٣،

١١- http://science.sciencemag.org/content/337/6097/957

١٢- (مێژووی هێرۆدۆت/وەرگێر لەیۆنانییەوە: عەلی فەتحی،

١٣- جەلیلی دووستخواە لەلاپەڕە ١٨

١٤- شاهنامەی فردوسی، چاپ شرکت سهاقمی کتابهای جیبی، ١٣٤٥

١٥- شاهنامەی فردوسی – فارسی انگلیسی تهران پێک فرهنگ ١٣٨٦

١٦- http://ganjoor.net/ferdousi/shahname/hamavaran/sh1/

١٧- دكتر فرهنگ مهر، ديدى نو از دينى كهن، فلسفة زردشت، باكوشش اردشير بابكان، www.avestaa.blogfacom

۱۸- پورداوود(گاتها کهن‌ترین بخش‌اوستا، ۲۲تا۲۳، http://ketabnak.com/book/)
۱۹- هومر آبرامیان، پژوهشی در شناخت زرتشت، بخش چهارم- فرگرد دوم - https://www.the-derafsh-kaviyani.com/parsi/zartosht)

۲۰- دیوژنس لرتیوس http://book.tahoor.com/fa/Article/ - زرتشت اختلافی ترین‌چهره تاریخ)

۲۱- مهرداد بهار « فَرنَبغ دادَگی – بُندَهِش » ( Martin Haug - Essay in The Sacred Language Writings & Religion of the Parsis).

۲۲- http://chopsueyblog.wordpress.com